


# بەشێک لە بابەتەکانی

## هاوڕێ کەریم فەرخەپوور

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩ ................. لاپەڕەی .......... ٥**

١- زیارەتی زام لە ئامێزی دایکی نیشتیماندا!...

٢- کوردستان لەگەڵ شنەی نەورۆز و بەهار...

٣- شینی شەهیدان و نەورۆزی نەسرەوتن...

٤- ئاوایە ڕێگەی ئاشقان...

٥- «زارا» لە مەتەرێزی زمانەوە بۆ سەنگەری زیندان...

٦- سپای پاسداران لە مافیای دارستانەوە بۆ چاندنی تریاک...

٧- بۆ ڕوحی پیرۆزی قاسملوو...

٨- جینایەتەکانی قەلەڕەشێ و حەسەن چەپ بۆ کام مەبەست؟...

٩- لە بەر بانێژەی قەڵاوە...

١٠- کوردستان، هەرێمی خوێن و هەستانەوە...

١١- کۆماری ئیسلامی لە دووڕییانی هەڵدێران و خۆبەدەستەوەداندا...

١٢- تابلۆی ژیان بە وێنەکانی چیچەک و زارا...

١٣- کۆنگرەی ١٧ بە کاتژمێری ١٧ی خەرمانان...

١٤- کورد و هەست و بیری نەتەوەیی...

١٥- قافڵەی خەباتکارانی ڕێی ئەوینی نیشتمان...

١٦- تەختی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق...

## بابەتەکانی ساڵەکانی: ٢٠٢٠، ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ ................. لاپەڕەی .......... ٤٦

١٧- ژیان لە ئامێزی دایکەوە هەتا مردن لە باوەشی بەفردا...

١٨- نەورۆزی هیوا و بەرەنگاری...

١٩- نیشتمان و ڕۆڵەی بەمشووری...

٢٠- کاڵای قاچاخ لەسەر پشتی پاپۆر و مەرگ بە کۆڵی کۆڵبەرانی کوردەوە...

٢١- بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی...

٢٢- ڕادیۆی دەنگی کوردستان، چل ساڵ هەق وێژی و نەوەستان...

٢٣- کوردستان لە ئاوێنەی "کوردستان"دا...

٢٤- کۆچی سوور...

٢٥- ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان...

٢٦- یەڵدای خواوەندی خۆر...

٢٧- جێژنی دووی ڕێبەندان، جێژنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەمووتان پیرۆز بێ...

٢٩- ڕێبەندان ...

٣٠- ئاشقانی وڵاتی خۆر...

٣١- "گیاڕەنگ" بە بۆن و بەرامەی گوڵاڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردستان...

٣٣- لە بیرەوەری تێرۆری ناجوامێرانەی سەرکردەیەکی...

٣٤- دێموکڕاتەکان هەنگاوێک بەرەو پێشەوە!...

٣٥- دێموکراتەکان و کۆبوونەوە لە پێناو کۆبوونەوەدا!...

٣٦- دێموکڕاتەکان چۆن بەرەو یەکگرتنەوە بچن؟...

٣٧- دێموکڕاتەکانی فینلەند ڕێبوارانی بە ئەمەگی ڕێی قاسملوو! ...

٣٨- بۆنەیەک و دوو فرمێسک...

٣٩- بێ ڕێزی بە کاک باباعەلی، بێ ڕێزییە بە رابردوومان...

٤٠- پەخشان بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان...

٤١- پەیام بۆ شەوئاهەنگی دێموکراتەکان...

٤٢- پەیامی یەکبوون بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان...

٤٣- شەوئاهەنگی دێموکراتەکان- فینلاند...

٤٤- پێشکەشکردنی تارا فەرخەپوور...

٤٥- جێژنی دووی ڕێبەندان...

٤٦- بۆ قاسملووی کورد - حەیران...

٤٧- دیمانە - خۆرنیوز...

٤٨- دێموکڕاتەکانی فینلەند لە شەو ئاهەنگێکی بە شکۆدا...

٤٩- دێموکراتەکان بە یەکەوە یادی دوکتور شەرەفکەندی دەکەنەوە...

٥٠- دێموکڕاتەکانو هەنگاوێکی پیرۆز...

٥١- دێموکڕاتەکانی فینلاند لە یەک گەڕی هەڵپەڕکێ دا...

٥٢- رەخنەیەکی دۆستانە لە تیشک تیڤیو کوردکاناڵ...

٥٣- نەخشی رێبەرانی شەهیدمان و چاوەروانی لە رێبەرانی ئێستامان...

٥٤- وتوێژێک بۆ ڕۆژهەڵات تایمز...

٥٥- یادێک لە شەهید حەمەدەمینی سلێمانپوور ناسراو بە حەمەدەمینی مەلاعەزیزی...

٥٦- ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا...

**بابەتەکانی ساڵی .................................. ٢٠١٩**

## زیارەتی زام لە ئامێزی دایکی نیشتیماندا!

گەلۆ، سەیر کەن ئەم بیابان و پێدەشتە چلۆن خەملاوە، ئەم خۆڵ و خاکە چۆن بە خوێن و فرمێسک و گوڵ و ئاڵا ڕەنگاوە.

سەیرکەن هیجرەتی ئەم کاروانە ئالاپۆشە و ئەو کۆچەرییە ڕەشپۆشە چۆن دەستەملان و ئاوێتەی یەکبوون، مەرگ بۆ لە یەکی دابڕین و دابڕان چ داخێکی نایە سەر دڵیان؟ چ کۆستێکی پڕ لە ناسۆر و چ ناسۆرێکی بەژان و چ ژانێکی بێ ئارامە.

ئێرە شەقامی شەهیدە، چ گوڵستانێکە ئەم دەڤەرە، ئێرە وێستگەی سەفەرە، سەفەرێکی دوور دوور و بێ کۆتایی و بێ سپێدە.

ماڵئاوا، گەردنت ئازا، ئۆغر کە هاوڕێم، ئێرە وێستگەی کۆچی ڕووحی خەونەکانە، ئەمە خەنەبەندانی خاک و خەم و خوێنە، ژوانگەی ماچی کێل و گوڵ و گڵکۆیە، لێرە نە پەنجەکانی بابە فژ و پرچی جگەرگۆشەی شانە دەکا و نە بزەی سەر لێوی دایە سێبووریی خەمەکانە. ئەمە گڵکۆی گوڵ بارانی یەکە یەکەی شەهیدانە، ئێرە مەزار و مەنزڵگەی سەروەرانە، قەڵای باوەڕ و ئیمانە، قەڵای پەیمان و وەفایە، قەڵای نەمری و سەروەرییە.

گەلۆ، سەیری کەن چ ڕەنگینن ئەو خوێنانەی کە لە پێناو ئازادیی نیشتماندا تێکەڵ بە خاک بوون، سەیر کەن هەنیسک و فرمێسک و ئامێزی گڵکۆ و بێدەنگیی ڕوح چۆن ئاوێتەی یەک بوون، چ گریانێکی جەرگبڕ و چ کارەساتێکی ناخ هەژێن. چ دڵهەژێنە کە جەستە و ڕووح و مەزار یەکتر لە ئامێز دەگرن، ئەوانە لە ڕەگەزی چیای سوتمان و دارەبەنن کە بەم هەموو زام و ئازارەوە ئارام دەگرن.

هاوڕێم!

کەمێ گوێ لە هەستی ئەم بێ ناز و نازلێشێواوانە بگرە، ساتێ لەگەڵ خەمی ناخی ئەواندا بژی، بزانە لە حاست ئازاری ئەو مەرگەساتە چۆن بەرگە دەگری؟

ئەی جگەرگۆشەی شەهید، خانزادە خەمناکەکەی داوێنی قەڵای باوەڕ، نەوبووکە کۆست کەوتووە کۆچەرییەکەی غوربەت، لە قەدپاڵی چیای خۆرنەوازان، بلێ با مامە سێوە بە لایە لایەی ئازادیی کەمێ خەمەکانت بۆ ڕاژێنێ و تارای سووری بووکێنیت بۆ لادا، بلێ من پەڕسێلکەیەکی کۆچەریم، دوور لە دیار هێلانەکەم لێ تۆراوە، با مامە تاهیر بە شیرین بەهارەکەی کەمێ ڕەنگی خەزان وەلابنێ و حاجی هۆنراوەی هەژانت بۆ بهۆنێتەوە.

چما تۆ دەبێ لە ڕەگەزی چ نەتەوەیەک و لە تۆرەمەی چ هۆزێک بی کە ئەوەندە بەهێزی کە ئازار دەتهەژێنێ بەڵام ناتبەزێنێ؟ چ کارەسات و مەرگەساتێکە ئەم خەزانی غوربەتە، ئێرە ژوانگەی ئەشقە ناکامەکانە، وێستگەی ئەو زاتە مەزنانەیە کە لە ئارەزووی دیداری ئازادیدا سەریان نایەوە. ئێرە وێستگەی ماڵئاوایی ئەو نەونەمام و نەوبووکانەیە کە خەونی ئازادیی نیشتمان ئازاریی دووریی کەس و کار و زێد و وڵاتی بیر بردوونەوە، هەزار حەیف و سەد مخابن خەمخۆرانی خاک وەک پەپوولە لە دەوری شەمی ئازادیی سووتان و مخابن نە دێنەوە و نە ڕادەبن. ڕۆژێک دەبنە چیرۆک و سەربردە و ڕۆمان و ژیلەمۆ، دەبنە وانەی بەرخۆدان تاکوو لاوەکان بۆ داستانی تۆڵە ڕابن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# کوردستان لەگەڵ شنەی نەورۆز و بەهار

**نەورۆزتان باش!**

لە "کوردستان"ی دەنگی کوردەوە، دەنگ و نەوای ئازادی و ئازایەتی، لە قەڵای دیموکراتەوە، قەڵا و قەڵغانی بەرەنگاریی بەورە بوێرەکانی نیشتمانی کورد، مەکۆی مان و نەبەزین و هەستانەوە، نوێنگە و چرای خەباتی بێ پسانەوە، لێرەوە تا ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، لە کرماشان و سەڵماس و مەهابادەوە تا ئەم وێستگەیە، هەموومان بەیەکەوە بەرەو جێژنی پیرۆزی نەورۆز، بەرەو بەهار و گوڵ و ئاگر و مەشخەڵان، بەرەو نوێبوونەوە و ڕابوون و هەستانەوە، لەگەڵ گڕی ئاگری بابەگوڕگوڕی کورددا، لە قەڵای ئامەدی زێدی باب و باپیرانەوە، لە کرماشانی دێرین و دەلال، لە ورمێوە، لە کێلەشین تا گەردەنەی زمزیران و هەتا شاهۆ، لە ئیلام و نیەر و ئاویەرەوە، لە کۆبانێی کوردستانەوە تا چوارچرا و، قەڵای قازییەکانی سەرداری سەر سێدارە، کرمانج و سۆران و زازا، لەک و هەورامی و کەلهوڕ، موکری و یارسان و ئەردەڵانی، هەموومان دەبینە گڕکان بۆ تێکەوەپێچانی کۆشک و خەونی داگیرکەران.

لە گەرووسی شوێنی کوردەوە تا تیلەکۆ هەتا شنۆ، لەگەڵ چریکە و نەغمەی بولبول، لەگەڵ سروەی بای بەهاری، لەنێو گۆڤەندی گوڵان، لە قەندیل و بێستوون و هەڵگورد و ئاراراتەوە تا تەرەغە و گیارەنگ و کێلەشین، تا ئاربەبا و هەتا زاگرۆس تا داڵاهۆ، لەگەڵ هەڵمەتی هەڵۆئاسای پێشمەرگە، لە خوراسان، لە داوێنی خۆرنەوازان لەگەڵ خۆرنیشانی ئێوارەدا، بە ئاڵای دەستی شەهیدانی فەیزوڵڵابەگی و دوازدە سوارەی مەریوانەوە، لە کەلیخان لەگەڵ قامەتی بەرزی زێڕووشان خانم، لەگەڵ سۆزی شمشاڵەکەی مامە قالە، لەگەڵ پەیامی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، لەم وێستگەوە لەگەڵ ئێوە و لە کۆڕی گەرمی بنەماڵە و دڵەکانی ئێوەدا ئاوێتە و ئاوێزانی یەک دەبین.

بە ئاڵا ڕەنگینەکەی کۆماری کوردستانەوە، لە گەڵ قاقای پێکەنینەکانتان، لە شایی و کۆری هەڵپەڕینا، لە گەڕی ڕەشبەڵەکدا، لە گەڵ دەسرە و دەسماڵی سەرچۆپی بە تاسەی دیداری نیشتمانەوە دەستەملانی یەک دەبینەوە.

لە دەوری گڕی ئاگری ئاگردانی شار و شەقام و گوند و گەڕەکتانا، لەگەڵ هەستی کوردانەی لاوە خوێن گەرمەکانی نیشتمانی کوردەوە، سەربەرز و سەرفراز لە سەر تروپکی هەر دوندێکەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی ڕێواسی بناری چیا، لەگەڵ مەشخەڵی دەستی کیژ و کوڕی ئەم بەهارە پەیمانی یەکبوون نوێ دەکەینەوە.

لە ژوانـگەی ئاشـقانی بـووکی نەورۆز و گوڵاڵەسـوورەدا، لە پێدەشـت و کۆسـار و دونـد و چیـا، بە مارشـی سـروودی ئەی ڕەقیبەوە، بە زایەڵەی لاوکی ئەشقی نیشتمانەوە، بـۆ خەنەبەنـدانی ئـازادی، لە جێ ژوانـی نەسرەوتن و بەرخـۆدان، لە کاتژمێری تۆڵەدا لە گەڵتان و میوانتانین.

بە هێـز و گـوڕی شـەنگە سـوار و جـوامێر و مێرخاسـی ئەم دەڤەرە، بە غـروور و ئیـرادەی شۆڕەسـوارانی وێسـتگەی ئەوینـی نیشتمان، پیر و گەنج، لەگەڵ پەیمان و بەڵێنی شەهید، لەگەڵ پڕشنگی ئەستێرەی سوهەیل و پێکەنینی گوڵی نەسرین، وەفادار بە ڕێبازی سەردار و سەروەران، بە کەژاوەی بووکی ئازادییەوە پەیمانی وەفا نوێ دەکەینەوە.

لە گەڵ ورەی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی جەنگ و هەڵمەت و ئاگردا، بە بیر و هـزری کوردایەتی و کوردانەوە، بـۆ نەورۆزانەی ئەمسـاڵ، بە هـۆنراوە و هـۆزانەوە، لەگەڵ حەیرانـی دەشـتی موکریـان و بە هـۆرەی هەورامـانەوە، بە هەوری و جامـانەی کوردەواری، بە گوڵی سووری دەستی کچانی شۆخ و شەنگی نیشتمانەوە، بە سروودی مـان و هەرمـانەوە، بە جلوبەرگی ئـاڵ و واڵا و ڕەشبەڵەک، لە دەم کەوانەکەی کۆلکە زێڕینەی بەهاری ئازادییدا، لەگەڵ تریفەی مانگە شەوی دەم کەل، بە باوەشێ هەڵالە و گـوڵ و گەزیـزەوە، بە هەڵـهەڵە و چەپڵەڕێـزان، بـێ بـاک لە مەرگ و بـێ سڵەمینەوە لە داوەڵـی دژمـن، هەروەک ڕابردوو، هەمووومان پشت و پەنای یەک و بە یەکەوە دەڵێین و دەیڵێینەوە: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان...

لە گەڵ سپێدەی خۆری زێڕین، هەمووومان بەیەکەوە بـانگ و هاوار و سروودی نەورۆز و بەهار و ئـازادی دەڵێیـنەوە و بە گـڕی ئـاگری دڵەکانمـان ئەم نەورۆزەش پیـرۆز دەکەیـن. بە هەمـوو ڕەنـگە جیاوازەکـانەوە، بە هەمـوو بەرگە جیاوازەکـانەوە، بە دروشمی یەکبوون و یەکڕیـزی، بە زەردەخەنە و قـاقـای پێکەنینەوە، بە خۆشەویستی و نەورۆز و ئەویـنەوە، لەگەڵ بڵێسـەی سووری ئاگر، لە تووڵە ڕێگاکانی ڕوو بە ئاسۆ، بە چەپکێ گـوڵی نێرگـزەوە، دەڵێین کـوردینە جێـژن و بەهـار و نەورۆزتـان پیـرۆز، داهاتووتـان پـڕ لە خەنـدە و خـۆڕاگری، دڵتـان پـڕ لە هیـوا و کـامەرانی، ژیانتـان سـەرانلێژ لە گوڤەنـد و گـوڵ و گۆرانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

## شینی شەهیدان و نەورۆزی نەسرەوتن

لە بەهار و خاکەلێوەی مەملەکەتی خۆر، نەورۆزە و سپێدەی نیشتمانێکی خامۆش. لەو کاتەدا کە نێرگز مزگێنیی نەورۆز دێنێ، پێشەوای کورد و یارانی خوێنیان ڕژایە گوڵستانی نەورۆزەوە و لەو ڕۆژەوە گوڵزاری چوارچرا هەموو ڕۆژێ گوڵێکی سوور لەخۆی دەگرێ.

لە ژووری سێدارەوە، لەو دیوی دیوار و میلەکانی زیندانەوە، لەسەر بەرماڵی نیشتمان، لەسەر لوتکەی پەیمان و وەفا، سەرۆک کۆمارەکەی کوردستان، پێشەوای پێشەنگ هەڵگری ئالایەک و پێشڕەوی کاروانێکە کە پەیامی بەرەنگاریی بۆ کورد پێیە. شەهید لە دوای شەهید و دەستا و دەستی چەکی تۆڵە، وەڵامێکە بۆ زۆردار و پەیامێکە کە سوێندنامەی ئازادیی وڵاتی لەسەر دەستی کچان و کوڕانی ئەم نیشتمانە لێ نووسراوە.

لەو ڕۆژەوە بەڵێنمان دا کە لەنێو شەپۆلەکانی گڕ و ئاگردا، ئازادی بەخوێن دەکڕین، بەڵام هەرگیز کۆیلە و دیل و دەستەمۆ نابین. لە قاموس و مەکتەبەکەی پێشەوادا وەها نووسراوە، سەر بۆ سەربەستی و سێدارە و سەردانان، بەڵام سرەوتن و سەردانەواندن هەرگیزا و هەرگیز.

کە لە مێژووی ئەم گەلە ڕادەمێنی، ڕۆژێ شک نابەی کارەساتێ نەتهەژێنێ، دەمێکە کورد و کۆست و کارەسات، کۆچ و کۆچبار، سەنگەر و چەک و چیا ئاوێتەی یەک بوون. ئێستاش لەم دەڤەرە مەرگ هەر سەرچۆپیکێشی چارەنووس و ئێمەش هەر ئەسرین دەڕێژین، بە ئازاری زامەوە سەر دەنێینەوە و ژیان بە خوێنی جگەر و جگەرگۆشەکانمان دەکڕین. داگیرکەران هەموو ڕۆژێ ڕۆڵە لە باوەشی دایک دەڕفێنن، دەزگیران لە ئامێزی دڵبەر و دڵدار دەستێنن، خەوی کۆرپەی ئەوین و ژیان دەزڕێنن، گوڵ و گەنم دەسووتێنن، کانیاوەکانمان دەخنکێنن، چی بکەین کە تینوویەتیی ئەوان هەر بە خوێن و ئەشکی ئێمە دەشکێ.

ئێمە گەلێکین ئازا و ئاشتیخواز بەڵام ساکار و دڵپاک و هەر بە ئاواتی ئاشتی سەر دەنێینەوە. ئەیامێکە لێمان ڕوونە کە دژمن بەس بە دەمی مەرگەوە پێدەکەنێ، بەڵام سەد مخابن ئێمە زوو زوو مێژوو لەبیر دەکەین، پێشەوا و پێشەواکان لە دەست دەدەین. لە چوارچرا لە سێدارە دەدرێین و لە ڤییەن و میکوونووس گیان دەبەخشین و لە پێرلاشێز لە غوربەت بە

تاسەی دیداری نیشتمانەوە سەردەنێیینەوە. لە ماڵ و نیشتمانی خۆماندا قـازیی ئێمە بە حـوکمی تـاوانبـار و بکوژی ئەوان لە سێدارە دەدرێ، چوارچرای کۆمـار دەکەنە وێستگەی مەرگ و سێدارە و، چراکانمـان خـامۆش دەکەن، پـڕمەی گریـانی خـاک و قاقـای شـێتانە و ئەهریمەنیـی چەک هەواڵـی مەرگـی سـوارچاکانمان بە گوێچکەمانـدا دەچـرپێنن، چ تـاریکسـتانێک و چ جەنگەڵستانێکە ئەم دەڤەرە.

چ دیمەنێکـی دڵهەژێـنە کاتێـک تـازەبووکی کۆسـتکەوتوو دوای کـۆچی ئەویـن نەمـام و گـوڵ دەنێـژن، چ دڵـڕفێنە کە دوای کووژانەوەی شەمی ئارەزوو مەشخەڵ بەدەست ئاواز و سروودی هەرمان دەچڕن. ئاڵا بەدەست کڕنۆش دەبەن بۆ قامەتی شەهید و ماندوویەتی و ئازایەتیی چەک دەنووسنەوە، دڵدار بە ئـامێزی دەزگیرانـی خـاک دەسپێرن و لە ژوانگە و کەونەلانی دەمی غـوربەتی ئێـوارەدا، بە تـاسـەی حەسـرەتی ئـاخیرین دیـدار و ژوانـی هەژان، مەزار بە گوڵـستان دەسپێرن، بەر لە نـوێژی مـاڵاوایی بە ئەشکی چاوەکانیـان ئـاوپڕژێنی مەزاری مەزنـان دەکەن و ڕوو لە قیـبلەی ئەویـن و ئاسـۆ ڕێچـکەی ئـازادی و ئـازایەتی دەپێـون، ئەو کـاتەیە کە هەست دەکەی کـورد و غیـرەت و شـانازی، ئـاوێتە و ئـاوێزانی یەکتـر دەبـن. دوای هەر پێشهات و کارەساتێ، پۆل پۆل لاوی ئەم وڵاتە ڕادەبن، نەوبووک دەبنە پێشمەرگە و تاری سووری بـووکێنی لە کێلی دڵـدار دەهـاڵێنن، دوای کڕنـۆش و دانـانی تـاجە گـوڵینە، دەستەوئەژنۆ دانانیشن تـا کەزی سپی بهۆننەوە، بە خـوێنی دڵ بڕیـاری تۆڵە دەنووسنەوە، بەرەو ئامانجەکـانی کۆمـار ڕێ دەپێـون، بەرگـی ڕەش فـڕێ دەدەن، بەرگـی شەڕەف و شـانـازیی پێشمەرگە دەپۆشن، دەبنە پەیکی ئازادیی وڵات و باوەش بە هەتـاودا دەکەن، دوای ڕاوەسـتان ڕادەبـنەوە، گەر بشکەون هەڵدەستنەوە، چەک لە شان، ڕەخت و جامانە دەبەستنەوە، سەنگەری سەرووەران ئاوەدان ڕادەگرن و بەگژ زوڵم و ستەم دا دەچنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٩

## ئاوایە ڕێگەی ئاشقان...

### بۆ تەواوە تیژباڵەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانم!

کچانی بوێر و زیت و ئازای وڵاتی من، نەوبووک و نەونەمام، ژنانی پێشەنگ، ئێوەی یاغی لە فەرمانی شا و شازادەکان تەختی شاهانتان هەژاند. کۆشکی مەملەکەتی زۆردارتان لەرزاند. هێڵە سوورەکانی یاسای ئەهریمەنیتان بەزاند.
نەبوونە نێچیر و مەلی بەندی قەفەس، نەبوونە دیل و کۆیلە، ئازایانە کۆت و زنجیری دیلیتان پساند. لەگەڵ لێدانی سەمفۆنیای مەرگ، مەرگتان دەستەمۆ و بوێرانە لووتی لەمپەرتان شکاند. بترووسکە ئاسا وەرزی وەیشوومەتان هەژاند. بوونە تروووسکەی خۆری حەقیقەت، نەپرینگانەوە لە شەختە و کرێوە و باهۆز، زستانی تووشتان کردە بەهار و نەورۆز. بوونە گەردەلوولی پاپۆری ترس و، لەنێو جەرگەی شەپۆل و هەژاندا دروشمی ئازادی و ئازایەتیتان بە گوێچکەی کەڕی مێژوودا. پێنووس بە دەست فێری وانەی بەرەنگاریی بوون و ئاڵا بەدەست بوونە پێشەنگ و پێشمەرگە.

ئێوەی سەوداسەری ئازادی، چەک لە شان چوونە مەیدانی جەنگ و بوێرانە بۆ ئازادیی جەنگان. ئێوەی یاغی لە کەلتووری سەقەت، ئازایانە هاتنە مەیدانی گلان و هەستانەوە. لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی کورد دا، شکۆی ژنتان گەیاندە کەشکەڵان، سەرتان هەردەم لەنێو سەران، بەجێی بازنە و گەردانە قەتارەی فیشەکتان لە سینە و بەرۆک هاڵان. بوونە قەڵا و پشت و پشتیوان، بوونە هیوای بێ دایک و هەتیوان، بوونە قەڵغان، بوونە پێشەنگ، مەشخەڵ بەدەست بەرەو ئاسۆی ئازادیی خرۆشان، بوونە مەرهەمی زامی حەسرەتی دڵی دایکی شەهید و پێشڕەوی کاروانی خەباتی فریادڕەسی بێنەوا و بێبەشان.

ژنان و کچانی سەرقافڵەی ئەم کاروانە، عەزیمە، سوڕەییا ، فاتمە، پەروین، زەروەشان خانمی دایکی شەهیدان، سوهەیلاکەی من و نەسرینی بناری هەیبە سوڵتان، لەیلاکەی زیندان، رووسوور و یاخی لە سوڵتان، نموونەن بۆ ئازایەتی و غروور و پێناسەتان.

دایکان و نەوبووکانی وڵاتی من دوای هەر کۆستێ هەڵدەستنەوە، کچانی سەوداسەری ئازادیی زێدەکەی من، بە هزر و هێزەوە، دوای گلان برووسکە ئاسا ڕادەبنەوە، دەبنەوە کڵپە و بڵێسەی سووری ئاگر و بەگژ تاریکی و جەهالەتدا دەچنەوە. بۆ ستاندنی هەق، بە دوای ڕزگاریی وەتەندا ڕێی سەختی تێکۆشان و نەسرەوتن دەپێون. تەلیسم و بەندی دێوەزمەی شەڕ دەڕمینن، خەو لەچاوی دژمن ودژبەر دەتارێنن.

تەوارەکـانی وڵاتـی خـۆر ئـاوازی ئـازادیی دەچـڕن، گیـان دەبەخشـن و ڕوح لە پێنـاو، ئـازادیی بە خـوێن دەکـڕن. مـات و سەرگەردان، دەستەوەستان بە خەیـاڵی ئەستێرەی بەخت وچـارەنووس دەستەوئەژنۆ دانانیشـن، دەبـنە مۆمی بەر پەنـجەری هیـوای هەمـوو مـاڵێ، دەبـنە گـوڵی گوڵـدانی بەرهەیـوانی هەمـوو خـانەلانێ، دەبـنە ئەسـتێرەی ئاسمانی ئـازادیی وڵات، لە کاکەشان دەدرەوشێنەوە هەتا شەوچرای ماڵە قوڕینەکانی شەوەزەنگی نیشتمان خامۆش نەبێ.

دوور لە سۆزی کوڕە حەیرانان ئاسکە ئاسا دەستەملانی چیـا دەبـن، ڕووسـووریتان لەجێـی پەچە و ڕووبەنـد، لە رووسـووریتان خوێن لە جەرگی چیای سووتمان دەتکێ و پێنووس و چەک و  بیر و باوەڕتـان ئاوێتە و ئاوێزانی یەک دەبن. سروەی شەماڵ لەجێـی هەناسـەی دەزگیرانـی دابـڕاو و ونبووتـان، لە ئەشـقی نیشـتماندا خـاک دەکەنە دڵـبەر و دڵـدارتـان،  لە ئـامێزی سەنگەردا، خوێن تـارای سووری بووکێنی و خەنەی شەوی خەنەبەنـدانتان، قرمژنـی چەک و گـرمەی بۆمبـا  ئـاواز و مۆسیقای شایی و زەماوەند و گۆڤەندتـان.

ئەگەر گلان، نیشتمان خـۆش، بەڵام دڵنیـام ڕۆژێ بـاوەش بە بـاڵای گوڵسـتانی ئازادییـدا دەکەن، پەیکەرێ لە بـاڵاتـان چێ دەبێ و دەبێتە زیـارەتگەی ئاشقان و ئەویندارانی نیشتمان. دەزگیرانی شەهید لە نێرگزەجـاڕی ئـاگری و بیسـتوون و موکریـان چەپـک چەپـک بـۆ پێشـوازیی مانـدووییتان گـوڵی نێرگـز دەچنـنەوە، لە پەرتـووکی دیرۆکـی ئازایەتیتـان، هەڵبەسـتوان و هۆزانبێژ لاوک و هۆزان و هـۆنراوە دەهـۆننەوە و ئێـوە لە هەر دێـڕە شێعر و بەسـتەیەکدا دێنەوە و پـڕ بە گەرووتـان هـاوار دەکەن و دەڵێن «ئاوایە ڕێگای ئاشقان.»

**هێمن گوتەنی:**

«ئەختەر کچی کوردی چاومەست!
ئیلهـامبەخشی شێعر و هەڵبەست!
ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست
کە دیتمی تفەنگ بە دەست
زانیم گوڵی هیوا پشکووت
بەیـانی ئازادی ئەنگوت»...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩

## «زارا» لە مەتەرێزی زمانەوە بۆ سەنگەری زیندان

زمان وەک یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی پێناسەی هەر نەتەوەیەکە و بۆ ڕێزگرتن لە زمانی دایک، یونیسێف یەکێک لە لقە کاریگەرەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژێکی تایبەتی بۆ دیاری کردوە. ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەوەی کە بۆ ڕێزگرتن لە زمانی دایک و پاراستنی زمانەکان دیاری کراوە، لە هەمان کاتدا دەرفەتێک و کلیلی پێوەندیی نێوان ئاخاوتنی نەتەوەکانیشە.

زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە دێرینەکانی جیهان، زمانی چل میلیۆن ئینسانە کە بەزۆر بەسەر پێنج وڵاتی ناوچەکەدا دابەش کراون. زمانی کوردی زمانێکی فرە زاراوە و دەوڵەمەند و پاراوە کە ڕیشەی مێژوویی هەیە، هەر بۆیەش بە سەرکوت و داپڵۆسینی نەیاران و دوژمنانی کۆتایی نەهاتوە و لەنێو نەچووە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسەنایەتی و بەرگریی ئازایانەی کورد لە زمانەکەی بۆ ئەوەی وەک زۆر زمانی دیکەی جیهان نەفەوتێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەگەرچی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کراوە و تەنانەت لە ئیدارە دەوڵەتییەکانیشدا قسەکردن بەو زمانە ئاسایی نییە و یا لانیکەم بەرامبەرەکە لە زمانی کوردی تێناگا و خاوەن خاک و ئاوەکە ناچارە بە زمانی بێگانەکە قسە بکا، کە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە کورد لە ڕووی ناچارییەوە زمانی بێگانەکەش فێربێ؛ بۆ ئەوەی لە کار و ئەرکی ڕۆژانە و کۆمەڵایەتی دوا نەکەوێ.

لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە منداڵانی کورد هەر لە دەسپێکی خوێندنەوە دەبێ بە فارسی بخوێنن و هەوڵ دەدرێ کە زمانی دایکیان لەبیر بەرنەوە و زمانی بێگانە بکەنە زمانی ڕەسمی و مێشکی منداڵەکان بشۆنەوە بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتییان لاواز بکەن و یەکێک لە پێناسە نەتەوەییەکانیان کە زمانە، فەرامۆش بکەن؛ بەڵام دڵسۆزانی کورد لە مامۆستا و شاعیر و نووسەرەوە بگرە تا دەگاتە گۆرانیبێژ و بەیتبێژ و حەیرانبێژ، هەوڵیان داوە کە لە دژوارترین کاتەکاندا زمانی کوردی بپارێزن و خزمەت بە گەشەسەندنی بکەن.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان بە هەموو شێوەیەک ویستوویانە منداڵانی کورد لە زمانی دایک بێبەری بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵسۆزانی پاراستنی زمانی کوردی بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبوون و بە هەر جۆرێک کە بۆیان لوابێ ئەوە

خزمەتیان بە زیندووهێشتنەوە و پاراستنی زمانی کوردی کردووە. ئەوان لە بەرامبەر زوڵمی زۆردارانـدا پەرچەکرداریـان هەبـووە و ئەگەر بە شێعر و بەیت و گۆرانیش بـووبێ، ئەوا سینگ بە سینگ و نەوە بـۆ نەوەی دواتـر هـۆنراوە و هـۆزانی کوردییان گواستۆتەوە و لە تاریکە شەوە ئەنگوستەچاوەکانی شەوەزەنگی بێدادیدا مایەیان لە خۆیان دانـاوە و بە گیـان و بە دڵ پاراستوویانە.

لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروەک پێشوو زمانی کوردی کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال و سڕینەوە و هەوڵێکی زۆر درا تا بتوانن زمانی فارسی بکەنە زمانی هەموو گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد کە دەکرێ بڵێین لە نەتەوەکانی دیکە زیاتر هۆگری زمانەکەی بوو. لەگەڵ ئەوەی کە بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران لە دوو بەندـدا مـافی زمـانی ناوچەیی پەسەند کراوە بەڵام ئەو بەند و یاسایانە وەک زۆر ئەسڵ و یاسـای تـر هەر نووسراوەی سەر کـاغەزن و بەکـردەوە نەک هەنگـاو بـۆ جێبەجێکردنـی هەڵنەگیـراوە، بەڵکوو هەوڵ دراوە بە پێشێلکردنی یاسـاکان بیرتەسکانە زمانەکـانی دیکە بسڕنەوە .

مامۆسـتا «زارا مـحەممەدی» ئەنـدامی ئەنجـومەنی فەرهەنگـی- کـۆمەڵایەتیی «نـۆژین» کچێکـی ئەردەڵانـی و مامۆسـتایەکی دڵسۆزی کوردە کە بۆ پاراستنی زمانی کوردی هەوڵی زۆری داوە و خۆبەخشانە وانەی کوردی بە منداڵانی کورد گوتـۆتەوە. زارا لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەستی بەو بۆشایی و کەمایەسییە کردبوو هەر بۆیە ئازایـانە بـۆ خزمەت بە زمانی کوردی و منداڵانی کـورد هـاتۆتە مەیـدان و دڵسـۆزانە هەوڵـی داوە منـاڵانی بێبەش لە زمـانی دایک؛ فێـری وانەی کوردی بکا.

لەگەڵ ئەوەی کە «زارا» بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران بەپێچەوانەی یاسا کـارێکی نەکردوە و تووشی هەڵەیەک نەبـووە، بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوند کە ڕێز لە هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی نـاگرن تەنیا بە تـاوانی کـورد بـوون و وتنەوەی وانەی کوردی مامۆستا «زارا»یان بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە ڕاپێچی دادگا و بەندیخانە کردوە.

دەوڵەتی ئێران یەکێک لەو دەوڵەتـانەیە کە پەیماننامەی یونسکۆی تـایبەت بە زمـانی دایـک قەبـووڵ و ئیمزا کـردوە و هەر بەپێی ئەو پەیماننامەیەش بێ، کۆماری ئیسلامی هەقی نییە مامۆستایەکی خۆبەخشی خزمەتکـاری زمـانی دایکـی نەتەوەیەک دەسبەسەر و ڕادەستی دادگا بکا.

زارا لەسەر وتنەوەی وانەی کوردی ڕاپێچی دادگا کرا و پێش زارا زۆر دڵسۆزی دیکە تەنیا بە تـاوانی خزمەت بە گەل و

نیشتمان و ژینگەی کوردستان ڕادەستی دادگا کراون، کەوتوونەتە ژێر ئەشکەنجە و بەندیخانەکانیان کردۆتە قوتابخانە؛ سەربەرزانە چوونەتە پێی سێدارە، بەڵام دڵسۆزانی کورد نەک هەر نەترساون و بێدەنگ نەبوون، بەڵکوو لێبڕاوانەتر لە پێشوو هاتوونەتەوە مەیدان و جێگەی ئەوانیان پڕ کردۆتەوە.

ئەگەرچی زارا لە قوتابخانەوە ڕاپێچی بەندیخانە کرا، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەندیخانەش بۆ زارا هەر دەبێتە قوتابخانە و لە سەنگەرێکی دیکەدا خزمەت بە کورد و ناسنامەی کورد دەکا و لەو سەنگەرەشدا بەسەربەرزییەوە وانەی خۆڕاگری و نەبەزین فێر دەبێ و لە دوارۆژیشدا قوتابییەکانی هەر بەو هەستە پاک و بێگەردەوە گۆش و پەروەردە دەکا.

دوای دەسبەسەرکرانی زارا، ئەنجومەنە فەرهەنگی و مەدەنییەکان و خەڵکێکی زۆر لە تاراوگە و لەنێوخۆی وڵات بە چالاکیی جۆراوجۆر و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و نووسینی نامە ئەو کردەوەی ڕێژیمیان مەحکووم کردووە کە ئەوە لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ وەفایەک بە خزمەتەکانی زارا بە منداڵانی کورد و زمانی کوردی و، لەلایەکی دیکەشەوە نیشانەی هاوسۆزی و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کوردە کە دەرهەق بە هاونیشتمانانیان بێدەنگ و بێهەڵوێست نین و هەموویان خۆیان بە ئەندامی یەک خێزان و یەک بنەماڵە دەزانن. هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەگەر زارا لە بەندیخانەشدا بمێنیتەوە، ئەوە قوتابییەکانی لە قوتابخانەی کوردایەتی و زمانی کوردیدا هەر بەردەوام دەبن و؛ ڕێچکە و ڕێگەی زارا و زاراکان ون ناکەن و وانە فێربوون و کوردایەتی و بەرەنگاری هەر لە برەو و بەرەوپێش چووندایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩

---

## سپای پاسداران لە مافیای دارستانەوە بۆ چاندنی تریاک

گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، یەکێک لەو نەهامەتییانەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی داگرتوە و لە هەر شوێنێک بەجۆرێک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دیاردە دەکرێ و لە ئێرانیش بە شێوازی خۆی. ئەوە کە لە ئێران مادەی هۆشبەر چۆن لە ماوەیەکی کەمدا پەرەی سەند و هەموو کۆمەڵگەی ئێرانی بە شار و دێهاتەوە تەنی، جێی لێوردبوونەوە و بەدواداچوونە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هێزەکانی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر دەمێکە باس لە نەخش و دەستهەبوونی ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ئەو ڕێژیمە لە بڵاوکردنەوە و قاچاغی مادەی هۆشبەر و پەرەپێدانی دەکەن. کاربەدەستانی ڕێژیم لە سەرەتادا بەشێوەیەکی زۆر نهێنی لە ڕێگەی دەست و پێوەندەکانیانەوە مادە هۆشبەرەکانیان لەنێو لاوانی ئێران و بە تایبەتی کوردستاندا بڵاو دەکردەوە، بۆ ئەوەی کە لاوانی ئێران و کوردستان گیرۆدەی ئەو مادە هۆشبەرانە بن و دوور کەونەوە لە سیاسەت و خەبات و وەدوای پرسی شوناسخوازییان نەکەون. بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەشێک لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بوو و زۆر لە لاوانی ئێران گیرۆدەی مادە هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان بوون و ژیان و چارەنووسیان بەرەو هەڵدێر چوو و زۆر بنەماڵە لەو ڕێگەیەدا ئازیزانیان لەدەست دا.

ماوەی چەند ساڵێکە سپای پاسداران دوای ئەوەی کە نەوت و گاز و کانگەی ژێرزەویی ئێران چاوی تەماحی ئەو ناوەندە مافیاییەی تێر نەکرد، ڕووی کردە فرۆشتنی ئاو و خاک و لێڕەوارەکانی ئێران و زیانێکی گەورەی بە ژینگەی وڵات گەیاند. مافیای دارستان ئەو ناوەیە کە بۆ سپای پاسداران بەکار دەبرێ و ئەو ناوەندە زۆربەی دارستانەکانی وڵاتی لەنێو بردوە.

لەنێوبردنی لێڕەوارەکانی کوردستان لە سەرەتای فتوای خومەینییەوە و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان دەستی پێکردوە و ڕێژیم لە سەرەتادا بۆ پاراستنی هێزە چەکدارەکانی و دانانی هەزاران ناوەند و مۆڵگەی سەربازی و شەڕ لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە لایەک و، شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لە لایەکی دیکەوە، زۆربەی لێڕەوارەکانی کوردستانی قەڵتوبڕ کرد و سووتاندی و بەو کردەوەیە زیانێکی گەورەی بە ژینگەی کوردستان گەیاند. واتە چەند ناوەند و لایەنێکی سەر بە سپای پاسداران دەستیان دابووە ئەو کارە و نەک هەر لێڕەوارەکانی کوردستانیان بەتاڵان دەبرد، بەڵکوو زیانێکی زۆریشیان بە ژینگەی کوردستان دەگەیاند و لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێک مافیا سامانێکی خەیاڵیان دەست دەکەوت. بەڵام مافیای سپای پاسداران بە بڕینی لێڕەوارەکانی زاگرۆس دڵی دانەمرکا و گیرفانەکانیان پڕ نەبوو، ئەمجارەیان بەپێی کۆمەڵێک

بەڵگە و بە قسەی کاربەدەستانی پلە بەرزی ڕێژیمیش دەرکەوتوە کە سپای پاسداران لەگەڵ ئەوەی کە دارستانەکان دەبڕێ بە تایبەتی داری بەڕوو، لە شوێنی دارەکان تریاک دەچێنن.

«لەلایەکی دیکەوە پەرویز کەردەوانی» کارناسی ژینگە دەڵێ: «کەسانێک بە کەلکوەرگرتن لە گازۆل و «پودر اوره» داربەڕووەکانی لێڕەوارەکانی زاگرۆس ویشک دەکەن و بەجێی دارەکان تریاکی لێدەچێنن». ناوبراو هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو کەسانەی کە داربەڕووەکان ویشک دەکەن، دوای ماوەیەک هەواڵ دەدەنە کاربەدەستانی پێوەندیدار کە ئەو دارانە ویشک بوون و ئەوانیش کە وێدەچێ ئاگاداری ئەو کارە بن، دەچن دارەکان دەبڕن و لە جێی دارەکان تریاک دەچێنن. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کەسانی سەر بەو ئیدارات و دامودەزگا دەوڵەتییانە، دەبێ کەسانی خودی و باوەڕ پێکراو بن و کەسانی دیکە بۆ وەستۆگرتنی ئەو ئەرکە قبووڵ ناکەن و دایاننامەزرێنن. لە لایەکی ترەوە ئەندامێکی کۆمیسیۆنی کشتوکاڵ و ئاو و سەرچاوە سروشتییەکان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو کارەی وەرزێرەکان، لە پەرچەکردارێکی سەرسووڕهێنەردا، دەڵێ: «پێویست ناکا دارەکان ببڕن، بەڵکوو هەر لە پەنای داربەڕووەکان دەتوانن تریاکەکە بچێنن».

هەر لەو پێوەندییەدا «عەلی ئەکبەری» نوێنەری شیراز لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، چاندنی خەشخاشی لە بەشێک لە لێڕەوارەکانی پارێزگای فارس پشتڕاست کردۆتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای ناوەندە ئەمنی و ئیتلاعاتییەکان بە بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان خەڵکێکی زۆری گیرۆدە کردوە و هەر بەپێی قسەی کاربەدەستانی ڕێژیم، زیاتر لە سەتا ٧٠ی مادە هۆشبەرەکان لە ئێراندا دەستیان بەسەردا دەگیرێ کە بێجگە لە مافیای سپای پاسداران کەس نازانێ بەرەو کوێ دەچێ و، چی بەسەر دێ و بێگومان هەر لە ڕێگای باندەکانی قاچاخچییەتیی سپاوە بۆ مەبەستە تایبەتییەکانی ڕێژیم بەکار دێ. لە پێوەندی لەگەڵ ڕێککەوتننامەی بەرجامدا و نەسازانی ئورووپاییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، یەکێک لە هەڕەشەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم ئەوەیە کە ڕێگەی قاچاخی مادە هۆشبەرەکان بەرەو ئورووپا ئاواڵە دەکەن کە بێگومان کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان ئەندامی باندەکانی قاچاخچییەتیی ئەو مادە هۆشبەرانەن کە بەرەو وڵاتانی ئورووپایی بەڕێ دەکرێن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ساڵانە بەهۆی قاچاخی مادە هۆشبەرەکانەوە خەڵکێکی زۆر ڕەوانەی بەندیخانەکان دەکا و دەیان کەس لەو پێوەندییەدا لە سێدارە دەدرێن، ئێستا بە قسەی خودی کاربەدەستانی ڕێژیم باند و دەستە و تاقمەکانی سەر بەسپای پاسداران خەریکی چاندنی مادە هۆشبەرەکانن. ڕێژیم بە چاندنی تریاک چەند مەبەستێک دەپێکێ، یەکەمیان لەنێو بردنی دارستانەکانی کوردستان و تێکدانی ژینگە، دووهەم کۆکردنەوەی سەروەت و سامانێکی زۆر و سێهەم فێرکردن و

تەبلیغ بۆ پەرەپێدانی ئەو کارە لە نێو خەڵکی کوردستاندا و بە تێوەگلان لەو کارە و لە لایەکی ترەوە بەهۆی سانایی دەستخستنی مادەی هۆشبەر، بێگومان لاوانی کوردستان زیاتر گیرۆدە دەکا. ئەگەر سەردەمێک بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە حاڵەتەوە بوو بە دیاردە، ئەوە ئێستا بۆ خەڵک دەبێتە پیشە و بەو کارەش شیرازەی کۆمەڵگە بەرەو هەڵوەشان و لەنێوچوون دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٩

---

## بۆ ڕوحی پیرۆزی قاسملوو

له سەدەی پێشکەوتندا
له مەملەکەتی یاسا و قانووندا
له پێتەختی دێموکڕاسی، له لانکی پێشکەوتن و عەدالەتدا
له سەدەی بیست، له هەناوی ئورووپادا
لەسەرمینبەری کلیسا، له بەردەمی پاپادا
ئاشتیخوازێک، مافخوراوێک، پێشمەرگە و سەرکردەیەک له خاچ درا،
قاسملووی کورد تیرۆرکرا
نیشتمانێک ڕەشپۆش کرا
ئاسمان خرۆشا گەردوونی گریاند
گۆڕ لەرزی و زەوی هەژاند
بەڵام ئەهلی کتێب و یاسا تا ئێستا کپ و بێدەنگ هەر له خەودان
له خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەوە
له تەکیەی تاریک پەرستانی جەمارانەوە
له کۆشکی جیهاد و جینایەت و ئەنفالەوە
ڕەوەی دڵڕەش و قین له دڵ
بەدەمامک و شمشێرەوە
بۆ زەماوەندی مەرگی فریشتەیەک
هاتنە ناوەندی خۆرئاوا
له ڤییەنی شۆخ و شەنگدا
له باوەشی بووکی ڕازاوەی ئورووپادا
مەرگیان به باڵای قاسملوو بڕی
له بیابانی غوربەتدا
له شەوەزەنگی سیاسەت و بێدادیدا

لەناو گڕی باڕوت وگوللەدا

ڕوحیان سووتاند

قاسملوو و هاورێکانی شەلاڵی خوێن و

خوێنڕێژانیش بە پەنجەمۆری خوێناوییەوە

بە دەهۆڵ و زوڕنای مەرگەوە

بە بەردرگای کۆشکی خاوەن شکۆدا

لەنێو ئاپۆرای بازرگانان و سیاسەتوانان‌دا

بە کەژاوەی ڕازاوەی سیاسەتی بەرژەوەندی و درۆ، لەژێر چارشێوی مەغول و هیتلێردا

لەژێر سێبەری ئینجیل و خاچەکەی عیسادا

بەرەو بارەگای جەهل و جەهالەت

بەرەو کۆشکی ئەهریمەنیی هۆلاکۆ بەدرەقەکران

داد و دێموکڕاسیش متتەقیان لێوە نەهات

لەمێژ ساڵە لە کوردستانی داگیرکراودا

خاکی کورد و مافی کورد و نەوتی کورد

کلیلی دەروازە داخراوەکانی نێوان زۆرداران ودەوڵەتانن، بەڵام بۆ یەکەم جارە لەمێژوودا

لەسەرمینبەری کلیسا، لەسەر تابووت و تەرمی کورد، مزگەوت و کلیسا بەیەک دەگەن

قەشە و ئاخوند شمشێر و خاچ لەیەک دەگەن

دەرگای دادگا گاڵە دەدرێن، حەق و یاسا لەنێو دەبرێن

بێتاوان تاوانبار و تاوانبارخەڵات دەکرێن

ئەی سیاسەتوانانی کۆشک و کلیسا

سەدان ساڵە بە بێتاوان لەناو دەبرێین

ساڵەهایە خوێنمان دەڕژێ و دەکوژرێین

زەمەنێکە هەقمان دەخورێ وهاوار دەکەین

هەتا کەی کپ وبێ دەنگن؟

هەتاکەی ئاشقی زێڕ ونەوت وگەنجن؟

تاکەی تەماشاچی مەرگی ژن وپیاو  و پیر و گەنجن؟

تاکوو ئێوە وا بێدەنگ بن

تا کڕنۆش نەبەن بۆ سەر گۆڕی شەهیدی من

تا لە کریسمەس ڕۆشن نەکەن مۆمێ لەسەر مەزاری ڕێبەری من

تا تاجەگوڵینە دانەنێن لەسەرگۆڕی سەربازی ون، تا شەرمەزار نەکەن دژمنی خوێنڕێژی من

تا پێرلاشێز ئارام نەگرێ لە ئاهو حەسرەتی میوانی دووروڵاتی غەریبی من

تا لەسەر ئیڤێل لێ نەدرێ جاڕی مافخوراوی شەهیدی من،

لێرە لەم مینبەرەوە لە بناری قەندیلەوە، لە ماڵەکەی قاسملووەوە تا ئورووپا ، هەموو ڕۆژێ، هەموو ساڵێ، لەبەر دەرگای پارلمان وکلیساتان، لەبەر پەنجەرەی هەموو ماڵێ،

لەگشت شەقامێ، لەنێو هەموو گوندێ، لە ناوەندی هەموو شارێ، لە هەموو مێدیاکانی جیهانەوە هاوار دەکەم، تا دەهەژێن کۆشک و تەلار، تا ڕیسوا بێ هاودەست و دۆستی زۆردار،

هەمووجارێ لەگەڵ زەنگی کلیساتان هاوار دەکەم تا ویژدانە نووستوەکان لە خەو ڕابن، هاوار دەکەم تا گوێچکە ئاخنراوەکان، دەرگا داخراوەکان

دەکرێنەوە

هاوار دەکەم تا ئەو ڕۆژەی یاسا و داد ودادوەرتان شەرم دەیگرێ،

هاواردەکەم

تا ئەو ڕۆژەی ڕۆحی پیرۆزی قاسملووی کورد ئارام دەەگرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

## جینایەتەکانی قەلەڕەشێ و حەسەن چەپ بۆ کام مەبەست؟

بەدرێژایی مێژوو و لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی و دواتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی نیشتمان لەسەر داواکردنی مافە ئینسانییەکانی خۆی کەوتۆتە بەر هێرشی درندانەی ئەو دوو دەوڵەتە و بەتوندترین شێوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. ئازادیخوازانی کورد لە سێدارە دراون، ڕێبەرانی تێرۆر کراون، بەندیخانەکان بوونەتە شوێنی ژیانی شۆڕشگێڕانی ئەم گەلە، شار و گوندی وێران و خەڵکەکەی مەغوول ئاسا لە لایەن ژاندارمە و سەربازانی ئیمامی زەمانەوە قەتلوعام کراون. لە هەر دوو سەردەم و لە هەر دوو دەسەڵاتدا ئەم دوو ڕێژیمە هیچ سیاسەت و پلان و پیلانێک نەماوە کە دژ بە کورد بەکاری نەهێنن. بە هەموو چەکێک کە لەبەر دەستیان دابوو لەسەر کورد تاقییان کردەوە، بەڵام سیاسەتێک کە تا ئێستا دەگمەن کاری پێکراوە، لەم ڕۆژانەدا دژ بە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەکاریان هێنا. لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە یاساکانی شەڕی پێشێل کردوە، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز لە جارانی پێشوو، بە لەشکرێکی زۆر و چەکی قورسەوە لە ماوەی سێ ڕۆژدا دوو جار و لە دوو شوێنی جیاواز هێرشی کردە سەر چوار کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێوخۆی وڵات. ئەم چوار ئەندام و تێکۆشەرەی حیزبی دێموکرات لەم دوو پەلامارەدا شەهیدبوون بێ ئەوەی چەکیان پێ بووبێ، ئەوە لە حاڵێکدا ڕووی دا کە سیخوڕە خیانەتکارەکانی سەر بەو ڕێژیمە هەموو زانیارییەکیان لە سەر ئەو چوار ئەندامەی حیزب پێدابوون و کاربەدەستانی ڕێژیمیش زۆر باش ئەوەیان دەزانی، بەڵام بە درندانەترین شێوە شوێنی مانەوەی ئەو چوار کەسەیان لە نێو دوو ماڵی دوو گونددا دایە بەر دەستڕێژی ئارپیجی و چەکی قورسی دیکە و، بێ ئەوەی کەس بەرەوڕوویان بێتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو دوو ماڵەیان گوللە باران کردوە تاکوو دڵنیابن کە ئەندامەکانی حیزب گیانیان لەدەست داوە.

لەم ماوەیەدا لەشاری پیرانشار چەند جاشی نیشتمانفرۆش بە ڕۆژی ڕووناک درانە بەر دەسڕێژی گوللەی لاوانی چاونەترسی کورد و بە سزای خیانەتەکەیان گەیشتن. ئەم ڕووداوانە لەسەر ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم قورس وەستان و ڕێژیم بۆ تۆڵەکردنەوە و نیشاندانی هێز و قودرەتی خۆی هێرشی کردە سەر کەسانێک کە بێ چەک و لە ژوورێکی چەند میتریی بێ سەنگەر دابوون.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕێژیمە بەو سیاسەتە دژە ئینسانییەی دەیهەوێ هەیمەنەی خۆی بە خەڵکی سڤیل و بێ چەک و بێدیفاع نیشان بدا، لە هەمان کاتیشدا دەیهەوێ بەو هێرشانە خەڵک چاوترسێن بکا و وورەی هێزە چەکدارەکانی خۆی بەرز

بکاتەوە. هەمووما‌ن شاهیدین کە پێشمەرگەی چەکداری کورد هەمیشە غەنیمی هەزاران چەکداری بەکرێگیراوی ڕێژیم بووە و شاخ و کێوەکان و خەڵکی کوردستان و دۆست و دژمن شاهیدی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە و ورەی ڕووخاوی هێزەکانی ئەو ڕێژیمە بوون کە ئەمڕۆ بەو شێوەیە هێرش دەکاتە سەر تێکۆشەرانی کورد و شەهیدیان دەکا.

لێرە جێی خۆیەتی بە دوای ئەم پرسیارەشدا بگەڕێین کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا، بۆچی قورسترین پیلان و هێرشەکان لەدژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە؟ تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا، تێرۆری شەهید قادر قادری، هێرشیی مووشەکی بۆ سەر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە قەڵای دێموکرات و شەهید بوونی ١٦ تێکۆشەری دێموکرات کە شەش کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون و سەرەنجام لەم ماوەیەدا ڕێژیم بە پیلانگێرییەکی تازەوە هاتە مەیدان و لە دوو شوێنی جیاوازدا و تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژدا هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر چوار کەس لە ئەندامانی حدک لە نێوخۆی وڵات کە مەدەنی و بێ چەک بوون؛ چەند نموونەیەک لەو پیلانگێرییانە بوون.

ئەمەش لە هەستیاری ئەو ڕێژیمە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە دژ بە ڕێژیم سەرچاوە دەگرێ. پێگەی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا و دەستەوەستانی ڕێژیم بۆ لەنێوبردنی ئەم حیزبە لەنێوخۆی وڵات بەشێکن لە نائومێدی ڕێژیم و هەر بۆیە هەمیشە ویستوویەتی لە سەری حیزبی دێموکرات بدا. لە لایەکی دیکەوە چەند ساڵ لەمەوبەرحیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ لە پەڕاوێزدا نەمانەوەی شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هێنانە کایەی ڕۆژهەڵات تەوەری سەرنجی خەڵکی بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاکێشا و ڕۆژهەڵات دوای ماوەیەک لە کەمڕەنگ بوونەوەی جووڵانەوە لەو پارچەیە توانی بێتەوە نێو ڕۆژەڤی باس و بابەتەکان. بە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەوە دەسپێکی خەباتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای چەند سال بێدەنگی و، جموجۆڵی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان بە نیزیک لە حیزبی دێموکرات پێناسە دەکرد، ببووە هۆی ئەمە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوحێکی تازە بەبەر شۆڕشی کورد لەو پارچەیەی نیشتماندا بکاتەوە. لەو ڕێگەیەدا ئەگەرچی کۆمەڵێک لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەو حیزبە گیانی خۆیان فیدا کرد، بەڵام بینیمان کە ئەم بڕیارە بوو بە ئۆلگوو بۆ حیزبە تێکۆشەرەکانی دیکەی کوردستانیش. بەشێکی دیکەی سیاسەتی خەڵک پەسەند و ئەمڕۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕەودان بەخەباتی مەدەنی و ڕێکخستن و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بوو لە نێوخۆی وڵات بۆ ئەوەی بەگژ ڕێژیمدا بچنەوە و لە بەرەوڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆدا لە مافخوازی و داواکانی خۆیان بەردەوام بن.

ئەم هۆکارانە و سیاسەتی دروست و خەڵک پەسندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ لاواز کردن و لێدانی بەدەنە و ڕێبەریی حیزب لەنێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکان تەرخان بکا. ڕێژیم کە

نەیتوانی ناو و بیروباوەڕ و فکری حیزبی دێموکڕات لەنێوخۆی وڵاتدا لاواز و بێهێز بکا، لە سیاسەتی سەد ساڵەی دژمنانی کورد بەردەوام بوو و، لە ڕێگای تێرۆر و کوشتن و تۆقاندنەوە ویستی ئەو حیزبە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات لەنێو بەرێ.؛ ویستێک کە ئێستاش لەسەری بەردەوامە.

ئەمەی ڕوونە ئەوەیە: حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی خەڵکی چەوساوە و بندەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و ڕیشەی لەنێو ئەو خاک و خەڵکەدا هەیە. لە دوو دەورانی حوکمڕانی دەوڵەتانی دژ بە کورد نەیارانی کورد ویستوویانە ئەم حیزبە لەنێو ببەن، بەڵام حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە بێ پشتیوانیی هیچ دەوڵەت و لایەنێک و تەنیا بە پشتبەستن بە هێز و ئیرادەی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، بە خۆڕاگری و ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە سووربوون لەسەر بیروباوەڕی بەهێز و کوردانە و بە پشت بەستن بە چیاکانی کوردستان توانیویەتی لەبەرانبەر هێزی پۆشتە و پەرداخی ئەم دوو دەوڵەتە بوەستێتەوە و بەهێزی چەک و بۆمب و مووشەک لەنێو نەچووە و ئەو جینایەتە تازانەی ڕێژیمش نەک هەر چۆک بە ئیرادەی گەلەکەمان و حیزبەکەمان دانادەن، بەڵکوو بەهێزتر و بە گوڕتر لە پێشوو درێژە بەو تێکۆشانە دەدا و ڕێگەی خەبات و ئاواتی شەهیدان بەرنادا و دەست لە خەبات هەڵناگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

# لە بەر بانێژەی قەڵاوە

قەڵای دێموکرات، قەڵا و قامەتی شەهیدان، قەڵای مەردانی مێرخاس و قەڵای کچان و ژنانی پێشەنگ و یەکسانیخواز، قەڵای دێموکرات، قیبلەی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و نوێنگەی بیری کوردایەتی و بیروهزری ژێکاف و حەزرەتی پێشەوایە.

قەڵای دێموکرات، قەڵای بەرەنگاریی خانی لەپ زێڕین و قەڵای هەولێری هۆلاکۆبەزێن و قەسیدە نەبڕاوە و نەپساوەکەی کۆمار و سێدارەکەی قازی و چیرۆکی دوازدە سوارەی مەریوان و کوشتاری قارنێ و قەڵاتان و خاچەکەی باڵای قاسملوو و کراسە خوێناوییەکەی شەرەفکەندی و پرچی سپی و نەهۆنراوەی دایکی شەهید و لاواندنەوە و حەسرەتی نەوبووکە نازلێشێواوەکانی زێدەکەی من و پێشمەرگە شەهیدە گۆڕغەریبەکانی دەستی داگیرکەر و سووتانی گەنم و گوڵ و مەل و باغ و دارستان و جەستەی زامداری خاک و یادەوەری و سەنگەری بەرخۆدانی هەزاران هەزار شەهیدی سەربەرزی ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانە.

خەرمانانە و مانگی کۆچی خەونەکانە، پەڕەسێلکەکانی قەڵا لەبەر بۆنی باڕووت و گرمەی بۆمبا کۆچ بەرەو باواجی هەڵیگرتوون، خەرمانانە و خەرمانی شەهیدانمان لە هەڵکشانە، خەرمانانە و شەڕەفکەندیی ڕێبەر، سەرقافڵەی کاروانێکە کە بە نێو ڕووباری هەنیسک و فرمێسک و خوێندا تێدەپەڕێ و بەنێو ئاگری بەردەم فتواکەی جەمارانـدا هەنگاو دەنێ. خەرمانانە و خوێن لە جەستەی زامداری کورد دەچۆڕێ، خەرمانان کەژاوەی کچە ڕووسوورە سینگ و ڕوومەت خوێناوییەکەی دەستەخوشکی خاکەلێوەی خوێن و پووشپەڕی پەڕپەڕ و زامی بەژانی گەلێکی بندەستە.

خەرمانانە و گەرچی سەرم کرایە نیشانەی ڕمی دەستی دوژمن، گەرچی کەوتمە بەر هوروژمی خێلی ڕەش و سپای دۆزەخ و دڵڕەشان، بەڵام کچان و کوڕانی دڵ پڕ لە گڕ و تین و ئەوینی نیشتمان، لە مانگی خوێن و گیانبازیدا، لە خەنەبەندانی خەرماناندا، پۆل پۆل و دەستە دەستە، کاروان کاروان و کۆمەڵ کۆمەڵ، بۆ یادی نەمران مۆم دادەگیرسێنن، تۆوی تۆڵە دەچێنن، پشت لە ژوانی دڵدار و دەزگیران، باوەش بە ئەشکەوت و سەنگەر و چیادا دەکەن، چەک لە شان و مەشخەڵ بە دەست دەبنە پێشەنگ و پێشمەرگە، دەبنە قۆچی قوربانیی وڵات تاکوو ئاڵای کورد هەر شەکاوە و قەڵای دێموکرات هەر سەربەرز و لەسەرپێ و بەپێوە بێ.

خەرمانانە و گەرچی ئەم ڕێگەیە بە ئاگر و باڕووت و تەناف تەنراوە، بەڵام لاوانی کورد دەبنە بورکان و تەخت و تاجی زۆردار دێننە لەرزە، ئازاترین ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە ئیرادەی پۆڵایین و بە سروودی ئەی ڕەقیب و بیروهزری شۆڕشگێڕانەوە نیشتمان لەکۆڵ ئەسپی سەرکێشی خەبات تاو دەدەن، بەرەو کێوی قاف، کاڵەی ئاسن هەڵدەبەستن. هەوراز و نشێو دەپێون، سنوورە دەسکردەکان دەبەزێنن، نەخشەی کوردستان بە خوێن دەڕەنگێنن و دەنەخشێنن. لە مەکتەبی پێشەوادا وانەی خەبات و خۆڕاگری دەخوێنن، دەبنە سپەر دەبنە قەڵا، بۆ گیانی دوژمن دەبنە بەڵا، دەبنە گڕ و گوڕ و هاوار و هەڵمەت و هیممەت و تۆڵە، دەبنە قەندیل و قەڵغان و شوورەی پۆڵایینی قەڵای نیشتمان و لە شار و شەقام، لە بەندیخانە و لە سەنگەری ترۆپکی چیا دەبنە قرمژنی چەکی تۆڵە و دەنگی گەلێکی هەراو و ئازادیخواز تا خەونی کورد بێتە دی و ڕوحی شەهیدانی بەردەم سێدارە و گۆڕ غەریبەکانی دەستی تێرۆر و تاوان و ڕۆڵە گیانبازەکانی سەنگەری بەندیخانە و بناری چیاکانی هەڵگورد و قەندیل و بێستوون، گوڵاڵە سوورەکانی پێدەشتی موکریان و چیای سەرکەشی هەورامانی هەرمان و تێکۆشەرانی داوێنی زاگرۆسی زام و ئاگری و ئاربابا و شەهیدانی چوارچرا و پێرلاشێز و قەندیل و قەڵای بناری هەیبە سوڵتان ئارام بگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## كوردستان، هەرێمی خوێن و هەستانەوە

خەنەبەندانی خوێنە، خەرمانانە و مانگی خەم و فرمێسک و ژان و هەژان و بەرخۆدان و هەستانەوە.

خەرمانانە و مانگی خەزان، دوێنێ شەهیدان لە باشووری نیشتمان لەبەر دەمی قەلا و ئەمڕۆ لە میكۆنووس لەبەر دەمی قانوون. دوێنێ لە ڕۆژهەلاتی نیشتمان و ئەمڕۆش لە شەقامەكانی بێرلین. دوێنی چراكانی چوارچرا خامۆش دەكرێ، پێشەوای سەرداری كورد لەنێو دلّی نیشتماندا لە دار دەرێ، قاسملوو لەسەر هەق و لە پێناو هەقدا تێرۆر دەكرێ، لە قەلای دێموكڕات بە بۆمبا لە سەری ئێمە دەدرێ، كۆلّبەرێكی كۆلّ لە كۆلّ لەسەر پاروە نانێ وەبەر ڕەهێلەی فیشەک دەدرێ، دوێنی ئازاد لە دیداری ئازادییدا سەر دەنێتەوە و ئەمڕۆش لەم ڕۆژە تالّەدا لەبەردەمی كلیسادا شەرەفكەندی لە خاچ دەدرێ.

لە زێدی من قازی لەجێی تاوانبار لە سێدارە دەدرێ، كورد بە ئایەتی قورئان ئەنفال دەكرێ، بە تاوانی كورد بوون ناسنامەی گەلێک دەسووتێ، دوكتۆرەكان وەبەر نەشتەر و شمشیر دەدرێن هەتا پزیشک و خەمخۆری كورد نەمێنن.

ئەی نیشتمان! بارتەقای ڕووبارەكان خوێنمان بۆ دای، بە ژمارەی ئەستێرەكان ڕوحمان فڕی، چی لە تۆ پیرۆزتر و چی لە تۆ ئازیزتر و مەزنتر كە گولّەكانت بە خوێن و دارهەنارەكانت بە فرمێسک ئاو دەدرێن.

ئەی نیشتمان! لە باوەشی تۆدا بێكەس و لە داوێنتدا هەر مالّ لە كۆلّ و بێ پەنایین. چ ناخ هەژێنە مردن لە باوەشی دایكدا و ئاوارەیی لە داوێنی نیشتماندا و غەریبی لە مالّە باواندا. چ دلّتەزێنە حەرامكردنی بزە لەسەر لێو و ڕفاندنی دلّبەر لە ئامێزی دلّدار و پێكەنین لە ناخ و مالاوایی لە نیشتمان، بەلام چ شانازییەک گەورەتر لەمردن لەڕێی ئازادی و بەخشینی ڕوح لە پێناو زێد و نیشتماندا.

ئەی ڕەقیب! ئەتۆش دلّنیابە، نە قەلامان دەچەمێ، نە چیامان لە دار دەدرێ، نە كانیاوەكانمان دەخنكێن و نە قەندیل‌مان دەكرێنە دیل. ئێمە دەبینە دەنگی بێدەنگی و، نە كوردستان بێ پێشمەرگە و نە پێشمەرگە بێ كوردستان دەبێ.

ئەی ڕەقیب! بزانە و دڵنیا بە، نە هیواکانی تۆ لە نیشتمانی مندا بەر دەگرن و نە خوێن دەبێتە ئاو. نە قازی دەمرێ و نە وەسیەتەکەی و نە کۆمار فەرامۆش دەکرێن، نە وانەکانی قاسملوو دەسڕێنەوە و نە قاتڵەکانی میکۆنووس بە ئازادیی دەخولێنەوە. دڵنیابە دڵنیا، ئەمڕۆ یا سبەی گۆڕغەریبەکانی پێرلاشێز بەرەو نیشتمانی دایک دەگەڕێنەوە و ئاڵای سەرکەوتن لە چوارچرای قازی لەسەر کۆشکی کۆمار دەشەکێتەوە. ئێمە لە تۆرەمەی نەتەوەیەکین لە نێو دڵی خاکدا دەڕوێینەوە. لە ڕۆژی تۆڵەدا یەک دەبینینەوە. لە خەرمانانی سووردا گشت شەقامی شارەکانی نیشتمانم بە شێعر و مۆم و گوڵ و مێخەک دەڕازێنینەوە. پەیڤەکانی پێشەوا دەکەینە هەوێنی نەسرەوتن و هەستانەوە. دەوڵەتی کوردی بونیاد دەنێین و گشت ئاسەواری ئێوەی دێوەزمەی شوومی شەڕ لەسەر داروپەردووی نیشتمانم دەسڕینەوە. لەسەر لووتکەی ئازادی هەموومان یەک دەنگ سروودی هەرمان و نیشتمان و ئەی ڕەقیب دەڵێینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## کۆماری ئیسلامی لە دووڕێیانی هەڵدێران و خۆبەدەستەوەداندا

ڕیژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسپێکی حوکمڕانیی خۆیدا بە بڕیاری هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە ماوەی چل ساڵە بەرۆکی بەرنەداوە. حاکمانی ئێران بەو دروشمە لایەنگرانی خۆیان تووشی چاوەڕوانییەکی بێجێ و دراوسێکانیان تووشی نیگەرانی کرد. لایەنگرانی خەت و بیری خومەینی ویستیان بەو دروشمە بەرەو بیابانەکانی وڵاتانی عەرەب و ناوچەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بکەونە ڕێ، هەر بۆیە هاوسێکانی وڵاتی ئێرانیش هیوایەکیان بە دۆستایەتی و پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە ئیدئۆلۆژییە پاوانخوازە نەما. بێجگە لە سەددام حوسێن کە ئەویش زۆرتر ویستی لەو بۆشاییەی دەسەڵاتی ئێران بۆ هەڵوشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکەی ئەلجزایر کەلک وەربگرێ و هێرشی سەربازی کردە سەر خاکی ئێران، وڵاتانی دیکەی دەوروبەر هیچیان ئامادەییان نەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و زۆرتر لە چاوەڕوانیدا مانەوە و حاڵەتی دیفاعییان بەخۆیانەوە گرت.

خومەینی دوای خواردنەوەی جامی ژاری ئاگربەستی شەڕی نێوان دوو دەوڵەتی ئێران وعێراق، ڕێژیمەکەی پشوویەکی هاتەوە بەر و ئەمجار بەکردەوە لە هەوڵی هەناردەکردنی شۆڕش و پەلوپۆ هاویشتن بوو بۆ ناوچەکە. لەگەڵ ئەوەی کە لە کاتی شەڕدا بەشێک لە شیعەکانی عێراقی ڕێکخستبوو و پشتیوانی لێدەکردن، دواتر بە بیانووی دیفاع لە فەلەستین و فەلەستینییەکان بوو بە پشتیوانی ئەسڵی و ئاشکرای حیزبوڵڵای لوبنان و لەو ڕێگەیەوە توانی گرووپ و میلیشیای جۆراوجۆر پێک بێنێ و ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکەدا. هەرچەند هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە دروشمی دژی ئەمریکا و ئیسرائیلی بەرز کردبۆوە، بەڵام تا ئەو ساڵانەی دوایی هاوکاری و ڕێکخستنەکانی لە ناوچەکەدا زۆرتر شاراوە و بە نهێنی مابوونەوە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بۆ زلهێزەکانی جیهان و ڕۆژاواییەکان، بەهۆی دواکەوتوویی خەڵکەکەی، یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکانی خۆیان لەو ناوچەیە، قاڵکردنەوەی کەلوپەلەکانیان، نەوت و کانگەی ژێرزەوی و بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی ناوچەکە، گرینگییەکی تایبەتی بۆ ئەوان هەیە. هەر بۆیە ڕێگە نادەن لایەنێک بە تەنیا یا دەوڵەتێکی دیکە هێژموونی خۆی بەسەر وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بسەپێنی. مێژووی ئەم ناوچەیە نیشانی داوە کە هەر کاتێک دەوڵەتێکی ناوچەکە کەمێک پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتبێ و هێز و دەسەڵاتێکی پەیدا کردبێ، بەجۆرێک لە جۆرەکان کەوتۆتە بەر

ڕەحمەتی! یەکێک لە زلهێزەکان و نەیانهێشتوە جێ پێ بەوان لێژ بکا یا ببێتە بەربەست لەسەر ڕێگەی بەرەوپێشچوونی پیلان و پلان و پرۆژەکانیان و زۆربەی وڵاتانیش ئەو تاقیکردنەوەیان بەخۆیانەوە بینیوە و نموونەی تازەی ئەوانەش حکوومەتی پاشایەتی و حکوومەتی سەددام بوون. وڵاتانی زلهێزی جیهان هەردەم لەبیری نانەوەی ئاژاوە و ناکۆکی لەو ناوچەیە دابوون تا بتوانن دوو مەبەست بپێکن. یەکەم سازکردنی شەر و ئاژاوە هەتا بتوانن جبەخانەکانیان بەتاڵ و بازاڕی چەک و تەقەمەنی و پیشەسازیی خۆیان لەو ناوچەیە قاڵ بکەنەوە. دووهەم بۆ ئەوەی کە ئەو وڵاتانە پێشکەوتن بەخۆیانەوە نەبینن و هەمیشە چاولەدەستی زلهێزەکان بن و ئاوەدانی و پێشکەوتنی خۆیان لە بوونی ئەوان لە ناوچەکەدا ببینن و حاکمان بیانکەنە چەتری سەریان بۆ پاراستن و درێژەپێدانی دەسەڵاتەکەی خۆیان.

بێگومان جڵەونەکردنی کۆماری ئیسلامیی و ڕێگەپێدانی بۆ ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکەدا، بوو بەهۆی ئەوەی کە کێشەی تایفی و مەزهەبی و شیعە و سوننی ساز بێ و ئەوەش بە قۆناغی زۆر سەخت و دژواردا تێدەپەڕێ و ئاوا بە ئاسانی ئەو ئاگری ڕق و قینە دانامرکێ و بۆ دەیان ساڵی دیکەش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو مەنجەنیقەدا دەکوڵێ. هەربۆیە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست هەر چاو لەدەستی وڵاتانی زلهێز و خاوەن تێکنۆلۆژیی جیهانە و زلهێزەکانیش ئێستا لەهەموو کات زیاتر جێ پێیان لە ناوچەکەدا قایم بووە و ڕەنگە ئەوجار کارێکی ئەوتۆیان بە کۆماری ئیسلامی نەمابێ کە بەو شێوەی ئێستا هەوساریساو لە ناوچەکەدا تەڕاتێن بکا. هەر بۆیە دەیانهەوێ جڵەوی بکەن یا بەشێوەیەک بیخەنە سەر لێواری هەڵدێرگەی مێژوو. دوو حکوومەتی پاشایەتی و سەددام حوسێن نموونەی ئەو پلانانەن کە زلهێزەکان و ڕۆژاواییەکان لەسەریان تاقی وکردنەوە و دوای ئەوەی کە گەیاندیاننە لوتکەی دەسەڵاتی سەرکوت و سەربازی، هەر لەوێشەوە هەڵیانداشتنە نێو چاڵەڕەشەکانی مەرگ و لەسەر گۆڕی ئەوان دیوارێکی لەرزۆکی دیکەیان بونیاد نا و ئەویش کۆتاییەکەی هەر بەرەو وێرانییە. زلهێزەکان لەسەر زۆر شت نالێک و ناکۆکن، بەڵام بەرژەوەندییە گەورەکانیان وا بەیەکەوە گرێی داون کە ئامادە نین یەکتر فیدای ڕێژیمێک بکەن کە داهاتوویەکی نییە و پشت وەدیواری شکستە نادەن.

وڵاتانی خاوەن دەسەڵات و بەرژەوەندی، ئێستا دوای چل ساڵ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان تووشی داوێک کردوە کە دەرچوونی گەلێک سەخت و زەحمەتە. ئەو ڕێژیمە بەو بەرزە فڕییە پێی وابوو ئاسمان ساف و بێگەردە و بیری لە زستانی تووش و هەڵەمووت نەکردبۆوە. ڕێژیم پێی وابوو تا قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بەرینتر بێ، هێز و دەسەڵاتیشی زۆرترە و نەیزانی کە کۆنتڕۆڵ کردنی ئەو هەموو مەیدانە و پاراستنی هێز و دەسەڵاتەکەی چەند گران لەسەری دەکەوێ و کۆتایی ڕێگەکە بەرەو چ هەڵدێرێک دەچێ.

ئێستا هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی، مووشەکی بالستیک، تێرۆر و پشتیوانی لە تێرۆر، پێکهێنانی گرووپی

تێرۆریستی، ئاژاوە نانەوە و هێژموونخوازی، پاراستنی هێزەکانی لە سووریە، پەنادان بە تالیبان، لەکارکەوتنی ڕێککەوتننامەی بەرجام، گەمارۆکان، بە تێرۆریست ناساندنی گەورەترین هێزی سەربازیی ڕێژیم کە سپای پاسدارانە، دروشمە بریقەدارەکان و قەیرانە کەڵەکەبووەکانی نێوخۆی ئێران، گرانی، بێکاری و برسیەتی هەموویان بوونەتە بەڵای سەری ئەو ڕێژیمە و لە دووڕێیانێکی دژواردا گیری کردوە کە بە هەرکامیاندا ڕەت بێ، تووش کۆمەڵێک چاڵ و چاڵنج دەبێ و گیانی ساغڵەمی لێ بەدەر نابا.

ڕێژیم لەو دووڕێیانەدا یا دەبێ تەسلیمی ویستی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ کە لە پەلوپۆی دەخەن، یا دەبێ درێژە بەو سیاسەتە هەڵانەی بدا کە خەڵکی ئێران لەوە زیاتر تەحمولی ئەو هەموو برسیەتی و بێکاری و نەهامەتیە ناکەن و بەهۆی بێزارییەوە دێنەوە سەر شەقامەکان و تەخت و بەخت و عەمامە و عەبای ئاخوندەکان تێکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

# تابلۆی ژیان بە وێنەکانی چیچەک و زارا

قسەکردن لەسەر چەمکی ژیان و بایەخەکانی ژین و بەهاکانی مانەوە و هەرمان، وەک ئازادی و سەربەستی بابەتێکی تازە نییە؛ ئەو باسە هەم لە ڕوانگەی فەلسەفی و هەم لە گۆشەنیگای کۆمەڵناسی و دەروونناسیشەوە شەن و کەوی زۆر کراوە. ئەوەی لەو نووسینەدا مەبەستە، ژنی کورد و چەمکی ژیان بە سەربەستییە.

ژنانی کورد و پێشەنگەکانی ئەم کاروانە پتر لە هەر کاتێکی دی بەدوای گەڕان و دۆزینەوەی بەشە بزربووەکانی شوناسی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیانەوەن. ئەوان هەن و لە مەیداندان، بە هەڵگرتنی چەک و هاتنە ڕیزی تێکۆشانی سیاسی لە بەرگی پێشمەرگە و شەڕڤاندا، لە شێوەی چالاکیی مەدەنی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی شوناسخوازیدا، لە خۆڕاگری و بەرخودانیان لە کونجی زینداندا؛ ئەو ئامادەیی و بەرحزوورییەش ئەوەندە تۆخ و بەرچاوە کە هیچ کەس و لایەنێک نەتوانێ نەیانبینێ یان پەراوێزیان بخا.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کورددا بخشێنین و گوێ لە سەربردە و داستانەکان بگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە ژنی کورد وێڕای ئەوەی کە لە چەند بار و بواردا چەوساوەتەوە و دەچەوسێتەوە، بەڵام لە خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی شانبەشانی پیاوان لە سەنگەر و لە مەیداندا بووە و بە تایبەتی لەم سەردەمەی مێدیا و ماستمێدیادا ڕەنگێکی دیکەی بە خەباتی کورد داوە.

لەم دورگە چەقبەستووە دواکەوتووە پیاوسالارانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ژن بە ناوی دین و داب و نەریتەوە بە پەچە و ڕووبەندەوە ڕۆژی کردۆتە شەو، زۆر جاران ژنی کورد بۆتە پێشەنگ و سەرکردە و سەرکردایەتیی لەشکری پیاوانی کردوە و لە زۆنی میرنشینەکاندا و پێشتریش جێگەی باوک و برای گرتۆتەوە و بۆتە پێشەنگی کاروان و بەرەنگاری سپای دوژمن بۆتەوە.

ژنی کورد بەهۆی ستەمێک کە لە گەلەکەی کراوە، کەمتر پڕژاوەتە سەر خەباتی ژنان و زیاتر لە پەنا باوک و براکانی لە سەنگەری بەرگریدا بووە. لە کاتێکدا کە کوردستان کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمن و لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ماڵ و شار و گوند و چیای سووتێنراوە، ژنی کورد زۆر جاران لە فریای گریانیش نەکەوتوە و بێشکە لە کۆڵ زۆرتر لەفکری ڕزگاریی خاک و نەتەوەکەیدا بووە و ویستوویەتی پشت و پەنای پیاوان بێ بۆ ئەوەی خاک داگیر نەکرێ و شوناس و

پێناسەی کورد و کوردبوون نەسڕدرێتەوە و دەستاڕی مێژوو نەیهاڕێ و لەو ڕێگەیەشدا زۆر لە ژنانی کورد بوونەتە قوربانی و گیانی خۆیان فیدای خاک و خەڵک و نیشتمانەکەیان کردوە.

ژنی کورد تەنیا یەک ئەرکی لەسەر شان نەبووە، ژنی کورد کابانی ماڵ، دایک، خوشک، ژنی شەهید، ژنی پێشمەرگە، ژنی ئەنفالکراو، هاوسەر و لەگەڵ ئەوەی کە شانبەشانی پیاوان هەوڵی بژیوی ژیانی داوە، لە هەمان کاتدا بۆتە پێشەنگ و پێشمەرگە و «چیچەک» ئاسا لە سەنگەری بەرگریدا و «زارا» ئاسا لە سەنگەری پاراستنی زمان و کولتووری کوردیدا، لە پێناو پاراستنی خاک و زمان کەوتوونەتە کونجی زیندان و لەژێر ئەشکەنجەی جەللادەکانی بەندیخانەدا بە شەهامەتەوە خۆڕاگری دەنوێنن، بە ئازارەوە ڕۆژ تێپەڕ دەکەن و بە هیواوە ڕۆژ دەکەنەوە. ئەوان لە پێناو بەرگری لە پاراستنی سەنگەری خاک و زماندا بەندیخانەش دەکەنە قوتابخانەی خۆڕاگری و بە ئازایەتیی ژنانەیان غرووری پیاوی جەللادی دژە کوردو دژە ئازادی تێکدەشکێنن و لەوێش وەرزێکی دیکەی خەبات دەست پێدەکەنەوە.

ژنی کورد لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی، هەزار و یەک دەرگای لێداخراوە، بەڵام لە پشت دەرگای داخراوی بەندیخانەشەوە وانەی خۆڕاگری و فیداکاری فێری کچان و ژنانی کورد دەکا و دەبێتە مایەی شانازی بۆ پیاوی کورد و بە ئیفتخارەوە ناویان دێنن. لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی پیاوسالارانەدا دەژین، بەڵام ژنی کورد خۆی بەستەڵەک و بەربەستەکانی شکاندوە و شانبەشانی پیاوان سەری لەنێو سەراندا دیار بووە و ئێستاش لەهەموو کاتێک زیاتر چەک لەشان و قەڵەم بەدەست ڕۆڵ و نەخشی بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە دیارە. مەستوورەی ئەردەڵان و خانزادی سۆران و زۆر ژنی دیکەی کورد نموونەی ئەو ناو و ناوبانگە بوون و ئەمڕۆش «چیچەک»ـەکان و «زارا»کان نموونەی ئەم بوێری و ئازایەتییەن.

لە کاتێکدا کە لەم ناوچەیە لە زۆر شوێن ژن ئیزنی پێنادرێ لەگەڵ پیاوان لەسەر سفرەیەک دابنیشێ، بەڵام ژنی کورد شانبەشانی پیاوان لە مەیدانی جەنگ و بەرەنگاریدایە. لەکاتێکدا کە لە ئێرانی بندەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ژن حیسابی پلە دووی بۆ دەکرێ، ئەوە ژنی کورد لەنێو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئازایانە و بوێرانە لە مەیداندایە. لە کاتێکدا کە ژنی ناکوردی ئێرانی تازە خەریکی «آزادی یواشکی»یە و بە ترسەوە لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا بەنازەوە لەچکەکەی لادەدا و وێنەیەکی سێلفی! دەگرێ، ئەوە ژنان و کچانی کورد لەسەر لووتکەی چیا بەرزەکانی نیشتمانی کوردەوە، لە ژێر بۆمب و ناپاڵمدا داوای ئازادی دەکەن و چەک لەشان بەگژ لەشکری دوژمندا دەچنەوە؛ لە باشوور و ڕۆژاوا بەرەنگاری یەکێک لە دڕندەترین گرووپە توندڕۆکان بەناوی «داعش» دەبنەوە و تێکی دەشکێنن؛ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستاندا لەژێر نووکی سەرنێزە و قامچی جەللاددا نووکی خامە بەگژ یاسا نایاسایی و نامرۆڤایەتییەکاندا

دەکەنەوە.

ئەوە کچـان و ژنـانی کـوردن کە نـاهێڵن لە ڕۆژاوا ڕۆژ ئـاوابێ و لە ڕۆژهەڵات لەپێنـاو دەرکەوتنـی گزینگـی خـۆردا دڕ بە شەوەزەنگی ستەم و بێدادی دەدەن.

ئەمڕۆ»چیچەک» و «زارا» دەبنە تابلۆی ژیـان و وێنەکانیـان دەکرێنە میـداڵی شـانازی و ئامانجەکانیـان دەبـنە فەلسـەفەی ژیـان و ڕێگەکەیـان ڕێـگەی بەرەنگـاربوونەوەی زوڵـم و سـتەمە. ئەمـڕۆ ژنـانی کـورد دەبـنە پێشـەنگی ژنـانی ئـازادیخواز لە ناوچەیەکی دواکەوتوو لەم سەدەیەدا و سەدد و بەربەستەکان دەڕوخێنن لەڕێـی ئـازادی و ڕزگارییـدا گیـان دەبەخشـن و خـاکی پیرۆزی نیشتمان بەخوێن دەنەخشێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی نەڤەمبەری ٢٠١٩

---

## کۆنگرەی ١٧ بە کاتژمێری ١٧ی خەرمانان

ئاوێنەی باڵانوێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێکافەوە دەست پێدەکا و لە کۆنگرەی ١٧ی حیزبەوە پەیمانی وەفا و بەردەوامیی ئەو ڕێگە پیرۆزە نوێ دەکرێتەوە.

ئەو پەیامەی کە لە چوارچرا و سێدارەکەی کۆمارەوە لە ١٧ی خەرمانان بە خوێن نووسرایەوە، بوو بە پەیامی کۆنگرەیەک کە لە بەڵێننامەی کۆنگرەدا ڕەنگی دایەوە. ڕەنگێک وەک کۆلکەزێڕینە و بەجوانی و تۆخیی پەیمان و وەفا.

حیزبی دێموکرات پێشەنگی کاروانێک و هەڵگری پەیامی دێموکراسی و پێبەندی یاسایەکە کە دێموکرات لەسەری دامەزراوە. سوێندەکەی ژێکاف، کۆماری کوردستان، ئاڵا و پێشمەرگە، بەرەوپێشچوون و بەرەنگاری، بیروهزری نەتەوەیی پێناسەیەکن بۆ حیزبێک کە نیزیک بە ٧٥ ساڵە خوێن لە جەستەی دەچۆڕێ، بەڵام ناچەمێ و چۆک دانادا.

کۆنگرە یەک لە دوای یەکەکانی حیزبی دێموکرات کە زۆربەیان لە چیا و ئەشکەوت و لەژێر کەپر و خێمە و ڕەهێڵەی بۆمب و ناپاڵم و تۆپ و تەیارەی دوژمندا گیراون، نیشانەی دێموکراتبوون و باوەڕمەندیی حیزبێکە کە دوای مەرگی ڕێبەرانی نەک هەر واز لە دێموکراتبوون و باوەڕ بە یاسا و ڕێسا دێموکراتیکەکان ناهێنێ، بەڵکوو ڕێبوارانی ئەم ڕێگە پیرۆزە، بە هێز و گوڕ و ئیرادە و ئیمانەوە ئەم ڕێچەکەیە درێژە دەدەن و لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی گەل و قەول و بەڵێنێک کە بە ڕێبەران و هاوسەنگەرانی شەهیدیان داوە بەردەوام خوێن دەدەن و بە فرمێسکەکانیان واژۆنامەی تۆڵە و نەسرەوتن دەنووسنەوە.

کۆنگرەی ئەمجارەشمان کە دوای خەرمانانی سوور و لەژێر هەڕەشەی بۆمب و مووشەک و تێرۆردا بەسترا، بەڵگەیەکی بەهێزی خۆڕاگری و دێموکراتبوونە، بۆ حیزبێک کە ڕێبازەکەی بە خوێن نەخشاوە و ئەو سوارچاکانەی کە دوای گلان هەستاوەنەوە و هەر لەسەر پێ و بەپێوەن و بەرەو ئاسۆ و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن بەڕێوەن.

سوارچاکی مەیدانی خەباتی کوردایەتی، وەفادار بە سوێندە بەرزەکەی حەزرەتی پێشەوا بۆتە پێشەنگی کاروانێک کە نەوە لەدوای نەوە سوێند و پەیمانی وەفاداری لەگەڵ نوێ دەکەنەوە و چەک لە شان و قەڵەم بەدەست بەرەو بەرزایی ڕێگەی

تێکۆشانی لەگەڵ دەپێون و بە ئومێد و ورەوە کچان و کوڕان و ژنان و پیاوانی ئەم گەلە بەشخوراوە شانبەشان دەبنە یار و یاوەری و بەتەنیا جێی ناهێڵن.
دێموکرات پێشەنگ و شەنگەسواری شۆڕشێکە کە هەردەم لەنێو دڵی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و کاروان کاروان پەیوەستبوونی کچان و کوڕانی کورد بەو قافلە نەپساوەیە نیشانەی خۆشەویستی، مافویستی و دێموکراتبوون و لەسەرڕێ ڕاوەستان و نەوەستانیەتی. کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو جارێ بەهێز و گوڕ و بەرنامەیەکی تازەترەوە، بە کۆمەڵی ئیدە و فکرەوە کورەی خەباتی کوردایەتی و حەقخوازانەی گەلی کوردی جۆش داوەتەوە و خوێنی تازەی کردۆتەوە نێو شادەمارەکانی شۆڕش و کۆسپەکانی تەخت کردوە و لە هەوراز و نشێوان تێپەڕیوە.

بەرداشی زەمان و چەرخی چەپگەردی گەردوون گەلێک گرد و گابەردی هاڕی و شوێنەواری لێ نەهێشتن. حیزبی دێموکرات گەرچی کەوتە بەر بەرداشی ئەو زەمان و ئەم دەورانە، گەرچی حاکمانی عەودالی تاج و تەخت و پیلانگێڕانی ژێر مەندیل و عەمامە و عەبا، بەخەیاڵی توانەوە و سڕینەوەی شوێنەواری ئەو حیزبە بوون، گەرچی حیزبەکەی قازی، سەرکردە و گەورەپیاو و شێرەژنی زۆری لەدەست دا، ڕێبوارانی هەزار هەزار بوونە قۆچی قوربانیی ئەم خاک و ئاوە؛ بەڵام هەموو جارێ لە ناوەندی شارێ یا لە بەرزترین لووتکەی شاخ و داوێنی چیایەکی ئەم کوردستانە، ئاڵابەدەست جاڕی کۆنگرەی نوێ و نوێبوونەوەی داوە. لەو مەیدانەدا گەلێک ڕۆڵەی زانا و ئازای ئەم نیشتمانە سەریان هاتۆتە نێو سەران و بوونە پێشەنگی کاروان و، بوونە کارزان و کاراکتەر، بوونە ڕێبەر و ڕێنیشاندەر، یا سەریان چۆتە سەر سێدارە یا لە سەنگەر ئازایانە بەرەوپیری مەرگ چوون یا ڕێبواری بەحەقی ئەو ڕێبازە پیرۆزە بوون و هەروا ئەم ڕێگەیە دەپێون، مخابن زۆریشن ئەو سوارچاکانەی جێگەیان لە کۆنگرە یەک لەدوای یەکەکان خاڵی بووە.

چ لەو دەمەیدا کە لە کۆشکە زێڕینەکانەوە فەرمانی جەنگ دژبە کورد دەدرا و چ لەو کاتدا کە لە جەمارانەوە فەرمانی جیهادی دژبە کورد دەر دەکرا، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە چیا و شاخ و دەشت و دۆڵی ئەم نیشتمانەی کردبووە گۆڕستانی دوژمنان و لەگەڵ قرمژنی چەکی دەستی پێشمەرگە و بەرگریی ڕەوا، یەک لە دوای یەک کۆنگرەکانی دەگرت و سوێندی وەفاداری بە دێموکراسی و دێموکرات و دێموکراتبوونی نوێ دەکردەوە.

کۆنگرەی ١٧ی ئەو حیزبەش پەیمان و بەڵێنێک بوو کە لەگەڵ خوێنی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان نوێی کردەوە و ئەوەش ڕەمزی نەبەزین و دێموکرات بوون و ئەمەگ و وەفایە بۆ ڕێبازێک کە سیپارەکەی بە ئازایەتی و هەنیسک و فرمێسک و خوێن نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی نەڤەمبەری ٢٠١٩

# کورد و هەست و بیری نەتەوەیی

هەست و بیری نەتەوەیی و ئینتیمای نیشتمانی لە ناخی ئینسانەکان و لەنێو خوێن و دەماریان دایە. منداڵ کە لە منداڵدانی دایکیدا دەگۆوڕێ و پێدەگا، کاتێ کە لە دایک دەبێ و لە ئامێزی ئەو دایکەدا گەورە دەبێ، گرینگ نییە ئەو دایکە ڕەشە یا سپییە، جوانە یا ناشیرینە، گرینگ ئەوەیە کە دایکیەتی و بە هەموو وجوودیەوە خۆشی دەوێ و پێی لە هەموو دایکانی جیهان جوانتر و بەسۆزترە. خاک و نەتەوەش دایک و ئامێزی دایکی دووهەمە کە بە دایکی نیشتمان ناسراوە و هەر کەسێک لە هەر وڵاتێک و لە هەر نەتەوەیەک بێ، بێگومان هەست و سۆزی تایبەت بە خەڵکەکەی و بەو نیشتمانەی هەیە کە تێیدا گەورە و پەروەردە بووە.

نەتەوەی کورد و تاکی کورد لەگەڵ ئەوەی کە وەک هەر نەتەوەیەکی تر هەست و خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی هەیە، لە هەمانکاتدا دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا بێ ئەوەی پرسی پێبکرێ، زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە، کوشتن و سێدارە و زیندان و شیمیاباران و ئەنفال لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، وای لە ئێمەی کورد کردوە کە خۆشەویستیمان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەمان چەند بەرابەر بێ. نەتەوەی کورد لە هەر پارچەیەکی نیشتمان لەگەڵ سەرکەوتنی هەر بەشێک گۆڤەند دەگێڕێ و لەگەڵ هەر نسکۆیەک ئەژنۆی خەم لە باوەش دەگرێ، هاوکات لەگەڵ هەر گلانێکیش دووبارە ڕادەبێتەوە. نەتەوەی کورد ئەوەند توشی نسکۆ و کارەسات بووە کە لەگەڵ ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی تێکەڵاو بووە و بیری تۆڵە و هەستی نەتەوەیی ئەو گەلە لە هەموو شتێکدا ڕەنگ دەداتەوە. هەستی نەتەوەیی واتە وننەبوون لەنێو گێژەڵووکەکانی ڕۆژگاردا، واتە نەتوانەوە لەنێو گەلانی تردا. لەگەڵ ئەوەی کە دژمنانی کورد بە هەموو شێوەیەک ویستوویانە و دەیانهەوێ مێژوەکەی بسڕنەوە، لەژێر پەردەی ئایین و ئیدئۆلۆژی، هەست و بیری نەتەوەیی بەلاڕێدا بەرن و ئایین و ئیدئۆلۆژی بەسەر هەستی نەتەوەییدا زاڵ بکەن، تێکەڵاوی نەتەوەی سەردەستی بکەن و بە یەک گەل و یەک دەوڵەت و هەتا یەک ئایین نەتەوەکەی خۆی لەبیر بەرنەوە، بەڵام تاکی کورد لە چەپی چەپەوە تا ڕاستی ڕاست لە کۆتاییدا هەر هاتۆتەوە سەر ڕێچکەی ئەسڵی کوردایەتی و کەمتر وابووە لەنێو ئیدئۆلۆژی و میللەتی سەردەست و ئایینندا بتوێتەوە. مێژوو نیشانی داوە کە نە برای موسڵمان نەجاتی داوین و نە پاسەوانەکانی کۆشکی کرملین هیچیان بۆ کورد بە دیاری هێناوە. برایەتی و دین و ئایین و ئیدئۆلۆژی لەگەڵ تورک و فارس و عەرەب و هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبووە و کوردیان وەک ژێر دەستە سەیر کردوە و نەک هەر مافەکانیان پێشێل کردوە بەڵکوو ویستوویانە ناسنامەی بسڕنەوە و پاکتاوی نەژادیی بکەن. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە زلهێزەکانیش بە هەمانشیوە هەر وەدوای بەرژەوەندییەکانیان کەوتوون و

دروشمە قەبە و زریقە و بریقەدارەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و ئایین و ئیدئۆلۆژی لە نووسراوەیەکی سەر کاغەز زیاتر هیچیان بۆ کورد پێ نەبووە و لەکۆتایی ڕێگەکەدا کوردیان و بەتەنیا جێیان هێشتوە.

لەگەڵ ئەوەی کە دژمنان و داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی لەنێوبردن و توانەوەی کورد و هەستی نەتەوەی کوردیان داوە، بەلاّم کورد لە تاریکە شەوەکانی ڕۆژگاردا ڕێگەیەکی بۆ مانەوە هەر دۆزیوەتەوە. ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بخشێنین هەر لە مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، هێمن و هەژار و کۆمەڵە ئەدیب و نووسەرێکی نیشتمانپەروەری دیکەی کورد لە بەرگی شێعر و هۆنراوەدا بڕەویان بە هەستی نەتەوەیی داوە. ئەحمەدی خانی لە «مەم و زین»دا بە پەیامێکی ئەدەبی دەرد و مەرگی کوردی بەیان کردوە و لەوێدا پێمان دەڵێ کە دەردمان چییە و بۆ نەگەیشتووینە ئامانج. پەیامەکەی لەگەڵ ئەوەی کە نووسراوەیەکی ئەدەبییە، لە هەمانکاتدا شاکاریکی گەورە و پەیامیکی نەتەوەییە بۆ ئەوەی دەست لە سەر زامەکان دابنێ و ڕێگا چارەکان دەستنیشان بکا. ئەم دەقە ئەدەبی و هۆنراوە ئەدەبیانە سینگ بە سینگ گوێزراونەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و لە فەوتان نەجات دراون. دژمنانی ئێمە زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە و کتێبە دەستنووسەکانی ئێمەیان دزیوە و لە ناویان بردوون. «دێهخودای فارس» بۆ ئەوەی بۆ زمانی فارسی پەکی نەکەوێ و بۆ وشەیەکی دروست دانەمێنی و وشەی گونجاو بۆ زمانەکەیان بدۆزێتەوە، کاتی خۆی نامەی بۆ هەموو پارێزگار و شارەوانییەکان و فەرماندە سەربازییەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان نووسیوە و لە نامەکەدا لیستیک لە وشە و دەستەواژەی فارسی بۆ ناردوون و بۆی نووسیون کە بزانن لە زمانی کوردیدا ئەم وشانە چییان پێ دەگوترێ و چ مانایەکیان هەیە و دوای دزییەکە هاتووە و فارساندوونی. دوکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ: « لە ساڵی ۱۹۶۱ لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا لیژنەیەکی ساواک دەهاتن دەستنووسی زمانی کوردییان دەکڕی و دەیانبرد لە کرماشان دەیانسووتاند». سەددام حوسێن، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق کاتی خۆی نامەی بۆ زانکۆی سەلاحەددین ناردوە کە هەموو ئەو کتێبانەی باسی مێژووی کورد دەکەن بۆ بەغدایان بنێرن. بێگومان پلان و پیلانی هەردوو لایەن بۆ ئەوە بووە کە کورد مێژووی خۆی نەزانێ و نەیخوێنێتەوە، یا مێژوەکەی بشێوێنن و تاکی کورد بێبەری بکەن لە مێژوویەکی نووسراو و بەمەش هەستی نەتەوەیی کورد لاواز بکەن و بڵێن ئەگەر نەتەوەن کوا مێژووتان و پشت بە چ بەڵگە و نووسراوەیەک دەبەستن.

لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و ستەم و داپڵۆسینەی کە لە لایەن دژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە دەرهەق بە کورد کراوە، نەتەوەی کورد چۆکی دانەداوە و پێناسە و کوردبوونی خۆی پاراستوە. لەگەڵ ئەوەی کە لە باکووری کوردستان نزیک بە هەشتا ساڵ نەیانهێشت بە زمانی کوردی قسە بکەن و یەک لە دوای یەک ڕێبەرانی کورد بە دەست تورکەکان لە سێدارە دران و قەتڵوعام کران، لە باشووری کوردستان شیمیاباران کران، ئەنفال کران و گوند و شاریان وێران کرا. لە ڕۆژهەلاّت کۆماری کوردستانیان لە سێدارە دا و فەرمانی جیهادی بە دژ دەرکرا. لە ڕۆژاوا دوای ئەوەی کە ناسنامەیان نەدرایە و

کوردستانیان دابەش دابەش کرد بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کوردانی ڕۆژاوا لە بەرابەر دڕندەترین حکوومەتی خەلافەتی ئیسلامی و لە بەرانبەر هێزی پۆشتە و پەرداخی لەشکری تورک شەڕ دەکەن و بوێرانە بۆ پاراستنی خاک و خەڵکەکەیان دەجەنگن. باشووری کوردستان خاوەن پەرلەمان و حکوومەتی کوردستانە و کورد بۆتە فاکتەرێکی بەهێزی ناوچەکە و قوربانیەکی گەورەی داوە. سەرەڕای ئەم زوڵم و ستەمە بەڵام ئینتیمای خاک و نیشتمان لەنێو ئەم نەتەوەدا ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبێ. ئەمڕۆ دەبینین تاکی کورد نایەوێ بڵێ ئێرانیم، عێراقیم یان خەڵکی تورکیەم یا سووریم، لە کاتێکدا کە دەبینین پاڵەوانەکانی کورد لە کێبڕکی گرینگە جیهانییەکان بەجێی ئاڵای تورکیە، عێراق و ئێران ئاڵای کوردستان هەڵدەگرن و بە شانازییەوە دەڵێن کوردین. کاتێک بیرمەندی جیهانیی کۆچەر بیرک دیداری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرایەتیی کانتۆنەکانی ڕۆژاوا ار لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەی بەجێی ئەوەی بڵێ ئێرانیم دەڵێ کوردم، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هەستی کوردایەتی هەموو نیشتمانی لەخۆی گرتوە و کوشتن و داپڵۆسین و قڕکردن و خیانەتی چەند کەسێک نەبۆتە هۆی ئەوەی کە کورد واز لە داوا ڕەواکانی بێنێ و پیناسەی نەتەوەیی خۆی لەبیر بکا.

ئەمڕۆ بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دەبینین کە کورد لەسەر غەدر لە پارچەیەکی کوردستان کە بە «ڕۆژاوا» ناسراوە چۆن یەکدەنگ و یەکگرتووانە شار و شەقامەکانی جیهانی هەژاندوە و دژ بە لەشکرکێشی تورکەکان بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان هاتۆتە دەنگ. لەگەڵ ئەوەی کە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەردەم لە کاتە خۆش و ناخۆشەکاندا لەگەڵ هەموو پارچەکانی تر هەر لەسەر خەت و لەمەیدان بووە، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا هیچکات کورد وەک ئەمڕۆ یەکدەنگ و یەکگرتوو پشتیوانی لە پارچەیەکی نیشتمان نەکردوە و بێگومان ئەمە سەرەتایەکە بۆ وەرچەرخانێکی نوی لە سیاسەتی حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا و ئەگەر ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە بەلاڕێدا نەبرێ، دەبێ شاهیدی دەسکەوتی گەورە بێن بۆ کورد و کوردستان و کردنەوەی لاپەڕەیەکی زێڕین لە خەبات و یەکڕیزی و کۆدەنگی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٣ی نەڤەمبەری ٢٠١٩

## قافڵەی خەباتکارانی ڕێی ئەوینی نیشتمان

ڕۆڵە فیداکارەکانی سەدەی نەبەزین و نەسرەوتن، لە تاقوەسانانەوە تا ئاربابا و ئاگری و هەڵگورد، سڵاو لە قامەتی بەرزی شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگانەتان.

ئێوە شکۆی نەتەوەیەکن و دەمێکە سەرقافڵەی کاروانێکن کە ناو و نیشانی ئەو کاروانە لە پەرتووکی چوارچرادا لە کتێبخانەکەی کۆماری کوردستاندا بە خوێن نووسراوە.

لەو کاتەوە کە ژێکاف ئەلفوبێی ژیان و ژیانەوەی نووسی و ئەستێرەی گەلاوێژ بوو بە پرشنگی ڕووناکیدەری ڕێگەی ڕاپەرین و هەستانەوە، لەو کاتەدا بلیمەتێک بوو بە پێشەنگ و ئێوەش بێ سڵکردن و سڵەمینەوە بەگژ تەلیسم و ترس و تۆق و تۆفاندندا چوونەوە.

سوێندی سەرۆک کۆمارەکەی کورد لە ڕێبەندانی ڕۆژگاری ڕەشی زوڵم و ستەمی ئەو سەردەمدا، ڕێگەی ڕزگاریی پێشان دان و پێناسەی ڕزگاری و سەربەخۆیی خستە سەر سینگتان، ئێوە ئاڵاهەڵگر و پێشەنگی ئەم کاروانە دەمێکە هەروا بەردەوام ئەم ڕێگەیە دەپێون. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم ڕێگەیە هەردەم پڕ لە ڕێبوار، هەردەم پڕ لە سەردار، ڕوح لەپێناو سەر لەسەر دار، بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ. سوێندی قازییەکانی بەردەم سێدارەی پەیمان و وەفا، بوو بە هەوێنی خۆڕاگریی و وەفاداریی ئێوە ڕۆڵە بەئەمەگەکانی پێشەوا و هەڵگرانی پەیامی کۆمار و چوارچرا. ئێوە ئەویندارانی ڕێگەی کۆمار و ئۆگرانی ڕێگەی دێموکرات، لە ڕێبەنداندا شەختە و سەهۆڵی ڕێگە سەختەکانتان شکاند، بەر لە خاکەلێوە ئاڵای پێشەنگی کاروانی سەربەخۆییتان گرتە دەست و لە خاکەلێوەدا ئەم ڕێگەیەتان بە خوێن ڕەنگاند. ئێوەی سەوداسەری ئازادی هەردەم سەرفراز و بەپێوە، بێ نەوەستان بەرەو لووتکە هەر بەڕێوە، نەسرەوتن و کۆڵنەدانتان موژدەی بەهاری ئازادیی پێوە.

ئێوە جەنگاوەرانی ڕۆژانی سەختی ڕێی خەبات و خەباتکارانی وڵاتی خۆر، بە خوێن ڕێگەی خەباتتتان ڕەنگاند، لە ساتەوەختی ستەم و داپڵۆسیندا بەرەنگاری لەشکری شا بوونەوە، لەگەڵ فەرمانی جیهادی تاریک پەرەستی ئاخوندەکاندا بەگژ دێوەزمەی شەڕدا چوونەوە. لە شەوەزەنگی جەهالەتدا لەگەڵ پرشنگی ئەستێرەکان موژدەی باوەڕ و بەیانیتان بە گەل دا. بە بانگی ئازادی خەڵکتان لە خەو ڕاپەراند و بە سروودی ئەی ڕەقیب خەونی دژمنتان خەواند.

لە نیشتمانی من زیندان و بەندیخانە ساز کرا تا دەنگی ئازادی بەند کەن و هاواری هەقخوازی لە قوژبنی تاریکخانەکاندا بخنکێنن. لەو ڕۆژەوە کە لە وڵاتی من پەرتووک بەند کرا و پێنووس لە سێدارە درا، لە سەر لووتکە بەرزەکانەوە ئێوە بوونە بانگی ئازادی و ئازایەتی. ئەو کاتانەی هەوری ڕەشی ستەم ئەستێرەکانی هەڵلووشی، ئێوە بوونە مۆم و مەشخەڵ تا ڕێچکە تاریکەکان ڕۆشەن بکەنەوە.
لەو ڕۆژەوە چەکی شەرەف و شانازیتان کردە شان و بوێرانە هاتنە گۆڕەپانی جەنگ، لەو ڕۆژەوە غروور بوو بە پیناسە و ئێوەش بوونە ڕەمزی فیداکاری و نەبەزین.

هاوڕێم، هاوسەنگەر، قرمژنی چەکی دەستت خەوی لە چاوی دژمن زڕاند، دەنگی هاواری بەرزی ئازادی و ئازادیخوازیت دەریای مەندی دەسەڵاتی زۆرداری هەژاند، ئەوە تۆ بووی دوێنێ، ئەوە تۆی ئەمڕۆ سینگت کردۆتە سپەر و قەڵغان تا نیشتمان لەدەست داگیرکەر بپاریزی، ئەمڕۆ تۆ سپەر و سەنگەری، ورە و غیرەت و هێزی، لە نیشتمانی کورد لای خەڵکی بەرزی، ڕووناکیدەری ڕێی خەباتی، جێی ڕیزی.

ناوی پێشمەرگە پێناسەی ئەو کچە تابۆ شکێن و ئەو کوڕە خەباتکارانەیە کە ئاڵا بەدەست و دەست لەسەر سینگ ، چەک بەدەست و ڕوح لە پێناو، بەرەو مەنزڵگەی سەربەخۆیی نیشتمان پشتی هەوراز دەچەمینن و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێن.

ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی دایکی نیشتمان، لە نیشتمانی چاوەنواڕی ئازادی و ڕزگاریدا، دایکانی جەرگسووتاو و پیرەباوکانی پشت چەماو، نەوبووکانی کۆستکەوتوو و مناڵانی چاوڕێ، هەردەم چاوەڕوانی ئێوە و موژدەی ئازادی وڵات و گۆڤەندی سەرکەوتنی کوردستانن.

مێژووی ئێوە سەرانلێژە لە بەرخۆدان و بەرەنگاری، لاپەرە زێڕینەکانی مێژووی نەتەوەی کورد بە گیانبازیی ئێوە و بە خوێنی ئێوە نووسراوە و ڕەنگاوە. نە هێز و هەڕەشەی دژمن دەترسێنێ و نە گرتووخانە چۆکت پێدا دەدا، نە لە بۆسەی داگیرکەر دەسڵەمێیەوە و نە باکت لە بەرەنگارییە، نە گوڕەگوڕ و قامچیی جەلاد دەتلەرزێنی و نە بۆمب و ناپاڵم دەتهەژێنێ، تۆ ڕۆڵەی کورد و بە شیری پاکی دایکێک گۆشکراوی کە بەهیوای ئازادی سەری نایەوە. چەکی دەست و جامەناکەت یادگاری باوکێکە کە لەپێناو پاراستنی نیشتمان بوو بە قوربانی و خوێنی ڕژایە ژێر داری ئازادیی نیشتمان و ئەم ڕێگە و ڕێبازەی بە تۆ سپارد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## تەختی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق

لە مێژووی یەک سەدەی ڕابردوودا هاوسنووری و هاوسێیەتی دوو وڵات و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران و عێراق هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و بە پێی جۆری دەسەڵاتەکان و ڕۆڵ و نەخشی حاکمانی ئەو دوو وڵاتە ئاڵوگۆڕی تێدا پێک هاتوە.

هاوسنووربوون یا کێشەی سنوور لەنیوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق هەمیشە جێگەی مشتومڕی حاکمانی ئەو دوو وڵاتە بووە و ئەم بابەتە هەتا ئێستاش یەکلایی نەبۆتەوە. ئەگەر زۆر نەگەڕێینەوە سەر مێژووی دوورودرێژی نێوان عەرەب و عەجەم، کێشەی ئەو دوو وڵاتە لە چەند دەیەی ڕابردوودا تەنانەت لەسەر ناوی کەنداوی فارس یان عەرەب هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و دەسەڵاتی ئێران بەسەر چەند دوورگەیەکیش لەو ناوچەیە هەروا مشتومڕی لەسەرە.

ئەم ناکۆکییە دوورودرێژانە لە دەیەی حەفتای زایینی و لە پەیمانی شوومی ئەلجەزایردا بۆ ماوەیەک وەلا نرا و دەوڵەتی عێراق بۆ تواندنەوەی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان ئامادە بوو "شط العرب" (ئەروەند ڕوود) ڕادەستی دەوڵەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی بکا و لەبەرابەردا حەمەڕەزا شا واز لە پشتیوانیی کوردەکان بێنێ. لەگەڵ ئەوەی کە حکوومەتی ئەو کاتی عێراق ئەو پەیمانەی ئیمزا کرد، بەڵام چاوی تەماحی بەیەکجاری لێ نەنووقاندبوو. ئەوە بوو کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، سەدام حوسێن، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق لەبەردەم کامێرای تەلەڤزیۆنەکان پەیماننامەی جەزایری دڕاند و هێرشی کردە سەر ئێران و ویستی لە بۆشایی دەسەڵات لە ئێران کەلک وەربگرێ، تۆڵەی داشکاندنەکەی لە پەیمانی ئەلجەزایردا بکاتەوە و لەو دەرفەت کەلک وەربگرێ و بارودۆخەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ.

لێرەوە دژمنایەتی و شەڕی دوو دەوڵەتی هاوسێ و هاوسنوور دەست پێدەکاتەوە و ئەوەش ڕێگە خۆشدەکا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تێکشکاندنی دژمنەکەی، لە دژبەرانی ئەو ڕێژیمە لەنێوخۆی ئەو وڵاتە کەڵک وەرگرێ و پێچەوانەکەشی هەر بەو شێوەیە بوو. باشترین ڕێگە و باشترین لایەن بۆ دژایەتی سەدام حوسێن، هاوکاری و ڕێکخستنی شیعەکانی عێراق بوو. لە لایەکەوە دەوڵەتی سوننە مەزهەبی عێراق بەهۆی سەرکوتی شیعەکانەوە لەنێو شیعەکانی ئەم وڵاتەدا حکوومەتێکی بێزراو بوو و لە لایەکی دیکەوە هاومەزهەببوون لەگەڵ حکوومەتی شیعەی ئێران بەستێنێکی باشی ڕەخساندبوو کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ سەرنجی شیعەکانی عێڕاق بۆلای خۆی و بۆ دژایەتی حکوومەتی ئەم وڵاتە رابکێشێ. بۆیە لەوبارەوە کەوتە

جێبەجێکردنی پلانێکی ورد و درێژخایەن و ئیمکاناتێکی زۆریشی بۆ تەرخان کرد. ڕێکخستن و سازماندانی شیعەکانی عێراق و پێکهێنانی سپای بەدر سەرەتای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازیی ئێران بوو لە وڵاتی عێراق و لەو ڕۆژەوە تا ئێستاش دەستێوەردانەکان بە ئاشکرا و بەنهێنی بەردەوامن.

دوای ڕووخانی حکوومەتی عێراق بەدوای هێرشی سەربازیی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، کۆماری ئیسلامی هەم یەکێک لە دژمنە سەرسەختەکانی بۆ لادرا و هەم ڕێگەی بۆ کرایەوە تا بەئەرخەیانی پێگەی خۆی لە عێراقدا قایم بکا. زۆرایەتیی شیعە مەزهەبەکان لە عێراق، شانسێکی گەورە بوو بۆ کۆماری ئیسلامی تا بتوانێ سووکباڵ دەست لە کاروباری ئەو وڵاتە وەربدا. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی میلیشیا دەسکردەکانی خۆی و پێکهێنانی چەند گرووپیکی دیکەی شیعە توانی جی‌پێی خۆی بەرینتر بکاتەوە و بەهۆی پێوەندیی نزیکی لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی دژبەری حکوومەتی سەددام حوسێن توانی لە ناوندی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵی خۆی بنوێنێ و هێدی هێدی توانی هێژمونیی خۆی بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنی.

کۆماری ئیسلامی بە کۆپی کردنی لق و پۆپەکانی وەک سپا و بەسیج توانی لە عێراقیش هەر هەمان ڕێچکە بگرێتە بەر و چەند گرووپێکی جۆراوجۆری جیاواز لە ئەرتەشی ئەو وڵاتەدا پێکبێنێ و بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستەکانی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێ و لە کاتی پێویستدا دژ بە ڕەقیبەکانی خۆی لەو وڵاتە بەکاریان بێنێ.

کۆماری ئیسلامی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا و پەلوپۆ هاویشتن لەو وڵاتەدا، تێچوویەکی ماددیی زۆری کرد و بۆ ئەمەش لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران بۆ تەیارکردن و پێکهێنانی لق و پۆپی جۆراوجۆر لەو وڵاتە مایەی دانا.

عێراق خاوەن سامانێکی زۆری ژێرزەوییە و حەشیمەتی ئەو وڵاتە ناگاتە نیوەی حەشیمەتی ئێران و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئەم وڵاتە هەم وەک حەسار خەڵوەتێک بۆ خۆی ببینێ و هەم چاوی تەماحیشی لە سامان و سەرچاوە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە بێ، ئەوەش لە ڕێگەی ئەم بەرپرس و کاربەدەست و میلیشیا و گرووپانەی لەم وڵاتدا کردوونی بە خاوەنی دەسەڵات. هەر ئەمەشە کە دەبینین کۆماری ئیسلامی بۆتە نیشانەی نووکی ڕمبی خەڵکی نارازی و خۆپێشاندەرانی عێراقی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا خەریکە ئاراستەی ئەم وڵاتە دەگۆڕێ.

بەئامانج گرتنی ئێران لەو نارەزایەتییانەدا کە چەند جار سووتاندنی کۆنسولخانەکانی ئەم وڵاتەی لێ کەوتەوە چەند هۆکارێکی هەیە.

**یەکەم**. دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی شیعەکان لە عیراق و بە تـایبەت ئەو لایەنـانەی کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نزیک بوون و تێوەگلانیان لە گەندەڵی و بەکارهێنانی سەروەت و سامانی خەڵک بۆ مەبەستە سیاسی و حیزبییەکانیـان _کە بەشی زۆری بـۆ بەرژەوەنـدییە سیاسـی و ئابوورییەکـانی کۆمـاری ئیسلامییە_، بەفیڕۆدانـی سـەروەت و سـامانی گەلانـی عێـراق لە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتەدا، برسیەتی، بێکاری و هەژاری خەڵـک و ژیـانی شـاهانە و کۆشکە بەرزەکـانی بەرپرسە پلەباڵاکانی عێراق بە تـایبەت شێعە مەزهەبەکـان و کڕینـی مڵـک و ویلا لە وڵاتـانی جۆراوجۆری دنیـا یەکێک لە هۆیەکانی بێزار بـوونی گەلانی عێـراقە لە کاربەدەسـتانی نزیک لە کۆمـاری ئیسلامی و هەروەهـا کۆمـاری ئیسلامی. ئەمەش بۆتە هۆی دژێوی و بێزراوبوونی ئەو ڕێژیمە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی عێراقدا.

**دووهەم**. سووننە مەزهەبەکان و پاشکەوتووەکانی حکوومەتی سەددام و ئۆگرانی ڕێژیمی بەعسی عێراق، کۆمـاری ئیسلامی بە دژمنی خۆیان دەزانن و لە ناوچە سوننە مەزهەبەکـان بەستێنێکی ئـامادە هەیە بـۆ دژایەتـی کردنـی ڕیژیمـی ئـاخوندەکان بە تایبەتی ئەوان کە پێشتر دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیان لە دەستدا بووە و ئێستا لە سۆنگەی دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێـرانەوە کەوتوونەتە پەڕاوێزەوە.

**سێهەم و**، لەهەموویان گرینگتر زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتـی عەرەبەکـانی عێـراقە بەسـەر هەسـتی مەزهەبـی و دەمـارگرژی سیاسـی و حیزبیـدا. لە خۆپێشـاندانەکانی ئەم دواییـانەدا ئەوەی بەتەواوی ڕوون و بەرجەسـتە بـوو زاڵبـوونی ئەم هەسـتی نەتەوەیـی و "عـروبییەت"ـە. وەک ڕوونە خۆپیشـاندانەکان لەنێو شیعە مەزهەبەکـان و زۆرتـر لە نـاوچە شیعەمەزهەبەکان بوو و خەڵک لە گەڵ ئەوەی کە دژ بە گەندەڵی ڕاپەڕیبوون و تـا ئێستاش دریـژەی هەیە، لە هەمانکاتـدا دروشمێک کە بـوو بە یەکێـک لە داوا سـەرەکییەکانی خۆپیشـاندەران، "ئێـران بـڕۆ دەرەوە" بـوو. ئەوە پەیـامێـک بـوو بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی و دەسـتوپێوەندییەکانی لەو وڵاتە کە بەڵـێ سـەرچاوەی ئەو گەنـدەڵی و نەهامەتییـانە کۆمـاری ئیسـلامی و شـوێنەکەتوو و جێبەجێکارانی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەن لە عێراقدا. سوتـاندنی کۆنسولخانەکانی کۆمـاری ئیسلامیی لە پێتەختـی ئـایینیی کۆماری ئیسلامی و ناوەندی بڕیاری شیعە واتە نەجەف و کەربەکلا کە کۆمـاری ئیسلامی هیـوایەکی زۆری لەسـەر هەڵچنیبـوو، بە واتـای مەترسیی جیدیی لەدەستدانی عێڕاقە لای کۆمـاری ئیسلامی و ئەوەش بە مانـای کامۆسکی زراوبـردووی تێکشکانی "هیلالی شیعی"ی ڕێژیمی ئێرانە.

هەروەها سووتـاندنی وێنەی خامنەیی، "مرجع تقلیـد"ی شیعەکان پەیـامێکی دیکەی مەزهەبـی و بەچـاڵنج کێشـانی خـامنەیی بوو و لە هەمانکاتدا ڕەتکردنەوەی خامنەیی وەک مەرجەع و هێنانە پێشەوەی عەلی سیستانی بوو وەک مەرجەعی شیعەکانی عێراق کە ئەوەش ڕیسەکەی کۆماری ئیسلامیی کردەوە خوری. بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە عیـراق و نـاوچەکەدا خـۆری کۆمـاری

ئیسلامی پتر ڕوو لە ئاوابوونە و ئەم ڕێژیمە ناتوانێ لەوە زیاتر لەو ناوچەیەدا تەڕاتێن بکا و هێژمونیی خۆی بەسەر گەلانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بسەپێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

**بابەتەکانی ساڵی ............................ ٢٠٢٠، ٢٠٢١ و ٢٠٢٢**

## ژیان لە ئامێزی دایکەوە هەتا مردن لە باوەشی بەفردا

کە سەیری سەربردە و مێژووی کورد دەکەی، زۆرن ئەوانەی کە دوو و سێ و چوار برا و، خوشک و برا و زۆر زیاتریش لەوان لە یەک بنەماڵەدا، لە گەڕەک و گوند و شارێکدا، لەسەر بستە خاکێ، لەپێناو شنەبایەکی ئازادی و، لەسەر ماف یان لەسەر لەتە نانێ کۆچ دەکەن، کۆچیان پێدەکەن، دەیانکوژن یا بە کوشتیان دەدەن.

مەرگی فەرهاد و ئازاد خوسرەوی، دوو برای خەڵکی «نێ»ی مەریواندا لە ڕۆژێکدا و لە باوەشی بەفری ملەی تەتەی هەورامانددا یەکێک لەو چیرۆکە دڵهەژێنانەیە کە خەڵکی بێگانە و کوردستان نەدیو، زۆرتر بە فیلم دەیبینن، بەڵام لە نیشتمانی ئێمەدا ئەم فیلمانە ژیانێکی واقعی و واقعیەتێکی تاڵە کە ڕۆژانە بە بەرچاوی دایک و باوکەوە مناڵەکان بێماڵاوایی لە سەفەری ئازادیدا یا لە سەفەری ناندا کۆچ دەکەن و ئیتر هەرگیز نایانبینینەوە.

کۆڵبەری یا ڕزگاری لە چنگ دێوەزمەی مەرگ بە پەیدا کردنی لەتە نانێ، بۆتە دیاردەیەک لە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و ڕۆژانە بە بەرچاوی هەموو خەڵکی ئێران، لە پەنا گوێی هەموو خەڵکی جیهان و لەبەردەم چاوی بەمۆڵەق وەستاوی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لەسەر نان ڕۆحیان لێ دەستێنن، بە مانایەکی تر کورد لەسەر خاک و ماف و نان و ئازادی هەر دەبێ خوێن بدا و خوێنی بڕژێ.

کوشتنی کوردان هەر لە بەرگی کۆڵبەریدا نییە، سەدان ساڵە کورد ئەوە چارەنووسیەتی و حاکمە یەک لە دوای یەکەکان، فەرمانی یەک لە دوای یەک دەردەکەن و یەک لە دوای یەک کوردان دەکوژن، لە سێدارەیان دەدەن، ڕاویان دەنێن، دەربەدەریان دەکەن ، خاکیان داگیر و ماڵیان وێران دەکەن و سەرەنجام دوای ئەو هەموو مردنە، لەسەر پارووە نانێکیش هەر دەیانکوژن، کۆتایی فیلمەکە واتە کورد بوون بەرابەرە لەگەڵ مەرگ و سەدان ساڵە ئەو بەرگە بە بەری کورد بڕاوە. لەم وڵاتە کورد لەپێناو هەموو شتێکدا هەر دەبێ بمرێ، لێرە ماندووبوون و زەحمەت و کێبڕکێ بەرابەر نییە لەگەڵ سەرکەوتن و بردنەوە، بەڵکوو هەموو هەوڵ و زەحمەتێک دیسان بەرابەرە لەگەڵ مردن و ئاکام و کۆتایی ڕێگەکە هەر مردنە، جا چ لەپێناو ناندا بێ چ لەپێناو ئازادیدا.

ئەگەر سەیری مێژووی ئەو چل ساڵەی کورد لەژێر دەستی ڕێژیمی ئاخوندەکاندا بکەین، دەبینین کە لەسەر دەریای نەوت منداڵ و پیری کورد لە سەرما ڕەق دەبنەوە و لەژێر تەزووی ساردی بەفر و ڕنوودا گیان دەسپێرن. لەسەر خەرمانی زێڕ و زیو و گەنج، گەنجی کورد پارووێ نان لە قورگی شێر دەردێنێ. لە حکوومەتی «عەدڵی عەلی»دا! عەداڵەت و ویژدان و یاسا واتە برسیەتی و کوڵبەری و مەرگ. هاواری نان و ئازادی بەرابەرە لەگەڵ خنکاندن و دوای چل ساڵ ئەزموونی ئەم دەسەڵاتە ڕێگە نادرێ خەڵک لە چلەی ئازیزانیاندا بگرین و فرمێسک برێژن، ئەوان بەپێی یاسا ئایینییەکەی خۆیان پێکەنینیان قەدەغە کردوە بەڵام ئیزنی گریانیش بە خەڵک نادەن. نان نادەنە خەڵکی برسی و هەر خۆیشیان برسییەکان لەسەر لەتە نانێ دەکوژن.

تراژیدی مەگەر چۆنە کە لاوێکی ١٤ ساڵەی کورد بە جێگەی ئەوەی لە خوێندنگە خەریکی خوێندن بێ و لەجیاتی ئەوەی لە کووچە و کۆڵانەکانی گوند خەریکی یاری بێ، بەناچاری کۆڵ لە کۆڵ بە کۆڵێ ئاوات و ئارەزووەوە دڵی لە لێدان دەکەوێ. تۆ بڵێی کە جەرگی ئەو دایکە چۆن شەق نەبا کە دوو جگەرگۆشەی لە یەک کاتدا لە دەست دەدا، تراژیدیاکە لێرەش کۆتایی نایە، بەڵکوو یەکێک لە براکان کە شەختە و سەرما گیانی لێ ستاند، دوو جگەرگۆشەی برسیی خۆیشی بۆ دایکێکی ڕووسوور و بێ پەنا جێ دێڵێ. دوو منداڵی بێنان ئێستا ئیتر بێباوکیش بوون و دوو منداڵی بێباوک ئیتر لە چاوەڕوانیی پاروە نانێکدا لە حەسرەتی دیداری باوکیاندا تا ئەبەد دڵیان ئارام ناگرێ و ئیتر نە باوک و نە نانی دەستی باوک و نە مێهر و محەببەتی باوکیان نابیننەوە و تا ئەبەد ڕقیان لە بەفر و نان دەبێتەوە.

لە شەقامەکانی بەیرووت بە پارەی ئەو منداڵە کوردانە باڵەخانە بۆ منداڵانی کەسانێک دروست دەکرێ کە لە میکۆنووس سەرکردەیەکی کوردیان لەسەر دیفاع لە منداڵانی کورد و داوای سەرپەنایەک بۆ منداڵانی کورد شەهید کرد. هەر بە پارەی ئەو منداڵە برسییانە منداڵی بەرپرسان لە زانکۆکانی لەندەن و واشینگتۆن وانەی ماف و ئازادی و یەکسانی! دەخوێنن. هەر لە یەک جوغرافیا و وڵاتدا منداڵی کوردێک لە کوردستان لە برسان لە سەرمان ڕەق دەبێتەوە و لە تاران منداڵی کاربەدەستێک لەسەرمان دەبێتە جەللاد و سەرمان بە سێدارەوە دەکا!...

لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا خەڵک لەسەر ئازادی بەند دەکرێ و بۆ نان خوێن دەدا و لەسەر هەقی ڕەوا بە ناهەق لە سێدارە دەدرێ. کوڵبەری کورد لە سۆنگەی قانوونەکانی ئەم ڕێژیمەوە لە ڕێگەکاندا ڕێگەی لێدەگیرێ و لە ناچاریدا لە کوێرە ڕێگاندا بە دەستی کوێرەوێژدانەکان گیانیش و نانیشی لێ دەستێندرێ و لە دواپەردەی فیلمێکی تراژیدی بەڵام واقعیدا کورد نەک هەر لەپێناو ماف و ئازادیدا، بەڵکوو لەسەر پەیدا کردنی لەتە نانێکیش هەر دەکوژرێ و دەمرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی جانیۆیری ٢٠٢٠

## نەورۆزی هیوا و بەرەنگاری

بەهارە، جێژنی نەورۆز و نوێبوونەوە، بەهارە و وەرزی هەستانەوە، وەرزی هیوا بە ژیان و ژیانەوە.

نەورۆزی کورد، نەورۆزی گڕ و ئاگر و دیلان و زەماوەندە، نەورۆزی ئاشتی و ئازادی، مخابن گەلێ نەورۆزی کورد تێکەڵاوی مەرگ و خوێن و کارەسات و مەرگەساتە، سێدارەکەی بەهار و نەورۆزی چوارچراکەی کۆمار، نەورۆزی خویناویی سنە و نەورۆزی هەڵەبجەی فرمێسک و خوێن و زۆر کارەساتی تر تێکەڵاوی نەورۆزی کوردانن، بەڵام ئەوە کوردە و نەبەزین و هەستانەوە، کوردە و هیوا و ئومێد و ورە، کوردستانە و شاخ و پیدەشت و لوتکە و رووباری، کوردستانە و سروشتی رازاوەی چیا و دیمەنی گوند و شاری، کوردە و سومبولی نەبەزین و نەتوانەوە، کوردە و بەرخۆدان و خۆڕاگری و گلان و نسکۆ و هەستانەوە.

دەمێکە کورد قاڵبووی ڕۆژگارێکی پر لە نەهامەتی و کارەساتە، مێژووەکەی خاوەن سەدان سەربردەی تاڵ و گەلێ خەم و بەسەرهاتە.

بە دڵنیاییەوە و بەهێزەوە ئەم جارەش ناهێڵین پەتای مەرگ بەهاری ژیانمان لەناوبەرێ، هەر وەک چۆن نەبووینە کۆیلە و دیلی دەستی دژمن، هەر وەک چۆن بەرەنگاری جینایەتکارانی جەماران بووینەوە، هەر وەک چۆن بەگژ پەیمانە شوومەکاندا چووینەوە، ئاواش بەهیوا و ئومێد و ورە و وزە و هیزەوە بەسەر ئەم کۆسپەی ئەم سەردەمەشدا تێدەپەڕین، ئەم زەمەنەش دەکەینە مێژوو و ئەم پەتایەش دەتاسێنین، پەتاکەی چین و جەماران دەبەزێنین، بە خۆپاراستنمان لە پەتاکەی چین خۆمان ڕزگار دەکەین و بە خەبات و خوێن و خۆراگریی پەتاکەی جەماران لەگۆڕ دەنێین.

دڵنیاین کە ڕۆژێ دادێ نەورۆزانە لەسەر گشت لووتکە بەرزەکانی نیشتمان، لە شار و شەقام لە گوند و چیا ئاڵای نیشتمانی کورد هەڵدەدەین، مەزاری نەمران بە گوڵ و گوڵزار دەڕەنگێنین، وڵات ئاوەدان و ئاسەواری داگیرکەر دەسڕینەوە. کوردین نەمرین و نامرین، سەر هەڵدەدەینەوە، تێهەڵدەچینەوە، مناڵانمان سروودی وەتەن و ئێمەش سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێینەوە.

ئەوکات باوەش بەیەکدا دەکەین، دەست لەناودەست نیشتمانی کورد دەپارێزین، سرووودی ئازادی دەچڕین و سەمفۆنیای مەرگ تێکدەشکێنین.

ئاوازی ئەوینی ژیان و بانگی ئازادی و سەربەستی بەگوێی جیهاندا دەدەین و زنجیرەکان دەبڕینەوە، لەکۆتایی شەوەزەنگی بێدادیدا لەنێو پێدەشتی ڕازاوە بە گوڵزاری نیشتمان، گۆڤەندی ئازادی دەگێڕین، بڕست لە برسیەتی دەبڕین، تینوویەتی ئەوینی نیشتمان بە ماچ و ڕۆژووی دیداری دووریمان بە فرمێسکی شادی دەشکێنین و نەورۆز دەکەینە گۆڤەند و بە یەکگرتووی و یەکڕیزیمان خائین و خیانەتکار ڕیسوا و داگیرکەر لە خاکمان وەدەردەنێین.

هاوخوێن و هاونیشتمان ڕۆژگاری تاڵت بەسەر دەچێ، شەوەزەنگی بێدادی کۆتایی دێ، گزینگی خۆر لەکەل دەردێ، دوور بڕوانە ئەم زەمەنەش کۆتایی دێ و ئەم کۆستەش تێدەپەڕێ، با یەکگرین، بە تەبایی و یەکڕیزی نەهامەتییەکان لەگۆڕ دەنێین.

نیشتمان ساڵی نوێ و ژیانی نوێ و نەورۆزت پیرۆز

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٣٢ی مارچی ٢٠٢٠

## نیشتمان و ڕۆڵەی بەمشووری

نیشتمان یا شوێنی نیشتەجێبوون و خاک و وەتەن ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە ژیان و مان و نەمانی خەڵک پێوەی بەندە و دانیشتووانی ئەو دەڤەرە ئەرکی پاراستن و دیفاع و پێڕاگەیشتنی لە ئەستۆ دەگرن.

نیشتمانی کوردان سەدان ساڵە لەژێر هەڕەشەی دژمنان و داگیرکەراندایە و بە هەر شێوەیەک کە بۆیان لوابێ هروژمیان بۆ هێناوە و چاوی تەماحیان لەسەر هەڵنەبڕیوە. دانیشتووانی نیشتمانی کوردانیش بۆ پاراستنی ئەو خاکە پیرۆزە و بۆ مانەوەی خۆیان و بۆ ئەوەی کە خاکیان داگیر نەکرێ، لە هەموو سات و کاتێکدا بەرەنگاری لەشکر و قشوونی دژمن بوونەتەوە و لە پێناو پاراستنی خاکدا گیانبازییان کردوە و خوێنیان داوە.

لەگەڵ ئەوەی کە کوردانی ئەم نیشتمانە هێرشیان نەکردۆتە سەر هیچ گەل و خاکی هیچ هاوسێ و هاوسنوورێک، بەڵام تەماحی هاوسێکان، سیاسەتی دەوڵەتان، خاکی پڕ پیت و بەرەکەت و سروشتی ئەم وڵاتە نەیهێشتوە هیچ کاتێک کورد و نیشتمانەکەی ئارامی بەخۆیەوە ببینێ.

لە ڕێگەی پاراستنی خاکدا خەڵکی کورد قوربانیی زۆری داوە و خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتوە بەڵام نەیهێشتوە ناو و ناسنامەی نیشتمانی کوردان لەسەر هیچ کام لە دژمنەکانی تاپۆ و تۆمار بکرێ. لەگەڵ ئەوەی کە بێ پرسی خۆی و بێ ڕەزامەندی و ڕاپرسی لە خەڵکەکەی خاکەکەی دابەش کراوە، بەڵام کورد نەک هەر دانی بەو دابەشکاری و پێشێلکارییەدا نەهێناوە، بەڵکوو هەمیشە لە مەیدان دابووە بۆ ئەوەی ناسنامەی کورد نەسڕێتەوە و خاک و سەربەخۆیی وڵاتەکەی وەدەست بێنێتەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو بەشە لە خاکی کوردانە کە سەدان ساڵە کەوتۆتە بەر هێرشی داگیرکەران و کوردیش لەو ناوچەیە و لەو پارچەیە لە هیچ فیداکاری و گیانبازییەک درێغی نەکردوە. شۆڕشی کورد لەو بەشە بەشێوەی جۆراوجۆر هەر بەردەوام لەسەرپێ و بەپێوە بووە. ئەو ژن و پیاوانەی کە دەستیان چەکی گرتوە بوونەتە قەڵغانی پاراستنی خاک و خەڵکەکەیان و بوونە پێشەنگ و پێشمەرگە و پێناسەی گەلێکی زیندوو و خاوەن کەوشەن و کەرامەت و خوێنی سووریان بەڵگەیە بۆ بست بە بستی ئەم خاکە و ئەم کاروانەش سەدە لە دوای سەدە و نەوە لە دوای نەوە هەر بەردەوام و بەرەو لووتکەی سەربەخۆیی

بەڕێوە بووە.

ئەگەر چەک بەدەستانی ئەم گەلە لەبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا توانیویانە ڕەسالەتی مێژوویی خۆیان بەجێ بگەیەنن، لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵانی بەرینی خەڵک پشتیوانیان بوون و هەر کەسە و هەر توێژە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە پاراستنی خاکی کوردانیدا هاوکار و پشت و پشتیوان و خاوەن هیممەت و هەڵوێست بوون.

هاوکاری و هاوسۆزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ خۆیان و کوردانی بەشەکانی دیکە و دژبەرانی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێراندا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەر لەسەرەتا و دەسپێکی ژیان لەسەر ئەم خاکە کورد وەک ئەرکێکی ئینسانی، ئەخلاقی و نیشتمانی بە فریا و هانای یەکەوە چوون و دەرگای دڵ وماڵەکانیان بەسەر خەڵکی دیکەشدا ئاواڵە بووە و لە کاتی شەڕ و دەربەدەری و کارەسات و ئاوارەییشدا بۆ یەکتر بوونەتە پشت و پەنا.

ئەو هەست و شعوورە نیشتمانی و نەتەوەییە تا دێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشە دەکا و لەم ساڵانەی دواییدا کە دەتوانین ڕاشکاوانە ئاماژە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین کە پێشەنگی ئەو خەباتە مەدنیە بووە، هەر بەردەوام و لەگەشەسەندندایە. دەسپێکی کاری دڵسۆزان لە ئەنجوومەنە مەدەنی، فەرهەنگی و ژینگەپارێزییەکاندا بناخەیەک بوو بۆ هاوپێوەندییەکی بەرینتری ڕووحی و دەسپێکی شێوەیەکی نوێ لەخەبات لەنێوخۆی وڵات. هەر چەند ئەو کات هێندێک کەس و لایەن گاڵتەیان بەم شێوە خەباتە دەهات و خەباتیان تەنیا لە لوولەی کلاشینکۆفەکانەوە دەدیت، بەڵام کاریگەریی ئەو شێوە خەباتە وایکرد کە ئەوانیشی بەدوای خۆیدا ڕاکێش کرد و هێنانیە سەر ئەو باوەڕە کە هەر کام لە شێوەکانی خەبات لە دەور و زەمانی خۆیدا پێویست و کاریگەریی خۆیان لەسەر کۆمەڵگە هەیە و ناکرێ هەموو هێز و پۆتانسێلی خەبات لە یەک شوێن و لەیەک ڕەهەنددا کۆبکەینەوە. لەو کاتەدا کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێوخۆی وڵات چالاکیان دەکرد و "هەمزە ساردکەیی"ەکان نیشتمانیان بەخوێن دەڕەنگاند، لە هەمانکاتدا ڕێبەرایەتی ئەم حیزبە شکڵ و شێوەیەکی دیکەی بە خەباتی مەدنی دا و بوو پێشەنگی ئەم کاروانەش کە ئێستا بەرهەم و کاریگەرییەکانی بۆ هەموو لایەک ڕوونە.

هەردهەژێنەکەی کرماشان هاوپێوەندییەکی بەربەرینی نەتەوەیی بوو کە باشوور و باکوور و ناوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زیاتر لەیەک نزیک کردەوە و دەتوانین بڵێین کە ڕووحی نەتەوەیی لەنێو کورداندا زیاتر گەشەی پێدا و لە هەمانکاتدا دڵی داگیرکەرانی کوردستانی هێنایە لەرزە. دژمنان کە دەمێک بوو لەهەوڵی دروستکردنی دیوارێکدا بوون کە لەسەر بناغەی مەزهەب و زاراوە هەڵیانچنیبوو، بەڵام شعوور و هەستی نەتەوەیی کورد بە حەرەکەتێک وەک هەردهەژێنەکە تەخت و تاج و

قەڵای ئەوانی هەژاند و کورد گوتەنی" ڕیسەکەیان لێ بۆوە خوری."

ئەو هاوپێوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییە لە کاتی هێرشیی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوییدا بۆسەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زیاتر خۆی نواند و مانگرتنی٢١ی خەرمانانیش پەیامێکی بەهێز بوو بۆ یەکگرتوویی کوردان، بۆ هاوپێوەندیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان و خەڵک لە ڕۆژهەڵات و سیخورمەیەک بۆ نەیاران و زەبرێکی بەهێز بوو بۆ پلان و پیلان و خەون و خەیاڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و لەنێو خەڵکی کورددا.

بوومەلەرزەکەی قوتوور و سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بۆ جارێکی تر ئینتیمای نەتەوەیی لەنێو کوردانادا بە خەڵکی جیهان نیشاندا. لە کاتێکدا کە سەرانی ڕێژیم خەریکی تەنز و توانج و پلار بوون لەسەر کۆڕۆنا، خەمخۆرانی نیشتمانی کورد لەبیری هەڵچنینی دیوارێکدا بوون بۆ پێشگیری لە تەشەنەسەندن و هاتنی بۆ کوردستان، لەو کاتەدا کە کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ خاتری بەرژەوەندییەکانیان خەریکی شاردنەوەی ئەو دێوەزمەیەدا بوون، دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی کورد لەسەر بڵیندگۆکان و لە شەقام و کۆڵانەکان داوایان لە خەڵک دەکرد کە لە ماڵەکانیان نەیەنەدەر بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێ.

ئەوەی لەم کاتە هەستیارەدا جێی بایەخ و سەرنجە، ئەوەیە کە کوردستان بوو بە گۆڕەپانی هاوکاری و هاوخەمی لەگەڵ هەژاران، نەخۆشخانەکان بوونە سەنگەری فیداکاری سپی پۆشانی نیشتمان، دوکتۆر و پەرەستار و کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان مایەیان لەخۆیان دانا، تەرکی ماڵ و مناڵیان کرد، گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی مەرگی هاونیشتامانییەکانیان نەبینن و لەو ڕێگەیەدا دەیان سپی پۆشی ماندوونەناس گیانیان لەدەست دا. لە ماڵە دەوڵەمەندان دڵسۆزان بە پووڵ، لە ناوەندە مەدەنییەکان بە قەڵەم و ژینگە پارێزان بە دژەگەنکردنی کۆڵان و شەقامەکان، لاوەکان بە ڕاگرتنی هاتووچۆ و هەموویان یەک دەنگ هاواریان کرد "ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیره."

لەوکاتەدا کە بێکار و هەژارەکان ترسی زگی برسی مناڵەکان خەوی زڕاندبوون، دەوڵەمەندەکان بەوپەڕی سەخاوەتەوە بە هانایانەوە چوون و نەیانهێشت خەوی مناڵەکانیان تێکچێ و بەزگی برسییەوە ڕۆژ بکەنەوە.

هەر لەم کاتەدا کە کۆڕۆنا خەریکی داگیرکردنی جیهان بوو، کوردانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانی تاراوگەش بە خەمی نیشتمانەوە بوون و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە ئەوەی لە دەستیان هات کردیان. لەڕێگەی هاوکارییەکانیانەوە بەفریای هەژار و

نەدار و بێکارەکانەوە چوون و ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانی و نیشتمانیی خۆیان بەجێگەیاند.

ئەم هاوکاری و هاودەردی و بەیەکەوەبوون و هەرەوەزە کوردانەیە بوونەتە مایەی خۆشحاڵی کوردستانیان و ئەم ڕێچکەیەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژە پڕ ڕێبوارتر و ئاوەدانتره و تادێ دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو حەرەکەتە مەدەنی و نەتەوەیی و نیشتمانییە زیاتر گەشە دەکا و پەرە دەسێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

## کاڵای قاچاخ لەسەر پشتی پاپۆر و مەرگ بە کۆڵی کۆڵبەرانی کوردەوە

گەندەڵی و خوێنڕشتن دوو پێناسەی سەرەکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین کە لە ماوەی ٤١ ساڵە تەمەنی ئەم دەسەڵاتەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشتر و ڕوونتر ڕووی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمەیان بۆ خەڵکی ئێران و جیهان دەرخستوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر خوێنە، لە چەند بواری دیکەشدا تەڕاتێن دەکا، وەک گەندەڵی، هەناردەی تێرۆر، تڕانزیتی مادەی هۆشبەر و قۆرغکردنی هەنارده و هاوردەی کاڵا لە پاوانی ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانیدا. مەبەستی ئەم نووسینە ڕاوەستانێکە لەسەر ئەم بەشەی دوایی، واتە پاوانکردنی زۆربەی هاوردەکان، بەتایبەت هاوردەی ئەو کاڵاگەلەی بێتوو لایەنێکی دی و لە خاڵێکی سنووریی نارەسمییەوە هاوردە بکرێ، بەرچەسپی کاڵای قاچاغی لێدەدرێ.

قاچاغچی بوونی لایەنە سەربازی و ئەمنیەتییەکان شتێک نییە ئیدی بۆ کەس شاراوە بێ. لەگەڵ ئەوەی کە مەجلیسی شوڕای ئیسلامیی ئێران بەپێی کۆمەڵێک یاسا سزای بۆ هەنارده و هاوردەی کاڵا لە ڕێگەی قاچاخەوە پەسەند کردوە، بەڵام هەر لە ژێر سێبەری ئەم یاسایە و لە ڕێگەی پاسەوانانی یاساکە ساڵانە بە میلیارد دۆلار کاڵا دێتە نێوخۆی ئێران و لە بازاڕەکاندا قاڵ دەکرێتەوە.

لەم حەوتوویەشدا و لە کۆبوونەوەیەکی مەجلیسی شورای ئیسلامییدا ئەو باسە هاتەوە گۆڕێ کە سەتا ٩٥ی کاڵای قاچاخ لە ڕێگە ڕەسمییەکان، واتە دەروازە سنوورییەکان، شوێنە ڕەسمییەکانی وەک فرۆکەخانە و بەندەر و ئێسکەلەکانەوە دێتە نێوخۆی وڵاتەوە. کارناسانی ئەم بوارە باس لەوە دەکەن ئەم کاڵایەی کە بە قاچاخ دێتە نێو ئێران لەژێر چاودێریی بەرپرسانی گومرگ و بە ئیمزای ئەوان لە سنوورەکان دەرباز دەبێ و بڕیاری دەربازبوونی پێوەندیی هەیە بە قسەی خاوەن کاڵاکە - کە نیزیک بە تەواویان سەر بە مافیان دەسەڵاتن_ بڵێ چ جۆر کاڵایەکی بار کردوە و بەرپرسانی پێوەندیدار بە سەیرکردنێکی سەرەتایی کانتینێرەکان ڕێگە دەدەن کە کەلوپەلەکە بێتە نێو ئێران و لە زۆر حاڵەتدا بۆ ئەوەی کە گومرگی کەمتر بدەن ناوی کاڵا هەرزانەکان دەدەنە ئیدارەی گومرگ و زۆر بە سانایی ڕەت دەبن. دیارە بەشێک لەو کەلوپەلە کە هاوردە دەکرێ بە سازان لە گەڵ بازرگانانی دەرەوەی وڵات بە نووسینی فاکتۆرێک کە ئەو کاڵایە لە ڕێگەی ئێرانەوە دەچێتە وڵاتی سێهەم، تەنیا بە پلۆمپ کردنێک قەناعەت دەکەن و لەنێوخۆی وڵات بەکردنەوەی پلۆمپەکە کاڵاکە دادەگرن و

کـاڵایەکی سـادە و هەرزانبـایی لە سنوورەکانی ئێـرانەوە بەڕێـی وڵاتـی سێهەم دەکەن. ئەمە بەشێکە لەو کـاڵایە کە لەژێـر چاودێری کاربەدەستانی گومرگدا ڕەت دەبێ و بە سازان و گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن بێ هیچ گرفتێک دەرباز دەبێ.

بەشی دووهەمی کاڵای قاچاخ ئەو کانتینێرانەن کە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مافیـای سپای پاسدارانەوە هاوردە و هەناردە دەکرێن. مافیای سپای پاسداران ئەمڕۆکە دەسەڵاتی یەکەمی وڵاتە و مەجلیس و یاسا ناناسێ و، لەژێر لوولەی چەکەکانیاندا بە کەیفی خۆیان لە سنوورەکانی ئێران تەڕاتێن دەکەن و بێ هیچ گومرگ و لێپرسینەوەیەک خەریکی بازرگانین بە سامانی گەل و دەستگرتن بەسەر ئـابووریی ئێرانـدا. بـازرگـانیکردن بە مـادە هۆشبەرەکانەوە سـاڵانێک بـوو کە باسکردنی بڤە بوو و سپای پاسداران لەو ڕێگەیەوە توانی سەروەت و سامانێکی زۆر سەر یەک بنێ و، بە سەدان هەزار گەنـج و لاوی ئێرانیش بخاتە چارەنووسێکی مەترسیدارەوە؛ هەروەها لە ڕێگەی گواستنەوەی مـادە هۆشبەرەکانەوە بـۆ وڵاتـانی تـر ببێتە هێزێکی مافیای چەکداری کە دەوڵەتێک بە یاسا پشتیوانی لێدەکا. سپای پاسـداران کە حیسـاب و کتـابی لای دەوڵەت دیار نییە و خۆی دەوڵەتـێکە لەنێـو دەوڵەتـدا و نەک هەر بـاج نـاداتە دەوڵەت و پـارەکەی نـاگەڕێتەوە خەزێـنەی دەوڵەت، بەڵکوو هەر بەم پارەیە لە ڕێگەی پێکهێنانی هێز و میلیشیای چەکدار و تێرۆریست بـاج لە وڵاتـانیش دەستێنێ. پێکهێنـانی هێـز و گرووپـی تێرۆریسـتی لەسـەر خـوێن و ژیـانی گەلانـی ئێـران یەکێک لە ئەرکە سـەرەکییەکانی سـپای پاسـدارانە و بە پشـتیوانیی شەخسـی عەلـی خـامنەیی سـاڵانێکە بـۆتە بەڵای سـەری گەلانـی نـاوچەکە و هـۆی هەڵایسـانی شـەڕی براکـوژی و نێوخۆیی لە وڵاتـانی هاوسێ و هاوسنووری ئێران و وڵاتـانی تردا.

لەگەڵ ئەوەی کە مەجلیسـی ئێـران بـاس لە هـاوردەکردنی سـەتا ٩٥ی کـاڵای قـاچـاغ لە ڕێـگە یاسـاییەکانی وڵات و لەسـەر پشتی پاپۆرە زەبەللحەکان دەکا، بەڵام ڕۆژانە بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە لە سنوورەکانی کوردسـتان کۆڵبەری کـورد مەرگ لەکۆڵ لە بزنە ڕێگە و شاخە ئاستەمەکاندا لەژێر سێرەی لوولەی چەکەکانی تێرۆریسـتە ئینسـانکوژەکانی سپـای پاسـداران و پاسەوانانی عەدڵی عەلیدا! بەدوای پاروە نانێکدا دەگەڕێ.

کوردسـتان لە حکـوومەتە یەک لە دوای یەکەکانـدا بەهـۆی مـافخوازی و داوا ڕەوا و ئینسـانییەکانی گەلـی کـوردەوە بەردەوام کەوتۆتە بەر ڕق و قینی دژمنان و لە ماوەی ئەم ٤١ ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییشـدا کەم ڕۆژ هەبـووە خوێنی کەسێک یا کەسـانێک لەسـەر داوایەکـی ئینسـانی یـا لەسـەر پەیـدا کردنی پـاروە نـانێ بەدەست جەللادەکـانی بەنـدیخانە لە سێدارە نەدرێ، لە چیـا و پێدەشـتەکانی نیشـتمانی بـاب و بـاپیرانی نەکـوژرێ یـا بریـنـدار نەبـێ، لەترسـی چەتە و ڕێگرەکـانی کۆماری ئیسلامی لەژێر بەفر و ڕنوودا ڕەق هەڵنەیی یا لە شاخە ئەستەمەکان نەکەوێتە خوار و گیان لەدەست نەدا.

هەنگاوونانی کۆڵبەرانی کورد لە سەر گوریسی مەرگ و ژیان بۆ پارووە نانێکی سفرەی بەتاڵیان لە حاڵێکدایە کە تەنیا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ٧٦٧ کەس لەوان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانە ڕێژیم. لەو ٧٦٧ کەسە، ٣٨٧ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژراون و ٣٨٠ کەسیشیان بریندار بوون. هەر لە ماوەی دوو مانگی بەهاری ئەمساڵیشدا ٢٣ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەتۆمەتی پێبوونی باری قاچاغ! - بڕی کۆڵی کۆڵبەرێک لەو بە میلیۆن تۆنەی ڕۆژانە لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکان، بەندەر و فرۆکەخانە ڕەسمییەکانەوە بە ئازادی! هاوردە دەکرێن - دراونەتە بەر گوللە*.

تراژیدییەکە لەوەدایە کە ڕەوایە بۆ مافیا و بازرگانەکان بۆ بەرزکردنەوەی کۆشک و تەلارەکانیان و پڕکردنی حیسابە بانکییەکانیان بە پاپۆر و فرۆکە کاڵای قاچاخ هاوردەی نێوخۆی وڵات بکەن، بەڵام بۆ کوردێک کە لە ڕووی ناچاری و بۆ بژیوی ژیان بە کۆڵ، بە تاریکە شەو و بەفر و سەرما ڕێگەیەکی سەخت و ئەستەم ببڕی نەک ناڕەوا، بەڵکوو چەکدارێکی ڕێژیم دەتوانێ لەسنوور هەم دادگا بێ و هەم دادوەر، هەم پارێزەر بێ و هەم جەللاد و هەر لە سنوور و لەسەر خاکە داگیرکراوەکەی خۆی حوکمی مەرگی کوردیک دەدا و هیچ کەسیش لێپرسینەوەی لێ ناکا و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ. لەوسەر پاپۆرەکانی سپای پاسداران بە بارەوە و بە پڕی دەگەنە مەنزڵ و لەم لاش لاشەیەکی بێگیان، ڕادەستی بنەماڵە هەژار و ئاتاجەکەیکەی دەکرێتەوە.

تراژیدییەکە لەوەدایە کە کۆڵبەر و کاروانچیی بێکار و بێ ئەنوای کورد لە کاتێکدا کەوکوژی دەدەرێتە بەر دەستڕێژ و سیلە لە سینگ و مێشکی دەگیرێ و لە سەر کۆلەبارێکی چەند سەد هەزار تمەنی گیانی لێ دەستێندرێ، کە لە ساڵدا هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان و توێژینەوەکانی خودی مەجلیس پتر لە ٣٦ میلیارد دۆلار کاڵای بە تەواو مانا قاچاغ لە بەندەر و فرۆکەخانە و ئێسکەلە و دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکانەوە دێتە نێوخۆی وڵاتەوە.

تراژیدییەکە لەوەدایە کە لە کاتێکدا دەرکی دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکان تەنانەت بۆ کاری تاقەتپڕووکێنی "کۆڵبەر"یش بۆ خەڵکی بێکاری ناوچە سنوورییەکان داخراوە، کە دەرکی هەموو دەروازە و شوێنە ئاوی و ویشکایی و ئاسمانییەکان بۆ ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە گەورەترین کارتێلی قاچاغی کاڵا لە وڵاتن، ئاوەڵایە.

ڕاستی ئەوەیە کە کۆڵبەری کورد قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووریی کوردستان و بەئەمنیەتیکردنی ئەو بەشە لە وڵاتە. ئەو وڵاتەی لە سۆنگەی ڕوانگەی ئەمنیەتییەکانی دەسەڵاتەوە کوردستان لە لایەک بە شێوەی سیستماتیک لە دواکەوتوویی‌دا ڕادەگیرێ و، لە لایەکی دی سەرچاوە سروشتی و کانزاکانی بە تالان دەبرێ.

ئەو نەهامەتییانەی ئەمڕۆکە بەسەر کۆڵبەرانی کورد دێ لە حاڵێکدایە کە بەهۆی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر کوردستاندا بەشێکی بەرچاو لە ئابووریی کوردستان گرێدراوی بازرگانیی سەر سنوورەکان و کاری کۆڵبەرییە. لە حاڵێکدا کۆڵبەری کار نییە و ئەوە هەلاواردن، نابەرانبەری، نەبووژانەوە و بێکاری و نەبوونی یەکە پیشەییەکانە بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە. یان بە واتایەکی دی بەرهەمی زیاتر لە چل ساڵ هەژاری، بێکاری، هەلاواردن و نایەکسانییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر کوردستاندا سەپاندوویەتی.

***

* ئامارەکان لە ڕاپۆرتی وەرزانەی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەرگیراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠

## بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی

### (لە پەنجاوپێنجەمین ساڵوەگەڕی مەرگی شاعیری چەوساوەکاندا)

ئەمساڵ پەنجاوپێنج ساڵ بەسەر مەرگی شاعیری شێعری بەرگری و بەگژداچوونەوە، شاعیری چەوساوەکان، شاعیری ناوداری گەلەکەمان مامۆستا "قانع"دا تێدەپەڕێ، بەڵام هەست و بیری کوردانە و ڕێبازی تەژی لە کوردایەتیی قانع پاش ئەم هەمووە ساڵەش هەر لە برەو و هەڵکشاندایە.

قانع لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گوندی "دۆلاش"ـی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بوو. دوای چل ڕۆژ لە لەدایکبوونی، باوکی مرد و دواتر دایکیشی لەدەست دا. لەو کاتەوە قانع شوێنێکی دەست نەکەوت کە پشوویەکی تێدا بدا و لێرەوە ژیانی سەخت و دژواری دەستی پێکرد. لەو کاتەوە ماڵ لەکۆڵ هەر ڕۆژە لە ماڵێک و لە شوێنێک ژیانی پڕ لە نەهامەتیی درێژە پێدا. قانع دوای مەرگی باوکی لای مامەکانی گەورە بوو و دواتر خزمێکی دیکەیان بردیە لای خۆی و ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆ گرت. هەر لەوێ نێردرایە حوجرە و بە زانستی ئایینی پەروەردە کرا و دواتر بە شێخ محەممەدی کوڕی شێخ عەبدولقادر ناوی دەرکرد.

قانع لە کات و دەورانێکدا گەورە دەبێ کە زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتی لەوپەڕی خۆیدایە و هەموو ئەو زوڵم و زۆرەی دەربەگایەتی و دەسەلاتی ئەو سەردەمەی ئێران بە چاوی خۆی دەبینێ و هەر لەو کاتەدا هەستی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوە لە دەروونیدا چەکەرە دەکا و خۆی و هەست و پێنووسەکەی بەگژ زۆردارەاندا دەچنەوە. نووکی تیژی خامەکەی قانع بەگژ تاوانبارانـدا دەچێتەوە و تاوانەکانیان دەنووسێتەوە، لایەنی چەوساوەکان دەگرێ و بەگژ ناعەدالەتییدا دەچێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بناغەی دەسەلاتی دەرەبەگەکان بلەرزێنێ و ئەوانیش هەر ڕۆژە بە جۆرێک ڕادەستی ژاندەرمەیان دەکرد و، بەشێکی ژیانی قانع لە پێناو مافی هەژاراندا لە بەندیخانەکان و لەژێر چەکمەی یاساوڵەکاندا تێپەڕی.

قانع بە هەژاری گەورە بوو و تا لە ژیاندا بوو هەر شاعیری هەژارەکان بوو، لەژێر سێبەری دەسەلاتی پاشایەتییدا دەژیا بەڵام بە هۆی هەستی بەرەنگاری و کوردانەی بەگژ دیکتاتۆرەکاندا چۆتەوە، کوڕە هەژار بوو، سێبەری دەربەگایەتی بەسەر ژیانی خەڵکدا زاڵ بوو بەڵام قانع بەخۆی و قەڵەمێکەوە لەوان ڕاپەڕیوە و دەردی هەژارەکانی بەرجەستە کردوە، شێخزادە

بـوو و لە حـوجرە دەرسـی خوێنـد بەڵام هەست و بیـری کـوردایەتی هەمـوو وجـوودی داگرتبـوو، لە سـەردەمی سـەرهەڵدانی سۆسیالیزمدا لایەنگری عەداڵەت و بەرابەری بـوو بەڵام نەتەوەکەی خۆی لە هەموو نەتەوەیەک زیـاتر خۆش دەویست و لە هەر دوو سەنگەری حوجرە و عیلمانییەتدا کوردایەتی شابەیتی شێعرەکانی بوو. قـانع نە بـۆ نـانەزگ، بـوو بە نـۆکەری ئـاغـا و، نە بۆ پارە بوو بە شاعیری کۆشکی شاهان و نە هیچ داواکارییەکی شێخ و شا و دەربەگی قبووڵ کرد و هەر لەو کاتەشدا دژبە خائین و سیخوڕ و سیخوڕی بووە. ئەو سەردەم لە یەکێک لە شێعرەکانیدا دەڵـێ: "نە بەرتیلخۆر بە نە دۆعـانووس بە/ نە نۆکەر ئاغا نەنانەخووس بە/ نە شێتی کچان نە شەیدای لووس بە/ دوژمن بە گیانی جەستەی جاسووس بە."

لەو کـاتەدا کە شـاعیرانی بێگـانە لە دەوروبەر ببـوونە شـاعیری دەربـار و بە بەژن و بـاڵای "شـا"کانیـان هەڵـدەگوت و ئەفسـانەیان لـێ دروست دەکردن، قـانع بە زگـی برسییەوە لەگـژ زوڵـم و زۆری زۆردار ڕادەچۆوە. لە شێعرێکدا لەم بـارەوە دەڵێ: "ئەوەی نـامووسی بێ نـابێ بە نۆکەر/ ئەوەی ئینسافی بێ نـاچێتە دیوان/ ئەوەی ویژدانـی بـێ نـاچیتە لای میـر/ ئەوەی ڕەحمی ببێ ناچێتە لای خان/ چ خۆشە زگ بە برسی پێ بەبێ کەوش/ بە مەرجێ ڕوو نەکاتە شێخ و قوربـان/ گەدا بی یـاخود پاشا بی هەر ئەمری/ ئیتر کلکەلەقێ بۆچی لە دیوان؟"

قانعی شاعیری خاوەن هەست زۆر جـاران بە تـاوانی قەڵەمە نەترسەکەی و بە تـاوانی سەردانەنواندن سەربەرزانە دەچووە بەردەمی دادگا و کونجی زیندانی دەکردە قوتـابیخـانە و لەوێشدا وانەی خۆڕاگری دەگـوتەوە. لە یەکێک لە شێعرەکانیدا کە ئەو کاتە لەگەڵ یەکێک لە کورەکـانی دەگیـرێن و پـاش چەرمەسەرییەکی زۆر دەیبـەن بـۆ تـاران و لـە زینـدانی "قەسر" کە یەکێک لە زیندانە پڕ لە تـاوانکارییـەکانی دەسەڵاتدارانی ئـەوکات و ئێسـتای حکوومەتی ئێرانـە زینـدانی دەکەن، لەوێ لە بەشێکی شێعرە بە ناوبانگەکەیدا دەنووسێ:

"ئـاخرین ماڵـی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵـی دێوانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی
ئەڵقە ئەڵقەی پێوەنم وەک پلپلە و لەرزانەیە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتـابیخانەیە"

قانع لەو کات و سەردەمەدا بـایەخی زۆری بە ژینگە داوە و لە لایەکی دیکەشەوە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بە زەقی خستۆتە

بەر چاوی کۆمەڵگە و لەو بوارەشدا خاوەنی چەند بەرهەمێکی وەک: "کۆتر و ڕاوچی"یە کە شێعرێکی دوور و درێژ و پڕ هەست و بە نێوەرۆکە. لە بارەی کۆمەڵناسییەوە، شێعرەکانی "فێڵبازیی ڕێوی" و "مشک و پشیلە" کە تەنزن لەسەر گیانداران کە بە زمانێکی ساکار لە کۆمەڵگە و دەسەڵات و دین و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دواوە و "چۆنیەتیی ماڵ بەشکردنمان"، تەنزێکە لەسەر تەماحی ماڵی دنیا کە برا دەخاتە گیانی یەکتر. لە "چۆنیەتیی باوک مردنمان"دا باسی دابونەریتی دواکەوتووانە دەکا. "مازووچنینی لادێ" کە کۆمەڵە شێعرێکە لە فولکلۆر، دڵداری و دابونەریتی بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە. هەرکام لەو شێعرانە لە سەردەمی خۆیدا دەم بە دەم لە نێو خەڵکدا دەگەڕان و لە پەروەردەکردنی لاوان و بەهێزکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردییدا دەوری کاریگەریان هەبووە.

مامۆستا قانع بێجگە لە هەستی بەرەنگاری کە بەگژ زۆردار و دوژمنانی کورددا چۆتەوە، لە هەمان کاتدا بە شێعر و نووسینەکانی بەرەنگاری خۆسەپێنیی زمان و فەرهەنگی بێگانە بۆتەوە و بۆتە پارێزەر و قەڵغانێکی بەهێز بۆ پاراستنی زمانی کوردی. شێعر و تەنز و نووسینەکانی سینە بە سینە لە نێو خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەڕاون و تام و چێژی شێعرەکانی و هەست و سۆزی کوردانەی بوونەتە هۆی پاراستنی زمانی کوردی لەو کات و سەردەمدا کە خوێندن بە زمانی کوردی نەبووە و شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری قانع ئاسا کەم و دەگمەن بوون.

"قانع"ی سەوداسەری ئازادی هەر کە دەبیسێ لە مەهاباد بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانە سەری هەڵداوە، دەسبەجێ بە پێی پیادە بەرەو مەهاباد وەڕێ دەکەوێ و ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوییدا، خۆی دەگەیەنێتە مەهاباد. قانع هەتا ڕووخانی کۆمار لە مەهاباد دەمێنێتەوە و بە تەواوی تواناوە خزمەتی کۆمار دەکات.

قانعی نیشتمانپەروەر کە تروسکاییەک لە بیری چەپ و سۆسیالیستیییدا دەبینێ، بەرەو بیری دەچێ بەڵام هەست و بیری کوردانەی بەسەر هەموو ئایدۆلۆژییەکاندا زاڵ دەبێ و ناچێتە ژێر باری هیچ ئایدۆلۆژییەک کە کورد و نیشتمانی کوردانی لە بیر بەرێتەوە و لە پێناو مافەکانیاندا ڕاپێچی بەندیخانە دەکرا. ئەو کە بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی عەبای مەلایەتی دانا لە هەمان کاتیشدا نەچووە ژێر ئاڵایەک کە لەژێر سێبەری ئەودا نەتەوەکەی خۆی فەرامۆش بکا. لە کاتی سەرهەڵدانی بیری چەپدا و فراوان بوونی ئەو ڕێبازە لە ناوچەکەدا، لە شێعرێکدا بۆ هاندانی چەوساوە و هەژارەکان دەنووسێ: "با هەموو جووتیار و پاڵە و ڕەنجدەران/ یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان"، هەر لەم کاتەشدا نیشتمانەکەی لە بیر ناکا و لە کۆتایی شێعرەکەیدا دەنووسێ: "تاکوو بێنە ڕیزی پێشکەوتووی جیهان/ ئەو دەمەش ڕۆڵەی پرۆلیتاریای کورد/ دەبنە ڕابەر بۆ وڵاتی کوردستان/ کاشکێ یاسایەکی تازەم من ئەدی/ پڕ لە سوود بێ بۆ گەل و بۆ نیشتمان/ چارەنووست خۆت

ئەبێ دیاریی بکەی/ نەک تەمایەر بی کە بۆت کەن هەندەران/ قانعا ساتۆش لەگەڵ لاوانی کورد/ ڕووکەنە مەیدان وەکوو شێری ژیان."

مامۆستا قانع لەگەڵ ئەوەی کە پیاوێکی ئایینی بوو و لە حوجرە و مزگەوتدا پێگەیشتبوو بەڵام نیشتمان و نەتەوەکەی بەلایەوە گرینگییەکی تایبەتی هەبوو و بیر و هەستی شاعیرانەی و باوەڕەکانی لەخزمەت کورد و کوردستاندا بوون و وەک هێندێک کەسی تر لە پێناو سامان و بەرژەوەندییە شەخسییەکانی نەچووە ژێر کاریگەریی خەلافەتی عوسمانی و لە لایەکی دیکەشەوە نەچووە ژێر باری داواکارییەکانی پاشاکانی ئێران و زیندان و هەڕەشەی جەلادەکان و گەفی دەربەگیش بەچۆکیدا نەهێنا.

با ژیان و ئەزموون و بیر و هەست هۆنراوەکانی مامۆستا قانعی نەمر ببنە دەرسێک بۆ ئەو قەڵەم بەدەستانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی داگیرکەردا لەژێر سێبەری ئایین و بە بیانووی خزمەت بە دین بە شان و باهۆی حاکمان و زاڵمان هەڵدەڵێن و خەریکی خۆشخزمەتی بە دوژمنانی کوردن و لەو ڕێگەیەدا دەیانهەوێ نان و سامانێک وەدەست بێنن.
کەسانی قانع ئاسا وەک ئەحمەدی خانی و پیرەمێرد و گۆران و حاجی قادر و دڵدار و جگەر خوێن و هێمن و هەژار و بێکەس و پەشێو و زۆر شاعیری دیکە لەوانەن کە ناویان بە گەورەیی و پاکی چووەتە مێژووی کوردەوە و هەست و هەڵبەست و هۆنراوەکانیان هێز و وزەی خەبات و بەربەرەکانی و بەرەنگارین و نەوە لە دوای نەوە شانازی بەم کەسانەوە دەکەن و بیروهزری ئەوان دەکەنە توێشووی ڕێی تێکۆشان و چەکی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوە و پاراستنی زمان و کولتوور و نیشتمانی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٠

## ڕادیۆی دەنگی کوردستان، چل ساڵ هەق وێژی و نەوەستان.

ئەمڕۆ ٢٧ی جۆزەردان، چل ساڵ بەسەر دەسبەکاربوونی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەنگی گەلێکی بندەست و مافخوازدا تێدەپەڕێ.

چل ساڵ بەر لە ئێستا لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەویست دەنگی ئازادی و ئازادیخوازن کپ بکا، لەو کات و سەردەمەدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە هەست کردن بەو زەروورەتە کە پێویستە دەنگی کورد بە گوێی ئازادیخوازانی ئێرانی بگا و هەواڵی ڕووداوەکان و بەرەکانی جەنگ بگاتە هەموو ماڵێکی کورد و، بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک و باسکردنی ڕاستییەکان و بۆ لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بەڵام بە ئیرادەیەکی بەهێز و پتەو ڕادیۆی دەنگی کوردستانی دامەزراند.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بە شمشاڵەکەی قالەمەڕە دەستی پێکرد و بە شریخەی چەکی پێشمەرگە دەنگی دایەوە، بە ڕاستوێژی بوو بە جێی سەرنجی دۆست و دژمن و بە خۆشەویستی سەری بە هەموو ماڵێکی کورددا کرد و بوو بە میوانی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە واشینگتۆن و لەندەن بەرنامەکانی بڵاو نەدەکردەوە، ڕادیۆ لەنێو جەرگەی شەڕ و لە دۆڵ و چیاکانی کوردستان، لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و بۆمبا، لەسەر دەستی چەند کەسێکی خۆبەخش و ماندوویی نەناس، بە قەڵەمی چەند ڕووناکبیر و سیاسەتوانی کورد و بە هیممەتی دوکتۆرەکان و هاوڕێکانیان، بە پشتیوانی پێشمەرگە و بە پشت بەستن بەهێزی گەلەکەی دەستی بەکار کرد.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و جێی باوەڕ و متمانە و ڕۆژانە میوانی ماڵەکانیان بوو. ڕادیۆ دەنگ زوڵاڵە هەقوێژ و ڕاستوێژەکەی کوردستان، ڕۆژانە هەواڵی بەرەکانی جەنگ و بەربەرەکانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بە ئەمانەتەوە دەگەیاندە هەموو ماڵێک، وتارە سیاسییەکان و لێکدانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان، هەواڵی سەرکەوتنەکان، ئاگادار کردنەوەی خەڵک لە پیلان و سیاسەتی دژمنانەی کۆماری ئیسلامی، قەتلوعامی خەڵکی گوندەکان، لەسێدارەدانی لاوانی کورد، هەواڵە دڵتەزێنەکانی شەهیدبوونی ڕێبەران و فەرماندە و کادر

و پێشمەرگەکان، سووتانی ڕەز و باخ و دارستانەکانی کوردستان، نالەی برینداره‌کان و هاواری دایکی شەهیدانی بەگوێی خەڵکی ئێران و کوردستان دەگەیاند.

دوکتۆر قاسملووی شەهید لەو پێوەندییەدا فەرمووی: "جێگای شانازییە لە کاتێکدا ڕۆژنامەی "کوردستان" لەبەر هەلومەرجی تایبەتیی خەباتی حیزبەکەمان بە ڕێکوپێکی دەرناچێ، "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران"، ئەو بەتاڵاییەی پڕ کردۆتەوە کە کەمبوونی چاپەمەنی پێکی هێناوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەڕاستیدا ڕۆژنامەیەکی وێژەر (گویا)یە کە هەموو ڕۆژێ لە سەدان هەزار نوسخەدا دەردەچێ و دەگاتە هەموو شارێک، هەموو دێیەک و سەر بە هەموو ماڵێکدا دەکا. لەوەش گرینگتر، خوێندەوار و نەخوێندەوارەکان کەلکی لێ وەردەگرن و کرێکار لە کارگە و، جووتیار لە کێڵگە و، شوان لە چیا و لەوەڕگە گۆیی بۆ دەگرن و لێی حاڵی دەبن...

... ئێمە بە چاوی مامۆستایەک و کەرەسەیەکی فێرکردن سەیری ڕادیۆ دەکەین و هیواداریـن ڕۆژێک بێ کە موهەندیس و کرێکار و نووسەر و وەرگێڕ و وێژەر و پارێزەرانی ڕادیۆ کوردستان بە هەموو خەڵکی کوردستان بناسێنن، تا کۆمەڵانی بەئەمەگ و هەقناسی کورد، بەگەرمی ئەو ڕۆڵە بەنرخ و دڵسۆزانەیان گوڵباران بکەن..."

ڕادیۆی دەنگی کوردستان بابەتەکانی بە قەڵەمی بوێر و بەپێزی ڕێبەران و نووسەرانی وەک دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، فەتاح کاویان، کەریمی حیسامی، بابا عەلی مێهرپەروەر، حەسەن شەڕەفی، عوسمان ڕەحیمی، مستەفا شڵماشی و برایم لاجانی لەژێر ئەشکەوت و خێمە و تاشەبەردەکانی کوردستان دوور لە هەموو ئیمکاناتێک تەنیا بە پێنووسێکی هەقوێژ و ڕاستوێژ دەکەوتە سەرپەڕی کاغەز و، بە دەنگی زوڵاڵی تەها و ئەحمەد و خەجێ و بێهروزی کوردئەحمەدی، لە دۆڵ و چیاکانی کوردستان دەنگی دەدایەوە و خەڵک لە ماڵەکانیان کپ و بێدەنگ بەگوێی دڵ گوێیان لە باس و بابەتەکان دەگرت. شێربەگی شریخەی چەک و دەنگی دلێری پێشمەرگەی بە "سەرنج بدەن"، هێز و وەرەی دەدایە خەڵک و، خەجێ بە سۆزی دەنگە ناخ هەژێنەکەی هەواڵی گیانبەختکردنی تێکۆشەرانی کوردی ماڵ بە ماڵ بڵاو دەکردەوە و، بێهروز باس و بابەتە سیاسیەکانی ڕۆژی پێشکەش دەکرد و و کاک تەهاش بە ئارامی سوکنایی دەدایە دڵی خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان و بە وتەکانی بزەی دەخستە سەر لێوی خەڵک و لە ڕێگەی ڕادیۆوە لەگەڵ خەڵک لە پێوەندیدا بوو و، وڵامی نامەکانی دەدانەوە. مەکۆ و نەورۆز بە زاراوەی کورمانجی و لە بەشی فارسیشدا کەسانی وەک بێهروز و سیامەکی قەوییەنجە، ماندوونەناسانە ئەو ئەرکەیان بەڕێوە بردو. لە کاروانی پڕ لە سەروەری شەهیداندا کاک ئەحمەد قادری، ڕێزی لە خەبات و فیداکاریی ڕۆڵە شەهیدەکانی گەلەکەمان گرتوە. تێکۆشەرانی ماندوویی نەناسی بەشەکانی دیکەی ڕادیۆش هەموو بیر و فکریان لای بەهێز کردنی دەنگی ڕادیۆ و ئارشیو و بەرەوپێشچوونی کارەکانی ڕادیۆ

بوو. لەنێو هەموو ئەوانەشدا موهەندیس خەیاتی ئەندازیار و دامەزرێنەری بەشی فەننی پێویستە یادی بکرێتەوە و، ڕێز لەو ئازەری زمانە بگیرێ کە هەوڵ و زەحمەتەکانی دەنگی کورد و دەنگی کوردستان لە هەموو شوێنێک دەنگی دایەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠٢٠**

# کوردستان لە ئاوێنەی "کوردستان"دا

"کوردستان" ئەو ڕۆژنامە ڕۆژانە و مانگانە و وەرزانەیە کە دەیان ساڵە ماڵ بە ماڵی کوردستان دەستاودەست لە دەستی ئۆگرانی ئازادی و خوێنداکارنی زانکۆ، مامۆستایانی خوێندنگە، حوجرە و خانەقا، پێشمەرگە و پێشەنگانی خەبات، ئەدیبان و نووسەران و ڕۆژنامەنووساندا دەگەڕێ و تۆوی ئازادی دەچێنێ و بیری ئازادیخوازی بڵاو دەکاتەوە و وەک ئاگری ئاگردانی ژووره تاریک و قوڕینەکانی گوندەکانی کوردستان بۆ ڕۆشەنکەرەوەی ڕێگەی خەبات و نەسرەوتن و خۆنەویستی هەردەم بۆتە ڕووناکیی ڕێگەی ڕزگاری و وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار درەوشاوەتەوە.

"کوردستان" وەک زۆر لە ڕۆژنامە جیهانییەکان تەنیا هەواڵنامەیەکی ڕۆژانە نەبووە، بەڵکوو ڕێ پێشاندەری خەباتێکی بەرهەق و ڕەوا و دەنگی گەلێکی ستەمدیدە بووە. ئەو لەگەڵ گزینگی خۆری دەوڵەتی کوردی چاوی بە دنیا هەڵێنا بەڵام لە شەوەزەنگی بێدادیدا ڕۆشەنکەرەوی بیری ئازادی و ڕێگەی سەختی خەبات و تێکۆشان بوو و بوو بە پارێزەری زمان و فەرهەنگی کوردی.

"کوردستان" لەنێو دڵی کوردستاندا لەو دەمەیدا کە سەرۆک کۆمارەکەی لە سێدارە دەدرا، بوو بە هیوای گەلێکی بندەست، بوو بە ورە بۆ پێشمەرگە و چرا بۆ ڕێگای تێکۆشانی تێکۆشەران و هەوێنی نەبەزین و کۆڵنەدان بۆ بەندییەکانی نێو چاڵە ڕەشەکانی بەندیخانە.

"کوردستان" بوو بە ئاوێنەی باڵانوێنی خەباتێکی ڕەوا و دەنگی کپکراوی گەلێکی سەرکوتکراو و شریقەی چەکی پێشمەرگە و بیری بیرمەندانی کورد و شوێن پەنجەی گەلێک تێکۆشەر و خاوەن هزر و خامە ڕەنگین و نووسەر و سیاسەتمەدار. "کوردستان" لە کۆشک و تەلار و ژێر ڕووناکایی تێکنۆلۆژیدا نەنووسراوە و نەڕەنگاوە، بەڵکوو زۆربەی کاتەکانی ئاوارە و دەربەدەر لە ژێر میچی خانووە قوڕینەکان، لە ژوورە تاریکەکان لەژێر تیشکی لامپا و لە ئەشکەوتەکان لە ژێر ڕووناکایی ئاگردان و پەنا ڕەز و ڕەوەزێک و لە جەنگەی شەڕدا لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و ژێر بۆمبی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی دژمندا، لەژێر قەدی داربەڕوو و دارەبەنێکدا، لە پاڵ گاشەبەردێکی نیشتماندا، لەژێر سێبەری کەپر و دارهەنارێکی وەرزێرێکی دەست قەڵشیودا، لە پەنا خوان و سفرەی پیرە دایکێکی پشتچەماودا، لە ژێر ڕێژنەی باران و کرێوەی بەفر و پەنا سۆبەیەکی مقەڕێکی پێشمەرگانە و زۆر جاریش لە شەوەزەنگی بێدادیدا لەژێر مەترسیی سیخوڕەکانی دژمندا بە دەست و

پەنجەی مامۆستایانی خۆبەخش و دەستەبژێر نووسراوە و لە کۆڵەپشتی پێشمەرگەیەک و بەرباخەڵی وەرزێریکی گوندیدا بە نهێنی خۆی گەیاندۆتە خوێنەرانی.

"کوردستان" یادگاری کۆماری کوردستانە، بە ئەمر و فەرمانی پێشەوای مەزن دەستی بە وەشان کردووە، پێشەنگی گڕوگاڵی منالان و هەلاڵە و هاواری نیشتمان و زۆر بلاڤۆک و ڕۆژنامە و گۆڤاریتر بووە. جێ پەنجەی زۆر شاعیر و ئەدیب و نووسەر و سیاسەتوانی پێوە دیارە و بە هێز و هزر و بیری کوردانە و شۆڕشگێڕانەی دەیان و سەدان تێکۆشەری کورد ڕەنگاوە و زۆر ڕۆڵە و ڕووناکبیری بە ئەمەگی لەدەست داوە. زانا و بیرمەندانی وەک قاسملوو و شەرەفکەندی، هێمن و هەژار، زەبیحی و حیسامی و میراوەیی، شەریفی و ڕەحیمی و..... زەحمەتیان پێوەکێشاوە و ئارەقەیان پێوە ڕشتووە و مەنزڵ بە مەنزڵ لە هەورازی شۆڕش لەگەڵی بوون و بۆی سووتاون و بە خەمیەوە بوون.

"کوردستان" هەردەم لەژێر هەڕەشە و چەقۆی تیژی جەللادەکانی تاریکپەرەست و دژ بە ڕووناکیدا بووە. لە هەر ڕێگەیەکەوە کە بۆیان لوابێ ویستوویانە ئەو دەنگە زوڵاڵە ڕاستوێژ و هەقوێژە، دەنگی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوە، دەنگی میللەتێکی بێ دەوڵەت لە گەروودا خەفە بکەن. ئەوان چ بە چەواشەکاری و خراپکاری، چ بە سیخوڕ و سەرمایە، چ بە پەلامار و پڕوپاگەندە ویستوویانە لەبەر چاوی خەڵک ڕەش و بێ ئێعتباری بکەن و، لەو ڕێگەیەدا گەلێک پلان و پیلانیان داڕشت بەلام پیلانەکانیان بوونە بڵقی سەر ئاو و پلانەکانیان سەری نەگرت و ئاواتەکانیان بردە ژێر گڵ و "کوردستان" هەر گوڵ و هەر گوڵ مایەوە.

"کوردستان" نوێنگە، بەرزەوێژ و باڵوێزی گەلێکی مافویست و بەشخوراوە، یادگار و جێپەنجەی چەند نەسڵێکە و هەڵگری ئالای بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی کوردە، ئەو خەزێنەی بەسەرهات و کارەساتەکان و هۆنراوەی شاعیرانە، چاوی پێنووسی پێشەنگانی ئەدەب و دەنگی کپکراوی بەندییەکانی چاڵەڕەشەکانی ساواک و حکوومەتی پاشایەتی و دەنگی ڕووخان و وێرانیی شار و گوندەکانی کوردستان، هاواری هەراوی نەورۆزی خوێناویی سنە و ٥٩ لاوی مەهابادی، شیمابارانی زەردە و سەردەشت، قەتڵوعامی خەڵکی گوندەکانی قارنێ، قەلاتان، سەروکانی، حەڵبێ و کۆیکان و زۆر گوندی دیکەی شەلاڵی خوێنی دەستی جەللادەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. "کوردستان" دەنگی ئەو لاوانە بوو کە بوونە سەرداری سەر سێدارە و بە پەتی سێدارەوە دوایین ساتەکانی ژیانیان تێپەڕ کرد.

"کوردستان" ئەرشیڤی ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان، دەنگی هونەر و هونەرمەندان و دەنگی کچ و کوڕ و پیاو و ژنی کوردستان و گریانی ئەو منالە بێناز و ناز لێشێواوانە بووە کە دایک و باوکیان لە سەنگەری بەرگریدا گیانیان بەخت

کردووە. ئەو بووە بە هاوار و نالەی ئەو دایکانەی کە جگەرگۆشەکانیان خەڵتانی خوێن بوون. "کوردستان" فرمێسک و ئەسرینی ئەو تازە بووکانە بووە کە لە خۆشییەکانی ژیان تەنیا ئاڵقەی دەزگیرانداریەتی دەزگیرانە بێسەروشوێنەکانیان بۆ ماوەتەوە.

"کوردستان" دەنگی ئەو باڵندە و گیاندارانە بووە کە بە دارستان و لێرەوارەوە، بە ڕەز و باغ و مەزرا و بێستانی جووتیارانەوە، بە گەنم جۆ و دار هەنارەکانی لاپاڵ و قەدپاڵی نیشتمانەوە لەنێو گڕی ئاگردا سووتان و ماڵ و هێلانەیان بووە بە دووکەڵ.

"کوردستان" نووسەری پیرۆزیی ئەرکی پێشمەرگە و ئەو هەزاران داستان و قارەمانەتی و ئەو تۆڵەستێنە بە ئەمەگانەی کوردستانە کە سەنگەر بە سەنگەر، دەوەن دەوەن بێ سرەوتن و هەدادان لووتکەی چیاکانیان کردە مەیدانی بەرەنگاری و شار و شاخ و پێدەشتەکانی کوردستانیان بە خوێن ڕەنگاند و وەک گوڵاڵەی سووری کوێستان نیشتمانیان نەخشاند.

"کوردستان" وێنە و وێنەگری کۆمار و چوارچرا و سەربازە ونەکانی نیشتمان، نووسەرانی ناودار، ئەدیبانی خامە ڕەنگین، چەک و قەڵەم، قەندیل و بێستوون و ئاگری و ئارارات و پێدەشتی کاکی بە کاکی موکریان، گوڵە گەنمی جووتیاران، خامەی خوێندکاران، خەونی هەژاران، فرمێسکی هەتیوان، سروەی شەماڵی دوند و لوتکە و نشیوان، دووکەڵی شار و گوندی سووتاو، خانووی خاپوور و ڕووخاو، بۆمب و تانک و تۆپ و مووشەک، ئاڵا و کۆماری کوردستان و قەڵای دێموکرات، پێشەوا و شەرەفکەندی و قاسملوو و هەزاران هەزار شەهیدی لە خوێن خەڵتاوی ئەو گەلەیە کە لە پێناو ئازادی و ڕزگاریدا قوربانیی داوە و نەهامەتی چێشتووە.

"کوردستان" هەردەم ناوەند و مەکۆی نووسەران و زمانی گەلێکی زمان قەدەغەکراو و، ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری زمان و ئەدەبی کوردی و ڕاستوێژی و ڕەوانبێژی بووە. ئەو "کوردستان"ـە نوێنگەی بیری کوردایەتی و ڕەنگدانەوەی قەڵەمە بە بڕشت و بوێرەکان، چاوی تینووی ڕوو بە ئاسۆی ئازادیخوازان، سەرچاوەی ڕێزمان و ڕێنووسی زمانی کوردی، فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی زمانی پاراو و پارێزراوی کوردی، بەڵگەی ڕەسەنایەتی زمان و لە هەمانکاتدا قوتابخانەیەک بۆ فێربوون و مامۆستایەک بۆ لێفێربوون و کتێبخانەیەک بۆ وەدەستهێنانی زانیاری و ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و سیاسەت و بیر و هزر و ئەندێشەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٠

# کۆچی سوور

ئەم ڕۆژانە ڕووداوی نوقم بوونی بەلەمێکی کۆچبەرانی کورد لە ئاوەکانی نێوان فەڕانسە و بریتانیا لە "کاناڵی مانش" بوو بە سەردێڕی زۆر لە مێدیاکان. ئەم ڕووداوە کە بوو بەهۆی تێداچوونی بنەماڵەیەکی ٥ کەسیی خەڵکی سەردەشت بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد هەواڵێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکی ئەم تراژیدییە بووەتە بەشێک لە مێژووی خەڵکی ئێمە.

کۆچکردن لە وڵاتە دیکتاتۆر و بەڵاێدراوەکان دیاردەیەکی تازە نییە و ساڵانە بە دەیان و بگرە سەدان هەزار کەس ڕوو لە هەندەران دەکەن و بەدوای سەرپەنایەک و ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن و، گەڕانیش بەشوێن ژیانێکی باشتر و شیاو مافی هەر تاکێکی سەر گۆی ئەم جیهانەیە.

کۆچی کوردانیش چ بە زۆرەملی چ لە ڕووی ناچارییەوە هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە و سەدان ساڵە کورد و کۆچ بوونە دووانە و هەر جارە و لە شوێنێک و بەشێوەیەک کۆچیان پێدەکرێ یا لەوپەڕی بێ هیوایید کۆچ دەکەن. بەڵام ئەم دۆخە لە ئێستادا تایبەتترە. چونکی خەڵکی ئێران لەلایەک لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیمی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامیدان و لەلایەکی دیکە هەژاری، برسیەتی، بێکاری و نەبوونی تەنگی پێ هەڵچنیون و بۆ خۆدەرباز کردن لەو ژیانە سەختە لە ترسی ئەژدیها خۆیان لە باوەشی مەرگ داوێن.

لە ماوەی دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیه، کوردستان یەکێک لە هەژارترین ناوچەکانی ئێران بووە و بێجگە لە بڕیار و فەرمانی جیهاد و شەڕی داسەپاوی کوردستان کە زیاتر لە چل ساڵە بەردەوامە، ئەم دوو ڕێژیمە دیکتاتۆرە خەریکی بە تاڵانبردنی هەموو سامانی سەرزەوی و ژێر زەوییەکانی کوردستان بوون. لەگەڵ ئەوەی کە کوردستان بەشێکە لە ئێران و مەیدانێکی گەورەی وەبەرهێنان و دەوڵەمەندە بە کانگەی ژێرزەوی، بەڵام زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ڕەنجی شانی خۆیان بە وەرزێری و کرێکاری و بێ هیچ پشتیوانییەکی دەوڵەت ژیانێکی سەخت تێپەڕ دەکەن و کرێکارەکانیش نەک لە کوردستان بەڵکوو لە شارە غەیرە کوردەکان بە کاری تاقەت پڕووکێن ئەویش وەک کرێکاری وەرزی بۆ بژێوی ژیانی ساڵانەیان دەچەوسێنەوە. نەبوونی و بێکاری و برسیەتی لەو دیاردە مەترسیدارانەن کە خەڵک بە دەستیەوە دەناڵێنێ و دوارێگە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان لە کوردستان کۆڵبەرییە؛ کە هەموو دەزانین کۆڵبەریش بە قیمەتی ژیان و گیانیان

تەواو دەبێ.

بۆیە زۆر خەڵک بەهۆی ئەو هەموو گوشارەی کە بەرۆکی پێگرتوون ڕێگەی مەترسیداری هەندەران دەگرنەبەر و بەهیوای ژیانێکی باش و ڕزگاربوون لەو نەهامەتییانەی تێی کەوتوون زێدی باب و باپیرانیان بەجێ دێڵن. بەڵام گەیشتن بەو بەناو بەهەشتە هێندە ئاسان نییە و لەم ڕێگە دوور و درێژەدا مەرگ هەمیشە وەک مۆتەکەیەک بە دوای کۆچبەرانەوەیە. دەربازبوون بەنێو دوو سوپای دڕندەی تورکیە و کۆماری ئیسلامی، بێبەزەیی قاچاخچی، ڕەقهەڵاتن لە سەرمادا، ون بوون و ونکردن و بێسەروشوێن بوون، پووڵ خواردن و فریودان و کڵاو لەسەرنان، زیندان و ئەشکەنجە، دابڕانی بنەماڵە و لێکهەڵوشانی ژیان، ماندوویەتی و قەول و بەڵێنیی بەدرۆی قاچاخچی، قەرزداری و فرۆشتنی ماڵ و سامان و سەرەنجام شەپۆل و باوەشی پڕ لە گرفە و مەرگهێنەری دەریاکان تەنیا بەشێک لەو کێشانەن کە لە ڕێگەدا تووشی هەر کۆچبەرێک دەبن. لەگەڵ تێپەڕاندنی هەموو ئەمانەش ئەوە کۆتایی ئەم سەفەرە و ئەم کاروانە نییە؛ کە گەیشتنە ئورووپا یا هەر وڵاتێکی تر لە یەکەم وێستگەدا لەگەڵ بێڕەحمی و کۆمەڵێک کێشەی دیکە بەرەوڕوو دەبنەوە و چاوەڕوانی، بێوڵامی، وەرنەگیران و مەترسیی دیپۆرتکردنەوە و گەڕانەوە بۆ خاڵی سیفر دوای هەموو ئەو چاوەڕوانییە و بێهیوا بوون لە ژیان بەشێکی دیکە لەو گرفتانەن کە بەرەوڕووی پەناخوازان دەبنەوە و ئەو بەهەشتەی کە بەهیوابوون پێی بگەن، لێیان دەبێتە دۆزەخ و ژیانیان بە ئاقارێکی نادیاردا دەڕوا.

ئەم دیاردەیە لە ئێستادا بەهۆی هەلومەرجی ژیان لە ئێران پتر پەرەی سەندوە. خەڵک بار دەکەن و دەڕۆن، چونکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی تری بۆوان نەهێشتۆتەوە.

سروشتی کۆچبارەکانی ئێستا لەگەڵ ڕابردوو جیاوازە. ئەگەر پێشتر (پێش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی) زۆربەی زۆری کۆچەکان بۆ خوێندن و ئاکامەکەی دواتر گەڕانەوە بوو، ئێستا هەموو بۆ ڕاکردنە. ئەگەر دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش تەنیا لاو و خوێندەوارەکانی دەگرتەوە، یان سەرەتا تەنیا دژبەرانی ڕێژیم ڕێی هەندەرانیان دەگرت؛ بەڵام ئێستا خەڵکی ئاسایی بە خاو و خێزانەوە جانتای کۆچ دەخەنە سەر شانیان. چونکی هەژاری، بێکاری، بێدەرەتانی و نەبوونی ئاسوودەیی ڕوحی و ڕەوانی لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە برستی لێ بڕیون، چونکی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون شک نابەن و ئەوەی لەو نێوەشدا ونە و لە بنەڕەتڕا هەر بایەخی نەدراوەتێ، هەست بە بەرپرسایەتی کردنی حکوومەت و خەمخواردنە لەو کێشەیە. چونکی ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە پتر چارەنووسی باشووری لوبنان و خەڵک و میلیشیا و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمە لە وڵاتانی ناوچە و داهات و سامانی گشتیی وڵاتیش بۆ ئەو ئامانجانەیە؛ نەک گەڕانەوە و تەرخانکردنی بۆ خەڵک و نێوخۆی وڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی نوڤەمبەری ٢٠٢٠

## ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان"

### (بەبۆنەی تۆمارکردنی سەربردەی ١٠٠ پێشمەرگەی نیشتمانەوە)

بەرنامەی "ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان" سەدەمین بەشی لە تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ و ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاو کرایەوە. سەت دیدار لەگەڵ سەت تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باس لە بەشێکی کورت لە ژیان و سەربردەی ئەو ڕۆڵە دەروەست و خۆنەویستانەی گەلی کورد بوو کە زۆربەیان بەشی زۆری تەمەنیان و بە تایبەت لاوەتیی خۆیان بەختی ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیان کردووە.

لەم کورتە نووسینەدا و وەستان لەسەر ژیانی ئەو ئازیزانە، دمهەوێ باس لەو بیروباوەڕە پتەوە بکەم کە ئەوان بە هێز و ئیرادەی شۆڕشگێرانەیان وازیان لە هەموو خۆشییەکانی ژیان هێناوە و گیان لەسەر دەست و چەک لە شان شانیان داوەتە بەر ئەرکێک کە کەم کەس پێی دەکرێ و لە دەستی دێ و خۆی لەبەر دەگرێ.

بێگومان سروشتی ئینسان جۆرێکە کە هەوڵ دەدا ژیانێکی خۆش و ئاسوودە و دوور لە شەڕ و نەهامەتی تێپەڕ بکا و دەکرێ بڵێم بەدوای خۆشترین ژیاندا دەگەڕێ، ئەوەش مافی هەر مرۆڤێکە کە لەسەر ئەم زەوییە دەژی. بۆیە نەک تەنیا لاوەکان بەڵکوو بەساڵاچوانیش هەردەم هیوای ژیانێکی ئارام و جەستەیەکی تەندروست و ساڵ و مانگ و بگرە ڕۆژێک ژیانی زیاتر دەکەن، بەڵام ئەوەی لەو بەرنامەیەدا دیتمان، هیواکان پێچەوانە بوون، ئەوە نەک بەو مانەیەی کە ئەو پێشمەرگانە لارییان لەو ژیانە ئارامە بێ، بەڵکوو هیوای ئەوان هزر و هێزێکە کە ئەو شۆڕشگێرانەی هان داوە ژیانی خۆیان فیدا بکەن و گیانیان بەخت بکەن بۆ ئەوەی هیوای ئەو ئینسانانە بەدی بێنن کە ئارەزووی ژیانێکی ئارام دەکەن و لە ژێردەستی و لەژێر نیری زۆرداریدا دەچەوسێنەوە و حاکمان ژیانێکی شیاوی ئینسانییان پێ ڕەوا نابینن.

گەلی کورد لەگەڵ ئەوەی کە گەلێکی ئاشتیخوازە، بەڵام بەداخەوە سەدان ساڵە نیشتمانی داگیر کراوە، دەکوژرێ و قەڵاچۆ دەکری، لەسەر خاکی خۆی خوێنی دەڕژی و ڕاو دەنرێ و پەڕیوەی هەندەران دەبێ، هیچ مافێکی ئینسانیی پێ ڕەوا نابینرێ و هەر کە داوای ماف لە داگیرکەری نیشتمانەکەشی دەکا، سەری بە داردا دەکرێ و حاشا لە بوون و زمان و خاک و کولتووری دەکری. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە گیانبازانی ئەو میللەتە ئازایانە بێنە مەیدان و بڵێن ئەم خاکە خاکی کوردە و زوڵم و زۆری داگیرکەر قبووڵ ناکەین.

ئەو ژن و پیاوانەی کە بەشداری ئەو بەرنامەیە بوون، هەموو لەو ڕۆڵە ئازایانەی گەلی کورد بوون کە حوکمی بێگانەیان قبووڵ نەکرد. ئەوان تەمەنیان جیاواز بوو، تەمەنی خەباتیان وەک یەک نەبوو و سەربردە و بەسەرهاتەکانیشیان هەر یەکەی بۆخۆی کتێبێک و مێژوویەک و داستانێک بوو. بەشێک لەوان ئەوانە بوون کە لە هەرەتی لاوەتیدا چەک لە شان و خاوەن باوەڕ هاتوونەتە مەیدانێکەوە کە لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ گڕ و ئاگری شەڕ ئاوێتەی یەک بوون. ئەوان هەموو ئەو کەسانە بوون کە موو چەرمووە لە شاشەی تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ دەرکەوتن، بە لاوی هاتن و بە پیریش هەر بەردەوامن. ئەوان لە زانستگە و ئاکادیمای شەڕ پێنەگەیشتوون و ئەلف و بێی شەڕیان نەخوێندووە، بەڵکوو ئەوان لە کوورەی خەباتێکدا قاڵ بوون و ڕاهاتن و پێگەیشتن کە ڕووبارێک خوێن و فرمێسکی بۆ دراوە. ئەوان لەو مەیدانەدا بوونە سەرکردە و فەرماندە و لە بەرانبەر یەکێک لە درندەترین هێزی داگیرکەری سەدەی بیست و یەکدا وەک قەڵا وێستان و نەبەزین و نەنەوین. دوای ئەو تەمەنە و دوای ئەو هەموو سەختی و نەهامەتییەی ژیانیان، کە باسیان لە سەربردە و بەسەرهاتی خۆیان دەکرد بە هەمان ئیمانی ڕۆژی یەکەمی پێشمەرگایەتییەوە هێز و ئیرادەیان لێ دەباری. ئەوان نەک لە فیداکردنی تەمەنی گەنجییان لە ڕێی نیشتماندا پەشیمان نەبوون، بەڵکوو بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە دەیانگوت ئەوەندە تەمەنەی کە ماویشە پێشکەشی بارەگای ئازادیی گەل ولاتەکەمانی دەکەین.

کە دەهاتنە سەر شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی لەشکری دژمن، دەچوونەوە ئەو ساتەوەختەی کە لەمەیداندا بەگژ هێزی داگیرکەردا دەچوونەوە و تووشی شەڕی دەستەویەخە و سەنگەر بە سەنگەر و کۆڵان بە کۆڵان دەبوون. ئەوان تەنیا بە کلاشینکۆفێک لە قووڵایی خاکی نیشتمانی پیرۆزدا، لە باشووری کوردستان هەتا باکوور، لە ئیلام و کرماشانەوە هەتا خۆی و سلماس و ورمێ لەبەرانبەر سپایەکی دەوڵەتیکی پۆشتەوپەرداخدا ڕاوەستاون. دژمن لە هەموو لایەکەوە و بەهەموو چەکوچۆڵ و تێکنۆلۆژی سەردەم بەگژ هێزی پێشمەرگەدا دەهاتن بەڵام بە شاهیدی دۆست و دژمن و خەڵکی کوردستان ئەوەی لەشەڕدا برا برای خۆی نەدەناسییەوە و مەیدانی چۆڵ دەکرد، هێزی ڕێژیم و داگیرکەری کوردستان بوو. دەمهەوێ بڵێم لەو مەیدانەدا چەک و هێز ئاکام و کۆتایی شەڕی یەکلایی نەدەکردەوە، بەڵکوو ئیمان و بیروباوەڕ و ئیرادەی پێشمەرگە بوو کە لەشکری زۆر و بۆری دژمنی بەچۆکدا دێنا و ئاڵای سەرکەوتنی دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر هەر سەنگەرێک و هەر لووتکە شاخێک دەشەکایەوە.

ئەم جەنگاوەرانە وێرای ورە و ئیرادە و ئازایەتی، جارجاریش بۆ لەدەستدانی هاوڕێ شەهیدەکانیان فرمێسک لە چاوەکانیاندا قەتیس دەما و بە حەسرەت و شانازییەوە یادیان دەکردنەوە و باسیان لە ساتەوەختی شەهیدبوونیان دەکرد. کە باسیش دەهاتە سەر پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە، بەوپەڕی سەخاوەتەوە باسیان لەو شەڕانە دەکرد کە خەڵک چۆن بۆتە یارمەتیدەریان. چۆن چەک لە شان وێڕای پێشمەرگە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بوون. ئەوەی لێرەدا

گەلێک گرینگ بوو، ئەوە بوو کە لە پارمەتیدانی پێشمەرگەدا ژنان و کچانیش شانبەشانی پیاوان لە هێندێک شەڕگە و جەبهەدا زیاتر لە پیاوان پاڵپشتی هیزی پێشمەرگە بوون و ئاواتەخواز بوون ڕۆژێک لە کوردستانی ئازاددا پاداشی ئەو هەموو خزمەتەی خەڵک بدەنەوە. ڕاستە پێشمەرگە لە بەرانبەر پشتیوانیی خەڵکدا ئامادە بووە لە پێناوی ئەواندا گیانی خۆی بەخت بکا، بەڵام ئەوان ئەمەگناسانە هیوایان ئەوەیە کە ڕۆژێک بتوانن خزمەتی زیاتر بە گەلەکەیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەی کە لەشەڕدا زۆر لە یاساکان پێشێل دەکرین و لەشەڕدا کەس گوڵ نابەشێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرەنجە ئەوەیە کە پێشمەرگە لەگەڵ ئەوەی کە دژ بە هێزێکی داگیرکەر جەنگاوە و لەشکری دژمن هاتووە خاک و نیشتمانی داگیر کردووە، بەڵام ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ یاساکانی شەڕی لەبەرچاو بووە و باشترین بەڵگەش ئەو هەزاران دیلەی هێزی داگیرکەرە کە چۆن و بە چ شێوەیەکی ئینسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردوون و لە مەیدانی شەڕدا نەیانکوشتوون و گیانیان پاراستوون. ئەوە لە کاتێکدا کە لایەنی بەرانبەر دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراستووە و ئەگەر پێشمەرگە بەدیلگیراوەکانی لە مەیدانی شەڕدا نەکوشتبی ئەوا حەتمەن لە بەندیخانەکاندا بە دڕندانەتری شێوە ئەشکەنجەیان داون و سەرەنجام لە سێدارەیان داون.

بەشێک لە میوانەکان ئەوانە بوون کە بە چاوی پڕ لە فرمێسک بەڵام بە ئیرادەیەکی پتەو و پۆڵایینەوە باسیان لە شەهیدبوونی کەسوکاریان و وێرانیی ماڵەکانیان و گرتن و لێدان و زیندانی و ئەشکەنجەی بنەماڵەکانیان لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەکرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ مافێکی ئینسانی، لە هەموو ڕێگەکانی سەرکوت کەلکی وەرگرتووە و ئەوەی لە توانایدا بووە بۆ بەچۆکداهێنانی ڕۆڵە بوێرەکانی ئەم گەلە، دریغی نەکردووە. چ ئیرادەیەکی بەهێزە کاتێک برا لە دوای برا شەهیدەکەی یان لە دوای باوکی دێتە مەیدان و ناهێڵێ چەکی دەستی برا و باوکە شەهیدەکەی بکەوێتە سەر زەوی و ئیزن نادا سەنگەری براکەی یان باوکی چۆڵ بێ. چ دڵهەژینە کاتێک ژنێک باسی هاوسەرە شەهیدەکەی دەکا یان کەسێک باسی باوکی شەهیدی دەکا و چلۆن نەفرەت لە شەڕ و شەڕخوازان دەکەن و لە حەسرەتی دیداری ئازیزانیاندا ئاوات بۆ باوەشێکی گەرمی باوکانە یان ڕستەیەکی ئاشقانەی هاوسەرە شەهیدەکانیان دەخوازن. بەشێک لەوان ژیانیان پڕە لە تراژیدیا بەلام دڵیان پڕە لە پەیڤی خۆشەویستیی نیشتمان.

بەشێکی دیکەی بەرنامەی "ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان" ئەو تێکۆشەرانەی خەباتی نێو شار و گوند و بەندیخانەکان بوون کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتدا بەگژ زوڵم و زۆرداریدا دەچوونەوە و سەنگەری بەندیخانەیان بە خوێنی جەستەیان ڕەنگاندووە. ئەو ڕۆڵە ئازا و نەبەزانەی گەلی کورد عەیامێکە لەو سەنگەرەشدا دژمنیان بە چۆکدا هێناوە و بۆ سەربەرزیی گەلەکەیان بەشێکیان سەربەرزانە چوونە سەر دار و سەربەرزانە مردن. بەشێکیشیان بە ئیرادەی لەشکاننەهاتوویان چۆکیان

بە ترس و نائومێدی داداوە و تا ئەمڕۆش لە سەنگەری بەرگریی لە گەلی کورددا بوێرانە سینگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی گەل و وەفاداری ڕێگەی پیرۆزیی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلی کوردی مافخوراو و زوڵملێکراون.

ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوە تاڵانەی کە لە ژیانی ئەو شۆڕشگێڕانەدا تۆمار کراون، هەر کامەیان بۆ خۆیان ڕۆمانێکن و پێویستە نەسڵی داهاتوو بیکەنە ئەزموون و وانەی نەبەزین و خۆراگری و هیوا و ئاواتەکانی ئەوان بیننە دی و نەهێڵن ئەو ڕێبازە بێ ڕێبوار بمێنێتەوە. بێگومان هەست و شعووری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لەنێو لاوانی کورددا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنێ و ئەو سەنگەرە هەر ئاوەدان و ئەو تێکۆشەرانەش بە ئەمانەتەوە ئەم ڕێگەیە بە ڕێبوارانی خوێنگەرم و تۆڵەستێنی نیشتمانی کورد دەسپێرن.

***

بەرنامەی "ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان" دوای دیدار لەگەڵ ١٠٠ تێکۆشەری دێموکرات کۆتایی هات. بۆ درێژەدان بە بەرنامەکە ساغ بووینەوە کە لەمەودوا بە شێوەیەکی دیکە بە ناوی "ئۆگرانی ئازادی" درێژە بە بەرنامەکەمان بدەین. مەبەست ئەوەیە بتوانین لەگەڵ خەڵکێکی زۆرتر چاوپێکەوتنمان هەبێ و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی ئەو خەباتە و تێکۆشانی ئەو خەباتگێڕانە لەسەر هەستی ئەوان لە زمان ئەو کەسانەوە بیسین کە لە لاوە شاهیدی ئەو قارەمانەتییە بوون یان تەنیا بەشیوەی زارەکی و لە ڕادیۆ و مێدیاوە بیستوویانە، یان وەک نەسڵێکی دیکە هاتوون ئەم ڕێگەیە درێژە پێ بدەن. دیارە هەر لەم بەرنامەیەدا جێگە بۆ ئەو تێکۆشەرانەی دەورانی خەباتی چەکداری هەر ماوە کە تا ئێستا نەمانتوانیوە دیداریان لەگەڵ پێکبێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەی ٢٠٢١

# یەڵدای خواوەندی خۆر

لە درێژترین شەوی ساڵدا کە خۆر و مانگ بە یەک دەگەن، هەر ئەو شەوەش یەڵدا لەدایک دەبێ، لەو شەوە باڵابەرزە ئەنگوستەچاوەی ئەوکاتەوە تا هەنووکە خۆرێک لە ئاسمانی یەڵدا هەر وا گەز گەز باڵا دەکا.

ئەو کاتانەی کە خۆر تین و گوڕی دەخاتە گەڕ دژی تاریکی و خواوەندی شەڕ، کاتێ هەتاو چاوی پڕ تیرێژی هەڵدەهێنێ و کۆتایی بە شەوگاری درێژترین شەوی ساڵ دێنێ، خەڵک لەبەر ئاگردانی ئەشکەوت و خانوە قوڕینەکانی ئەو سەردەم و کۆشک و تەلاری خانەدانان چاوەڕێی دیداری تیرێژ و گزینگی خۆری بەیانین. ئەو شەوە ئاشق و مەعشووق بە یەک دەگەن، لە دێر زەمانەوە لەنێو کورددا ئەم شەوە بە گێڕانەوەی حیکایەت و چیرۆکە کۆنەکان کە ئازایەتی و قارەمانەتیی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، تێپەڕ دەکەن. دوای هەر نسکۆیەک تێهەڵچوونەوە و بەرگریکردن سەرمەشقی خەبات و خۆڕاگری شابەیتی ئەو داستانانە بوون، زۆر جاران قارەمانانی ئەو چیرۆکانە کچانی شەنگەباڵا و لاوانی مێرخاس و قارەمانانی نەتەوەکەمان بوون کە لە شۆخ و شەنگی و ئازایەتی و جوامێریدا نموونەیان دەگمەن بووە. چیرۆکەکانی وەک: مەم و زین، شیرین و فەرهاد، قەڵای دمدم و خانی لەپ زێڕین و دوازدەسوارەی مەریوان و زۆر بەسەرهات و سەربردەی تر وێردی سەر زار و زمانان بوون. هەگبەی هۆزان و هۆنراوە، لایەلایە و گۆرانی و لاوک و هۆرە و بەستە و حەیران ڕازێنەرەوەی شەوچەلەی درێژترین شەوی ساڵ بوون، لەو کاتەدا بووکی سپی پۆشی بەفر خۆی دەکا بە هەموو ماڵێکا و کۆتایی بە شەوەزەنگ و تاریکی دێنێ و هێدی هێدی خۆر وەک زاوا زێڕینە لە کەل سەر دەردێنی. بووکی سپیپۆش و خۆری زێڕین ئاوێتەی یەک دەبن و خەزانی زەرد و کلووی بەفر دەبنە ملوانکە و گەردانەی گەردنی یەڵدا و، سپێدە ئەو ڕۆژە خەڵک تۆوی هیوا دەچێنن و دوور دەڕوانن هەتا بووکەخان کراسێکی گوڵ گوڵی سەوز دەپۆشێ و سروشت جوانی بە گوڵان دەبەخشێ و هیوای دڵان وەدی دێنێ.

گەلێک زۆرن داستان و ئەفسانە، لە ئایینی مەسیحییەتدا دەڵێن لەم شەوەدا مەسیح لەدایک دەبێ، لە ئایینی میتراییدا میترای خواوەندی خۆر دێتە سەر دنیا و مەرگی ئەهریمەنیش هەر لەو شەوەدا ڕوودەدا. لە ئایینی زەردەشتدا زەرتوشت لەدایک دەبێ و ئاگر دەبێتە سیمبولی خواوەندی سروشت و جوانی. ئەمانە بەشێکیان هەر حیکایەت و ئەفسانە بوون و لە ڕۆژژمێری مێژوودا وەک حەقیقەت تۆمار نەکراون.

بەڵام نۆ دەیە بەر لە ئێستا لە دەڤەری زەرتوشت، لە ڕۆژەژمێری ئێمەدا، لە داوێنی گۆلی ورمێ و لە باوەشی ئاگریدا، لە مەڵبەندی سەرهەڵدان لە پەنا کۆمارەکەی ئاراراتدا، لەگەڵ تریفە مانگ و ورشەی ئەستێرەکان یەڵدا موژدەی ڕوحێکی نوێ و حەقیقەتێکی ڕوون و هەواڵی دوور لە ئەفسانە و خەیاڵیدا بە ئێمەی کورد. لەو کاتەدا کە لە کۆشکی شاکانەوە دەنگی ئازادی لە گەروودا دەخنکێنرا، لە داوێنی دایکێکی ڕووسوردا، لە باوەشی ئەو یەڵدا باڵا بەرزە ئەگریجە قەترانییەدا، ئەو کاتەی کە هەموویان بە دیار دیداری ڕووناکی و گزینگی خۆری خواوەندی گەردوونەوە بوون، لە شەوی شێعر و هەڵبەست و ئەشق و ئەوین و چاوەڕوانیدا، لە کەناراوەکانی مەڵبەندی زەرتوشتی پێغەمبەردا، لەنێو ئاپۆرای جەماوەر و هەگبەی هۆزان و هۆنراوەدا، لەو کاتەدا کە هەردوو بورجی کەوان و کاژۆڵە لە یەک تێدەپەڕن، لەو کاتەی کە لاوەکان تا سپێدە ئاگر دەگرێنن، دڵدار پەیڤی ئەشق و ئەوین بە گوێی یەکدا دەچرپێنن، ئەو دەمانەی کە هۆزانڤان هۆزان دەچڕن و هەڵبەستوان هۆنراوە دەهۆننەوە، هاواری کۆرپەیەک ئاوێتەی شێعر و شەو و شەوچەلە و زەردەخەنە و پێکەنین و ئاهەنگ و مۆسیقایان دەبێ و موژدەی کۆتایی شەوگاری تار لەو دەڤەرە دەنگ دەداتەوە.

هەرچەند کرێوە و سەهۆڵبەندان بەڕێوەیە، بەڵام هیوا هەروا بە پێوەیە، هەرچەند گەل هەر لەژێر نیری چەوسانەوەیە، بەڵام ئاڵای ئاگری هەر لە شەکانەوەیە، لەو سەردەمە هەستیارەدا مناڵێک هیوای هەستانەوەیە، ئا لێرەدا وەرزی خەزان ماڵاوایی دەکا و شەوگاری ڕەش کۆتایی دێ، هەرچەند خاتوو زەمهەریر شیوەن دەگێڕێ و ڕوومەتی دەڕنێ، بەڵام وەرزی شەختەش کۆتایی دێ.

ئێستا ئیتر بەهارە و وەرزی سەوزی جوانیی سروشت و ئاوازی ئازادی و مۆسیقای هەستانەوە و سروودی ڕابوون و ڕاپەڕینە. ئێستا ئیتر نە برنۆکەی سمکۆ بێ خاوەنە و نە داگیرکەر ئەرخەیانە. لاوێکی کورد لە بەهاری کوردستان و لەگەڵ زایەڵەی سروودی "ئەی ڕەقیب"ی کۆماری کوردستاندا سەنگەری سەرهەڵدان و سەرەوەری هەڵدەبژێرێ. لەگەڵ ناودێرکردنی پێشمەرگە دەبێتە هاوڕێ و هەڤاڵی سەروەران و خەون بە ئازادییەوە دەبینێ. ئەو دەبێتە پێشەنگ و پێشمەرگە و دەبێتە ڕێبەر، دەبێتە کاریزما و دەبێتە چقڵی چاوی داگیرکەر، کەژ و چیا دەکاتە سەنگەر، دەبێتە نێزەی دژ بە لەمپەر، بۆ کورد دەبێتە قەڵغان و سپەر.

خامە بە دەست، چەک لە شان لە مەیداندا و لەگەڵ زانست باڵا دەکا. لە نیشتمان وەدەر دەنرێ، ئاوارەی هەندەران دەکرێ، سەرۆککۆمارەکەی لە دار دەدرێ، کۆمارەکەی ئاگر دەدرێ، بە تاوانی ئازادی تاوانبار دەکرێ بەڵام ئەو بەرگەی هەموو ئازار و ژانێ دەگرێ.

زوو بە ڕێبەر دیاری دەکرێ بەڵام سەد حەیف و مخابن لە پەنا خاچەکەی مەسیح، لە باوەشی بووکی ئوروپا لە ڕێی ئاشتیدا لە خاچ دەدرێ. سەروەر سەری هێندە بەرزە لای بورجەکەی ئیڤێل لە باوەشی پێرلاشێزدا دوور لە دایکی نیشتمان بۆ ساتێ بۆ سەرخەوێک ئارام دەگرێ.

ئەو کۆرپەیەی خاتوو یەڵدا بە ئێمەی بەخشی،کورد بوو، عەوداڵی ئازادیی وەتەن و ئازادیخواز بوو، لە دەڤەری سمکۆی شەهید و قوتابیی پێشەوای مەزن و هاوخەباتی گەلێ مێرخاس و پێنووس بەدەست و نووسەر و ڕێبەر بوو. مامۆستای گەلێ وانەی بەرەنگاری و خۆڕاگری و بەرگری بوو. ئەو ڕێبەر بوو، سەرکردە بوو، خاوەن لۆژیک و فکر و ئیدە بوو، ڕێبەری گەلێکی بندەست و خاوەن ئیمان و ئیرادە بوو. سەد حەیف و هەزار مخابن، زۆری مابوو و زوو لە دەست چوو.

سەران سەری دیارە، بۆ ئێمە ڕێبەر و ڕێنوێن و سەردارە، ئێستا لەنێو دڵ و هزری هەموومانە، لای هەموومان بووەتە قارەمانی ئەم داستانە. لە درێژترین شەوی ساڵدا بوو بە هیوای گەلی بندەستی کورد، بوو بە دوکتۆر، بوو بە خاوەنی "کوردستان و کورد"، ئەو پێشەنگی خەباتی گەلێکی بێبەش و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کەس هەیە نەزانێ کێ بوو؟

ئەو زاتە نەمرە شەهید دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو.

قاسملوو بوو، کە ناوی چووە ڕیزی نەمرانی مێژووەوە، درێژترین و تاریکترین شەوی میللەت لە سایەی وی ڕووناک بۆوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەی ٢٠٢١

## بابەتەکانی ساڵی ................ ٢٠٢٢ و ٢-٢٣

---

### جێژنی دووی ڕێبەندان، جێژنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەمووتان پیرۆز بێ

پێشەوا و کۆمار، ڕەمز و پێناسە و شانازی و ئیفتخاری گەلی کوردن. باسی کۆمار بێ پێشەوا شێعرێکی ناتەواوە. کۆمار مەشخەڵی ڕووناکیدەری ڕێگەی سەختی سەربەخۆیی کورد و پێشەواش مەشخەڵداری ئەو ڕێگەیە و ڕەمزی یەکگرتن و یەکریزی گەلی کورد و یەکپارچەیی کوردستانە. پێشەوا و بارزانی و بارزانیەکان، ڕەمزی ئەو یەکبوون و برایەتییەن. پێشەوا بۆ کورد ژیا و بۆ کورد چووە بەردەم پەتی سێدارە، وەسیەتنامەکەشی هەر ئامۆژگارییە بۆ کورد. پێشەوای شەهید تامی تاڵی یەک نەبوون و خیانەتی ڕۆڵەکانی گەلەکەی چێشت، هەر بۆیە بە نیگەرانیەوە لە داهاتووی گەلی کورد دەڕوانێ و بەشێکی وەسیەتنامەکەشی هەر باسی یەکبوون و یەکڕیزییە.

پێشەوای شەهید، لە وەسییەتننامەکەیدا پێداگری لەسەر یەکگرتن و یەکبوونی نەتەوەی کورد دەکات کە هەمیشە وەک دەردێکی کوشەندە زیانی بە کورد گەیاندووە. جەنابیان دەفەرمێ "ڕەمزی سەرکەوتنی هەر گەل و نەتەوەیەک، یەکگرتن و یەکبوونە، هەر میللەتێک یەکیەتی و تەبایی نەبێ هەردەم ژێردەستی دژمنانی دەبێ، ئێوە گەلی کورد هیچتان لە گەلانی ئەم سەر گۆی زەوییە کەمتر نییە، بەڵکوو لە پیاوەتی، غیرەت و لێهاتوویدا لە زۆر لەو گەلانەی ڕزگار بوون لە پێشترن، ئەو میللەتانەی کە لە چنگی دژمنە زۆردارەکانیان ڕزگاریان بوو، وەک ئێوەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان ڕزگار کردووە، یەکیەتییان لەنێوانیاندا هەبووە". دەفەرمێ"من وەکو برایەکی بچووکی ئێوە لە ڕێگەی خودا، بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم، یەکبگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن. هەتا دەست نەدەنە دەستی یەکتر، سەرکەوتن مسۆگەر نابێ. هیوادرام وتەکانم وەرگرن".

بەڕێزان، سەیری گەورەیی ئەو زاتە مەزنە بکەن، ڕێبەر و سەرۆککۆماری میللەتێک، دەفەرمێ، "من وەک برایەکی بچووک داواتان لێدەکەم". چەندە سەختە وڵام نەدانەوە بە داوای ئەو سەردارەی کە بۆ خاتری مافی گەلەکەی بە پێوە چووەتە سەر دار، ئەوەیە گەورەیی، ئەوەیە شانازی و ئیفتخار. سەرۆککۆمارێک کە لە هەمووبان گەورەتر و بەڕێزترە، خۆی دەکاتە

بـرای بچووکمـان، لە پێنـاو چی؟ لە پێنـاو یەکگـرتن و برایەتـی. بیـر بکەنەوە کە لە لای ئەو سەرکردە تێکۆشـەرەی کـورد یەکگـرتن و برایەتـی چەنـدە گرینـگ و پیـرۆزە. بـا دەست لە دروشم هەڵگـرین، ئەگەر خۆمـان بە ڕێبـواری ڕێـی پێشـەوا و پێشەوا بە ڕێبەری خۆمان دەزانین، دەبێ بە کردەوە وەفاداریی خۆمان بە ڕێبـاز و ڕێنوێنییەکـانی بسـەلمێنین. بـا لەوە زیـاتر ڕوحی ئەو شەهیدە نەمرە ئازار نەدەین.

هەموومان دەڵێین، ڕێبـواری بە هەق و وەفـاداری ڕێـی شـەهیدانین. پیشـەوای شـەهید بـۆ خـاتری پاراستنی گەلەکەی دەستی برایەتی بۆ دژمنەکەی درێژ کرد و پێشوازی لێکرد، دوکتـۆر قاسملووی شـەهید بـۆ خـاتری وەرگرتنـی مـافی گەلەکەی لە گەڵ درندەترین ڕێژیم دانیشت و کەوتە گفتوگۆ، شـەهید دوکتـۆر شـەرەفکەندی بـۆ خـاتری دۆسـتایەتی و برایەتـی نێـوان کـورد و نەتەوەکـانی تـر، لە گەڵ ئەحزابـی غەیـرە کـورد دانیشت، هەموویـان لە سەر مێـزی گفتوگـۆ و ئاشتی و برایەتـیدا شـەهید بـوون. خۆمـان بە ڕێبواریـان دەزانـین بەڵام ئامـادە نـین بە یەکەوە دابنیشـین و کۆتـایی بە ناکۆکیەکـان بێنـین؟ بـۆ ئەوەی ویژدانمـان لە ئـاهی هەنـاسەی سـاردی دایکی شـەهیددا نەسـووتێ و عەزاب نەدرێ، بـۆ ئەوەی شـەرمەزاری منـاڵی بـێ نـازی شەهید نەبین، بۆ ئەوەی بە داخی پەشیمانیەوە سەر نەنێینەوە، دەبـێ یەکـدەنگ و یەکگرتـوو بـین. حیزبـی گەل دەبـێ گـوێ لە ڕای گەل بگـرێ، حیزبێـک وڵامـی داواکـاریی گەلەکەی نەداتەوە، ئاکـامەکەی تەریـک کەوتـنەوە و بەجێمـانە لە کـاروانی پێشکەوتن.

ئای لە بەختی کورد، لە بەختی کورد چەرخی گەردوون چەپ دەسوورێ و دەمان هاڕێ، دژمنی کورد دەکوژێ، دەبـڕێ، ویـران دەکـا، دەرووخێنـێ، خۆشمان هاودەست و هاوکاریـانین بـێ ئەوەی بە کارەسـاتەکانی بەردەممـان بـزانین. ئێمەی کـورد وڵامـی داوای ڕێبەری شەهیدمان بـۆ یەکرێـزی و برایەتـی نـادەینەوە بەڵام، داوای ڕێبەرانـی ئێسـتامان بـۆ دووبەرکـی و دژایەتـی بە گیان و دڵ قبووڵ دەکەیـن. ئەوەیە کارەسـات، ئەوەیە بەدبەختـی و ڕۆژڕەشی کـورد. ئەزمـوونی تـاڵی ڕابـردوو پێمـان دەڵـێ، دژایەتـی یەکتـر، یەکتـر قبـووڵ نەکـردن و خـۆ بە زلـزانین، ڕێگـای سـەختی خەبـاتمـان سـەختتر و دوورتـر دەکـاتەوە. دوور نەڕۆین، هەر دوێنێ لە شاری کۆڵن، بزانن نەیارانی کورد چەندە زیرەک و زۆڵن، سـەرکردە یەکنەگرتوەکانمـان لە حاسـتیان چەندە کلۆڵن، لە حاست نەیار قەڵەمەکان چەنـدە کۆڵن، بەڵام لە دژایەتـی یەکتـردا خەریکە چـاوی یەک دەکـۆڵن. ئەوەیە زەربەی یەکنەبوون، ئەوەیە ئاکامی هەڵچوون و تووڕەبوون.

زستـانە، بەفـرە، سـەهۆڵبەندانە، مانـگ ڕێبەنـدانە، سـاڵوەگەڕی دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتانە، چ ڕۆژێکـی خۆشـە. بەڵام سەیری ئەم چەرخە چەپگەردە کەن، دووی ڕێبەنـدان ڕێبەری کـورد حکومەتی کـورد دادەمەزرێنـێ و چـوارچرا دەبێـتە شـوێنی گۆڤەندی کورد، بەڵام زۆری پێناچێ کە هەر ئەو شوێنە دەبێتە مەیدانی مەرگ و شیوەن و گریـانی کورد. ئەوەیە داخ،

ئەوەیە چارەنووسی کوردی یەکنەگرتووی خۆشی لەخۆ نەدیو.

دیسانیش سەیری ئەم چەرخە چەپگەردەی گەردوون بکەن، لە وەرزی زستان و شەختەدا، ڕێبەندان مانگی دووە، لە ڕێبەنداندا ڕۆژی کۆمار و دامەزرانی ڕۆژی دووە، نەهامەتی کورد سەیر کەن حیزبی دامەزرێنەری کۆماریش ئێستا دووە. دوو برا دوو خەت، دوو ڕیز، دوو ماڵ، دوو دەنگ، دوو سەرکردە، دوو پێشمەرگە، دوو کورسی، زمانم لاڵ بێت دوو دژمنی سبەینێش.ئای لە داخی سەرکردە و سیاسەتمەدار، وای لە دەست سیاسەتی سەقەت. حیزبێک نەتوانێ کێشەی ناوخۆی چارەسەر بکات، چۆن دەتوانێ کێشەی میللەتێک چارەسەر بکات؟ وای لە داخی ئەو ڕۆژەی کە دیسان خوێنی کورد بە دەستی کورد برژێ. ئای لە دەستی ئەو ڕۆژەی کە پرچی سپی دایکی ڕۆڵە لە دەست چوو ببێتە پەتی خنکاندنمان و دایک گەردنمان ئازاد نەکات. وای لە دەستی ئەو ڕۆژەی کە ئەو هەموو زەرد و سوورەی ولاتمان ڕەشپۆش و ماتەمبار بن. نەهامەتییە کە هەموومان نەفرەت نەکەین لە دژمن و دژمنایەتی، لە شەڕی براکووژی، لە دووبەرەکی و یەکنەبوون. ئەمڕۆ نەیکەین سبەی درەنگە.

نەکەن دڵتان خۆش کەن بەو من من و دوو دوانە، ئەوە هەمووی ئاواتی دژمنانە، ماڵ ویرانی کوردە، وێرانیی کوردستانە، شەڕە تفەنگە، خوێن ڕژانە، فرمێسکبارانە، قژ ڕنینە، ڕەشپۆشینە، بەدبەختییە، نەزانییە، ئەوەی ئێوە دەیکەن ڕەوا نەبوە و ڕەوا نییە.

خاک یەک و ئالا یەک، کورد یەک و کوردستان یەک، دێموکرات یەک و ڕابردوو یەک، دژمنمان یەک، شەهید یەک، پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی یەک و یەک ویەک، کۆمار یەک، سێدارە یەک، چوارچرا یەک، ڤییەن یەک و میکوونوس یەک. دیواری بێرلین نەیتوانی بێرلین بکاتە دوو، ئێوە چۆن دەتوانن شەرەفکەندی و ژوانگەی مەرگی شەڕفکەندی بکەنە دوو؟

بە پێچەوانەی معادلەی ڕیازی و ماتماتیک، من دەڵێم، یەک کۆی یەک یەک هەردەبێتەوە یەک.

دووی ڕێبەندانی ٢٠٢٣ی زایینی

## ڕێبەندان

لە وەرزی ڕەهێڵەی بەفر و تەزووی سەرمای زستان، لە گۆڤەندی شەختە و سەهۆڵبەندان، ڕێبەندان بوو بە هیوای بندەستان، گەرچی تووش و سەخت و دژوار بوو، بەڵام مژدەی هیوای کوردی پێبوو، بەرهەمی ژێکافی ژیانەوەی کوردان، بوو بە مانگی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان.

پێش کۆمار دەمێک بوو گەلی دابەشکراوی کورد ببووە دەستەچیلەی ئاگر و لە چوار لاوە گڕ و گوللە و بۆمب و باڕووتی بەسەردا دەباری و خۆزگە و هیوا و ئاواتەکانی تێکەڵاوی فرمێسک و خەم و خوێن دەکران، دەمێک ساڵ بوو کورد و ژان و ئازار ئاوێتەی یەک بوون، ئەییامێک بوو زارۆک و ژن و مێر و تەنانەت دار و بەردی نیشتمانی کورد لەنێو گڕ و بڵێسەی ئاگردا دەسووتان، ئا لەو کاتە هەستیارەدا، لەگەڵ وەرزی کڕێوە و سەهۆڵبەندان، لەو کاتەدا کە زوڵم و زۆری شاکان گەرووی ئازادی دەخنکان، لەو ساتەوەختەدا کە سمکۆی شەهید غەڵتانی خوێن کرابوو، شۆڕشی ئارارات سەرکوت کرابوو، لە دێرسیم سەید ڕەزا لەدار درابوو. لەو دەمەیدا کە بیری ئازادیخوازی بڤە و لە هەر گۆشەیەک داری سێدارە هەڵخرابوو، لەنێو تەمتومان و گڕی ئاگری شەڕی گەردوون و شاکاندا، بلیمەتێک بوو بە دەنگی کپکراوی گەلێکی بندەستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و حیزبێک بوو بە پێشەنگی بیری کوردایەتی و سەربەخۆیی و چوارچرا هەموو کوردستانی کردە چرا. لەنێو بەفر و سەهۆڵدا گوڵی هیوا ڕوا، کوردانی هەر چوار پارچەی نیشتمان چاوی ئومێدیان بڕییە دەوڵەتی کوردستان. زستان بوو بە بەهار و بەهارستان. سروشت فەرشی سپیی بۆ پێشوازیی پێشەوای کوردان ڕاخست هەتا دەنگی کورد بەگوێی کەڕی مێژوو و پەیمانە شوومەکەی سایکس‌پیکۆدا بدا و پیلان و سنوور و کەوشەنی چاڵدێران و سەفەوی و عوسمانی لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە.

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییدا، هەتاو لەسەر دوند و چیاکانی کوردستان بوو بە هیوای ڕۆژێکی نوێ. ئا لەو کاتەدا مەهاباد بو بە قیبلەی ئەوگرانی ئازادی و، ئازادیخوازان پۆل پۆل بوونە میوانی ماڵە گەورەکەی کوردان. کۆمار بێ جیاوازی هی هەموان بوو، لەشکری بارزان و موکریان هەتا باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانم، کرێکار و جووتیار، فەقێ و مامۆستا و خوێندکار، دەست لە نێو دەست بوونە بنیاتنەری یەکەمین دەوڵەتی کوردان. ژن و مێر، لاوانی چەلەنگ و میرخاس، شۆڕەسوار و سوارچاک و چەک لەشان، خامە بەدەست و نووسەر، بۆ پارێزگاری لە نیشتمانی کوردان بوونە قەڵغان و سپەر و سەنگەر. لەنێو خوێن و گڕ و دووکەڵ و دوودمانی جەنگێکی ماڵوێرانکەردا، لەگەڵ شەختە و بەفر و ڕێگەبەندان، کورد

بـوو بە خـاوەن ئـاڵا و پێشـەوا و پێشـمەرگە و کۆمـاری کوردسـتان. لە تـاریکسـتان و قـاقڕسـتانی ئـازادیـدا، لە ئێرانـی شـا و شازادەکاندا کوردستان بوو بە مەڵبەندی دێموکراسی و بیری ئـازادی و ئـازاد ژیـان. کۆمـار بـوو بە پێناسـە، پێشـەوا بـوو بە مەشخەڵداری بیری نەتەوەیی، بوو بە سەرۆک کۆمار، بوو بە پێشـەنگ و پێشـەوا و بـوو بە سـەرقافلەی کاراونێک کە بەنێو شەختە و تەلیسم و لەمپەر و نووکی سەرنێزەی داگیرکەردا هەنگاوی نـا و بێبـاک لە مردن لە زەبروزەنگی نەیـار و دژمن و دژبەر نەپرینگایەوە و ئاڵای ئاڵوواڵای ڕەنگاوڕەنگی کوردستانی لە چوارچرا کردە پیناسەی گەلێکی دابەشکراو و بەشخوراو. "ئەی ڕەقیـب" بـوو بە دەنگـی دلێـری کـورد، "خـوایە وەتـەن ئـاوا کەی" بـوو بە سـروودی ئـازادی و ئـاوەدانی، هونەرمەنـد و هۆزانڤـان و هـۆزانبێژ بە هـۆرە و لاوک و حەیـران و هـۆزانەوە گۆڤەنـدی ئەوینـی کۆماریـان ڕازانـدەوە و هـێمن و هەژار و هەڵبەستوان قەسیدەی هیوای نیشتمانیان نووسیەوە.

ئەو مێژوەی باب و باپیرانمان لە سەنگەری بەرگریدا بە بەرخۆدان و خوێن نووسیبوویاننەوە، وەچە و نەوەکـانی دوای ئەوان لە مەکـتەبەکەی قـازیدا بە شـانازییەوە خوێنـدیان و خوێنـدیانەوە. ئەو ڕۆژە لەژێـر ئـاڵای کوردسـتاندا زارۆک و زمـان گەشـانەوە، پێنـووس و پەرتـووک و پەڕاو لە ژوانـی ئەشقی نیشتماندا تـلانەوە، وانە و ئەلفوبێی کـوردی لەسەر تەختەی ڕەشەی مێژوو بە زمانی شیرینی کوردی، بە زمانی دایک نووسرانەوە.
لەو ڕۆژەدا کـورد بە سـەرباز و سـەرکردەوە، بە وەزیـر و ژنـراڵەوە بـوونە خزمەتکـاری میللەتـی خۆیـان و دەوڵەت و میللەت دەستەملانی یەک بـوون، بەنـدیخانەکان بـوونە فێـرگە و، خوێنـدنگە ئـاوەدان و شـەقام و شـار شـادیان لە دڵ گەڕا، سروشت دوند و گوندی نیشتمانی لەئامێز گرت و لە ڕێبەنداندا جاڕی بەهاری کوردی دا.

گەرچی دیکتاتۆر لە زایەڵەی دەنگـی ئـازادی خەو لە چـاوانی زڕا و چـاوی بە ئـاڵای کـوردان هەڵنەهـات و کۆمـار کەوتە بەر شـاڵاوی لەشکر و ڤشـوونی تـاڵان و، و پێشـەوای کـوردان بە سـەربەرزییەوە لە سێدارە درا، بەڵام کۆمـار و کـورد نەمـردن، ئامانجەکانی کۆمار و پێشەوا بوونە مەشخەڵی ڕێگەی ڕزگاری و سروودی ئەی ڕەقیب و تـۆڵە و ڕقـی پیـرۆز ئـاوێتەی یەک بوون و لە شار و گوند و کەژ و چیای ئەم نیشتمانە تا ئەمڕۆش سروودی سەروەری و سەربەخۆیی هەروا دەنگ دەداتەوە.

وەک دەبینین ئەمڕۆ لە هەموو بەشەکانی نیشتمانم هیوا و ئاواتەکانی کۆمار هەر لە برەو و بەردەوامی دان و ئاڵای خەبـات هەر لە شـەکانەوەدایە. ئـێمەش بە ئومێـدەوە ئەم ڕێـگەیە دەپێـوین. ڕێـگەی پێشـەوا ڕێگـامـانە و ڕاسـپاردەکانی کۆمـار ئامانجمـانن. بە شـانازییەوە دەتـوانم بڵـێم بیـری نەتەوەیـی و دەوڵەتـی کـوردی، پێشـەوا و کۆمـار، پێشـمەرگە و ئـاڵا، سەروەرییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٢

## ئاشقانی وڵاتی خۆر

ژنانی پێشەنگ و پێشڕەو، کچانی بێبەش و بوێر و ئـازای وڵاتـی خۆر، نەوبووکـانی ڕووسوور و دایکـانی خـاوەن هەڵوێست، ئێوەی یاغی لە فەرمانی زۆردار و شا و شازادەکان بە هاتنە مەیدانتان و هەڵوێستی کوردانەتـان تەختی شـاهانتان هەژاند، کۆشـک و قەڵای فەرمـانڕەوای مەملەکەتـی زۆردارتــان لەرزانـد، هـێڵە سـوورەکانی یاسـای چـاخی بەردیـن و ئەهریمەنـی و دواکەوتوانەی دژەژنتان بەزاند.

نەبـوونە نێچیـر و مەلـی بەنـدی قەفەس، نەبـوونە دیـل و کۆیلە، ئازایـانە کۆت و زنجیـری دیلیتـان پسـاند. لەگەڵ لێـدانی سەمفۆنیای مەرگ، مەرگتان دەستەمۆ و بوێرانە ترستان ترساند، ژنانە، خاوەن ئیرادە و ئازایانە لووتی لەمپەرتـان شکاند. برووسکەئاسا وەرزی وەیشوومەتـان هەژاند. بوونە تروسکەی خۆری حەقـیقەت، نەپرینگـانەوە لە شـەختە و کرێـوە و بـاهۆز، زسـتانی تووشـتان کـردە بەهـار و نەورۆز. بـوونە گەردەلـوولی پـاپۆڕی تـرس و، لەنێـو جەرگەی شـەپۆل و هەژانـدا دروشـمی ئـازادی و ئازایەتیتـان بە گـوێچکەی کەڕی مێـژوودا دا. پێنـووس بە دەسـت فێـری وانەی بـوێری و بەرەنگـاری بـوون و ئـاڵا بەدەست بوونە پێشەنگ و پێشمەرگە.

ئێوەی سەوداسەری ئازادی، چەک لە شان چوونە مەیـدانی جەنـگ و بـوێرانە بـۆ ئـازادی جەنگـان. ئێوەی یـاغی لە کولتـووری سەقەت، ئازایانە هاتنە مەیدانی گلان و هەستانەوە. لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی کورد دا، شکۆی ژنتان گەیانـدە کەشکەڵان، سەرتـان هەردەم لەنێو سەران. بەجێی بازنە و گەردانە قەتـارەی فیشەکتان لە سینە و بەرۆک هـاڵان. بـوونە قەڵا و پشت و پشتیوان، بـوونە هیـوای بـێ دایـک و هەتیـوان، بـوونە قەڵغـان، بـوونە پێشـەنگ، مەشخەڵ بەدەست بەرەو ئاسـۆی ئـازادی خرۆشان. بوونە مەرهەمی زامی حەسرەتی دڵی دایکی شەهید و پێشڕەوی کاروانی خەبـاتی فریـادڕەسی بێنەوا و بێبەشان.

ژنان و کچانی سەرقـافڵەی ئەم کاروانە گەلێکن کەم نین، نەسرین و سوهەیلاکەی غەڵتانی خوێن لە بـاوەشی قەڵای بـاوەڕ ئاوێتەی سەحەری مامە سێوەن لە بناری هەیبە سوڵتان، زارای نیشتمان لە زیندان، زۆر شەهید و پێشەنگیتر نموونەن بۆ ئازایەتی و غروور و پێناسەی ژنانە و کوردانەتـان.

دایکانی خاوەن ئیمان و ئیرادە و نەوبووکانی کۆستکەوتووی وڵاتی من دوای هەر کۆستێ هەڵدەستنەوە، کچانی سەوداسەری

ئازادیی زێدەکەی من، بە هزر و هێزەوە، دوای گلان ڕادەبنەوە، دەبنەوە کلپە و بلێسەی سووری ئاگر و برووسکە ئاسا بەگژ هەور و تاریکی و جەهالەتدا دەچنەوە. بۆ ستاندنی هەق، بە دوای ڕزگاریی وەتەندا ڕێی سەختی تێکۆشان و نەسرەوتن دەپێون. تەلیسم و بەندی دێوەزمەی شەو و شەوەزەنگ و شەڕ دەڕمێنن، خەو لەچاوی داگیرکەر و دژ و دژمن ودژبەر و دژە ژن دەتارێنن، ئەوان سەوداسەری ئازادین و ئازادی بە دیاری بۆ گەل دێنن.

ژنانی ئازای وڵاتی خۆر ئاواز و مۆسیقای ئازادی دەچڕن، گیان دەبەخشن و ڕوح لە پێناو، ئازادی بە خوێن دەکڕن. مات و سەرگەردان دەستەوەستان بە خەیاڵی ئەستێرەی بەخت وچارەنووس دەستەوئەژنۆ دانانیشن، تەوار ئاسا بۆ ئازادیی خەڵک و خاک ڕادەبن، بەگژ زوڵم و زۆرداریدا دەچنەوە، دەبنە مۆمی بەر پەنجەرەی هیوای هەموو ماڵێ، دەبنە گوڵی گوڵدانی بەرهەیوانی ژینی هەموو پڕ لەژانێ، دەبنە ئەستێرەی ئاسمانی ئازادیی وڵات، لە کاکەشان دەدرەوشێنەوە هەتا شەوچرای ماڵە قوڕینەکانی شەوەزەنگی نیشتمان خامۆش نەبێ.

کچانی بەهەست و دەروەستی وڵاتی من دوور لە سۆزی کوڕە حەیرانان ئاسکە ئاسا دەستەملانی ئامێزی چیا دەبن. نەوبووکانی نیشتمانی کورد، کورد بە بوێری و بەرگریتان لە نیشتمان و بەرەنگاریتان دژ بە سپای جەهل و تاریکی سەرفراز و سەربڵند و ڕوو سوورە، ڕووسووریتان لەجێی پەچە و ڕووبەند، لە ڕووسووریتان خوێن لە جەرگی چیای سووتمان دەتکێ و ماندوویەتی و پێنووس و چەک و بیروباوەڕتان ئاوێتە و ئاوێزانی یەک دەبن. ئێوەی سەوداسەری ئازادی، بەندیخانە دەکەنە قوتابخانەی خۆڕاگری، سروە و شنەی شەماڵی کوێستان لەجێی هەناسەی دەزگیرانی دابڕاو و بێ سەروشوێنتان، لە ئەشقی نیشتماندا خاک دەکەنە دڵبەر و دڵدارتان. لە ئامێزی چیا و سەنگەردا خوێن تارای سووری بووکێنی و خەنەی شەوی خەنەبەندانتان، قرمژنی چەک و گرمەی بۆمبا ئاواز و مۆسیقای شایی و زەماوەند و گۆڤەندتان، ئێوە پەروەردەی ئامێزی دایکێکی ڕووسوورن هەر بۆیە بوونەتە جێی فەخر و شانازی بۆ کورد و نیشتمانی کوردان.

## کچان و ژنانی پێشەنگ و پێشمەرگە!

ئەگەر لەم ڕێگەیەدا گلان، نیشتمان خۆش، بەڵام دڵنیام ڕۆژێ باوەش بە باڵای گوڵستانی ئازادیدا دەکەن، پەیکەرێ لە باڵای چیاییتان چێ دەبێ و دەبێتە زیارەتگەی ئاشقان و ئەویندارانی نیشتمان. دەزگیرانی شەهید لە ئێرگزەجاڕی ئاگری و بیستوون و موکریان، لە ورمێوە هەتا ئیلام و کرماشان چەپک چەپک بۆ پێشوازیی ماندوویەتیتان گوڵی ئێرگز دەچنەوە، لە پەرتووکی دیرۆکی ئازایەتیتان، هەڵبەستوان و هۆزانبێژ لاوک و هۆزان و هۆنراوە دەهۆننەوە و ئێوە لە هەر دێڕە شێعر و بەستەیەکدا دێنەوە و پڕ بە گەرووتان هاوار دەکەن و دەڵێن "بۆ ئازادیی نیشتمان، ئاوایە ڕێگای ئاشقان".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢

## "گیاڕەنگ" بە بۆن و بەرامەی گوڵاڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردستان

ماڵپەڕی گیاڕەنگ ٢٠ ساڵ لەمەوبەر هاتە نێو دنیای مێدیاوە و تێکۆشەرێکی بریندار و کەمئەندام بەڵام خاوەن هێز و وزە و بەهرە ماندوویی‌نەناسانە و بە هاوکاریی هاوژینەکەی وێرای سەختییەکانی ژیان بە شەونخوونی لە سەنگەرێکی دیکەدا ئەم ماڵپەڕەیان کردە سەرچاوەی باس و بابەت و هەواڵ و ڕۆژانە بە بەردەوامیی ئەم ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد و هەنووکەش بەردەوامن. لەو کاتەدا کە ماڵپەڕی کوردی کەم و سۆسیال مێدیا وەک ئەمڕۆ دیار و بەرچاو نەبوو ماڵپەڕی گیاڕەنگ بابەتی نووسەران و سیاسەتوانان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی بڵاو دەکردەوە. ماڵپەڕی گیاڕەنگ مەکۆی بیروڕا جیاوازەکان و سەرچاوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بووە و وێرای هەواڵ و بابەتی سیاسی لە بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیش غافڵ نەبووە.

ماڵپەڕی گیاڕەنگ وێرای کاری سیاسی و فەرهەنگی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەهید بوون و مەرگی تێکۆشەران و دڵسۆزانی کوردیش غافڵ نەبووە و لەو ماڵپەڕەدا هەمیشە یادی ئەو نەمرانە کراوەتەوە و ڕۆڵ و نەخشیان لە پێناو ئازادیی نیشتماندا بەرز نرخێندراوە.

لە کاتێکدا کە بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد لە وڵاتی تورکیە بەدەست کەمتەرخەمی و بێخەمی کۆمیساریای بەرزی پەنابەران و گوشاری حکوومەتی تورکیە گیریان خواردبوو و کەس دەنگی نەدەبیستن، ماڵپەڕی گیاڕەنگ هەمیشە بە خەمخۆرییەوە باس و بابەتە پێوەندیدارەکانی پەناخوازانی بڵاو دەکردەوە.

لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە بە ئەمەگناسییەوە بۆ جارێکیتر سپاسی خەمخۆری دڵسۆزی بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی گیاڕەنگ دەکەم و هیوام سەرکەوتن و سەرفرازییانە لە پێناو سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

هەر شاد و تەمەندرێژ و سەرفراز بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ – ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠٢٣

## ساڵەکانی: ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٤

### له بیرەوەری تیرۆری ناجوامێرانەی سەرکردەیەکی جوامێردا!



ڕۆژ ١٦ی سەرماوەزە،"جەک لەندەن" لە ژێر حەبای ئاخوندەکانی "تاران" دا، بە کەڵبە گڕەکانیەوە هەڵگری پەیامی مەرگە و تینووی خوێنی قارەمانێکی کوردە، ئەو قارەمانەش کەس نیە بێجگە لە مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی" تێکۆشەر و خەباتگێڕی سەرسەختی ڕێگەی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری.

چ کارەساتێکی سامناک روویدا ، چ هەواڵێکی شوم و خەمهێنەر، کارەساتێک کە چەند ساڵێکە بۆتە خەمی ئازادیخوازانی کورد و غەیرە کورد.

مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی" لە خانوە قوڕینەیەکی گوندێکی هەژارنشینی کوردستان، لە باوەشی دایکێکی رووسووری کورددا پێگەیشت و بە پشتیوانی باوکێکی وەرزێر و دەست قەڵشیو ڕەوانەی حوجرەی مزگەوت کرا، ئەو کات حوجرە مەکۆی شۆڕش و قوتابخانەی کوردایەتی بوو، کاک حەسەن شیوەسەڵی هەر لەوێ فیری ئەلف و بێی سیاسەت و نیشتیمانپەروەری بوو و دڵ و مێشکی بە چرای زانست رووناک بۆوە. دوای حوجرە ڕاپێچی بەندیخانە کرا و لەوێ لەژێر ئەشکەنجە و زەبر و زەنگی "ساواک" دا فێری وانەی خۆڕاگری و نەبەزین بوو و هەر لەوێوە ڕێگەی چیای گرتەبەر و بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازا ، بوو

بە فەرماندەیەکی لێهاتوو، بوو بە مامۆستا و سیاسەتوان، بوو بە پیاوێکی ناودار و بە ناوبانگ، بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و جێگەی هیوا و ئومێدی هەژارەکان، بوو بە چقڵی چاوی دوژمن ، بوو بە ڕەمزی فیداکاری و رزگاریدەری نیشتیمانێکی داگیرکراو.

گەورەیی و عەزەمەتی ئەو زاتە شۆڕشگێڕەی کورد تەنیا لای ئەوانەیە کە هاوبەند و هاوخەباتی بوون یا لە نزیکەوە ناسیویانە و دۆست و هاوڕێ و هاوبیری بوون. من شانازیی ئەوەم هەیە کە ماوەیەک تا کاتی بریندااربوونی وەک پارێزەر و پاسەوان و باوەڕپێکراو لە پەلی فەرماندەیی و شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت لە خزمەتی دابم هەر بۆیە هەمیشە لە دڵمدایە و لە حاست گەورەیی ئەو مامۆستایەم سەری ڕێز دادەنوێنم. سەردانواندن لە حاست ڕێبەرێک کە قوتابخانەیەک بوو بۆ فێر بوون، کێوێک لە خۆڕاگری، پیاوێک سەرتاپا ئازایەتی، پێشمەرگەیەک تا سەر ئێسقان بیر و باوەڕ، مەلایەک لە نیشتیمانپەروەری،زانایەک لە مەیدانی سیاسەتدا،کتێبێک لە شێعری هەمە جۆر، لە جوان چاکیدا خەونی سەدان کیژی شۆخ وشەنگ، دنیایەک بیرەوەری تاڵ و شیرین، سەنگەرێکی لە گیران نەهاتوو، هەمیشە دەم بە خەندە،ڕەنگێک لە ڕەنگە جوانەکانی "گیاڕەنگ"، هاوڕێ و هاوڕێبازی ئاوارە و قوتابییەکی بە ئەمەگی قوتابخانەی پێشەوای مەزن و یار و یاوەرو هیوا و ئومێدی دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر.

ئای لە دەست ئەم ساتە وەختانەی کە ویژدان دەخەوێ، کورد دەبێتە داردەستی داگیرکەر و برای خۆی دەکاتە قوربانیی ماددە و خەیاڵ و ئارەزوو . ئەو ڕۆژەی کە دوژمنی داخ لە دڵ خەونی پێوە دەدی هاتە دی، " حەسەن شیوەسەڵی " کەوتە نێو تەنووری باڕوت و ئاگری سادەیی و دڵپاکی و خۆشباوەڕی ، هاوسەنگەرانی سەرتاپا بوونە خەم و بۆ هەژاران بوو بە فرمیسک و داخ و حەسرەت.

مامۆستا ئازیز، لە سایەی ڕابردووی پڕ لە شانازیت، ئەمڕۆ پەنجەکانت بوونەتە پێنووسی دەستی منالانی هەژاری گوند و سەرجەم خوێنداکارانی نیشتیمانی داگیرکراو و وانەی فیداکاری نەبەزینیان پێ دەنووسنەوە، سۆمای چاوە لە دەست چووەکانت بوونەتە چرای ڕیی تێکۆشانی خەباتکارانی ڕێی ئازادی، بوونە ئەستێرەی هیوا بەخشی ئاسمانی تار و خامۆشی نیشتیمان، بیر و هزرت بیر و هزری هەموومانە و ئاواتەکانت خەون و ئاواتمانە.

غرووری کوردانە وپێشمەرگانەت بە پانتایی پێدەشتەکانی کوردستانە بەڵام لە پەنا دەستت شێرە ژنێک هاوبەشی بەشێکی بەرچاوی شانازیەکانتە، هاوڕازێک کە هاوتا و نموونەی دەگمەنە، دایکێک سەرتاپا سۆز و فیداکاری، فریشتەیەک تەمەنێک لە هاوکاری و خۆشەویستی بۆ تێکۆشەرێکی ناوداری کورد، خاتوو "کلسووم" و بیر و هزری نیشتیمانپەروەرانەی. چەپکێک گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ، میداڵێک لە ئیفتیخار و شانازی پێشکەشە بەو شاژنەی کورد.

مامۆستا گیان، هەموو ژیانت لە ڕێی کورد و دێموکڕات دا سەختی و سەرفرازی و نەهامەتی بوو، گەلێک شانازیت بۆ کورد تۆمار کرد و لە پێناویدا بە شەهیدی زیندوو ناو دەبرێی. ساڵوەگەڕی بریندار بوونی جەنابت هاوکاتە لە گەڵ ساڵوەگەڕی کارەساتی لێکترازانی ریزەکانی حیزب، کتێبی شانازیەکانی حەسەن شیوەسەڵی بۆ کۆتایی لاپەرەکانی ئەم وەرزەی ژیانت پێویستی بە تۆمار کردنی شانازی و شاکارێکی دیکە هەیە . هەر وەک جاران تۆ مامۆستا و ئێمەش قوتابی،

هەر وەک جاران تۆ مامۆستا و من" کوڕە چکۆڵە ". چەند ساڵێکە بە دەست مەسەلەیەکی ماتماتیکەوە گیرمان خواردووە، پرسیارم لە زۆر عالم و زانا کرد، لە دەرگای زۆر کەسم دا، لە بەر زۆر کەس پاڕامەوە و دەستی زۆر کەسم ماچ کرد، کەس نەیتوانی حەلی بکات و هەموویان لە حاستی دا داماون. دایکی پێشمەرگەیەکی شەهید لە زمان ئاوارەی شەهیدەوە ئادرەسی تۆی پێدام و دەڵێ "تەنیا کەسێک کە بتوانێ ئەم مەسەیە حەل بکات مامۆستا " حەسەن شیوەسەڵی" یە"، هەر بۆیە دەستەو داوێنی جەنابت بووم، کلیلی ئەم گرێ پووچکەیە هەر جەنابتی ، مێژوو و ڕابردوو بە خوای ویژدان بسپێرە، دەزانم چەندە دڵ پڕی لە ژیان و چارەنووس و بە سەرهات و ڕووداوەکان، منیش دڵم پڕە لە زوخاو، گوێچکەکانم لە دەست داون هێندەی گوێم لە وشەی " بە سەرچاو، با بزانم چیم پێدەکرێ، ئەوە خەریکم، خەمت نەبێ، پەلە مەکە، جێبەجی دەبێ، جا من چکارەم ،، زەمانی دەوێ، ئیشاڵڵا خێر دەبێ و زۆر شتی تر کە لە بیستنی ئەم وشانە بێزارم.

بیکە بە خاتری سەداقەت و فیداکاریت، لە بەر خاتری دایکی ئەو هەموو شەهیدانەی کە ڕۆڵەکانیان بە فەرمانی جەنابت بوونەتە گڕکانی قەڵای دوژمن، بە خاتری ئەوانەی کە لە سەنگەری بەندیخانە، مەکتەبی فیداکاری جەنابت، چاوڕێی گزینگی خۆری ئازادین، بە خاتری ئەو هەموو گەنج و لاوانەی کە لە ڕێگەی پیرۆزی دێموکرات دا و لە سەنگەری پێشمەرگانەی بەرێزتان دا ئامادەی گیان بەخت کردنن. دوور لە فیزیک و شیمیا و فەلسەفە، بە پێچەوانەی عیلمی ماتماتیک، بفەرموو (١+١ ) چۆن دەبێتەوە ' یەک '؟ نابێتە دوو، مێشکم پڕە لە دوو، بێزارم لەو هەموو دوو دووە، بێزارم لە بەڵێنی فریودەرانەی ئەو سیاسیانەی کە بە شێت و نەزانمان دەزانن. من وڵامی "یەک"م گەرەکە.

لە کۆتایی دا وێڕای ڕێز و خۆشەویستیم، سەد مخابن دەستت نییە تا دەستت ماچ کەم بەڵام تکایە با دەستی کەسیتر ماچ نەکەم، چاوەڕێی هەوڵ و هیممەتی جەنابتین. هیوادارم ببیە فریشتەی نەجاتی حیزب و ئەهریمەنی دووبەرەکی لە گۆڕ بنێی .

سەرفرازیت ئاواتمە.

قوتابیت "کەریم فەرخەپوور"

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## دێموكڕاتەكان هەنگاوێک بەرەو پێشەوە!

دوای شەش ساڵ لێكترازانی ریزەكانی حیزبی دێموكرات، دوای شەش ساڵ ناكۆكی و ململانێی ڕێبەرایەتی حیزب لە سەر دەسەڵات و كێشە شەخسی و جەناحیەكان،

دوای شەش ساڵ داواكاری خەڵكی كوردستان و ئەندامان و دۆستان و دڵسۆزانی دێموكرات بۆ چارەسەری كێشەكان، سەرەنجام هەر دوو ڕێبەرایەتی دوو لایەنی دێموكرات لە دوو بەیاننامەدا بەرەوڕووی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و بیروڕای گشتی، ئامادەگی خۆیان بۆ وتووێژی ڕاستەوخۆ لە گەڵ یەكتر ڕاگەیاند.

بێگومان ئەم هەواڵە جێگەی دڵخۆشی هەموو ئەویندارانی دێموكراتە و هەموومان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دانیشتن و وتووێژ و ئاكامی ئەو دانیشتنانەین. لە گەڵ ئەوەی كە حیزبی دێموكراتی كوردستان پێشتریش ئامادەگی خۆی بۆ دیالۆگی ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەری كێشەكان دەربڕیوە بەڵام لە وەڵامدانەوەی ئەم جارەیاندا ئەو گەرم و گوڕیەی پێشوو لە بەیاننامەكەیاندا بەرچاو ناكەوێ. بە بڕوای من ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی كە ماوەیەک لەمەوبەر بە چوونی چەند كەسێک لە حدک بۆ ناو حدكا و سازدانی ڕێ و ڕەسمی پێشوازی بۆ ئەوان، گرژی و ئاڵۆزیەكانی زیاتر كرد و نەوعێک بێ متمانەیی لەلای حدک دروست كرد.

لە بۆچوون و نوسراوەكانی ئەندامانی دێموكرات لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ئەم بێ متمانەییە بە زەقی خۆی دەردەخا و لە لایەن بەشێک لە ئەندامانی حدک بە گومانەوە سەیری ئەم هەڵوێستەی پلینۆمی حدكا دەكرێ.

هەر بۆیەش لە ئێستاوە پیویستە هەردوو ڕێبەرایەتی دێموكرات متمانە و ئیعتمادی پێویست بدەنە بەدەنەی دوو لایەن و بە قەناعەتەوە بچنە سەر مێزی وتوویژ و وەک دوو هاوڕێ كە چەندین ساڵ بە یەكەوە هاوسەنگەر و پشت و پەنای یەكتر بوون، هەوڵی چارەسەری كێشەكان بدەن و بەدەنەی حیزب و خەڵكی كوردستان دڵنیا بكەنەوە كە بە نیەت پاكیەوە لە هەوڵی چارەسەری كێشەكان دان.

ڕێبەرایەتی سیاسی و شارەزا دەبێ ڕابردوو بكاتە دەرس و ئەزموون و لاپەڕە كۆنەكان هەڵداتەوە تا لاپەرەیەكی تازە لە

ژیانی حیزبایەتی بکاتەوە. پێویستە رق و کینە شەخسی و گروهیەکان وەلا بنرێن و بەرژەوەندی گشتی خەڵک لە بەرچاو بگرن.ئەو هەموو خوێن و قوربانیەی خەڵکی کورد فەرامۆش نەکەن. ئەوان نابێ وەک دوو دەوڵەت یا وەک دوو حیزبی جیاواز بە یەکەوە بکەونە وتوووێژ و نابێ بە دوای ئیمتیاز و نوقتە و وێرگول و بەهانە دا بگەڕێن و لە سەر مەسائیلی جوزئی وتووێژەکان پەک بخەن.

هەر دوو لایەن پێویستە واقعییەتەکان قبوول بکەن، وەک دوو دیموکڕات یا دوو لایەنی دێموکرات بە نیەت پاکی و بە شەفافیەتەوە لە گەڵ یەکتر بدوێن و ئاکامی وتووێژەکان بە بەدەنەی حیزب رابگەیەنن. لێرەدا باسێک لە براوە و دۆڕاو نیە بەڵکو گەورەیی بە نسیبی ئەو لایەنە دەبێ کە بۆ خاتری بەرژەوەندی گشتی کۆتا دێت. رێبەرانی ئێمە پێویستە بە دوای خاڵە هاوبەشەکانەوە بن نەک خاڵە جیاوازەکان بکەنە بەربەستی سەر رێگەی یەکبوونەوەی حیزبەکەمان.

ئەرکی سەرشانی بەدەنەی حیزبە لەم هەلە زێڕینە دا کە دەستمان کەوتووە، هاوکار بین بۆ سەر خستنی ئەم پرۆسەیە. بێگومان ئەم رێگایەش بێ هەوراز و نشێو نابێ و ئەم وەرزەش ساردی و گەرمی خۆی هەیە.لە لایەک دژمنان و نەیارانی حیزبەکەمان و لە سەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی هەوڵی لە بار بردنی ئەم وتوویژانە دەدەن و لە لایەکی دیکەشەوە نەیارانی یەکبوون و مقام پەرستانی نێو ریزەکانی حیزبەکەمان بۆ پەک خستنی ئەم پرۆسە بیدەنگ و بیکار دانانیشن.

ئەرکی سەرشانی هەموومانە کە بە گژ هەر نەخشە و پیلانیک دا بچینەوە کە بۆ یەکریزی حیزبەکەمان دێتە ئاراوە. ئەم جارەیان بە پێچەوانەی دابڕان و یەکگرتنەوەکانی پێشوو، بەدەنە پێویستە حەکەم بێت وبە وشیاری و وریایی نەخشی بەرچاوی خۆی بگێڕێت و وەک بەدەنەی یەک حیزب چاوەدێری وتووێژەکان بکات و بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە سەر بە کام لای دێموکراتە لە هیچ لایەنێک قەبووڵ نەکات کە بەربەست بخاتە سەر ڕێگای وتووێژەکان.

پێویستە هەمووومان یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بە گژ ئەو کەس و لایەنانەدا بچینەوە کە دەیانهەوێ ئەم پرۆسەیە پەک بخەن. بەدەنەی حیزب نابێ دوو دێموکراتی قبوڵ بکات و دەبێ هەموو هەوڵمان بۆ یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزب بێت .

ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## دێموکراتەکان و کۆبوونەوە لە پێناو کۆبوونەوەدا!

ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ی نۆڤەمبر بە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دێموکراتەکان بۆ چوارەمین جار بە شێوەی فەرمی لە گەڵ یەک کۆبوونەوە.

چاوەڕوان دەکرا ئەو کۆبوونەوەیە بە دوای سێ دانیشتنەکەی پێشوودا، ڕەوتی لێکنیزیکبوونەوەی دوو لایەن خێراتر بکا بەڵام ئەوەی لە هەواڵ و ڕاپۆرتی دوو لایەن دا بیندرا، درێژەدان بە کۆبوونەوە و دانیشتنە بێ بەرنامە و بێ ئامانجەکان بوو.

کێشەو ناکۆکی نێوان دوو لایەنی دێموکرت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، یەکێک لە باس و بابەتە گرینگەکانی نێو ریزەکانی هەر دوو لایەن بووە و تا ئیستاش هەر بەردەوامە. ئەگەر لە ڕابردوو دا لە نێو بەدەنەی دوو لایەن دا ئەو باسە دەکرا ئەوە ئەمڕۆ باسەکە لە نێو ڕێبەرایەتی و شەخسی یەکەمی هەر دوو لایەن دا بە شێوەی ئاشکرا و فەرمی هاتۆتە گۆڕێ و کۆبوونەوەی لە سەر دەکرێ. لە سەرەتای دانیشتنەکاندا ئەندامانی هەر دوو بەش و خەڵکی کوردستانیش هیوا و ئومێدێکی زۆریان بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات هەبوو و یەکبوونخوازانی دێموکڕاتیش خەریک بوو دەستی خاترجەمیان دەدایە ژێر سەر و بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە ڕێبەرایەتی هەر دوو لا لانیکەم دەیانهەوێ کێشەکە چارەسەر بکەن. بەڵام دوای چەند کۆبوونەوەی بەردەوام و بە نۆرە لە بنکەی هەر دوو دەفتەری سیاسی و ئاخرین کۆبوونەوەی هەردوو لایەن بە سەرپەرستی هەر دوو سکرتێر بە داخەوە خەریکە لە یەکبوونەوەی دێموکڕاتەکان نائومێدمان دەکا.

لەو چەند کۆبوونەوەدا هەتا ئێستا هیچ لایەنێک نووسراوەیەکی کۆنکرێتیان نەداوەتە دەر کە کۆبوونەوەکان بە چ مەبەستێک ئەنجام دەدرێن و لە سەر هیچ خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوتنێک نەهاتۆتە ئاراوە. وەک لە ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکان کە لە زمان ڕاگەیەنەرەکانی دوو لایەنەوە بڵاو دەبنەوە، باسەکان بە دەوری هەموو دنیادا سووڕاونەوە ئیللا ئەوەی خەڵک دەیهەوێ و پێویستیی حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەموو هەوڵ و هەنگاوەکانی یەکبوونخوازانی دێموکڕات وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتە و ئامانجی کۆبوونەوەکانیش پێویستە و چاوەڕوان دەکرێ لەو ڕاستایە دابێت و ڕێبەرایەتی بە دوای کردنەوەی ئەو گرێی گوێرەیەدا بگەڕێت کە ئەویش ناوی حیزبی دێموکڕاتە کە بە بڕوای من کێشەی ئەسڵی ئەو دوو لایەنەیە و هیچ ناکۆکیەکی بەرچاوی دیکە لە ئارا دا نییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نایهەوێ ئیعتراف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بکات یا وەک دوو لایەنی دێموکرات یەکبگرنەوە و لایەنی حدک یش یەک قەدەم پاشەکشە ناکات کە تا ئێستا بێجگە لە حدکا لە لایەن هەموو حیزب و ڕێکخراو و ئۆرگانە ڕەسمیەکانی ولاتانی دەرەوەش بە ناوی حدک ناسراوە و بۆ هەموو شوێنیک هەر بەو ناوە دەعوەت دەکرێ و پرس و رای پیدەکرێ. قبووڵ نەکردنی حدک لە لایەن حدکا وە یا ئیعتراف نەکردن بەوەی کە وەک دوو لایەنی دێموکرات یەکبگرنەوە، ئەوا کێشەکە کۆتایی نایە و تەنیا خەڵکی کوردی تێدا ڕەنج بە خەسار دەبێت.

لە دانیشتنی ئەم دواییانە دا ئەو دوو لایەنە دوو ڕاپۆرتی جیاوازیان بڵاو کردۆتەوە کە بە بڕوای من پێچەوانەی یەکترن. لە راپۆرتی حدک دا ئەگەرچی نەتیجەی قسە و باسەکانی تێدا نەهاتوە کە لە سەر چی ڕیککەوتوون هاوکات بە درێژی باس لە مەسەلەی یەکبوونەوەی دیموکڕاتەکان کراوە و ئیشارەی بە قسەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە کردووە بەڵام بە داخەوە لە ڕاپۆرتی حدکا دا بە پێچەوانەی ڕاپۆرتەکانی پێشوو، تاقە یەک وشە بەرچاو ناکەوێ کە باس لە چارەسەری کێشەی ئەو دوو لایەنە کرابێ و خۆی بە کێشەی سوریا و تورکیا و ولاتانی عەرەب سەرقاڵ کردووە. ئایا نووسەری ڕاپۆرتەکە دژی یەکبوونە و نەیویستوە باس لە یەکڕیزی بکات یا ئەوە سیاسەتی رەسمی حدکا یە لەو دانیشتنانە؟ ئەگەر سیاسەتی رەسمی حدکایە، لە پێناو چ ئامانجێک دا درێژە بە کۆبوونەوەکان دەدا و گەرەکیەتی ئەم پرۆسەیە بەرەو کوێ بچێ؟ ئەگەر حدک وەک لایەن ئیشارە و ئیعترافی پیناکرێ، ئەی چۆنە کە لە گەڵ ئەو لایەنەی کە ئیعترافی پیناکەی باسی کێشەیە هەموو دنیای لە گەڵ دەکەی؟

لەو ماوەیەدا هێندێک قسە و باس بەر گوی دەکەون کە گۆیا بەشێک لە ئەندامانی ڕیبەری دەیانهەوێ دوو لایەنی دێموکرات هەر وا بمێننەوە و کار و تێکۆشانی خۆیان درێژە بدەن و پێویست بە یەک گرتنەوە ناکات. هەدەفی ئەو کەسانە بێگومان تەنیا پاراستنی بەرژەوندیە شەخسیەکانیانە و هیچی تر. ڕێبەرایەتی هەر دوو لایەنی دێموکڕات دەبێ ئەوە بزانن کە بەدەنەی هەر دوو لایەن بێجگە لە یەکگرتنەوە بە هیچ ڕێککەوتنێکی دیکە رازی نابێت و لە کاتی خۆیدا هەڵویست دەگرێ. هەر ڕێککەوتنێکیش ئەگەر بە ئامانجی یەکگرتنەوە نەبێ ئەوا تەنیا بە کەڵکی واژۆکەرانی ڕێککەوتنەکە دێ نەک خەڵکی کوردستان و بەدەنەی حیزب. ئەو کەسانەی کە لە ڕێبەرایەتی دا نیگەرانن و پێیان وایە ناتوانن بە یەکەوە کار بکەن و چاویان بە یەکتر هەڵنایە ئەوا باشترین ڕێگا ئەوەیە کە دەست لە پۆستەکانیان هەڵگرن و بە شێوەیکیتر درێژە بە خەبات بدەن، بەرژەوەندی حیزب فیدای بەرژەوەندیەکانی خۆیان نەکەن و ڕێگا بدەن خەڵکانی دیکە ئەو مەسئوولیەتە بگرنە ئەستۆ.

بەدەنەی حیزب نابێ دەست لە سەر دەست دابنێ و هەر چاوەڕێی کۆبوونەوە بێ ئاکامەکان بێت. پێویستە زۆر بە جیددی

**هەڵوێست بگرێ و داوا لە رێبەرایەتی بکات کە هەرچی زووتر بێنە سەر ئەسڵی مەتڵەب کە یەکگرتنەوەیە و چیتر قبووڵ نەکات کە کۆبوونەوەکان هەر بۆ دانیشتن و درێژەدانی کۆبوونەوە و کات بە فیرۆ دان بێت.**

**ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢**

## دێموکڕاتەکان چۆن بەرەو یەکگرتنەوە بچن؟

### دوای ئەوەی کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەرگای دیالۆگی

لە گەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کردەوە، مەسەلەی یەکبوونەوە یا یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنە پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و هیوا بە بەرەوپێش چوونی ئەم پرۆسەیە زۆرتر بووە. بە تایبەت کە لە ڕۆژانی داهاتوو دا سەرەڕای بێدەنگیی دوولایەن، هەواڵی یەکەم دانیشتنی نێوان سکرتێرەکانی دوو لایەن لە مێدیاکانەوە بڵاو کرایەوە، هیوا و هومێدێکی زیاتر بە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی ناو ماڵی دێموکرات پەیدا بووە. بەڵام ئەوەی کە دیالۆگی نێوان ئەو دوو لایەنە بە چ شێوەیەک و لە چ ئاستێک و لە سەر چ ئەساسێک دەست پێدەکات، تا ئێستا بە شێوەی فەرمی ڕانەگەیەندراوە و هیچکام لە دوو لایەن ئامانجی ڕوونی خۆیان بۆ وتووێژ و چوارچێوەی وتووێژەکان ڕانەگەیاندووە..

**بە بڕوای من لە پێناو یەکگرتنەوە دا، ڕێبەرایەتی دوو لایەنی دێموکرات پێویستە چەند خاڵێک لە بەر چاو بگرن:**

١- لەم سەرەتایە دا پێویستە هەردوو لایەن هەنگاو بنێن بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو فەزایەی کە لە نێوان دوو لایەن دا حاکمە و بە داخەوە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو دا ئاڵۆزتر بووە. پێویستە هەر کام لە لای خۆیەوە ئەندامان لە قەڵسە لێک گێڕان و بوغزاندنی لایەنەکەی تر وشیار بکاتەوە و داوایان لێ بکەن کە چیدی ناو و ناتۆرە لە لایەکەی تر نەنێن و ئەوی دی بە سووک ناو نەبەن و کۆتایی بە شەڕی ڕاگەیاندن دژی یەکتر بێنن.

٢- هەردوو لایەن کەسانی میانەڕەو و ئاشتیخواز بۆ لێژنەی دانوستانەکان دیاری بکەن و لە سپاردنی کارەکان بە کەسانی توندڕەو خۆ بپارێزن. ئەوەندەی دەکرێ لێژنەکان بۆ وتووێژ بە سەرپەرەستیی هەردوو سکرتێر و بەشداری ئەو کەسانە بەڕێوە بچێ کە کەمتر لە ناکۆکی و ڕق و کینەی شەخسی گلاون.

٣- دوو لایەن پێویستە بەو جۆرەی کە هەن، یەکتر قەبوڵ بکەن و بە فەرمی بناسن. بەچاوادادانەوەی هەڵەکانی تا ئێستا و پێداگری لە سیاسەتەکانی تا ئیستایان دژ بە یەکتر، تەنیا خولانەوە بە دەوری بازنەیەکی بۆش و بێ ئاکامە و هیچی لێ شین نابێتەوە.

٤- هەردوو لایەن لەم سـەرەتایە دا و بە یەکەوە بڕیـار بـدەن و رابگەیەنـن کە ئامانجیـان لە دانیشـتن و وتوویژەکـان یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتە.

٥- بە پێچەوانەی رابردوو کە رێبەرایەتـی هەر خـۆی لە پشت دەرگـا داخراوەکـان یەکـی گرتەوە، ئەمجارەیـان پێویسـتە لە بیـروڕای خەڵکی دیکە بە تـایبەت بەدەنەی حیـزب کەلـک وەربگرن و لەم پرۆسەیەدا هەم لە بـاری فکری و هەم لە بـواری عەمەلـی دا بەدەنە بەشـدار بـکەن. واتە هەم رێـبەری و هەم بەدەنە بە شـێوەی هاوتـەریب و بەو جـۆرەی خـوارەوە هەنگـاو بەرەو یەکگرتنەوە بنێن و رێگاکە خۆش بکەن:

الـف. رێبەریـی دوو لایەن بە یەکەوە کـار بـکەن بـۆ دارشـتنی سیاسـەتی هـاوبەش بە مەبەسـتی رووبەڕوو بـوونەوە لە گەڵ رووداوەکانی رۆژ و لە کاتی پێویست دا بەیاننامە و راگەیەندراوی هاوبەش بە بۆنە جۆراوجۆرەکان بڵاو بکەنەوە.

ب. دەستی بەدەنە، نوێنەرایەتی،رێکخراوەکـانی لاوان، ژنـان و خوینـدکاران ئـاوەڵا بکەن بـۆ هاوکـاری و کـاری هـاوبەش لە گەڵ یەکتر بە تایبەت بەڕیوەبردنی جێژن و بۆنە مێژووییەکانی حیزب.

٦- بـوونی دوو دیمـوکراتی بەرهەمـی نـاکۆکی و دژایەتیەکـانی دوو لایەنـی حیزبـی دێمـوکرات لە گەڵ یەکتـرە. ئەگەر ئەوان بتوانن بە یەکەوە ئەو هەنگاوانەی سەرەوە هەڵبگرن، دەلیلێک بـۆ درێـژەدان بە بـوونی دوو دێموکراتی نـامێنێ و دوو لایەن بە شـێوەی ئوتوماتیـک بەرەو یەکگـرتنەوە دەچـن. لە وەهـا دۆخێـک دایە کە یەکگـرتنەوەی دوو لایەن بە قیمەتـی دۆڕانـی هیچکام لە دوو لایەن تەواو نابێ و دەکرێ بڵێین یەکگرتنی دڵخوازی زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەندامانی حیزب دەبێ.

لەو دانوستانانە دا پێویستە:

٨- لە گەڵ ئەوەی کە نـابێ لە بیـری دوو دێمـوکراتی و درێـژ کـردنەوەی مـاوەی لێکـدابڕان دا بـین، هەر لەو کاتەشدا نـابێ پەلە بکـرێ لە پرۆسـەی یەکگـرتنەوە و پێویسـتە دوو تـا سـی سـاڵ وەک دوو لایەن بە یەکەوە هاوکـاری بـکەن و لە سـەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بەیاننامەی هاوبەش دەربکەن.

٩- هیچ لایەنێـک نـابێ بە دوای ئیمتیـازدا بگەڕێ یـا لە بیـری شکسـتی لایەنـی بەرانبەردا بێـت. هەمووومـان دەبـێ بە دوای سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات لە گشتایەتی خۆی دا بگەڕێین نەک تەنیا لایەنەکەی خۆیان.

١٠- وتووێژ نابێ هەر بۆ دانیشتن و وتووێژ بێت و پێویستە بە دوای چارەسەردا بگەڕێین و هەموو راو بۆچوونەکان پێویستە لە راستای یەکبوونەوەی حیزب دا بێت.

١١- پێویستە مکانیزمێکی گونجاو بۆ یەکگرتنەوە دابندرێ، مافی هەموو لایەنەکان لە بەر چاو بگیرێ، رێز لە بۆچوونی هەموان بگیرێ، رێبەرایەتی و بەدەنە بە قەناعەتەوە یەک بگرنەوە و یەکگرتنەوە بۆ هەموان ئەوەندە سەربەرزانە و بە دوور لە دۆڕان و بردنەوە و لە سەر ئەساسیک بێت کە لە داهاتوودا شاهیدی ئەو لێکترازانانە نەبین.

ڕێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## دێموکڕاتەکانی فینلەند ڕێبوارانی بە ئەمەگی ڕێی قاسملوو!

لە ٢٤مین ساڵوەگەری تێرۆری سەرکردەی نەمر دوکتۆر عبدالرحمانی قاسملوودا کوردانی فینلەند و بە تایبەتی ئەندامانی هەر دوو لایەنی دێموکرات و ڕیکخراوە مەدەنیەکانی سەر بەو دوو لایەنە، لە یادەوەریەکی ڕێک و پێک دا ڕێزیان لە سەرکردەی بلیمەت و کاریزمای کورد گرت.

یادەوەریەکە لە سەعات ١٣.٠٠ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی دەستی پێکرد. کوردانی دانیشتووی فینلەند بۆ مەحکوم کردنی تاوانی تێرۆری ئەو ڕیبەرە شەهیدە لە بەردەم پارلەمانی فینلەند لە هێلسینکی کۆبوونەوە. خۆپێشاندەران لە کاتێک دا ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدانیان بەرز کردبۆوە، بە ڕێپیوانێکی هێمنانە بەرەو بارەگای کۆمیسیۆنی پارلەمانی ئوروپا وەڕێکەوتن. لە بەر دەرگای کۆمیسیۆنی پارلەمانی ئوروپا کۆبوونەوە و بڕیارنامەی خۆپێشاندەرانیان دایە سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی ئورووپا و دواتر بڕیارنامەکە و چەند شێعر و پەخشان پێشکەش کران.

ئەوەی کە بەلای هێندێک کەسەوە بڤەیە و بە لای منەوە جێگەی سەرنج و تێڕوانێنە، بەشداری کردنی ئەندامانی هەردوو لایەنی دێموکڕات بەوپەڕی گیانی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەو ڕێپێوانە دا بوو. دێموکڕاتەکان بەو هەنگاوە گرینگەیان روحی دوکتۆر قاسملوویان شاد کرد و بە دۆست و دوژمنیان سەلماند کە دێموکڕاتەکان ڕێبواری راستەقینەی ڕێبەرە شەهیدەکەیانن و ئامۆژگاریەکانی لە ناو دڵی هەموویان دا بە زیندویی و ئەمانەتەوە پارێزراوە.

دێموکڕاتەکانی فینلەند دڵسۆزانی حیزب و گەل لە مێژە بڕیاریان داوە کە دەبێ بنەماڵەی گەورەی حیزب بکەوێتەوە سەر یەک. ئەوان بە کردەوە، بە دوور لە دەمارگرژی و بە دڵسۆزیەوە، هەموو کات لە هەوڵی لە یەک نزیک بوونەوە و وەلانانی ناکۆکیەکان دا بوون و تا ئیستا بە کردەوە ئەو ویست و هەڵوێستەی خۆیان نیشان داوە. ئەندامانی دوو لایەنی دێموکڕات لەم وڵاتە هەمیشە بە پەرۆشەوە سەیری ڕووداوەکانیان کردووە و دەکرێ بڵێین زۆر بە وریایی و لە خۆبردووییەوە پێشەنگی کاروانی یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات بوون.

لەم سەردەمەدا دەنگی شەقام و رای بەدەنە لە سەر بڕیارە چارەنووس سازەکان بایەخی تایبەتی هەیە ، هەر بۆیە پێویستە بەدەنەی دوولایەنی دێموکڕات لە هەموو شوێنێک بۆ نزیککردنەوەی هەرچی زیاتری حیزبەکەمان نەخشی خۆیان

بگێڕن، وێرای ڕێز بۆ دەنگ و ڕای ڕێبەرایەتی، نابێ هەر چاوەڕوانی بڕیاراتی سەروتر بن و پێویستە بەدەنە پاڵنەری بە هێزی پرۆسەی یەکگرتنەوە بێت.

ئەوەی لە پەڕاوێزی ئەم ڕێپێوان و ئاکسیۆنەدا زیاتر جێگای سەرنج بوو، تێکەڵاوبوونی بێ تەعاروف و بێ بەرنامەی لە پێشدا داڕێژراو، ڕێز و حورمەت بۆ یەکتر و گەڕانەوەی گەرم و گوڕیەکانی جاران لە پێوەندی نێوان تاکەکانی ئەندامانی دوو لایەنی دێموکرات بوو. تەنانەت بۆ یەکجاریش نەبیندرا کە وتە و ئاخاوتنی ئەندامان و بەرپرسانی دوو لایەن لە خوێندنەوەی پەیام و بابەتەکان دا، بچووکترین هەستی نەرێنی لە ناو بەشداران دا پێک بێنێ. هەموو ئەوانەش نیشانەی ئەوەن کە بەدەنەی دوو لایەنی دێموکرات تا چەند ئامادەن بە یەکەوە کار بکەن و زۆر بە خێرایی گیانی هاوڕێیەتی و یەکریزیەکەی جاران بگەڕێتەوە ناویان.

هەر لەم کاتەشدا چاوەڕوانیمان لە ڕیبەرایەتی هەردوو لایەن ئەوەیە کە گوێ لە دەنگ و داواکاری خەڵک و بەدەنەی حیزب بگرن و لەوە زیاتر خەڵک لە چاوەڕوانی دا ڕانەگرن. پێویستە ڕێبەرایەتی چالاکانەترو خێراتر هەنگاو بەرەو یەکگرتنەوە هەڵگرێ و وێڕای ڕێگەدان بە بەشداریی بەدەنە لە پرۆسەی یەکگرتنەوە دا، ئاکامی کۆبوونەوەکان بە بەدەنە رابگەیەنێ.

سەرکردایەتیی دوو لایەنی دێموکرات ئەگەر مەبەستیان لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی ئەم یەک ساڵەی رابردوو بە راستی یەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی ریزەکانی دێموکراتە، ئەوا ڕێپێوانەکەی ڕۆژی هەینیی بەردەم پارلمانی فینلاند و کۆبوونەوە و هاوکاریەکانی دیکەی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوە نیشانی دا کە هیچ یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە نایەتە دی ئەگەر بەدەنەی تێدا پەڕاوێز بخرێ و ئەگەر بەدەنە پێشقەڕاوڵی ئەو یەکگرتنەوەیە نەبێ. ئەگەر کۆبوونەوە زۆر و زەبەندەکانی سەرکردایەتیی دوو لایەنی دێموکرات تا ئیستا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوەی لێ نەکەوتۆتەوە، ئەوە یەک دڵی و یەکریزیی بەکردەوەی دێموکراتەکان لە ئاکسیۆنی بیستوچوارەمین ساڵی تیرۆری ڕێبەرەکەیاندا نیشانی دا کە بەدەنە چەندە لە پێش سەرکردایەتیەوەیە بۆ بە کردەیی کردنی پرسی یەکگرتنەوە و بەجێگەیاندنی ئەرکی یەکخستنەوەی ناو ماڵی دێموکرات. لێتان نابینەوە، نە ئەوەندە ئێمە زەحمەت دەن و نە ژانە سەریش بۆ خۆتان پەیدا کەن، بڕیاری کۆتایی بەس یەکگرتنەوەیە.

ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٣

# بۆنەیەک و دوو فرمێسک

"توانیان پیغەمبەری ئاشتی بکوژن بەڵام ناتوانن ئاشتی بکوژن"

لە بیست و یەکەمین ساڵیادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕی ڤییەندا، دانانی مۆنۆمێنتێک لە لایەن کاک عەتا نەسیری و خوشکە ئارەزوو، لە ڕووبەڕووی دەرگای قەتلگای دوکتۆر قاسملووی شەهید و هاوڕێیانیدا، بەڵگەیەکی مێژوویی و بەنرخە بۆ پێشاندانی نییەتی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد و قین لە دڵی دژمنانی گەلێکی غەدرلێکراو. بیرەوەری دوکتۆر قاسملووی شەهید بیرهێنەرەوەی سەدان و هەزاران جینایەت و کۆست و کارەساتە کە بە درێژایی مێژوو دەرهەق بە گەلی زۆرلێکراوی کورد کراوە. یادکردنەوەی ئەو شەهیدە مەزنەی گەلەکەمان هەموو ساڵێ برینەکانمانی هێناوەتەوە ژان و فرمیسکی حەسرەتی پێ ڕشتووین، بەڵام بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان، ئەم ساڵ لە گەڵ ساڵانی ڕابردوو جیاواز بوو. قبوولکردن و ئیجازەی دانانی ئەم مۆنۆمێنتە لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە بە نیشانەی دانپێدانانی ئەو تێرۆرە بوو لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کە هەموومان لەمێژ بوو چاوەڕوانی بووین و بۆ ساتیک ئاراممان گرت. بەپێوە وەستانی هەموو دێموکراتەکان بەرانبەر بەم مۆنۆمێنتە لە یەک ڕیز و لە یەک شوێندا، جیاوازیەکی تری یادکردنەوەکانی سێ سالی ڕابردوو بوو.

دەمێک بوو ئاشتیخوازان و دڵسۆزانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان چاوەڕێی دیمەنێکی لەم چەشنە بوون . ئەگەرچی بەشدارانی ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیە بۆ ماوەیەکی کورت ویستیان واپێشان بدەن کە ئێمە دوو بەش و دوو دێموکرات و دوو تابلۆی جیاوازین، بەڵام بەشدارانی دواوەی ڕیزی یەکەم هەر لە یەکەم چرکەدا کە پێیان ختە شوینی ڕێوڕەسمەکە، دەستیان نایە دەستی یەک و بە ماچ کردن و وێنە گرتن و لە باوەش گرتنی یەکتر، مانا و دیمەنێکی‌تریان بەو ڕێوڕەسم و یاد کردنەوە بەخشی و لەبیریان چۆبۆوە کە لە دوو لایەنی جیاواز دان. دەنگی شێرانەی شێربەگی هەموومانی بردبۆوە بناری قەندیل و سەرتاپای وجوودمان ئێحساسات دایگرتبوو. ئەگەر ڕیزی پێشەوەی ڕێوڕەسمەکە بە هەموو توانایەوە دەیویست بە سەر ئێحساساتی خۆیدا زاڵ بێت و بە وێنەگر و کامێراکان بڵێ، من قارەمانم و تەسلیمی هەستم نابم، من سەرکردەم، من جیاوازم، ئەوا لە پشتەوە ڕۆڵەکانی دێموکرات خەریکی گێرانەوەی بیرەوەریەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی و زیندان بوون و جیاوازی و حیزب حیزبێنیان لەبیر کردبوو.

لە بۆنەیەکی ئاوا تاڵدا ئەم هەستە پاکە سەرتاپای دێموکراتەکانی کردبووە پێکەنین و شادی و ئاگری دەروونیان هێدی

هێـدی ڕیـزی پێشەوەشـی گـڕدا و هەموویـان بە یەكەوە بـۆ قـاسـملوو و دێمـوكڕات و كـورد دەسـووتـان. سـەركردەكان بە دوای بیانوویەكدا وێڵ بوون كە بتوانن هەستی واقعی خۆیان دەربڕن و فرمێسكە بەند كراوەكانیان ئازاد بكەن، بێ خەبەر لەوەی كە لە ڕیزەكانی دواوە پەنجەكان بـوونە زنجیریكی پۆلایین و لە یەكگرێـدراون و ئیتر ئەوەی بلّـێ دێموكراتم نـاتوانێ بێ خواردنەوەی پێكێک لە شەڕابی خۆشەویستی ماڵەكەی قاسملوو دەربازی بیت. هەموومان لە ڕێگای دوور و نـزیكەوە چووبـووین بەشداری یـادی دوكتـۆر قـاسملوو بكەیـن كە تـاڵترین ڕووداوی چەنـد دەیەی ڕابردوومـان بـوو. بیست و یەک سـاڵ بـوو بێ ڕاوەستان بۆ لە دەستچوونی ئەو ڕێبەرە ناودارەی كورد فرمێسكی حەسرەتمان دەرشت. ئا لەم كـات و مكـانەدا پێویـستیمان بە پشوویەكی كورت بوو، ئامادەكاریی ئاهەنگێک لە كۆتـایی دابوو، چاوەڕێی زەنگی كلیسا بـووین كە هەمووماـن بچینە بەر دەم مینبەری پێغەمبەری ئاشتیی كورد و دڵەكانمـان لە عۆقـدە خـاڵی بكەیـن، چـاوەڕێی ئـارەزوو خـان بـووین كە ئـارەزووی دڵـی گشتمان بە سەركردە و پیشمەرگەوە بێنێتە دی.

دەنگێک هاواری كرد تكایە ڕێبەران بێنە سەر ئەم سەكۆیە و تەماشای هاوڕێكانتان بكەن كە چۆن تیكەڵاو بـوون و دەست لە ملانـی یەكتـرن. بە لە ئـامێز گرتنـی بەڕێـزان مامۆستا حەسەن زادە و شـەرەفی و مـاچكردن و گوشینی پەنجەكـانی یەكتـر، هەمـوو ئەو دەسـتانەی كە لە بەرابەر گەورەیـی ڕووحـی دوكتـۆر قـاسملووی مەزن، لە سـەر دڵە پـڕ لە تـاسـەكان دانرابـوون، هاتنە خوار و بوو بە چەپڵە ڕێزان. هەموو دەنگە خنكاوەكان بە یەكەوە هاواریـان كرد، بـژی ئاشـتی و برایەتـی و فرمێسكی شیوەن جێگای خـۆی دا بە فرمێسكی شـادی و شیوەنمان بـوو بە پێكەنـین و بە گریـان و چەپڵەڕێـزان بە دژمنـان و نەیـارانی حیزبی دێموكراتمان گوت ئیمە گیانێكین لە دوو جەستەدا و هەر یەک بووین و هەر یەک دەبین. هەمـوو ڕوو بەو بـاڵەخـانەی كە دوكتۆر قاسملوو تێیدا شـەهید كرابـوو، هاوارمـان كـرد و گـوتمـان ئەگەر توانیتـان پێغەمبەری ئاشـتی بكـوژن ئەوا نـاتوان ئاشتی بكوژن.

١٩ - ٧ - ٢٠١٠

## بێڕێزی بە کاک باباعەلی، بێڕێزییە بە ڕابردوومان

لەوەتا "کەمپەینی یەکبوون "دامەزراوە و پرسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بۆتە بابەتی ڕۆژانەی ماڵپەرە ئێنترنێتییەکان، تاوتوێ کردنی ئەم پرسە بە موخالف یان موافق لە لایەن ئەندامانی هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات کەوتۆتە ڕۆژەڤەوە. یەکگرتنخوازان و دژبەرانی یەکبوون هەر کام دەلیلی خۆیان بۆ سەرگرتن یان سەرنەگرتنی ئەو خواستە بڵاو دەکەنەوە کە ئەوە نەک هەر ئاسایی بەڵکوو زۆریش پێویستە. بەڵام ئەوەی کە جێگای داخە، خەریکە بازاڕی نووسین بە ناوی خوازراویش گەرم دەبێتەوە. بەداخەوە کەسانێک لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن خوێ لە برینەکان بکەن و کێشەکان قووڵتر بکەنەوە. ئەو شێوە نووسینە بە داخەوە هەمیشە تێکەڵ بە بێڕێزی و نووسینی قسەی نابەرپرسانەیە. ئەوەش لە لایەن کەسانێکەوە دەکرێ کە هەر لە ئێستاوە ترس و دڵەخورپەی ئەوەیان لێ نیشتووە کە نەکا حیزبەکە یەک بگرێتەوە و نان و ئاویان لێ بچێتەوە سەر پشتی شێری.

لەم ڕۆژانەدا بابەتێکم خوێندەوە کە لێوانلێو بوو لە بێحورمەتی و بێڕێزی بەو ئینسانە تێکۆشەرانەی هەموو تەمەنیان فیدای خەبات بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد کردووە. بابەتێک کە بە ناوی خوازراوی "ئاژوان" نووسراوە و بە داخەوە لە ناوەڕۆک و نیشانەکانی ناو بابەتەکە، وێنەدەچوو نووسینی ئەندامێکی سادەی حیزب بێ. نووسەر کۆمەڵێک زانیاری باس کردووە و ئاماژەی بە هێندێک ڕووداو کردووە کە لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی پێش لەتبوون دا هاتوونەتە ئاراوە و لانیکەم ئێمە مانان لێی ئاگادار نەبووین. کەوابوو دەبێ خۆی وەک ئەندامی ڕێبەریی ئەو حیزبە لە ناو ڕووداوەکاندا بووبێ یان لانیکەم زانیاریەکانی لە لایەن ئەندامێکی ڕێبەریەوە پێ درابێ. ترس و لەرز لە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بە سەرتاپای بابەتەکەوە دیارە. تا ئاستێک کە بەشێک لە ئەندامانی حیزب بە خائین ناو دەبا. لە نووسینەکەدا هەموو هەوڵێک دراوە تا بچووکترین پێوەندیەکانی نێوان حدک و حدکا تێک بڕوخێنێ و ئەو کەسانەش کە بە جۆرێک دژ بەو وەزعەن، لە حدکا دوور بخاتەوە. ئەوەش تەنیا دەتوانێ کاری کەسێک بێ کە لە سایەی وەزعی پێکهاتووە بە نان و نەوا گەیشتووە .ناوبرا لە هیچ بێڕێزیەک بە دڵسۆزان و کەسایەتیەکانی حیزبی دێموکرات دەستی نەپاراستووە. سەرتاپای بابەتەکە بە بێڕێزی بە کاک بابا عەلی مێهرپەروەر ئاخندراوە و نووسەر ئەو کەف و کوڵەی کە دەیان ساڵە لە سەر ئەو ڕێبەرە زەحمەتکێشەی حیزبی دێموکرات کۆی کردۆتەوە، بە یەکجار هەڵیرشتووە. ئەویش بە تاوانی یەکگرتنخوازی!! هەر چەند دڵنیام کە نە نووسەر خۆی و نە هەر کەسێک کە کاک بابا عەلی دەناسێ باوەڕ بەم نوسراوە ناکات، بەڵام سەرم سوڕما کە ئاخۆ دەبێ ئەو ئینسانە شەریفە! ڕۆژێک ئەدەبیاتی ئەو حیزبەی بە گوێ ئاشنا

نەبوبێ کە ئاوا شەلم کوێرم، کەس نابوێرم، هەموان دەداتە بەر هێرش و بێڕێزی؟ ئەگەرچی بە داخەوە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو بێڕێزیانە لە لای بەشێک لە کەسانی هەلپەرەست و مقام تەڵەب بوون بە شتێکی باو و ئێستا بۆ من و خوێنەر بوون بە شتێکی ئاسایی و بەدەنەی ئەو حیزبەش زۆر باش ئاگادارە کە نوسەری ئەم بابەتە و نوسەرە هاوبیرەکانی بۆچی ترسیان لێ نیشتوە.

بەڕێز کاک بابا عەلی مێهرپەروەر ئەو سیما ناسراوەی گەلی کوردە کە هەموو ژیانی خۆی و تێکرای بنەماڵە و کەسوکاری فیدای ڕێبازی پیرۆزی دێموکرات و کوردایەتی کردووە. دەیان ساڵە وەک ڕێبەرێکی کارامە و خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و خەڵکی کوردستان، لە پێناو ئامانجەکانی ئەو گەلەدا دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرسەختانە خەبات دەکا. لە دارشتنی سیاسەتی حیزب و بەڕێوەبەریدا نەخشی بەرچاوی گێڕاوە. ئەو ڕێبەرەی کە چەندین ساڵ هاوڕێ و هاوکاری بەئەمەگ و دڵسۆز و جێی متمانەی ڕێبەرانی شەهیدمان دوکتور قاسملو و دوکتۆر شەرەفکەندی بووە. لە کۆست و کارەساتەکاندا، هاندەری ئەندامانی حیزب و خەڵکی کوردستان بوو بۆ درێژەدانی خەبات و نموونەی فیداکاری و نەسرەوتن بوو. ئەو دێموکراتە دڵسۆزەی کە تێکدانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی پێ تەحەممول نەکرا و لە ڕۆژی یەکەمی لێکترازانی شیرازەی ئەو حیزبەوە بۆتە ڕێپێشاندەر و ئاڵا هەڵگری گەڕانەوەی یەکیەتی و برایەتی بۆ ناو ڕیزەکانی حیزب و لەم پێناوەدا لە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک نەترساوە و بێباکانە هەوڵیداوە. هەوڵ و تێکۆشانێک کە خواستی ڕێبەرانی نەمر و لە سەرووی هەموانەوە وەسیەتی پێشەوای زانایە کەچی ئەمڕۆ کەسێک بە ناوی ڕێبواری ڕێگای ئەو نەمرانە، دەیکا بە بیانوویەک بۆ بێڕێزی و دەرکردنی کەفوکوڵی دەرونیی خۆی!!

کاک بابا عەلی ئەگەر ویستبای چ لە ناو حدک و چ لە ناو حدکا دا، ئەگەر کەسی یەکەمیش نەبا، ئێستا لە کەسە یەکەمەکانی هەر کام لەو دوو حیزبە بوو. هەرچەند ئەمن خۆزگەم دەخواست لە ناو لایەنێک دا بووبا و بیتوانیبا پێش بەو هەموو بێڕێزی و یەکترشکاندنە بگرێ کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵەکانی دێموکرات دژ بە یەکتر کردوویانە، بەڵام باوەڕی قووڵی ئەو بە یەکبوون و یەکگرتنخوازی ئەو ئیزنەی پێنەدا تا لە ڕێبەرایەتیی لایەکدا بمێنێتەوە. هەر بۆیەش ئەگەرچی نەیتوانی لە بەرانبەر لافاوی خوڕێنی لێکترازانی حیزبەکەدا ڕابوەستێ، بەڵام لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای لەتبوونەوە بوو بە ئاڵا هەڵگری یەکبوون و یەکگرتن. ئاڵایەک کە پێشەوای نەمر بەجێیهێشت و بە داخەوە ڕێبەرانمان نەیانتوانی بە شەکاوەیی ڕایبگرن. ئاڵایەک کە وەک دەبینین ئێستا بە تاک و بە پۆل ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە دەوری خۆیەوە کۆ دەکاتەوە و سایەی قورسی خۆی خستۆتە سەر سەری ئەوانەی لە ترسی یەکگرتن، خەو و خۆراکیان لێ حەرام بووە.

چ پێش لێکترازانی دوو لایەنی دێموکرات و چ دوای ڕووداوەکە، بابەت و بۆچوونی جۆراوجۆر لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت یان کۆڕ و سێمینار و کۆبوونەوە و کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا لەم بارەیەوە نووسراوە و باس کراوە. دەربڕینی ڕای جیاواز و ئاخاوتن لە سەر مەسەلە جیاوازەکان، یەکێک لە ئەسڵە بنەرەتیەکانی دێموکراسییە و هۆیەکی گرینگە بۆ پێشکەوتن و گەشە پێدانی توانا و ئیستێعدادەکان و دەبێتە یارمەتیدەری بەرەو پێشچوونی کار و ئەرکەکانمان. ئێمە کە لە حیزبێکی دێموکرات و شۆڕشگێڕدا پەروەردە بووین و پێگەیشتووین، پێویستە پابەندی هەموو ئەو پرێنسیپە ڕۆژنامەنووسیانە بین کە لە مەکتەبی نووسەران و مامۆستا و ڕوناکبیرانی دێموکراتدا فێری بووین. ئەدەبیاتی حیزبی ئێمە یەکێک لە ئەدەبیاتە هەرە خاوێنەکانی دنیای ڕۆژنامەنووسییە و دەبێ ئەندامانی ئەو حیزبە ئیفتخاری پێوە بکەن . هەر بۆیە ئیمە دەبێ درێژەدەری ئەو ڕێگایە و پەرەپێدەری ئەو فەرهەنگە بین و ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتری بکەین.

بە دوای بانگەوازی کۆمیتەی یەکبووندا کۆمەلێکی بەرچاو لە ئەندامان و دۆستانی حیزب بە نووسینی بابەت و بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆر، بە پێشنیار و ڕەخنەکانیان لە بەهێزکردنی ئەو هەنگاوەدا بەشداریان کرد و ڕوحێکی تریان بەو حەرەکەتە بەخشی. بەڵام بە داخەوە لە نێو بابەت و نوسراوە و بۆچوونەکاندا کەسانێک بە ناوی خۆیان و کەسانێک بە ناوی خوازراو، بە ئەنقەست دەیانهەوێ فەزای لە یەک نزیک بوونەوە تێکبدەن و ئەندامانی دێموکرات لە بەرانبەر یەکتردا ڕابگرن. ئەمەش دەبێتە دەسپێکێکی خەتەرناک لەسەر ڕێی بەرەو پێشچوونی ئەم پرۆسەیە. کۆمیتەی یەکبوون و هەموو دڵسۆزانی حیزب کە بە پەرۆشەوە لە چارەنووس و ئایندەی گەلەکەمان و خەباتە هەقخوازانەکەی دەڕوانن، نایانهەوێ جارێکیتر زامی بەسۆ هەڵدەنەوە، چونکە کولاندنەوەی برینەکان هیچ خزمەتێک بە ڕەوتی وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات ناکات. نووسەران پێویستە هۆیەکانی لێکترازانی ڕیزەکانی حیزب بێننە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەڵە و کەموکووڕیەکان دەسنیشان بکەن نەک هێندێک کەس بدەنە بەر تیر و توانج و بێڕێزی بکەن بە خەباتکارانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان. پێویستە هەمووومان بە ڕوحێکی تازەوە، بە ڕوحێکی برایانە و دوور لە دەمارگرژیەوە، لاپەڕەیەکی تر هەڵدەینەوە و جارێک و بۆ هەمیشە کۆتایی بەو ناکۆکیانە بێنین کە حیزبەکەمانی تووشی ئەم ڕووداوە تاڵە کرد. پێویستە بەرژەوەندییە شەخسی و گروهیەکانمان فیدای بەرژەوەندیی حیزب و بەرژەوەندیی حیزب فیدای بەرژەوەندیی گشتی گەلەکەمان بکەین. باسکردنی هۆیەکانی دابڕان و لێکترازانی ڕیزەکانی حیزب و گەڕان بە دوای ڕێگەچارە و هێنانە بەرباسی پێشنیاری سەردەمیانە ئەرکی ئێمەیە نەک لایەنێک بە تاوانبار بزانین و لایەنێک بکەینە فریشتە. نووسەران کە چینێکی پێگەیشتوو و ڕوناکبیری گەلەکەمانن، دەبێ هەر وەک ڕابردوو لەم مەیدانەشدا ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێ بگەیەنن و کاروانی ئەم شۆڕشە بگەیەننە مەنزڵگەی سەرکەوتن. ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە نەترسانە ساڵانێک دژی دژمنێکی دڕندە وداگیرکەر و تێرۆریست خەباتیان کردوە، پێویستە لەم مەیدانەشدا کە مەیدانی ڕاگەیاندن و بەخۆداهاتنەوە و نوێبوونەوە و پێشکەوتنە، هەروا ئازایانە و مەسئولانە بە ناوی خۆیانەوە بابەت و

بۆچونەکانیان بنووسن و شک و گومان لە سەر هەڵوێستەکانیان نەهێڵن. چونکە لەم کاتە ناسک و حەساسەدا، نووسینەکان بە ناوی خوازراوەوە دەبێتە مایەی دڕدۆنگی و سەرهەڵدانەوەی گرفتێکی تر و هیچ سوودێک بە نووسەر و دۆخەکە ناگەیەنێ. ڕەخنە گرتن و تیر و توانج تێگرتن کارێکی زۆر سادە و ئاسانە و هەموو کەس دەتوانێ دەست بداتە پێنووس و ئەوەی نەشیاو و ناپەسەندە بیخاتە سەر ماڵپەرەکان و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام پێشنیاری بەجێ و دیتنەوەی ڕێگا چارە و میکانیزمی گونجاو بۆ چەند پات نەبوونەوەی ئەم هەڵانە، پێویستی بە تەحلیل و لێکدانەوەی دروست و مەنتقی هەیە .

بە خۆشیەوە لە حیزبی ئێمەدا کەسانی شارەزا و پسپۆر و لێهاتوو زۆرن کە لەم مەیدانەدا خاوەن قەڵەم و خاوەن تەجرەبەن و دەتوانن ڕێگە چارەکان دەست نیشان بکەن. هەموومان پێویستە لەم فورسەتە کەلک وەربگرین و نەهێڵین کەسانی هەلپەرەست ببنە دڕکی سەر ڕێگای برایەتی و یەک ماڵیی حیزبەکەمان. ئەم حیزبە بە تەنیا ملکی کەس و لایەنێک نییە، بەڵکوو بەرهەمی خوێنی شەهیدان و بەری ڕەنجی تێکۆشانی خەباتکارانی ڕێی ئازادی و ملکی سەرجەم گەلی کوردە. ئێمەش ڕۆلەکانی گەلی کورد کە بەم شۆرشەوە پەیوەست بووین و هاتووینە مەیدانی خەبات، مەبەستمان ڕزگاری گەل و بەهێزکردنی جێگە و پێگەی حیزبە خۆشەویستەکەمانە و پێویستە ئەم سەنگەرە هەروا قایم بپارێزین و نەهێڵین لە ڕاستە شەقامی پێشکەوتن دوور بکەوێتەوە. نوسەران هێزی کاریگەری پاراستنی حیزب و دەسکەوتەکاننی و جێ پەنجەیان لە مێژووی دەیان ساڵەی ئەم حیزبەدا دیار و بەر چاوە. ئەدەبیاتی جیهان پەسەندانە و پاراوی حیزبەکەمان، سەرچاوەکەی هزر و بیری بێگەردی ئەم تێکۆشەرانەیە کە لە کاتە سەخت و دژوارەکانی شۆڕشدا، لە نێو ئەشکەوت و لوتکەی شاخ و بناری چیادا ، لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و بۆمبادا، هیچ کات نەیانهێشت ئەم ئەدەبیاتە گەردی لێ بنیشێ. هەر چەند بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا هێندێک کەسانی ناشارەزا و کەم ئەزموون و فورسەتتەڵەب ویستیان یا دەیانهەوێ ئەم ئەدەبیاتە خەوشدار بکەن، بەڵام کەسانی پسپۆر و دڵسۆز دەبێ پێش لەو حەڕەکەتە بگرن و بە وڵامی بەجێ و زانستی و سەردەمیانە، ببنە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەر و وەک مامۆستایەک ئەم ئەرکە بە جێ بگەیەنن. هەمووومان پێویستە هەست بە مەسئوولیەت بکەین. بە نووسینی بابەتی ڕەخنەگرانە یا هەر بابەتێکی تر، دەبێ گوڕ و تین بدەینەوە بەر گیانی برایەتی و خۆشەویستی و جارێک بۆ هەمیشە، هەستی یەکتر شکاندن و یەکتر بە کەمگرتن لە زێهنی خۆمان بسڕینەوە و نەوەی داهاتوو بە ڕوحی لێ بوردەییەوە بار بێنین و پەروەردەی بکەین. ئەگەر بۆچوون و نەزەراتی هاورێکانمان لە گەڵ ویست و ئارەزوی ئێمە یەکی نەگرتەوە، بەو مانایە نییە کە بە هەمووومان هێرشی بکەینە سەر و هەرچی بە سەر زمانماندا هات پێی بڵێین و بیشکێنین. ئێمە نابێ ئەو کەسانە بخەینە خانەی خەیانەتەوە و لە ئێستاوە دوو جەبهەیتر دروست بکەین. کەمپەینی یەکبوون بۆ لە یەک نزیک کردنەوەی دێموکراتەکان و پێکهێنانی جەوی یەکیەتی و برایەتی پێکهاتووە. هەر بۆیە ئێمە لە ئێستاوە نابێ ڕێگە بدەین ناکۆکی بکەوێتە نێو نووسەران و ئەندامانی ڕیزەکانی دێموکراتەوە و ئەم حەڕەکەتە سەرەتایەکی تر نەبێت بۆ مەیدانداری، بەڵکوو کۆتایی هەموو ململانێ شەخسی و گروهی و حیزبیەکان بێت. بەکارهێنانی

زمانی زبر لە نووسین و ڕاگەیاندنەکاندا بە مانای چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دەستپێکردنی شەڕێکی نەخوازراوی دیکەیە کە ڕۆڵە شۆڕشگێرەکانی گەلی کورد دەستە و یەخەی یەکتر دەکا و بێجگە لە دژمن کەسیتر سوودی لێ نابات. ئێمە کە پێمان ناوەتە ئەم مەیدانە، بۆ شەڕ لە گەڵ هیچ لایەنێک و بە هاندانی هیچ لایەنێکی تر نەهاتووین، بەڵکوو بە هەستکردن بە زەرورەتی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب و بە هاوکاریی هەموو دڵسۆزانی دێموکرات هاتووین تا کۆتایی بە شەڕی نێو ماڵی خۆمان بێنین. بێڕێزی کردن بە دوو لایەنی دێموکرات و نووسەر و تاکەکانی، بێڕێزیە بە ڕابردووی خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبەکەمان لە پێناو ڕزگاریی گەل و نیشتیمانەکەماندا. تۆمارکردنی هەر شانازییەک، دەبێتە مایەی ئیفتخار و سەربەرزیی هەمووومان. کە وایە لەکەدارکردنی حیزب و ئەندامەکانیشی دەبێتە خاڵێکی نێگەتیڤ لە مێژووی حیزب و مایەی نیگەرانی هەمووومان و سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێیەکی تری بێ ئاکامنجە کە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نیە. ڕاگەیاندن کاریگەریی گرینگ و بەرچاوی هەیە لە ئاڵۆز کردنی کێشەکان و بە پێچەوانەش ڕێگە خۆش کردن بۆ کۆتایی هێنان بە گیر و گرفتەکان و بەهێز کردنی ڕوحی برایەتی لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکی جیهاندا. هەر بۆیە نووسەران لە گەڵ ئەوەی کە پێویستە ئازایانە بە گژ کەم و کووڕیەکاندا بچنەوە، هەر لەو کاتەشدا پاراستنی حورمەت و کەرامەتی تاکەکان و بەهێزکردنی پەیامی ئاشتی و ئاشتەوایی یەکێک لە ئەرکە هەرە گرینگە نیشتمانیەکانیانە.

١٩ - ٣ - ٢٠١٠

---

## پەخشان بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان

زۆر لەمێژە کورد و کۆست و کارەسات، کوژران و خوێن و مەرگەسات ئاوێتەی یەک بوون. لە مێژووی ئەم گەلەدا ڕۆژێک شک نابەی کە ڕووداوێکی دڵتەزێن تێیدا ڕووی نەدابێ. هەموو لاپەڕەکانی مێژووی کورد، بە گیانبازی و ئازایەتیی خوێنی ڕۆڵەکانی و فرمێسکی دایکان و باوکانی جگەرسووتاو نوسراوەتەوە. ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە یەکێک لە ڕۆژە هەرە تاڵەکانی مێژووی ئەم میللەتەیە. لەم ڕۆژە تاڵەدا، لە وەرزی گوڵ و گوڵاڵەدا، لەم بەهارە سەرسەوزەدا، لەم خاکەلێوە و نەورۆزەدا، کورد و خوێن و سێدارە و سەر، لاپەڕەیەکی دیکەن لە مێژووی خوێناویی گەل. هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا نەورۆزمان لێ دەبێ بە شین، دڵی نەورۆزاویمان لە دژمن پڕ دەبێ لە قین. هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا، چوارچرا تا پێرلاشێز داوای هاوسۆزیی کورد دەکا، هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا دژمن داوای لەعنەت و نەفرەت دەکا. هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا گوڵاڵە سوورەکانی سەر گۆڕی شەهید تینویەتیان بە نم نمەی بارانی فرمێسکی دایکە جەرگسووتاوەکانی کورد دەشکێنن.

مێژوومان، هەر لاپەڕە و کارەساتێک، هەر لاپەڕە و شانازی و ئیفتخارێک، هەر لاپەڕە و نەبەردی و داستانێک، هەر لاپەڕە و لاوک و حەیرانێک. هەر مانگێک ژانێک و هەژانێک. دایکی نیشتمان بە ئازارە، لە هەر بستێکی جەستەی برینێک و جگەرگۆشەیەکی شەهید، لە هەر گۆشەیەک خەڵاتێکی سوور، لە هەر قەدپاڵێک جۆگەیەک خوێن و ڕووبارێک فرمێسک. وەرزێک هەناسەی سارد و پێدەشتێک گوڵاڵەی سووری هەڵوەریو، مشتێک فیشەک، ئەنبارێک لە باڕووت و دارستانێک لە تابووت، ئامێزێک کەزیی سپیی دایکانی خەفەتبار، کۆشێک چاوی پڕ لە فرمێسک و ئاڵایەکی سوور، کۆشکێکی وێران و خاپوور، لە هەر قوژبنێک ناڵە و گریانی باوکی شەهیدێک، لایەلایەی دایکێک بۆ کۆرپەی لەدەستچوو، قژ و ڕوومەتی ڕنراوی خوشکی شەهیدێک، پشتشکانی برای شەهیدێک و سینگ کوتانی بێوەژنێکی بێ هاوسەر. شارێکی وێران، گوندێکی ڕووخاو، مناڵێکی ناز لێشیواو، بێ باوکێک، بێ نەوایەک، دەربەدەرێک، پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەرێک، هاوڕێیەکی شەهید و پێشمەرگەیەک و وێنەیەک، بۆمبێک و سەنگەرێک، تفەنگێک و فشوونێک و لشکرێک، هێلانەیەکی بێ مەل و مەلێکی بێ هێلانە، سووتماکێک لە لێڕەوار، مامۆستایەکی بێ قوتابی، قوتابییەکی بێ پەرتووک، دەفتەرێکی بێ پێنووس و پێنووسێکی بێ خاوەن، مخابن خاوەنەکان هەموویان شەهیدی ئەم خاک و ئاوەن.

ڕێگەی شۆڕەسوارانی سەرانی سەر سێدارە، پڕ فیداکار و پڕ ڕێبوارە، سپێدەی پێش گزینگی هەر خۆرێک، قارەمان و تێکۆشەرێک لە دایک دەبێ و تێکەڵی ئەم کاروانەیە . هەر شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاو، لە هەر بەرزاییەک مۆمێ دادەگیرسێ، هەر ڕۆژە دروشمێک بە خوێنی ڕۆڵەیەکی نیشتمانم دەنووسرێ. هەموو ساتێ چاوێکی چاوەڕوان بێ تروکان دەستەوئەژنۆ، ڕوو بە ئاسۆ چاوەڕوانی دیدار

دەکا. هەموو ساتێ دڵێکی شکاو، لە ژوانگەکەی بەر ماڵان، ئینتیزارە و تاسەی دیداری یار دەکا. هەموو ساتێ هەموو کوردێ، لە شار و دێ گوێ بە زەنگن بۆ بیستنی مزگێنی نوێ. بەڵام زۆر زۆر بە داخەوە، گشت دەسووتێن لە ناخەوە. خاکەلێوەی ئەم چەند ساڵەم تاڵتر و بەژانترە. وا چەند ساڵە کاروانی ڕێبوارانی خاکەلێوە، دابڕاو و پەرتەوازە و لێکبڵاوە. وا چەند ساڵە گۆڕستانی شەهیدەکان دوو بەش و بەش کراوە، وا چەند ساڵە قوتابییەکان زیز و زویر و لێکدابڕاون. پێشمەرگەکان لەگەڵ یەکتر دڕدۆنگ و لالووت و بێ سڵاون، پەنجە گەرمەکان سارد و بێ هێز و لەرزۆکن، بنەماڵەکان گرژ و خەمبار و ناکۆکن، ڕێگا یەک، ڕابردوو یەک، ئامانج یەک، ئاڵا یەک، بەڵام دوو برای نالێک. ڕێبوارەکان هەر ڕێبواری یەک ڕێگان، بەڵام سەد حەیف و مخابن، بێ وڵات و بێ دەوڵەت، دەربەدەر و دوورە وڵات، گیرۆدەی پەتای نگریسی دەسەڵات، دێوەزمەی بەڵایەکی ڕووخێنەر، کورسییەک و سەربازێک و دوو ڕێبەر.

من پەیکی ئازادیی وڵاتم، لەمێژ ساڵە لە گەڵتانم، هاوخەبات و هاوڕێتانم، سروەی شەماڵی کوێستانم، لەمێژ ساڵە هەنگاو هەنگاو، دۆڵ بە دۆڵ، لووتکە لووتکە لە دواتانم. لەمێژ ساڵە دەوەن دەوەن، سەنگەر سەنگەر میوانتانم. لەمێژ ساڵە بووینە ڕوحێکی نێو دوو جەستە و تازە لە یەک نابینەوە. ئەم سەفەرەش هاتوومەوە دەبا دەس لەملان بینەوە. بە ئاهـ و تاسە و دەردەوە، بە هەگبەیەک پەیام و ڕاسپاردەوە، لە چوارچرا تا پێرلاشێز، یەک بە یەک، ماڵ بە ماڵ، ئامێز ئامێز، میوانی هەر هەمووتانم. ئەم هەگبەیەم لێ وەربگرن، بۆ چەند چرکەیێ گوێم بۆ بگرن. پەیامەکانی ئەم جارەم، هەواڵی نێو گوند و شار و سەر شەقام نین، هەموویان گازەندە و سەرزەنشت و گلەیین، داواکارین، گریانن، بەزەیین. قژڕنینن، ناسۆرن، هەناسەن، پاڕانەوە و هاوار و خولیا و تاسەن.

پەیامی سوێندەکەی چوارچرای پێشەوام پێیە، پەیامی یەکبوون و برایەتی، پەیامی لەعنەت و نەفرەت لە دژمنایەتی، پەیامی بە یەکەوەبوون، پەیامی بێ گەڕانەوە و بەرەو پێشچوون.

من پەیکی ئازادیی ولاتم، کۆمارەکەی کوردستانم، یەکگرتووییم، باوەڕم، ئیمانم. ٢٥ی گەلاوێژم، لەمێژ ساڵە خوێن دەڕێژم، ٢٦ی سەرماوەزم، پێشمەرگەم و قەت نابەزم، ٢ی ڕێبەندانم، شانازیی گشت کوردستانم، سوێندەکەی پێشەوای شەهیدی سەرقافڵەی شەهیدانم، دە پێم بڵێن کوا پەیام و ڕاسپاردەکانم؟ بۆچێ دابڕاو و هیلاکن؟ بۆ برا نین، وا تاک تاکن؟

من پەیکی ئازادیی وڵاتم، ئاڵا بەرز و چوار ڕەنگەکەی کوردستانم، سوورم خوێنی شەهیدانم، سەوزم، هیوای ماڵی هەژارانم، زەردم، گزینگی خۆری ئازادیی نیشتمانم، سپیم، بزەی شادیم، کۆتری ئاشتیم ئاشتیخوازم هەر بۆیە وا سەربڵند و سەرفرازم، بە ڕۆڵەکانی کورد دەنازم. من پێناسە و سەربەخۆییتانم. ئێوە یەک بن من قەڵا و ڕەمز و هێز و هیواتانم.

پەیکی ئـازادی وڵاتـم، دەستی لەرزۆک و پرچی سپی دایکی شەهیدی بـێ وڵامین، لەمێژ سـاڵە ئێمە و خەنە لێک حەرامین، ڕەنگی خەنە، ڕەنگی خوێنی ڕۆڵە شەهیدەکەی منە، ئەو ڕۆڵەی لەمێژ ساڵە بێ سەر و شوێنە و لێم ونە، خوێنی ڕۆڵەکەم بۆ ئازادی و ئاشتی ڕژا، پرچی سپی منیش، بەیداخی ئاشتیخوازیی گەلەکەمە. ڕۆڵەکانی دێموکراتم، لەمێژ ساڵە لە سەر بەرماڵ بـۆ ئێـوە دەس بە دوعـا، لە ڕێی ئاشتیدا ڕووبارێ فرمێسک لە چـاوم ڕژا، جگەر گۆشەکەم قـارەمانـانە خـوێنی پـژا، کەس نـازانێ لە کـوێ نێـژرا، ئەی ئێـوە بـۆ چی، لە ڕێی میللەت بۆ سەر بەرزی، لە بۆ ئاشتی لە گەڵ یەکتر، دەست و ئەژنۆتان دەلەرزی؟

پەیکی ئازادی وڵاتم، دەستی شەقار شەقاری باوکی شەهیدێکم، شەو تـا بەیـان لە سەر زگی برسی دەخەوم، پیرە پیاوێک کە تەنیـا خاوەنی تاقانەیەک بوو، نان هێنەر و هیوای ئەو بوو، ئەویش بۆ گەل خۆی فیدا کرد. ئێستا بێ پەنا بێ نان و ئاو، لە کەلاوەیەکی داڕووخـاو، بـێ هـاودەم و بـێ خـزم و کەس، هـەردەم چـاوەڕێ و چـاو لە دەس، پشت چەمـاو و ڕووت و برسـی، ئێـوەش دەربەدەر و بـێ ڕاپرسی، شەڕتانە لە سەر دەسەڵات و کورسی.

پەیکی ئازادی وڵاتم، نامەی هـاوڕێی شەهیدتـانم لە هەگبەدا، لە بیرتـانە شەختە و سەهۆڵبەندانی تـاریکە شەوێک، لە قەد پـاڵی ڕنووی چیا، بێ فاتحە و کفن و مەلا، هەر بە بەرگی پیـرۆزەوە، لە پەنـا تـاشە بەردێکەوە، خستمتانە ژێـر خـاکەوە؟ نەتـانم دیت، گوێم لێتان بوو، سوێندتـان دەخوارد، درێژەدەری ڕێگاکەم و وەفاداری ئامانجم بن، بە هەنیسکی گریـانەوە، بڕیارتـان دا پشت و پەنـا و هاوڕێی یەک بن، بڕیارتـان دا خاکەلێوەی هەموو ساڵێ بە یەکەوە بێنەوە لام، کوا پێم بڵێن کوا بڕیارتـان، کـوا زیـارەت و دەسکە گوڵ و برایەتیتان، دە پێم بێژن بۆ وا ماتن، کوا وڵامتان؟

پەیکی ئازادی وڵاتم، هەڵگری پەیامی منداڵێکی چاو گەش و چـاو بە فرمێسکی شەهیدێکم، نـاز لـێ شێواوم بـێ بـاوکم. دەڵـێ هەموو ڕۆژێ کە شەو دادێ، چاوەڕێی دەستی گەرمی محبەبەت و مـاچێکی گۆنـای بـاوکم دەکەم، کەس نییە نـازم بکێشـێ، لە بیابـانی بـێنـازیـدا خنکاوم، هاواڵەکانم دەڵێن باوکت لە گەڵ قـافڵەی جەنگـاوەران و نەمران چوو و ڕەنگە قەت نەیەتەوە. دە باشە پێم بڵێن کوا ئەو پەنجانەی بۆنی پەنجەی باوکمیـان لـێ دێ؟ کوا پێم بڵێن کـێ بەزەیی بە من دادێ؟ کـێ دەتـوانێ بە جێـی بـاوکم بـۆ جێژنـانەی ئەم نەورۆزەم بووکە شوشەیەکم داتێ ؟ هاوڕێکـانم پێم دەڵێن، پەنجەکـان یەکتریـان شکان، ئێتر ئەوان، بـۆ هەدیە و نـازی تـۆ نـایەنە ژوان.

پەیکی ئازادی وڵاتم، ئەم جار لە غوربەتەوە هـاتم، لە هەنـدەران، لە گۆڕستـانی نـاوداران، لە وییەن و پێرلاشێز و میکونووس، لە لای قەدەر و چارەنووس، هەڵگری هەگبەیەک نامە و پەیامی دەسنووس، هەڵگری دەرمانی پەتای لەتبوون، پەیامی هێزی یەکبوون،

پەیامێکە بێ کۆتایی، پەیامی خۆشەویستی و ئاشتەوایی، پەیامی شەرەفکەندی و قاسملوو، شەهیدانی هەردەم زیندوو، ئەوانەی لە ڕێی ئاشتی خوێنیان ڕژا، بە دەست تێرۆر مێشکیان پڕژا، مامۆستا و ڕێبەرتان بوون، سەردار و سەروەرتان بوون، چرای ڕێگەی خەباتتان بوون، مۆمی شەوی تاریکتان بوون، خاوەن عیلم و فەلسەفە بوون، سەرداری سەردەمی سەنگەر و فیداکار و خۆنەویست و تێکۆشەر بوون، بۆ گەل ژیان و بۆ گەل چوون. لە قوتابخانەی شۆڕشدا، فێری وانەی ڕێزیان کردن، فێری وره و هێزیان کردن، ماندو نەناس بێ ڕاوەستان، بۆ ڕۆڵەکانی کوردستان، هەم دوکتۆر و هەم مامۆستان، بەڵام ئێوە لە کۆتایی ساڵی خوێندن، لە سەدەی نوێی پێشکەوتن، لە قوتابخانەی نەسرەوتن، زیرەک و بە بڕشت و ئازا نەبوون، هەزار حیف و سەد مخابن، لە وانەی برایەتی دا، لە وانەی هێزی یەکبوون، گشت تان کەوتن و دەرنەچوون.

پەیکی ئازادی نیشتمانم، ڕادیۆ دەنگی کوردستانم، لە ئەشکەوتان و شیوەجۆ و دۆڵەتوو و ئالانم، لە سەر پشتی وڵاخێک و لە بناری ئاسۆس و قەندیلم، وەکوو سیامەند، لە مێژ ساڵە، لە گەڵ خەجێ و، بە ئەشقی خەجێ وە دیلم. لە وڵاتم دەربەدەر بووم، کۆڵ بە کۆڵ و دۆڵ بە دۆڵ لە گەڵتان بووم، بەشداری ئاهەنگ و زەماوەندتان بووم، لە گەڵتان گریام، بۆتان گریام، بەڵام ئەمجار بە داخەوە وەکوو سیامەند، نەک لە لوتکەی شاخەوە، نەک بە پەلی دارەبەنێ لە بەندەنێ، بەڵکوو بە دەستی ڕۆڵەکانی ئەم سەدەیە، لە ماڵی حاجی قادرا، کەوتمە بەر خەنجەری دوو برا، دڵی ئاشقم دوو لەت کرا. خەجێ هەر بە سەر سەرمەوە لەم دەڤەرە، گوێی لە دەنگی مامە سێوە و سۆزی ئاهەنگی سەحەرە. دوو هاوڕێکەی تری خەجێم، یەکیان شەهیدی گۆڕ غەریب، ئەوی تریان دەربەدەرە. من تەهاکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانم، گۆڕ غەریبی هەندەرانم، وڵامی نامەی گوێگرەکانم، بە بەرگی کوردی و بە ئاڵای کوردستانەوە، ئێستا دەس لە ملانی دایکی نیشتمانم، هەر دەم چاوەڕێتانم، ئازیزانم دە پێم بڵێن کوان خەون و ئاواتەکانم؟

پەیکی ئازادی وڵاتم، دەنگە زوڵاڵەکەی پێشمەرگەم، قرمەی چەکی دەستیانم، گڕی هێز و هەستیانم، پێشمەرگەم و لە سەنگەرم، بەڵای سەری داگیرکەرم، لە مەیدانی جەنگەوە دێم، لە ئارارات و شاهۆ و گیارەنگەوە دێم، لە بێستوون و تەتەر و ئاژوانەوە، لەئاگری و ئاربەبا و زەنگانەوە، لە زمزیران و زاگرۆس و گاوەرۆوە، لە سەرا و نیلوفەر و هۆمل و کرەند ماکۆوە، لە سندووس و موکریان و سەرڕۆ و داڵەهۆوە، لە دمدم و تەرەغە و پالەنگان و چلچەمەوە، لە ئەنزەل و مەیدانچۆخە و داڵانپەڕ و گاوارەوە، لە سیروان و ئارێز وگۆلی ورمێ و زرێبارەوە، لە تەتەهوو و ناڵەشکێنە و ویمیر و بۆزی سینا و لاجانەوە، لە ئاویەر و داشکستان و ئەلەند و لەندی شێخان و نەکەرۆزەوە، لە باژاڕ و قەندیل و ئایسەر و میرقازەوە، لە شانشین و سلێمانبەگ و دزڵێ و میربەهاڵەوە، لە کەلیخان و چیای حەورین و ئاویەر و گرژاڵەوە، لە دزڵێ و کەلی سەرا و سپیسەنگ و سپی ڕێزەوە، لە ڕەندۆڵە و دەمەیە و گادەر و باوەڕێزەوە هاتوومەوە. هۆ خەڵکینە مەرەنجێن لێم، جارێکیتر گوێ بگرن لێم، سەرنج بدەن سەرنج بدەن، سەرنجی ماڵی خۆم بدەن. لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاویدا، لە بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پێش گزینگی

خۆری بەیان، ڕۆڵەکانی نیشتمانم، لە هەڵمەتێکی سەرلێشێواو، لە شەڕێکی دەستە و یەخەی دوژمن شادکەر، حیزبەکەمیان لە خشتە برد، زۆر شێرانە و زۆر دەست و برد، هەر برا و میراتی خۆی برد، شەهیدەکانیش بەش کران، جەستە ئەنجن ئەنجن کرا، ئەوەی دەبوو نەکرێ کرا. براکانم، خوشکەکانم، دەستان نەرزێ، دەست و خامەتان ڕەنگین، خەوی شەهیدانتان زڕاند، وەسیەتی پێشەواتان دڕاند، چوارچرا و پێرلاشێزتان هەژاند. دەستان نەرزێ و دەست و خامەتان ڕەنگین، ڕەنگینتان کرد جەستەی بە خوێن، بەڕاستی هەر ئێوەن ڕێبەر و ڕێنوێن، سەلماندتان وەفادارن بە ڕێبازی خاکەلێوە و چوارچرا و پێرلاشێز و وەسیەتەکەی نەمر قازی، دەستان نەرزێ و خامەتان ڕەنگین.

من پەیکەری ئازادی وڵاتم، مامۆستا عەبا خوێناویەکەی گوندی قاڕنێم، بە قورئانەوە بە گژتان دادێم، تکا کارم، ڕەجا دەکەم، خۆخۆری بەس، نیفاق بەس، ناکۆکی بەس، براکوژی بەس، بە شۆرش مەهێنن هەرەس. پەیامی مناڵێکی سوتاوی سەر بێشکەم پێیە، پەیامی وەرزێرێکی لە خوێن غەڵتاوی گوندێکی قەڵاتانم بە دەستەوە، پەیامی بووکی ڕووسووری یەک شەوەی سەروکانیم لە باخەڵدا، پەیامی پیرە دایکێکی پشت چەماوی دەس بە دوعام لە ناو دڵدا. پەیامی ئێسک و پروسکی کوڕە کوردێکی نەناسراوم پێیە، پەیامی ڕاپەرینەکەی ٤٦ و٤٧ ی نێو حوجرەی فەقێ یانم پێیە، پەیامی جۆگەلەی خوێنی خەڵکی بێ تاوانم پێیە، پەیامی نەورۆزی خوێناوی سنە و دوازدە سوارەی مەریوانم پێیە، پەیامی دەغڵ و دانی سوتاوی جوتیارانی گوندم پێیە، پەیامی شمشاڵەکەی مامە قالە و حەیرانەکەی خدری قادری و هۆرەی هەورامان و لاوکی شکاکانم پێیە. پەیامی عەوڵای مام خاڵند و ٥٩ لاوەکەی سابڵاخی م پێیە، پەیام و وەسیەتی بەندییەکانی بەر پەت و سێدارەی بەندیخانەی جەللادەکانم پێیە، پەیامی بێریەکی ڕەشپۆشی بێ شوان و شوانێکی بێ سەر و شوێنم پێیە، پەیامی ئەشکەوت و چیای پاڵپشتی ئێوەم پێیە، پەیامی گوندە ڕوخاوەکانی ژێر بۆمب و ناپاڵمم پێیە، پەیامی کانیاوە زوڵاڵەکانی کوردستانم پێیە، پەیامی سنوورە دەسکردەکەی بە مین چێنراوم پێیە، ئەوانە و هەزاران پەیامی تر. من مامۆستا شەهید و غەدر لێکراوەکەی میللەتێکم، دیسان دەڵێم بەسیەتی دابڕ دابڕ، ئێوەش یا وڵامم دەنەوە یا وەک بکوژەکانم قورئانەکەم بکەن دادڕ دادڕ.

## پەیامی یەکبوون بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

سڵاو لە ڕووحی پاکی ئەو شەهیدانەی کە بە خوێنی گەش و ئاڵیان ئاڵای سووری خەباتی گەلی کوردیان ڕەنگاند، ئەو شەهید سەرفرازانەی کە حیزبەکەمانیان کردە خۆشەویستی گەلی کورد و گەیاندیانە لووتکە.

سڵاو لە گەلی زۆرلێکراوی کورد کە هێز و هاندەر و پشت و پشتیوانی حیزبەکەمان بووە و دەستە دەستە ڕۆڵەکانی خۆی پێشکەشی بارەگای بەرزی ئەم حیزبە کردووە. سڵاو لە پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی کە بوونە قارەمانی سەنگەرەکانی بەرگری و بەرخۆدان.

خوشک و برایانی خۆشەویست!

بەشدارانی بەڕێزی شەوئاهەنگی دێموکراتەکان!

سڵاوێکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئێوە تێکۆشەرانی مەیدانی کۆڵنەدان و بەرەنگاری کە لە ڕێگای بەرز ڕاگرتنی ئاڵای حیزبەکەماندا، خوێنتان ڕشت، ماندوویەتیتان چێشت و ژیان وماڵتان فیدای ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی گەلی کورد کرد. ئەوپەڕی حورمەت و پێزانینم بۆ ئێوە کە بە دەنگمانەوە هاتن و بەشداری ئەم شەو ئاهەنگە بوون. بە دەنگەوە هاتنتان نیشانەی دڵسۆزی و خۆشەویستیاتانە بۆ حیزبی شەهیدان، نیشانەی هەست بە بەرپرسایەتی کردنە لە بەرانبەر چارەنووسی حیزب و داهاتووی گەلی کورد و نیشانەی ئەوپەڕی تێگەیشتن و باوەڕی بەرز و پیرۆزتانە بە ڕێگەی سوورو پیرۆزی شەهیدان. بەشداریکردنی ئەمڕۆتان لێرە لە یەک شوێن و لە یەک ڕیزدا،هەر بەشداری کردنی دوێنێتانە لە یەک سەنگەردا. بێگومان هەموومان لە یەک سەنگەر داین کە ئەویش سەنگەری پۆڵایینی دێموکڕاتە. زۆر لە مێژە پاراستنی ئەم سەنگەرە مەزنتان لە ئەستۆیە و بە ژن و بە پیاوەوە شێرانە پاراستووتانە. ئەم بە یەکەوەبوونەتان بۆ جارێکیتر بە دۆست و دژمنی سەلماند کە جیاکردنەوەی ئەو ڕووحە پیرۆزەتان لە یەکتر مەحاڵە، بە داخەوە ئەگەر ئەمڕۆ ڕووحێکین لە ناو دوو جەستەدا، ئەوا زۆری پێناچێ و دڵنیاین کە هەموومان لە ناو جەستەی حیزبەکەمان دا بە یەکەوە ئاوپڕژێنی ئەو ڕووحە مەزنە دەکەین و بە ئازایەتی و خۆشەویستیمان بۆ یەکتر، موژدەی بەهارێکی خۆش دەدەینە گەلەکەمان.
بەڕێزان مەبەستمان لە پێکهێنانی ئەو شەوئاهەنگە بۆ لە یەک نزیک کردنەوەی دڵەکان و لە نێو بردنی گومان وناکۆکی و گێڕانەوەی خۆشەویستی و برایەتی یە. هیواداریین شەوێکی خۆش، پڕ لە سۆز و محببەت، بە ڕووحێکی دێموکراتانەوە،دوور لە

گرژی و ناکۆکی،سەرتاپا گوڵ وخەندە و پێکەنین بە یەکەوە تێپەڕ بکەین.

با ئەم شەو ئاهەنگە دۆستانە ببێتە دەسپێک بۆ کۆبوونەوە و سمینار و مراسمی گەورەتر و سەرەنجام وەسەریەککەوتنەوەمان لە یەک ڕیز و لە یەک سەنگەردا.

بێگومان ئەو کارەساتەی کە چەند ساڵ لە مەوەبەر بە سەر حیزبەکەمان هات، بوو بە مایەی نیگەرانی و نائومێدی دۆستان و دڵسۆزانی حیزب و گەلی کورد بە گشتی. حیزبێک کە لە سەر دەستی پێشەوای شەهید، لە نێو تەبایی و یەکڕیزیی گەلی کورد دامەزرا و بوو بە هیوا و ئومێدی میللەتێک، ئەوا بە داخەوە ئێمە بە هۆی نەحەوانەوەمان لە گەڵ یەکتر، تووشی ئەو کۆستە گەورەمان کرد.

خۆشەویستان! ئەو ڕۆژەی کە شەرەفی ئەندامەتی ئەو حیزبەمان پێبرا، بڕیارمان دا لە سەنگەری دێموکراتدا بە یەکڕیزی و برایەتی ببینە ڕزگاریدەری کوردستان و پشت و پەنای یەکتر بین. هیچ کەس لە ئێمە بە خەیاڵیش چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە تاڵانە مان نەدەکرد.

حیزبی ئێمە تووشی لێکدابڕان بوو، ئەو لێکدابڕانە لە دڵەوە هەموومانی هەژاند، ناکۆکی ودووبەرەکی ئەمڕۆ و ترس لە شەڕی نگریسی براکوژی سبەی خەمێکی گەورەیە لە ناو دڵی هەمووماندا. تکاتان لێ دەکەم با خوێ لە برینەکان نەکەین، زامی بەستۆ هەڵنەدەینەوە، یەکتر بە خیانەت تاوانبار نەکەین، لەوە زیاتر بێ حورمەتی بە یەکتر نەکەین، بەرژەوەندیەکانی حیزب فیدای بوغز وقین و بەرژەوەندییە شەخسیەکانمان نەکەین. با بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد نەک بەرژەوەندییە شەخسیەکانمان بەڵکوو بەرژەوەندییەکانی حیزبیش فیدا بکەین. با هەر یەکەمان لە حاست خۆی ببێتە مەڵحەمی برینە بە ژانەکان، ببینە دوکتۆری دەردی خۆمان و، حیزبەکەمان بە قەزا و قەدەر نەسپێرین. هیچ کەس لە خۆمان بۆ حیزب دڵسۆزتر نییە، با چاوەڕوانی دەستی مەرحەمەتی ئەولا ولا نەبین، هیچکەس لە خۆمان باشتر دەردمان هەست پێناکات و ئازارەکەی ناچێژێ و هیچ کەسیش وەک خۆمان دەرمانی ناکات.

پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چەندین ساڵ بە یەکەوە شەڕیان کرد، ئاکامەکەی بوو بە چی؟ هەزاران دایکی شەهید، داوایان لێکردن، لە بەریان پاڕانەوە بۆ خاتری خوێنی ئەو شەهیدانە دەست لە برا کوشتن هەڵگرن، وڵامی کەسیان نەدایەوە، هەزاران پیرەژنی جەرگسووتاو هانایان بۆ بردن، وڵامێکیان پێنەدرایەوە، سەرەنجام جەبری مێژوو وای کرد کە پیرەژنێکی ئەمریکایی دەستی خستنە ناو دەستی یەک و ئاشتی کردنەوە. هەمووماں خۆشحاڵ

**بووین بەو ئاشتیەی ئەوان و ئێستاش بە خۆشیەوە بەرهەمەکەی دەبینین، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە کورد بە هۆی ئەو شەڕەوە چەندە خەساری لێکەوت و چەندە دواکەوت. شەڕە ڕەوانیەکەشی بە دەیانساڵیتر کۆتایی نایەت. با ئێمە جەبری مێژوو پێمان نەکات. دیارە ئەگەر لە شەڕدا ئازایەتی پێویستە، ئەوا لە ئاشتیش دا ئازایەتی هونەرێکی مەزنە. ئاکامی هەر شەڕێک دوو شتە، یا لایەنێک لایەنەکەیتر لە نێو دەبات یا  دوای ماندوو بوون لە شەڕ ئاشتی دەبنەوە. بەو هیوایە کە قەت مۆتەکەی شەڕ ڕوو لە ماڵی دێموکڕات نەکات، چوونکە دڵنیام کە هیچ لایەک ئەویتری پێ لە نێو ناچێ و سەرەنجام دەبێ کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن. کەوایە وەرن با لە ئێستاوە ڕێگای ئاشتی هەڵبژێرین. ڕەمز و سەرکەوتنتان تەنها ویست و ئیرادەیە. ئەگەر ئیرادە بکەین زۆر ڕاحەت دەتوانین بەربەستەکانی سەر ڕێگەی یەکگرتنەوەمان هەڵگرین هەروەک چۆن توانیمان ئەمڕۆ وەک یەک بنەماڵە لە دەوری یەک کۆبینەوە. ئێمە دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێبکەین، سەفەری هەزاران کیلۆمیتری لە هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێدەکات، دیارە بە خۆشیەوە لە حیزبی ئێمەدا لە مێژە دەستی پێکردووە و ئاسۆی یەکگرتنەوەمان ڕوونە. با لەوە زیاتر دەست لە سەر دەست دانەنێین، چۆن لە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانی سینگی خۆتان کردبووە سپەری پاراستنی کوردستان و هێزی پۆشتە و پەرداخی دژمن چۆکی پێدانەدان و قەت نائومێدی ڕووی تێنەکردن، ئەوا ئەمڕۆش دەبێ بە هەمان ورە و ئومێدەوە بە سەر ئەم کۆسپەشدا زاڵ بن. ئەگەر تێکدان و خراپکردن کاری چەند کەسێک بوو، ئەوا چاککردنەوەی ئەرکی هەموومانە.**

**میخائیل گۆرباچۆف سەرۆک کۆماری پێشووتری ڕووسیە دوای پازدە ساڵ لە کۆبوونەوەی خۆی و هلمتکۆڵ سەدری ئەعزەمی ئەو کاتی ئاڵمانی غەربی، باس لە بڕیاری ئەو کاتی کۆبوونەوەکەیان دەکا و دەڵێ" لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی کاتێک کە ئێمە کۆبووینەوە و باسی وەسەریەکخستنەوەی ئاڵمانی شەرقی و غەربیمان کرد، بەو نەتیجە گەیشتین کە جارێ بۆ وەحدەتی دوو ئاڵمان زوویە. هەڵگرتنی دیواری بێرلینمان دانا بۆ سەدەی بیست و یەک. بەڵام دەڵێ ماوەیەکی کورت دوای نەزەر و بڕیاری ئێمە، خەڵکی ئاڵمان خۆیان بوونە پێشەنگ و نەک دیوارەکەیان لابرد بەڵکوو ئاڵمانیشیان کردەوە یەک". زۆر جار ڕێدەکەوێ کە  ڕێبەران هەست بە ئازاری دەروونیی خەڵک ناکەن و واقعیەتەکان نابینن یا نایانهەوێ بیانبینن یا مەسڵەحەتیان وادەخوازێ کە نەیبینن.**

**دالایی لاما دەڵێ" دیروز تاریخ است، فردا ڕاز است، امروز یک هدیه است".**

**ئەمڕۆ بۆ ئێمە هەدیەیە،با ئەو فرسەتەی ئەمڕۆ لە دەستمان دایە لە دەستی نەدەین، چۆن نازانین سبەینێ چی ڕوو دەدات و ئەو کات پەشیمانی بێ سوودە.**

با ئێمە هەر چاوەڕێی ڕێبەرایەتیی حیزب نەبین تاکوو بێن بە یەکەوە دابنیشن و کۆتایی بە کێشەکان بێنن، ڕەنگە بەشێ لەوان یەکگرتنەوەیان پێخۆش نەبێ یان سیاسەت لە گەڵ یەکتر بکەن، ئەو سیاسەت و کوردەناموسی و داش بە داش و شەرت و شرووتە تووشی ماڵوێرانیمان دەکات. هەموومان لە ڕێبەر تا سادەترین ئەندامی حیزب خاوەنی یەک دەنگ و یەک مافین و پێویستە لەو مافەی خۆمان بۆ بەرژەوەندیی حیزب کەلک وەرگرین. هیچ ئینسانێک لە دنیادا هەموو شتێک نازانێ، ڕێبەرانیش وەک ئێمە و ڕەنگە لە ئێمەش زیاتر تووشی هەڵە بن. هەموومان کەم و زۆر ئاگاداری ناکۆکییەکانی ناو ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان هەین. بەداخەوە سەرچاوەی هەموو ناکۆکی و لێکترازان و لێکدابرانەکانی حیزب لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستا ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان بووە. لە گەڵ ئەوەی کە دژی هەر جۆرە بێحورمەتیەکم و لە گەڵ ڕێزم بۆ زەحمەت و ماندوو بوون و فیداکاریان، بەڵام هەموو کاتێک کێشەکە لەوانەوە دەستی پێکردوە و تەشەنەی کردۆتە ناو بەدەنە. تا ئێستاش نەبووە کە بە هۆی ناکۆکیی بەدەنە، حیزب تووشی موشکلات بووبێت. دواتر ڕێبەرایەتی بە خۆشی خۆیان بووبێت، بە زۆر یا جەبری مێژوو پێی کردبن ئاشتیان کردووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە میکانیزمێکی دروستی بەڕێوەبردن نەدیتراوەتەوە دیسان لە شوێنێکیترەوە ناکۆکیەکان سەریان هەڵداوەتەوە. ناکۆکییەکان چۆن لە ڕێبەرایەتیەوە سەری هەڵداوە، چارەسەر کردنەکەشی هەر لە دەست ڕێبەرایەتی دابووە و بە داخەوە لە چارەسەری کێشەکاندا بەدەنە نەیتوانیوە نەخشێکی گرینگ بگێڕێ. بەدەنە بە جێگەی ئەوەی کە داوەر بێت، بۆتە لایەنگر و پشتیوانی جەناحێک یا لایەنێک، کە ئەوە کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە. با ئەمجار یەکبوونەوەی حیزب لە بەدەنەوە دەست پێبکات. با چیتر بۆ چاک و خراپ چەپڵە لێنەدەین. با بەدەنەی حیزب ببێتە داوەر و حەکەم بۆ داهاتووی حیزب. هەر کات هەستمان کرد کە ڕێبەرایەتیی توانای چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی نییە بەدەنە پێویستە ببێتە سپەری ئینشقاق و لێکدابڕان. زۆر جار غرووری کازبی کەسێک یا کەسانێک کارەساتی گەورەی بە دوای خۆیدا هێناوە و بە داخەوە هەر جارە کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب ماڵ ئاواییان لێکردووین. ئەوەی کورد دەڵێ دەست نیە لە گۆزەی مابێ،گۆزەکە هەمان غرووری بێ جێی ئێمەیە، با بۆ خاتری گۆزەکە دەستەکە نەبڕینەوە، ئەگەر دەستەکە ببڕینەوە، ئەوە نیشانەی نەزانیمانە. هەموومان لە ناو یەک کەشتی داین، کە غەرق بێ هەموومان غەرق دەبین. ئەو حیزبە هی ئێمە نییە، ئێمە ئەمانەتدار و پارێزەری ئەو حیزبەین، حیزب هی گەلی کورد و هی شەهیدانە. ئەو ئەمانەتەی داویانەتە دەستمان با بە گیان و دڵ بیپارێزین و خیانەتی پێ نەکەین.با ویژدانمان بکەینە قازی و وڵامێکی دڵخۆشکەر بە کەسو کاری ئەو هەموو شەهیدە بدەینەوە کە جگەرگۆشەکانیان لە ڕێگای ئەو حیزبەدا فیدا کرد. با پێ لە غرووری خۆمان بنێین بەڵام مافی خەڵک پێشێل نەکەین. با لە سەر دڕدۆنگی و گومان، ئەو هەموو ماڵ وێرانی و ئەو هەموو زەحمەتەی خەڵکی بەشخوراو و زوڵملێکراوی کوردستان بە هەدەر نەدەین. دایک بە خوێنی دڵ مناڵی پێگەیاند و ناردیە مەیدانی خەبات بۆ ڕزگاری نیشتمان، نەی نارد هەتا بیکەنە جەناحی ئەم و ئەو. بە داخەوە لێکدابڕانی ئەو جارەمان لە سەر مەسەلەیەکی سیاسی نەبوو، چەند ساڵێک دوو جەناح لە ژێر ناوی زۆرایەتی و کەمایەتی، خەریکی شکاندن و ورد کردنی یەکتر بوون، ئەو زۆرایەتی و کەمایەتییەی کە

زۆر کەس لە حیزب دا باسی دەکا، کام ئەقەلیەت و ئەکسەریەت؟ لە حیزبی سیاسیدا کێشەی زۆرایەتی و کەمایەتی لە سەر فکرە، لە سەر خەت و مەشی سیاسییە. پێم ناڵین حیزبی ئێمە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی داوییدا کە باسی زۆرایەتی و کەمایەتی دەکرێ چ جیاوازیەکی فکریی ئەوتۆی تێدا بوو کە حیزب بکاتە دوو بەش؟ ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین یا خۆمان فریو نەدەین هەمووومان دەزانین کە ئێمە بە جەناحی ئەم و ئەو دەناسراینەوە نەک بە ئەقەلییەت یا ئەکسەریەتی فڵان فکر و ڕێبازی سیاسی. جێگای داخە لە سەدەی بیست و یەکدا، ئەو حیزبەی کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازییە، بەڵام ئێستا بۆ ناسینەوەمان خەڵک دەپرسێ ئەرێ سەر بە حیزبی یا لایەنی ئەم شەخسی یا ئەو شەخس. ئێمە ماڵی ئەو حیزبەمان وێران کردووە بەڵام ئێستاش شەڕە قسە و شەڕە قەڵەممانە لە سەر ئەوەی کە ئەوەی ڕوویدا ئینشعابە، لەتبوونە یا جیابوونەوەیە.ئیفتخار بەو قسانەوە دەکەین. ئەوەی کە دەڵێن "بز در غم جان و قصاب در غم گوشت" گەلی کورد نیگەرانی ئەو کارەساتەیە کە بە سەر حیزبەکەمان هاتوە، بەڵام ئێمە ئێستاش لە سەر دوو وشە شەڕمانە کە ماڵمانی وێران کردوە. زۆر کەس لە هەر دوو لا هەیە کە بە بیانووی دیفاع لە لایەنەکەی خۆی هێرشی ناڕەوا دەکاتە سەر بەرانبەرەکەی، بە ڕای من ئەوانە کەسانێکن کە دژی بەرژەوەندیەکانی حیزبن و بەداخەوە دەبێ بڵێم کە لە نێویاندا داردەست و بەکرێگیراوی دژمنیش هەیە و دەبێ بە توندی پێشیان پێبگیرێ. هاوڕێیان ئەمە کارەساتە، با لەوە زیاتر حیزبەکەمان لاواز نەکەین. گەلێک چاوەڕوانی لێمانە، با هیوا و ئاواتەکانیان زیندە بە چاڵ نەکەین و گوڵی خۆشەویستیان نەژاکێنین.

ئەمڕۆ ئێرە سەکۆیەکی ئازادە، هەر کەس دەتوانێ بێ قسە بکات لە سەر حیزب بە گشتی، بەڵام با کەس باسی لایەن نەکا، بیرەوەری بگێڕێتەوە، شێعر و پەخشان بخوێنێتەوە یا گۆرانی بڵێت. بەڵام تکام ئەوەیە کە هیچ کەس زمانی زبر بەکار نەهێنێت. باس لە ڕابردوو یا تاوانبارکردنی لایەنێک یا جەناحێک نەکرێ. قسە ناخۆشەکانمان بە دەیان جار بیستوە، جنێو و بێحورمەتیەکانمان بیستوە. با ئەو لاپەڕە شوومە هەڵدەینەوە و ئەمڕۆ لاپەڕە زێڕینەکانی بخوێنینەوە. هەرچی باسی دەکەن گشتی بێت و کەموکوڕییەکان بە گشتی باس بکەن. باس لەوە بکەن کە چی بکەین بۆ ئەوەی زیاتر و زووتر لە یەک نزیک بینەوە. ڕێگە چارەکان دەسنیشان بکەین و بڵێن چی بکەین بۆ داهاتوو. دیسان داواکارم کە خوێ لە برینەکان نەکەین. ئێمە تاوانبارین کە ئەو حیزبەمان تووشی ئەو ڕۆژە ناخۆشە کرد، هەر لەو کاتەشدا مەحکوومین بە یەکگرتنەوە، یەکگرتنەوەیەک کە پێشتر هەموو کێشەکانی چارەسەر کرابن، یەکگرتنەوەیەک کە دووبەرەکی حەرام بکات. یەکگرتنەوەیەک کە هەمووومان بە قەناعەتەوە باوەڕمان پێ هەبێ. با ڕابردوو بۆمان ببێتە دەرس و تەجرەبە. مۆمێک بۆ ڕێگەی بەردەممان و داهاتوو داگیرسێنین. هیوادارم هەر کەس کە دێتە ئێرە و ڕا و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، ئەوە بە بەرابەرەکەی بڵێت کە پێی خۆشە بە خۆی بگوترێ یا بە واتایەکی تر ئەوەی کە پێی خۆش نیە بە خۆی بگوترێ بە کەسی نەڵێ. ئێمە شەو و ڕۆژ باسی مەنتق و تێگەیشتوویی و دێموکرات بوونی خۆمان و ڕێبەرانی شەهیدمان دەکەین، با بزانین

ئەو مامۆستا شەهیدانە قوتابییەکانیان چۆن پەروەردە کردوون؟ ئایا ئەوەی ئێمە ڕۆژانە بە یەکی دەڵێین وەسیەت و ڕێنـوێنی و دەرسی ڕێبەرانمانە؟ ئایا مەکتەبی دێموکڕات یانی شەڕە جنێو و ناوزڕاندن و بـێ حورمەتی بە یەکتـر؟ بەو هیـوایە ئەمڕۆ سەرەتـا و دەسپێکی دەرسێکی تـازە بێت کە پڕ بێت لە جوانی و گوڵ و خۆشەویستی.

---

# شەوئاهەنگی دێموکراتەکان- فینلاند

## پێشکەشکردنی تارا فەرخەپوور

ڕەشپۆشەکان، ڕینداڕەکان، کەمئەندامان، دایکەکان، باوکەکان.
دێموکڕاتەکان، هیوا و ئاواتەکان، ئەی ماندوو نەناسەکان، تێکەڵاوی هەناسەکان،
هەڵگری پەیامی مناڵێکی سەر بێشکەم
بە یەکبوونتان شاگەشکەم
پەیامی مناڵی ڕۆڵەی زیندانم
ئەو تێکۆشەرەی کە قەت ناڵێ پەشیمانم
پەت دەخاتە مل و گەردن
سەربەرزییە بۆ وی مردن

*****

کاتێ پێم نایە سەر دنیا
دەوروبەرم گشت دەگریا
بە هیوای لایەلایە بووم
چاوەڕێی خەندەی بابە و دایە بووم
من میوانی تازەی دایە بووم
تامەزرۆی نازی بابە بووم

*****

بابە نەبوو لە ماڵماندا
هیچ کەس نەبوو داڵدەمان دا
دایک هەردەم دەست بە ئەژنۆ
پیشەی ببووە شین و ڕۆڕۆ
هەر نەمزانی بابە کێیە
بۆ کوێ چوە وا لە کوێیە

بێخەبەر بووم وا لە زیندانا ئەسیرە

چاو بەستراو، دەست و قاچی لە زنجیرا

ناگاتە گوێی دەنگی گریانم

نابینێ زەردەخەنەی سەر لێوانم

*****

بۆسڵاو و ماڵ ئاوایی بوومە پەری و لە درزی پەنجەرە و میلەکانی زیندانی تاریک پەرستانەوە

چوومە ناو پۆستاڵ ڕەش وتاریکستانەوە

کە گوێم گرت لە مۆسیقای ناو زیندان

رایدەچڵەکان هەست و ویژدان

زیرەی زنجیر، گوڕەی جەللاد، ورشەی قامچی مۆسیقایە

ناڵەی بابە،سۆزی گریان،گۆرانییە و لایەلایە

مۆسیقا بۆئارامی دڵە بۆ سەمای گوڵە

مۆسیقای ژووری بابە، هەمووی ژانە،گریانە کوڵە،خوێنی دڵە

لایە لایەی باوکی من هەست بزوێنە، جەرگ بڕە و ناوازە

تۆخوا پێم بڵێن بۆچی لایە لایەی باوکی من جیاوازە؟

*****

مامە گیان تۆ پێم بڵێ، برام هاوڕێ تۆ پێم بڵی، خوشکی من تۆ پێم بڵێ، هۆی ئاشنا کێ پێم بڵێ؟

سەرکردەکان سەر هەڵبڕن، باوکم بۆ کەوتە زیندان؟

کەمێ بەزەیی،کەمێ ویژدان

بۆ من و هەزاران منالی وەک من کە باوکمان لە سەر حیزبەکەی ئێوە کەوتە زیندان

******

گوتم با سەرم بخەمە سەر سینگە نەرمەکەی

گوێ بگرم لە ترپەی دڵە گەورەکەی

جەللاد گوتی نەکەی، سینگی داخکراوە، گشتی خوێنە، دڵی بڤەیە و لە کوردایەتی ئاخنراوە، هەمووی پێشمەرگەیە و کورد کوردێنە

*****

گوتم بابە پێش مەرگی سەرفرازی

کوا وەسیەتت بۆ ڕێبوارانی ڕێی قازی؟
گوتی بڵێ بەوانەی بە  یەکەوە لە سەنگەر بووین
بڵێ بەوانەی بە یەکەوە دەربەدەر بووین
بڵێ بەوانە ی لە ماڵەوە داڵدەم دەدان
بڵێ بەوانەی نان و ئاوم  بۆ دەهێنان
مناڵم بێناز کەوتوە
کەس و کارم جێهێشتوە

*****

گوتی پێیان بڵێ گەردنیان ئازاد ناکەم حیزبی منیان کردۆتە دوو
چۆن توانیان بدەن ئازاری ڕوحی قاسملوو
گەلێکیان کردوە ڕەشپۆش
دژمنیان کردووە سەرخۆش
شەڕەفکەندی بکەنە میداڵی شانازی
بکەنە مەشخەڵێ ڕێگایان قاسملوو و ڕێبازی
بۆ ئەوەی گەردنیان ئازاد بکەم و گەلی کوردم بکەن ڕازی
بەجێ بێنن وەسیەتی پێشەوا قازی

## بۆ قاسملووی کورد - حەیران

حەیرانم لە من دەڵێ حەیرانێ، حەیرانی ئەو جارم نە باسی چیای هەزار بە هەزاری سیپان و، شاخی رژد و هەڵدێری بێستوونە، نە باسی سیامەند و محەممەد ومامەند و مەجنوونە ، نە بەسەرهاتی سیۆێ و ئەسمەر و شیرین و خەجێی بێ مراد و مەعزوونە

حەیرانم نە خەیاڵە و نە ئەفسانە، نە بەیتە و نە داستانە، حەیرانم باسی گەلێکی هەژار و مال وێرانە، باسی لە دەست چوونی رێبەر و گەورە پیاوێکی کوردانە

حەیرانم باسی دوکتۆر قاسملووی بە ناوبانگ و ناودارە، لێم تازە دەکاتەوە برینی پێشەوا و قازیەکانی سەر سێدارە، برینی سەدان هەزار کوردی بێ سەر و شوێن و نادیارە

حەیران ئەوە وەرزم لە من هاوینە، مانگم لە من پوشپەڕە، لە وڵاتەکەی من تاریکە شەوە و، لە ویبەنم ئێوارەیە و زەردەپەڕە

لە قەندیلەوە دوکتۆرم تێکی دەناوە بارگە و بنەی سەفەرە، داخی گران و ماڵی وێرانم سەفەرێکی چەندە سامناک و خەتەرە، ئەوە چارەنووسە ئەوە قەدەرە، ئەوە سەفەری بێ گەرانەوەی سەردار و سەروەرە

ئەوە چەرخی چەپ گەردی گەردوونە، بەشی کوردم هەر نەمان و تێدا چوونە ، هەڵی دەگرتەوە قەلەم و کاغەز و چڵی زەیتوونە، لە بەر چاوانی رێگە چەندە تەختە و دنیا چەندە رووناک و روونە

مەست و سەرخۆشی، وەرگرتنی هەقی کوردانە، بێ خەبەر لە فرو فێڵی حاکمانی تارانە

لە بیری دەکردەوە وەسیەتی بابی و، لە گوێی نەدەگرتەوە سکاڵای دۆستانە، چەندە سانا و ئاسان دەچۆوە، بەر تیغی دەستی دژمنانە

سەردەکەوتەوە لە باڵەخانەی تەبەق تەبەقە، بێ خەبەر لە پیلانی دژمنانی دڵ رەقە

چاوەڕێ بوو هەتا پێشکەشی کەن هەدیە و بۆ مناڵانی کوردستانی بباتەوە بە دیاری، هیچ نەیدەزانی لەناکاو گولە و بارووتی بەسەردا دەباری

خۆی و هاوڕێکانی شەلاڵ کرانەوە لە خوێنێ، بێ کەس و تاک و تەنیا کەسێک نەبوو تۆڵەیان بستێنێ

نە دوکتۆرێ نە دەرمانێ،نە فریاد رەس و نە پاسەوانێ، وەی لەوێ تاوانێ وەی لەوێ غەدرێ وەی لەوێ تاوانێ

وەی غەریبم گۆڕغەریبم دەی مەناڵە وەی مەناڵە، ئەوە مەکتەبی شمشیر و تاوانە، لە مێژ ساڵە بۆ ئەوانە حەلاڵە و پاوانە

دەوەی بریندارم دەوەی زامدارم ، لە لووتکەی قانونی دنیایە، کەس نییە گوێ بگرێ لە داد و شین و هاوارم
لە بەدبەختی و چارەڕەشی کوردی هەژارە، ئەمرۆ لەم مەملەکەتەش حاکم و یاسا نادیارە
ئەو رۆژەی قاسملووم بو بە قوربانی و سینگی ئاژن ئاژن وکون کون دەکراوە، هەر ئەو رۆژەش لێرە قانوون و یاسا کۆدەکراوە
شەهیدی من هەر دەنالێ هەق دەنالێ کورد دەنالێ، حاکمی شەرعی ئەم وڵاتەش بە بیانوی سەر هێشان و ژانە سەرێ چۆتەوە مالێ، عەدالەتیش کەڕ و لالە و، هیچ نابیسێ و هیچیش نالێ
دەوەی رێبەرم دە وەی مامۆستام دەوەی گەورە و سەروەرم ،دە پێم بلێن هاوار و فریاد و دادم بۆ کێ بەرم
لە وڵاتی غەریب و غوربەتان پاریسم بۆی کردوویەوە سینگ و ئامێز، بە ئەمانەت ئارام بگرە و چاو لێک بنێ لە گۆرستانەکەی پێرلاشێز
بورجەکەی ئیڤێلم کرنۆش دەبا بۆ سەری بەرز و روحی پیرۆزت، باوەشێن دەکاتەوە دڵی زامدار و پڕ لە هەست و سۆزت
سەبرێکم لێ بگرە و وچانێ بدە لە غوربەت و هەندەران، تا کوردستانم رزگار دەبێت لە ژێر دەستی داگیرکەران
کەژاوەیەکت بۆ دروست دەکەم لە چڵ و پەلکی زەیتوونە، دەیرازێنمەوە بە وەنەوشە و هەڵاڵە و بەیبوونە
خەڵاتێکت بۆ دەرەنگێنم لە نەخشی ئاڵاکەی کوردستانم، بۆ باوەشێن بۆت دێنم شنەی شەماڵی کوێستانی نیشتمانم، بۆ لای لایە بانگ دەکەمەوە دایکی هەموو شەهیدانم
ئاوپرژێنی روحت دەکەمەوە بە هەناسەی ساردی دڵی ئاشقانت، رێگەت دەکەمە چراخان بە نوور و سۆمای چاوەکانم، بە فرمێسکی چاوم دەکەمەوە ئاوپرژێنی رێگە و بانت
دوو کێلت بۆ دێنم یەکێ لە ئارارات و یەکێ لە بێستوونە، یەکێ بە مانای خۆشەویستی نیشتمان و، ئەوی تریان بە نیشانەی برایەتی و یەکبوونە
لە پەنات دادەنێمەوە دوکتۆر سەعیدی وەفاداری وەفاداران، ماڵ ئاوایی بکە لە دەربەدەری وغەریبی و کۆڕی یاران، بگرەوە رێگەی باوەشی بە سۆزی دایکی نیشتمان
سەرێ بدە لە ئامەد و گوێ بگرە لە وشە وسرودی کوردستانم، وچانێ بدە لای گۆڕی بارزانی لە دەڤەری بارزانم، لە سەر قەڵاکەی هەولێرم سڵاوێ بکە لە ئاواتی سەدان ساڵەی کوردانم، کەمێ گوێ بگرە لە سەحەرەی مامە سێوە و زوو تێپەڕە لە پێچ پێچەکەی هەیبەت سوڵتانم،لاوکی بنووسە بۆ هەڵەبجە و گەرمیانم،دەسکێ گوڵ بدە لە سەردەشتی شیمیا بارانم، لە گەردەنەی زمزیرانم ، سەیرێ بکە لە شاخ و پێدەشتی کوردستانم
دەست لە سەر سینگ وەستاون، زەرد و سووری نیشتمانم،بە سەرتا دەبارینن گوڵ و ریحان ، ژن و پیاو و پیر و جوانم
ئێرە مهابادەکەی کۆمار و چوارچرایە، مەنزڵگەی ئەبەدیت لە لای گۆڕی پیرۆزی پێشەوایە، دەلای لایە دەلای لایە، گەورە ورێبەر و سەروەرم دەلای لایە.

## "دیمانە" خۆرنیوز

### کەریم فەرخەپوور باس لە گرفتەکانی بەردەم یەکبوونی دێموکراتەکان دەکات

**کەریم فەرخە پوور چالاکی سیاسی و ئەندامی کەمپینی ئاشتی کە ساڵانێکی زۆر لە ڕێزی حیزبی دێموکرات دابووە و ئێستا لە وڵاتی فینلاند دەژی سەبارەت بە کەمپینی ئاشتی و چالاکیەکانیان بۆ خۆرنیوز دوا.**

**دیمانە: چیا کوردستانی**

**خۆرنیوز: با لەوەوە دەست پێ بکەین کە کەمپینی ئاشتی کەی دامەزرا، و چۆن بوو ئەو کەمپینەتان دامەزراند و ئامانجی کەمپین چییە؟**

**کەریم فەرخەپوور:** دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان تووشی کۆمەڵێک کێشە هات کە بە داخەوە بوو بە هۆی لێکترازانی ڕیزەکانی و حیزبەکەمان بوو بە دوو بەشی ئەسڵی و لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوو تەشکیلاتدا درێژەیان بە کار و خەباتی خۆیاندا. هەر لە سەرەتای ئەو لەتبوون و لێکدابڕانەدا، بەشێک لە ئەندامانی حیزب بە نیشانەی ناڕەزایەتی لەو وەزعە نەبوونە ئەندامی هیچکام لە دوو بەشی حیزب. ئێمە لە سەرەتاوە لە ژێر ناوی کەمپینی یەکبووندا کارمان نەدەکرد، بەڵکوو هەر کەس بە پێی توانای خۆی هەوڵی لە یەک نزیککردنەوەی ئەو دوو لایەنەی حیزبی دەدا. لە مانگی١١ی ٢٠١٠ دا کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان بەو وەزعە ڕاگەیەندراوێکیان دەرکرد و داوای ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی دوو لایەنی دێموکڕاتیان کرد. ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە بە یەکەوە پێوەندی بگرین و داوامان لە یەکبوونخوازانی دێموکڕات کرد کە هاوکار و پشتیوانمان بن بۆ وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات و بە خۆشیەوە لە ماوەی کەمتر لە مانگێک زیاتر لە هەشت سەد کەس بە ناوی خۆیانەوە پشتیوانی خۆیان لە داواکەی ئێمە دەربڕی.

**خۆرنیوز: کەمپین تاکوو چەندە لە ئامانجەکەی خۆی کە لێک نزیک کردنەوەی هەردوو لایەنی دێموکڕات و لە کۆتاییشدا تێکەڵبوونەوەیانە نزیک بۆتەوە، دەتوانی ئاماژە بە چالاکیەکانتان لەو بارەوە بکەن و پێمان بڵێن کە چەندە لە ئامانجەکانتان نزیک بوونەتەوە؟**

**کەریم فەرخەپوور** ئەم ڕێگایەی کە ئێمە گرتوومانەتە بەر ڕێگایەکی سەخت و پڕ کەند و کۆسپە. زۆر جار وەزعەکە ئارام دەبێتەوە و هیوا بە چارەسەری کێشەکان زۆر دەبێت و زۆر جاریش بە هۆی لێدوانی بەرپرسان و وتاری نووسەران گرژی و ئاڵۆزیەکە زۆر دەبێت. هەر بۆیە ناتوانم بڵێم کە هەوڵ و هەنگاوەکانمان هەر بەرەو پێش دەچن، بەڵکوو زۆر جار بە هۆی لێدوانە توندەکانەوە ناتوانین بەرەو پێش بچین و جار جاریش هەنگاوێک بەرەو دوا دەگەڕێینەوە. هەر ئەوەی کە نەمانهێشتوە یەکبوونەوەی حیزب بێدەنگەی لێ‌بکرێت و باسی یەکگرتنەوە لەنێو هەر دوو لایەن بە گەرمی هەیە و بۆتە باسی ڕۆژ، ئەوە بۆخۆی نزیک کەوتنەوەیە لە ئامانجەکانمان.

**خۆرنیوز**: بە بڕوای بەڕێزتان تەگەرەکانی بەردەم لێک نزیکبوونەوەو و لە کۆتاییدا تێکەڵبوونەوەی لایەنەکانی دێموکرات چین؟

**کەریم فەرخەپوور** دیارە تەگەرەی بەردەم لە یەک نزیکبوونەوە زۆرن. یەکەم ناوی حیزبی دێموکرات، دووهەم دانپێنەنانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، نەبوونی دیالۆگ و دانیشتن لە نێوان ڕێبەرایەتی دوو لایەندا بە شێوەی فەرمی، بوغز و غەرەز و عوقدەی چەند ساڵەی پێشووی ڕێبەرانی حیزب و بەشێک لە ئەندامانی ناو بەدەنە، نەبوونی فشارێکی ئەوتۆ لە لایەن خەڵکی کوردستان یا بەدەنەی حیزب بۆ ڕێبەرایەتی و کۆمەڵێک کێشەی تر.

**خۆرنیوز**: وەک دەزانن کە لە هەردوو دێموکڕات دا کەسانی دژی یەکگرتنەوە هەن، ئێوە چەندە هەوڵتان داوە کە لەگەڵ ئەم کەسانە بدوێن و بەقەناعەتیان بگەیەنن؟

**کەریم فەرخەپوور** دیارە ئێمە لە گەڵ زۆر کەس قسەمان کردووە و بە بەردەوامیش خەریکی قسە کردنین لە گەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە بتوانین پێوەندیان پێوە بگرین. هەوڵی زۆرمان داوە و تا حەددێکی باشیش سەرکەوتوو بووین و زۆر کەس دەستی لە توندڕەوی هەڵگرتوە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێک کەس هەن کە مەسڵەحەتە شەخسیەکانیان زۆر لە حیزب پێ گرینگترە و نایانهەوێ بە هیچ شێوەیەک حیزب ببێتەوە یەک.

**خۆرنیوز**: وەک ئاگادارن کە ماوەیەک لەمەوبەر فایلێکی دەنگی لەسەر یووتیوب بڵاو بۆوە کە لەو فایلە دەنگیە لە لایەن بەرپرسی ئەمریکای حدک بێڕێزی بەشەهید د.قاسملوو کرابوو و کە هەڵایەکی زۆری نایەوە لە ناو فەیسبووک دا و کۆمیتەی دەرەوەی حدک ئەو کەسەی سزادا. ئێوە هەڵوێستان چی بوو لەو بابەتەدا، بە بڕوای ئێوە بڵاوبوونەوەی ئەو فایلانە چەندە کاریگەری نەرێنیان لەسەر نزیک بوونەوەی هەردوو لای دێموکرات هەیە؟

**کەریم فەرخەپوور**: دیارە ئەو فایلە دەنگیە لە لایەن کەسێکەوە بوو نەک لایەنێک کە ئێمە هەڵوێست بگرین. بێڕیزی بە ڕێبەرانی شەهید لە ژێر هەر ناو و لە هەر قالبێکدا بێت مەحکوومە و پێویستە ڕێز لە شانازی و سەروەریەکانمان بگرین، بەڵام پێشگرتن لە بێڕیزی لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکدا کارێکی سەخت و ئەستەمە. هەر چەند خاوەنی ئەو فایلە دەنگیە داوای لێبوردنی کرد، بەڵام بە ڕای من ئەو جۆرە بێحورمەتیانە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کەسانێک بۆ هێرش کردنە سەر لایەنی بەرانبەر، لە پشت شەهید دوکتۆر قاسملووە سەنگەر لە خەڵک دەگرن و ئەوەی کە نەشیاو و ناشایستە بە خەڵکی دەڵێن، هەر بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەو جۆرە کردەوانەش بین. بە بڕوای من هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ئەو کەسەی کە بێحورمەتی کردووە و ئەو کەسەی کە فایلەکەی بڵاو کردۆتەوە، چونکە بڵاوکردنەوەی لە گەڵ ئەوەی کە بێ هەدەف نەبوو، بێحورمەتیەکی گەورە بوو بە شەهید دوکتۆر قاسملوو. بێگومان بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە بۆ ماوەیەک دەبێتە پێخۆری ئاژاوەگێران و دژبەرانی یەکبوون و زەرەر بە حەرەکەتەکە دەگەیەنێ.

* تێبینی: ئەو وتووێژە بەر لە بەڕێوەچوونی شەوە ئاهەنگی دێموکڕاتەکانی فینلاند لەگەڵ بەڕێز کەریم فەرخە پوور ئەنجام دراوە. کە لەو شەوە ئاهەنگە دا بەشێکی بەرچاو لە هەر دوو لایەنی دێموکڕات بەشدار بوون و پێداگرییان لەسەر یەکڕیزی و نزیکبوونەوەی هەر دوو لایەنی دێموکرات کردۆتەوە.

## دێموکڕاتەکانی فینلەند لە شەو ئاهەنگێکی بە شکۆدا!

ئێوارەی ڕۆژی ١٨ - ٢ - ٢٠١١ بە هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆز و خەمخۆرانی دێموکرات، شەو ئاهەنگێک بۆ بەشێک لە بنەماڵەی سەبەرزی شەهیدان، پێشمەرگەکان و زیندانیانی سیاسی دێموکڕاتەکانی فینلاند پێک هات. ئەو ڕێورەسمە بۆ لە یەک نزیک کردنەوەی ئەندامانی هەردوولایەنی دێموکڕات و ڕەواندنەوەی گومان و دوو دڵی و لە گۆڕ نانی دووبەرەکی پێک هاتبوو، زیاتر لە سەد کەس لە ئەندامانی هەردوو لایەنی دێموکڕات و کۆمەڵێک تێکۆشەری ڕەنجاوی دێموکڕات پێک هاتبوو،بەشدار بوون.

بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک لە شۆڕشگێرانی فیداکاری حیزبەکەمان ڕێگای سەدان کیلۆمیتریان بڕیبوو و ئازایانە شەختە و سەهۆڵیان شکاند، هەر بەو هۆیەوە بە پێچەوانەی ڕێورەسمەکانی پێشوو شەو ئاهەنگەکە لە سەر خوانی خاتوو سەفیە بڵباسی و کاک عەلی ئازەرەخش دەستی پێکرد. بێگومان و بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە خوانی ئەو ئێوارەیە جیاواز بوو لە گەڵ مراسمەکانی رابردوو،هەموویان لە نێو دنیایەک سەفا و خۆشەویستی،بە یەکەوە دوور لە ناکۆکی کاتێکی خۆشیان تێیدا تێپەڕ کرد.دواتر بەرنامەکانمان بە سروودی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی دەستی پێکرد. لە لایەن کاک شێرزاد ئیبراهیمی بەرنامەی شەو ئاهەنگەکە پێشکەشی بەشداران کرا. تێکۆشەری دێرینی حیزبەکەمان مامۆستا ئەبووبەکر فەلسەفی بە چەند وتەیەکی بە نرخ کۆبوونەوەکەی کردەوە و وێڕای باس لە رابردووی پڕ لە سەروەری حیزبی دێموکڕات،ئیشارەی بە هۆیەکانی لێکدابڕانەکانی حیزبەکەمان کرد کە بە داخەوە هەموویان هەر لە سەر ناکۆکیەکانی ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان بووە. دواتر من وتارێکم لە سەر یەکبوون و برایەتی و کێشە و ناکۆکیەکانی حیزبەکەمان و داهاتووی نادیاری ئەو دوبەرەکیانە، پێشکەشی بەشداربووان کرد. دوای وتارەکە،بەشداران راو بۆچوونی خۆیان لە سەر ئەم وەزعیەتە نالەبارەی حیزبەکەمان دەربڕی. لە هەموو قسەکاندا باس لە برایەتی و بەیەکەوە بوون دەکرا و هەموویان گلەمەند و نارازی بوون لە وەزعی ئێستای حیزبەکەمان و داوایان کرد کە دەبێ هەرچی زۆرتر هەوڵ بدەین بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان و سەرەنجام وەسەر یەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات.

ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردنی راو نەزەری بەشداران بێدەنگیەکی تەواو ساڵۆنی شەو ئاهەنگەکەی داگرتبوو و هەموومان گوێبیسی وتەی هاورێیانمان بووین، ئەوا تارا ئەو بێدەنگیەی شکاند و بە پێشکەش کردنی هۆنراوەیەک هەموومانی بێ جیاوازی بە ژن و پیاوەوە گریاند،گریانێک کە لە ناخەوە بوو،گریانێک کە فرمێسکەکان نیشانەی بێزاری بوون لە

تێکچوونی بنەماڵەی دیموکرات،نیشانەی خۆشەویستیمان بوو بۆ یەکتر و سەدان رازی نەدرکاوی تر کە هەموو رۆژێک خەمی دڵی هەموومانە. لە گەڵ تەواو بوونی هۆنراوەکەی تارا و چەپڵەرێزان و هەستانە سەرپێی بەشداران، هەردوو بەڕێزان کاک کەریم حەبیبی و کاک وەستا رەحمان بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵێکی پڕ لە تاسەوە، لە گەڵ تارا چوونە سەرسەکۆ و رووبەڕووی بەشداران وەستان و بە نیشانەی یەکبوون و برایەتی دەستی یەکیان گرت کە ئەوانیش لە گەڵ چەپڵەرێزانی بەشداران ڕووبەڕوو بوون. لێرە دابوو کە فرمێسکی خەم و شادی تێکەڵ بوون و هەر لێرە دابوو کە هەموومان بە تەواوی هەستمان کرد کە یەک بنەماڵەین. هەر لە نێو چەپڵەرێزانی بەشداران دابوو کە خاتوو سەفیەی خوشکی شەهید،کوڵی گریان هەڵی گرت و تارای لە باوەش گرت و چۆ سەر سەکۆ و بە گریانێکی هەست هەژێنەوە دەردی دڵی خۆی ئاراستەی بەشدارن کرد و داوای کرد کە دووبەرەکی و ناکۆکی و دوو ماڵی بەسە. لە کاتێکدا کە تێکۆشەری خۆشەویستی ناو ریزی حیزبەکەمان کاک کەریم حەبیبی کە خۆشی کوڕی بنەماڵەی شەهیدە،چۆوە سەرسەکۆ و بۆ چەند خولکێک هەستی خۆی و رای خۆی ئاراستەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد.کاک کەریم وێرای بێزاری لە وەزعی ئێستای حیزبەکەمان، پێداگری لە سەر برایەتی و یەکڕیزی کردەوە و لە وتەیەکدا گوتی کە بەهاری حیزبی دیموکرات لە سەهۆڵبەندانی فینلەندەوە دەست پێدەکات.کاک کەریم لە نێو چەپڵەرێزانی خەمخۆرانی کۆڕەکە وتەکانی کۆتایی پێ هێنا.

دوای ئەوە رێزمان گرت لە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ بەرێوەچوونی ئەو شەوئاهەنگە هاوکاریان کردین و بە خەرج و زەحمەتی هەموومان شەوێکی لە بیرنەکراومان تێپەڕ کرد. دواتر تا دوای نیوە شەو،ژن و پیاو دەستی یەکمان گرت و دیسانەکەش هەڵپەڕین و زەماوەندی یەکبوونەوەی دڵەکانمان گێڕا و بە بێ چوکترین موشکلە کۆتاییمان بەو شەو ئاهەنگە هێنا.کەمووکوڕی گەورەمان ئەوە بوو کە نەمانتوانی هەموو دیموکراتەکان دەعوەت بکەین،دیارە ئەوە شەو ئاهەنگەمان تەنیا وەک سەرەتایەک بۆ بەشێک لە دیموکراتەکان پێک هێنا. بەو هیوایە کە لە مراسمەکانی داهاتووماندا هەموو یەکبوونخوازان بەشداربن. هەر لێرەوە داوای لێبوردنم هەیە لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە بیرمان چووە دەعوەتیان بکەین. بۆ ئەوەی من زۆرم نەگوتبێ با فیلم و وێنەکان خۆیان بدوێن.

١٩ - ٢ - ٢٠١١

## دێموكراتەكان بە یەكەوە یادی دوكتور شەرەفكەندی دەكەنەوە

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، لە ساڵیادی تیرۆری ناجوامێرانەی شەهید دوكتۆر سادقی شەرەفكەندی و هاوڕێیانیدا، سێمینارێكی بۆ بەڕێزان كاك دوكتۆر حوسێنی خەلیقی و كاك سەدیق بابایی، لە شاری تورکۆی وڵاتی فینلاند پێک هێنا. لە بیرەوەریەكی ئاوا دڵتەزێندا، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی و تێرامان بوو، بەشداری كردنی ئەندامانی هەر دوو بەشی حیزبی دێموكرات یا هەر چەند بەشی حیزبی دێموكرات بوو، بەداخم كە دەڵێم چەند بەش بەڵام ئەوە واقعییەتێكە كە بە سەر حیزبەكەمان هاتووە. هەر دوو بەڕێزانی كۆڕگێڕ كە پێشتر ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون و ئێستا وەک دوو كەسایەتی سەربەخۆ كار و چالاكیان هەیە، بەڵام هەر لەو كاتەشدا نەیانتوانیوە دەست لە حیزبەكەیان هەڵگرن، كۆمیتەی كەمپینی یەكبوون، حیزبی دێموكراتی كوردستان و حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران.

ئەوانە هەموویان هەر یەكە بەشێكن لە جەستەی حیزبی دێموكڕات و بە هۆی نەسازان و نەحەوانەوەی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری و مەسلەحەت تەڵەبی، ئەندامەكانی ئاوا پەرتەوازە بوون و هەر كامە بە كۆڵێک حەسرەت و گلەیی و گازەندە، هەر لە بیری یەكبوونەوە و یەكخستنەوەی ڕیزەكانی حیزبەكەمان دان. لەم سمینارەدا هەر دوو كۆڕگێڕ، وێڕای باسێكی كورت لە سەر كەسایەتی و خەسارەكانی تیرۆری دوكتۆر شەرەفكەندی، باسەكەیان لە سەر بیری نەتەوەیی، شۆڕشە سەرنەكەوتوكانی گەلی كورد، دڵرەقی دژمنان و نەیارانی گەلی كورد و پێویستیی یەكریزی و یەكگرتوویی چڕ كردبۆوە. ئەوان بە وردی و بە شێوەیەكی زانستیانە تیشكیان خستە سەر هەموو ئەو تەوەرانە و باسێكی بە پێزیان پێشكەشی بەشدارانی سێمینارەكە كرد و هەر هەوڵ و هەنگاوێكیان بۆ یەكریزی حیزبەكەیان و ڕێكخستنەوەی نێو ماڵی كورد بەرز نرخاند.

ئەوەی ئارەزووی من و هەموو دڵسۆزانی یەكبوونەوەی حیزبی دێموكرات بوو، بەشداری كردنی هەر دوو لایەنی دێموكرات كە من زۆرتر وەک دوو برای زیز سەیریان دەكەم و ناتوانم وشەی دژ و دژبەر و دژمن بۆ ئەو هەڤاڵە ئازیزانەم لە بەرامبەر یەكتردا بەكار بێنم. ئەوە نەک بۆ ئێمەمانان جێگەی خۆشحاڵی بوو، بەڵكوو ئەو دوو لایەنە زۆربەی نزیک بە تەواویان لە ئێمە خۆشحاڵتر بوون و دیار بوو كە لە ناخی دڵیانەوە لەمێژ بوو تامەزرۆ و چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە پیرۆزەیان دەكرد و یادی شەرەفكەندی نەمر بوو بە ژوانگەی هەموو قوتابییەكانی. دانیشتن لە یەكڕیزدا، قسە و باسەكان، دەردی دڵەكان، هەوڵدان بۆ هاوكاریی زیاتر و لە هەمووی گرینگتر خۆپاراستن لە هەر قسەیەكی نەشیاو، گرتنی وێنەی یادگاری، ڕێزگرتن لە یەكتر و دەربڕینی ڕاشكاوانەی بیروڕاكانیان لەسەر مەسەلە جۆربەجۆرەكان، جێگەی ڕێز و پێزانین بوو. دوكتۆر سەعیدی

ڕێبەر لە پێناو برایەتی هەموو گەلانی ئێراندا گیانی خۆی فیدا کرد و بە خوێنی خۆی و هەڤاڵەکانی سەنەدی برایەتی و بە یەکەوە ژیانی مۆر کرد، هەر بۆیە قوتابیەکانی ئەو مامۆستایەش هەر چاوەڕوانی برایەتیان لێدەکرا.

ئەوەی کە سەرنجی هەموویانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، وتەکانی کچی شەهیدێکی دێموکڕات بوو کە سەردانی ڕۆژهەلاتی کوردستانی کردبوو و بە قسەی خۆی لەمێژ بوو بەشداری کۆبوونەوەکانی نەکردبوو. ئەو گوتی کە "بەس هاتووم عوقدەی دڵم خاڵی بکەم و بپرسم کە کێ حیزبی دێموکڕاتە، حیزبی دێموکرات یا حیزبی مامۆستا و کاک مستەفا؟ خەڵکی نێوخۆ لە گەڵتان نەماوە و ئێستا خەریکە لایەنی تر جێگەی ئێوە دەگرێتەوە، لە چەند شارێک کە من ئاگادارم، لە ڕۆژی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا هیچ کەس دوکانی دانەخست، وڵامی هەمووشیان ئەوە بوو کە مادام ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە تاراوگە یەکتریان قبوول نییە و دژی یەکن، ئێمە بۆچی بە قسەیان بکەین؟!" ئەوە نموونەی دەردی دڵێک بوو لە هەزاران گلەیی خەڵکی کوردستان، پەیامێک بوو کە پێویستە ڕێبەرایەتی هەر دوو لایەنی دێموکرات وشیارانە هەڵسوکەوت لە گەڵ ڕووداوەکان بکەن و بە هەڵە و کەم و کوڕیەکانیاندا بچنەوە. وڵام نەدانەوەی خەڵک بە داواکاریەکانتان زەنگێکی خەتەرە کە نابێ گوێمانی لێ داخەین، چونکە بە قەولی فارس دەڵێ "داشتم داشتم حساب نیست".
ئەو حیزبە کە خۆی بە حیزبی خەڵکی کورد دەزانێ، دەبێ گوێ لە ویست و داخوازیەکانیان بگرێ. ئەو حیزبەی کە باخێکی بە پیت و بەرەکەت بوو، ئەگەر هەروا پێی ڕانەگەین و پێخوستی بکەین و هەر کەسەمان بە ئارەزووی دڵمان لق و پۆپەکانی بشکێنین، بێگومان ئیتر ئەو بەر و بوومەی نامێنێ .

لە وڵامی گەنجێکی دڵپاکدا کە پرسیاری کرد ئێمەی لاو ئەرکمان چییە و چیمان پێدەکرێ و دەبێ چی بکەین؟ کاک دوکتۆر خەلیقی لە وەڵامدا فەرمووی "ئەوەی ئێمە کردوومانە ئێوە مەیکەن، ئێوە هەوڵی برایەتی و بە یەکەوە بوون بدەن."

ئەم کۆڕیادە بە بەشداری کردنی هەموو لایەنەکان هوشدار و پەیامێک بوو بۆ سەرکردەکانمان کە پێتان خۆش بێت یا ناخۆش، تاڵ بێ یا شیرین، دەبێ ڕۆژێک ئەم حیزبە بکەنەوە یەک و ئیتر ئەوە لە تاقەت و توانای بەدەنەی حیزبدا نەماوە کە هەر تەماشاچی شەڕە کورسی و ناکۆکیەکانی ئێوە بێت و چارەنووسی حیزبەکەمان بە ئاقارێکی نادیاردا بەرن و بە تاوانبارکردنی یەکتر خۆتان لە وڵامی پرسیارەکان بشارنەوە. بێگومان بەشداری هەموومان لەو سێمینارەدا ڕووحی دوکتۆر شەرەفکەندی و هەموو شەهیدەکانی شاد کرد و هیوادارم ببێتە دەسپێکێک بۆ بەشداری کردنی هەموان لە بۆنە و مەراسمەکانی داهاتوودا.

ڕۆژهەلات تایمز

١٨ - ٩ - ٢٠١١

# دێموكڕاتەكانو هەنگاوێكی پیرۆز

ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی ڤییەن، یەكەم مراسم و كۆبوونەوەی هاوبەشی دێموكراتەكان بوو لە ماوەی نزیك بە چوار ساڵی ڕابردوودا. هەموو ئاشتیخوازان دڵخۆش بوون بەوەی كە هەر دوو لایەنی دێموكرات لەم یادكردنەوەدا بەشدار دەبن، هەر لەو كاتەشدا نیگەران بوون لەوەی كە نەكا كەسێك، ئاژاوەگێڕێك یا بەكرێگیراوێكی دژمن، بە كردەوەیەكی ناشایست ڕێوڕەسمەكە تێك بدات و ئەم یادكردنەوە ببێتە بە یەك هەڵپڕژان و لەكەدار كردنی حەیسییەتی حیزبە خۆشەویستەكەمان. كۆمیتەی كەمپێنی یەكبوون كە لە هەموو دەرفەتێك بۆ لەیەك نزیكبوونەوەی دێموكڕاتەكان كەلك وەردەگرێ، لە ڕێگای هاوكار و دۆستەكانمانەوە، هەموو هەوڵی خۆمان خستە كار بۆ ئەوەی كە تووشی ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێن نەبین و هەر لەو كاتەشدا ئەگەر بۆمان بلوێ، هەر دوو لایەن بێنینە بەردەم مۆنۆمێنتەكە و وەك مژدەیەك بیدەینە هەموو یەكبوونخوازان و خەڵكی كوردستان. بە ڕاوێژ و بیرورا گۆڕینەوە لەگەڵ كۆمیتەی ئامادەكردنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی ڤییەن بۆ لەیەك نزیككردنەوە و حەرەكەتێكی لەو چەشنە، ئەوانیش وەك ئێمە لە سەر ئەو باوەڕە بوون كە پێویستە هەنگاوێك بۆ ئەم مەسەلە هەڵبێنین كە بە خۆشیەوە جێبەجێ كرا و بوو بە مایەی خۆشحاڵی هەموو ئەوانەی كە بەرژەوەندیی حیزبەكەمانیان دەوێ. هەڵوێستی هەر دوو كۆمیتەی دێموكراتەكان لە وڵاتی ئوتریش، جێگای فەخر و شانازی هەموو لایەكمان بوو، ئەوانیش بە هەموو توانایانەوە هەوڵیاندا ڕێوڕەسمەكە بە بێ كێشە بەڕێوە بچێ و هەر كامیان بە نۆبەی خۆیان ڕێنوێنیی پێویستیان بە ئەندامەكانیان دابوو كە ئەوە نیشانەی تێگەیشتوویی سیاسی و خۆشەویستیانە بۆ حیزبەكەیان. لە گەڵ ئەوەی كە هەمووومان كەمێك هەر نیگەران بووین، بەڵام بە خۆشیەوە ڕێوڕەسمەكە بە پێچەوانە دەرچوو و لە یەكەم هەنگاودا ئەندامانی هەر دوولا هەر وەك دەورانی پێشمەرگایەتی و بەیەكەوە بوون دەست لەملانی یەكتر بوون و بەوپەڕی دڵخۆشیەوە یەكتریان قبووڵ كرد و ناكۆكییەكانیان فەرامۆش كرد. ئەگەر دانانی مۆنۆمێنتی شەهیدان ئیفتخارێكی گەورە بوو بۆ دوو ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری گەلەكەمان، ئەوا دەست لەملانی مامۆستا حەسەنزادە و كاك حەسەن شەرەفی هەنگاوێكی پیرۆز بوو بۆ دوو تێكۆشەر و هاوڕێی دێرینی دێموكڕات. ئەم هەنگاوە لە گەڵ ئەوەی كە سومبولیك بوو بەڵام مژدەیەك بوو بۆ هەموو دێموكراتێكی ڕاستەقینە و هەموو خەڵكی كوردستان. ئەو حەرەكەتە لە گەڵ ئەوەی كە خەوی دژمنانی زڕاند، ئاگادار كردنەوەیەكیش بوو بۆ هەموو ئەو كەسانەی كە بە شێوەیەك لە شێوەكان دژایەتی لەگەڵ یەكبوونەوەی ماڵی دێموكڕات دەكەن و جارجار قەڵەمە ژەهراویەكەیان دەخەنە كار و زامی بەستۆ هەڵدەدەنەوە. یەكتر ماچ كردنی دوو ڕێبەری ناسراو و ماندووی نەناسی حیزبەكەمان، چەپڵە و هاوار و دروشم و پێكەنین و گریانی بەشداربووانی ڕێوڕەسمەكە، نیشانەی خۆشەویستیی ئەوان بۆ یەكتر و سووتان بۆ حیزبەكەیان بوو، هەر لەم كاتەشدا پەیامێك بوو بۆ

ڕێبەرایەتیی هەر دوو لایەن و هاواریان کرد کە نوسراوە و بڕیاراتی دوور لە واقعییەت کار ناکاتە سەر ڕابردووی بە یەکەوەبوون و خۆشەویستیی بەدەنەی ئەو حیزبە لە بەرانبەر یەکتردا. هەر لەو کاتەشدا دەرکەوت کە ئەوە بڕیاری ڕێبەرایەتییە کە ئەو هەموو دڵە ئاشق و بێگەردانەیان لە ژوانی خۆشەویستی ڕۆڵەکانی دێموکرات بێبەش کردوە. لە بەشێکی پەیامی کۆمیتەی کەمپینی یەکبوون‌دا کە لەم ڕیوڕەسمەدا پێشکەش کرا، هاتبوو" ئەوە جەبری مێژووە، درەنگ یا زوو هەمووومان لە دەوری یەک سفرە کۆدەکاتەوە و دەست لە ملانی یەکترمان دەکات". زۆری پێ نەچوو کە ڕێبەران و بڕیار بەدەستانی دوو لایەنی دێموکرات دەست لە ملانی یەکتر بوون. ئەوە کۆبوونەوەیەکی زۆر بچووک بوو کە ئەوانی ناچار کرد دەستی یەک بگرن، ئەگەر دوورتر بڕوانین دەبێ بەو قەناعەتە بگەین کە سبەی مەجبوورین لە بەرانبەر ویستی گەلی کورددا تەسلیم بین. ئەگەر ئەمڕۆ تەسلیمی ویستی چەند سەد کەسێک بووین، ئەوا سبەی ناتوانین لە بەرانبەر داوای هەراوی کۆمەڵانی خەڵکی کورددا ڕابوەستین و مقاومەت بکەین. ئەگەر ئەم دوو ڕێبەرە بڕیار بە دەستەی دێموکرات، ئیفتخارێکی دیکەیان لە مێژووی حیزبەکەماندا بۆ خۆیان تۆمار کرد، ئەوا پێویستە لە سەر ئەنجامدانی کردەوەکەیان سوور بن و بەهانەی جۆراوجۆری بۆ دانەتاشن و لێی پاشگەز نەبنەوە، پێویستە دیفاعی لێ بکەن و بە کارێکی شۆڕشگێرانەی لە قەڵەم بدەن و بڕیارات و بەرژەوەندیی حیزب فیدای بەرژەوەندیی گشتی گەلەکەمان بکەن. ئێمە هەموومان دەبێ بە دڵێکی ئاواڵەوە پێشوازیی لەم جۆرە حەرەکەتانە بکەین و بە نەیارانی حیزبەکەمان بڵێین کە دژمن پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێت، ئێمە هەر یەک دەگرینەوە و بە یەکەوە بە گژتان دادێینەوە. هەر لەو کاتەشدا ئەو کەسانەی کە لە نێوخۆی حیزبدا، چەپ و ڕاست ئاژاوەیەک دەنێنەوە یا ئاژاوەنامەیەک بڵاو دەکەنەوە و دەیانهەوێ تۆوی نائومێدی بچێنن، پێویستە ئەم لاپەڕەیە هەڵدەنەوە و واقعییەتەکان ببینن و لە گەڵ دنیای سەردەم بچنە پێش و بە دیدێکی نوێوە بڕواننە داهاتووی حیزب و وڵاتەکەمان. لە گەڵ ئەوەی کە پێویستە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕواننە ڕابردوومان و لایەنە باش و خراپەکانی لێک بدەینەوە و هۆیەکانی دابڕان و لێکترازان ڕوون بکەینەوە، هەر لەو کاتەدا پێویستە لە کەم و کوڕییەکانمان دەرس وەربگرین و بیانکەینە ئەزموون و توێشووی ڕێگەی خەبات و بەیەکەوەبوونمان. پێویستە هەموو قسە و کردەوە و نوسراوەکانمان لە ڕاستای یەکگرتنەوەی حیزبەکەماندا بێت و ئاشتی و برایەتی هەوێنی وتە و کردارمان بێت. هەر کاتێ بە مەبەستێکی ئاژاوەچییانە زمانمان گۆ دەکات یا دەمانهەوێ نووسراوەیەکی ژەهراوی بنووسین، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە لە دوای وتە و نووسراوەکەمان، ڕووباری خوێن و فرمێسک وەڕێ دەخەین. وشە و وتەیەکی تێکدەرانە دەتوانێ جەرگی هەزاران دایک بسووتێنێ. لە گەڵ ئەوەی کە بە موخالف و موافقەوە دڵنیاین ڕۆژێک هەموومان ئەندامی یەک حیزبین و یەکدەگرینەوە، با کارێک نەکەین کە سبەی شەرمەزاری مێژوو بین و نەتوانین لە بەرانبەر یەکتردا سەر هەڵێنین. خۆشەویستیمان بۆ یەکتر، خۆشەویستیمانە بۆ خەڵک و خاکمان. نەفرەت کردن لە دووبەرەکی، نەفرەت کردنە لە دژمن و دژمنایەتی.

٣١ی جووڵای ٢٠١٠

## دێموکراتەکانی فینلاند لە یەک گەڕی هەڵپەڕکێدا

ڕۆژی ٢١ – ١ - ٢٠١٢ی زایینی لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- فینلاند، یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کرایەوە و ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا بۆ ڕێزگرتن لە کۆماری کوردستان بە شێوەیەک خەڵک بەشداری کردبوو کە چاوەڕوان نەکراو بوو. کوردستانیان و لایەنە کوردستانیەکان، بێ جیاوازی بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بوون و پەیامیان پێشکەش کرد. نێوەرۆکی هەموو پەیام و نووسراوەکانیش هەر داوای یەکریزی و یەکدەنگی بوو بۆ گژداچوونەوەی دژمنانی کورد.

کاتێ بەشداری بۆنە و ڕێ و ڕەسمەکانی دێموکراتەکان دەبی، بۆت دەردەکەوێ کە چەندە خەڵک لە دەوری دروشم و ئامانجەکانی حیزبی دامەزرێنەری کۆمار کۆبۆتەوە و لە گەڵ هەموو نەهامەتی و گلەیی و گازەندەیەک کە هەیانە، چەندە پێی وەفادار و پابەندن. ئەو هێزە مادییە مەزنە پێویستی بە سەرکردایەتیەکی وریا و وشیار و خەڵکی و خاکی هەیە بۆ ئەوەی کە بتوانێ بیپارێزێ و لە ئێستا و داهاتوودا بە قازانج و بەرژەوەندیی گەلەکەی کەلکی لێ وەربگرێ.

ئەوەی لەو بۆنەیەدا جێگای داخ و ئەسەف بوو، بەشدار نەبوونی پارچەیەک لە جەستەی ئەو حیزبە واتە ئەندامانی حدک بوو.

هەر چەند بەشێک لە ئەندامان و بنەماڵەکانی حدک و لاوە خوێن گەرمەکان بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە پیرۆزە بوون، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی کە دوژمن پێی کوێر و خەڵکی کوردستان پێی دڵخۆش بێت. هەق وایە ئینسان بێ ئینساف نەبێ، کۆمیتەی حدک لە فینلاند لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونمانەوە بۆ وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب، هەمیشە هاوکار و هاوڕێمان بوون و لە ڕێگەی کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمەکانی ئەوانەوە دەنگ و داواکاریەکانمان بە گوێی خەڵک گەیشتوون. بەڵام بۆ ئەو ڕێوڕەسمە پێویستە ڕەخنەیەکیان ئاراستە بکەین و بێ لە بەر چاو گرتنی سیاسەت و حیزب حیزبێن ڕەخنەیان پێ واریدە. لە کاتێکدا کە ڕێبەرایەتیی حدک دروشمی ئاشتی و یەکەوەبوونی هەڵگرتووە و بەرپرسانی پایەبەرزیان موافقی بەشداری کردنی ئەندامانی حدک بوون لە ڕێوڕەسمی هاوڕێیانیان دا لە لایەنی حدکا، بەڵام بە داخەوە کۆمیتەی حیزب ئەم جارەیان کەم کار و کەمتەرخەم بوو و بە ڕادەی پێویست هەوڵیان بۆ نەدا. هەرچەند ئاگاداری هەوڵەکانیان بووم بۆ بەشداری پێکردنی ئەندامەکانیان و کۆمەڵێک خەڵکیان نارد، بەڵام چاوەڕوان دەکرا خەڵکێکی زیاتر

و خۆشیان بەشداریان کردبایە. لە کاتێکدا کە سیاسەتی حدک ئاشتبوونەوە و یەکبوونەوەیە، پێویستە لە سەریان کە هەنگاوی گەورەتریش هەڵبگرن و لە قسە و تەوس و پلاری دژبەرانی یەکبوون نەپرینگێنەوە.

ئێمە لەم وڵاتە یەک "وەستا" مان هەیە کە لە سەداقەت و حیزبایەتی دا هاوتای کەمە و زۆریش دڵسۆزی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبە، بەڵام بە داخەوە ئەمجار نەیزانی یا نەیتوانی وەستایەتیەکەی بە کار بێنێ و لە دوازدە قەدەمی فۆڵی کرد.

دیسانیش تێکەڵبوونی ئەندامانی هەردوو لایەنی حیزب جێگای خۆشحاڵی و شانازی بوو، بە یەکەوە دانیشتن، دەردی دڵیان کرد، وێنەی یادگاریان بە یەکەوە گرت و بە یەکەوە هەڵپەڕین. ئەوانەش کە بە خۆشیەوە تا ئیستا لە وڵاتی فینلاند و وڵاتەکانی دیکەش یەکەمجار نین، ڕێگەخۆشکەری نزیکایەتی زیاتر و یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب و هەر لەو کاتەشدا هوشدارێکن بۆ بەشی تەفرەقەخوازی نێو ڕێبەرایەتیی هەر دوو لایەن کە خەڵک لەوە زیاتر تەحەممولی ئەو جودایی‌یە ناکات و ئەگەر ڕێبەرایەتی هەنگاو بۆ یەکبوونەوە هەڵنەگرێ، ئەوا بەدەنە خۆی دەبێتە پێشەنگ و پێش قەدەم و بە سەریاندا دەسە پێنێ.

منیش کەسێکی بەشداری ئەو ڕێورەسمە بووم. نەک وەک کۆمیتەی یەکبوون، بەڵکوو وەک شەخس، چوونکە سیاسەتی حدکا ئێمەی وەک لایەنی یەکبوونخواز قبووڵ نییە. من بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو حیسابانەی سیاسەت و فەلسەفەبافی و قەید وشەرتە و، بە موافقەتی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی یەکبوون، بەشداریم کرد و پەیامەکەی خۆم لە قالبی پەخشانێک دا پێشکەش کرد.

ئەوەی لەم کاتانەدا داخ دەنێتە سەر دڵی ئینسان، وتە و دەردی دڵی ئەو تێکۆشەرانەیە کە هەموو تەمەنیان فیدای ڕێبازی کوردایەتی کردوە و جەرگ و جەستەیان خوێنی لێ چۆڕاوە. کاتێک پەخشانەکەم پێشکەش کرد، خاتوو سەفیە بڵباسی خوشکی شەهیدی جوانەمەرگ یونس بڵباسی و کچی تێکۆشەری ناودار و کۆچکردووی حیزبەکەمان خاڵە شێخ محەممەد، هات و بە تاسەو حەسرەتەوە لە کاتێکدا کە فرمێسک لە چاوەکانی دا قەتیس مابوو و گریان لە گەرووی دا خنکابوو، گوتی "من وەک خوشکی شەهید سوپاست دەکەم". دیارە ئەوە سوپاسی من نەبوو، بەڵکوو سوپاسی بانگی یەکبوونخوازی و یەکریزی بوو. ئەویش ویستی وەک من پڕ بەگەرووی هاوار بکات و کوڵی دڵی خۆی بڕێژێ بەڵام گریانی پەنگ خواردووی ڕێگەی پێ نەدا. ڕوخساری ئەو خوشکە جەرگ سووتاوە هەزار پەیامی لێ دەباری. بێگومان خوشکی ئەو شەهیدە هەڵگری پەیامی هەزاران خوشکی شەهیدە کە لەو جودایی و یەک نەبوونە بێزارن. با ڕێبەرانمان ئەو پەیامانە بخوێننەوە و لەوە زیاتر بۆ

خاتری مەسڵەحەتە شەخسی و جەناحیەکانیان بازی بە ئێحساساتی خەڵک نەکەن. هیوادارم ویژدانە خەوتوەکان دەردی دڵی خاتوو سەفیا و سەفیاکان ببیسن.

کاتێ لە گەڵ پێشمەرگەی گیان لە سەر دەستی هێزی ئاوارەی شەهید، کاک حەمەدەمین خراپە، شێری دوژمن تۆقێنی ناوچەی پیرانشار دەدوێی، سەرتاپای وجوودت دەبێتە غروور و شانازی، بەڵام کاتێ گوێ لە دەردی دڵەکانی دەگری، جەرگت ژان دەکات. کاتێ باس لەو ماڵوێرانیەی حیزبەکەمان دەکات، ڕوخساری بەفر گرتووی خەم و خەفەتی لێدەباری. ئەو قارەمانەی کە تا دوێنێ یاری بە مەرگ دەکرد ئەوا ئەمڕۆ وەک هەگبەیەک لە سەداقەت و پاکی، بوخچەی دڵت بۆ دەکاتەوە و بێزاری خۆی لەو کارەساتە دەردەبڕێ. لە گەڵ هەر وشە و وتەیەکی سەرتاپا دەبێتە ئێحساسات و نەفرەت دەکات لە دووبەرەکی و دژمنایەتی. لە ناخەوە دەردی دڵی بەیان دەکات، هەر بۆیە لە ناخەوە دەتهەژێنێ.

لە ناو ئەو کەسانەی قسەیان لەگەڵ دەکەی، لە گەڵ ئەوەی کە قسەیان هەیە لە سەر شێوەی یەکگرتنەوە، بە دەگمەن کەسێک دژی یەکنوونەوەیە، بەڵام هەر کامە کۆڵێک ڕەخنە و گلەیی و گازەندەی هەیە کە بۆچی ئەو حیزبە بەو ڕۆژە گەیشت؟ ڕێبەران لە سەر چی ئێمەی هاوسەنگەرانی دوێنێیان تووشی ئەمڕۆ و ئەم کارە زیانبارە کرد؟ بۆچی ڕێبەرایەتی ئەم کارەسەتەیان بەسەر حیزب هێنا و سەدان پرسیار و ڕەخنە و گلەیی تر.

کاتێک داوام کرد کە دەمهەوێ بۆ یەکبوون، بۆ مێژوو و بە کوێری چاوی دژمنانی حیزبەکەمان وێنەیەک بگرین، تێکۆشەرانی مەیدانی سەختی خەبات بە دڵێکی پڕ لە ئاوات و بە سەداقەت و دڵسۆزیەوە ئامادە بوون و کەسێک نەبوو بڵێ بۆ یا بڵێ نا و هەموویان ئیفتخار و شانازیان بە برایەتی و یەکریزییەوە دەکرد و هەر لە یەک گەڕی هەڵپەڕکێشدا توند دەستی یەکیان گووشی. بە یەکەوە هەڵپەڕینی تێکۆشەرانی دێموکرات، دانیشتنی سەر مێزی سیاسەتمەدارەکان نییە بۆ سیاسەت کردن، بەڵکوو لە ناخەوە باوەڕهێنانە بە دەست لە ناو دەستی یەکترنان بۆ یەکێتی و برایەتی.

## رەخنەیەکی دۆستانە لە تیشک تیڤیو کوردکاناڵ

"کورد کاناڵ" و "تیشک تیڤی" دوو دەنگ و ڕەنگی گەلی کوردن کە هەر کام بە نۆبەی خۆی خزمەتێکی بەرچاوی بە دۆزی خەباتی گەلەکەمان کردوە. لە بوارە جۆراوجۆرەکانی، سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، هونەری و...... بەرنامەی زۆر بە سوود و بە کەلکیان هەبووە. دەکرێ بڵێین کە ئەم دوو کاناڵە، باشترین کاناڵی پێوەندی گرتن و ڕۆشەنگەرین لە نێوخۆی کوردستاندا، یا بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین کە باشترین و فەعالترین کادری مەیدانی تێکۆشانی سەردەمی خەباتی ئێستای شۆرشەکەمانن.کۆماری ئیسلامی لە هەموو پیلانێک بۆ خەفە کردنی ئەو دەنگانە هەوڵ دەدات و دەیهەوێ پێش لە بڵاو بوونەوەیان بگرێ، بەڵام تکنۆلۆژیای سەردەم زۆر لە عەقڵی ئاخوند لە پێشترە و بە حەبای شۆڕ و پازدە میتر عەمامەوە پێشی پێناگیرێ و ناشاردرێتەوە. ئازادیی بەیان و ڕاگەیاندن یەکێک لە پرسە هەر گرینەکانی ناوخۆی ئێران و دنیای ئەمڕۆیە کە هەموو کەس بە بایەخەوە سەیری دەکات. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا، هەموو ڕۆژێ گەردنی دەنگە زوڵاڵ و ڕاستوێژ و هەقویژەکان بە پەت دەخنکێندرێ و بە شمشیر دەبڕدرێ، بەڵام ئەو کات کە دەیبڕن توندتر و باشتر هاوار دەکات و بە گوێی هەموو دنیا دەگات.

ئەوەی کە من دەمهەوێ لێرەدا ئیشارەیەکی کورتی پێ بکەم، بڵاونەکردنەوە یان سانسۆرکردنی ڕێوڕەسمی بیست و یەکەمینساڵیادی شەهیدانی "ڤییەن"ـــە کە لە ١٧ی ژووئیەی ٢٠١٠ دا لە بەر دەرگا یا قەتلگای دوکتور قاسملووی شەهید و هاوڕێیانی بەڕێوەچوو. ڕاستە دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسی بوو، بەڵام ئەو ڕێبەرێکی کورد بوو کە لە ڕێگای ئاشتی و وەدەستهێنانی مافی گەلەکەیدا گیانی بەخت کرد. یادکردنەوە و ڕێز لێنانی ئەو سەرکردەی کورد، ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و هەموو ئاشتیخوازێکی جیهانە. دانانی مۆنۆمێنتی شەهیدان دەرفەتێک بوو بۆ چەند پات کردنەوەی مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەشداریکردنی هەموو لایەن و کەسایەتییەکان لەو بۆنەیەدا. ڕێوڕەسمەکە لە گەڵ هەموو کەم و کوڕیەکانی، بە شێوەیەکی ئارام و باش بەڕێوە چوو و هەموومان لێی ڕازی بووین. ئەوەی کە جێی سەرنج و تێڕامانە، بڵاو نەکردنەوە یا سانسۆر کردنی ئەو ڕێوڕەسمە بە شکۆیە بوو کە لە هەر دوو تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ وتیشک تیڤی یەوە پێشانی ئەویندارانی قاسملوو و خەڵکی کوردستان درا.

وێڕای ڕەخنە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بانگەوازی نەدا بۆ بەشداری کردنی خەڵک لەو ڕێ و ڕەسمەدا، بەڵام ئەگەر بە کورتی و بە کوردی بڵێم، کورد کاناڵ بەشێکی بەرچاوی ڕێوڕەسمەکەی بێ سانسۆر بڵاو کردەوە و وێنە و فیلمکەی

بە بێ دەسکاری خستە بەر دیدی بینەرانی، بەڵام بەشێکی تر کە پێک هاتبوو لە پەیامی دوو شەخسییەتی ناودار و تێکۆشەری کورد(کاک سەدیق بابایی و دوکتۆر گلمراد مرادی) و پەیامی چەند پارتی سیاسی کوردستانی کە زەحمەتیان کێشابوو و بەشداریان کردبوو و پەیامی خۆیان لەو بۆنە تاڵەدا پێشکەش کرد، بڵاو نەکردەوە و ئەو بەشەیان قرتاند. ئەگەر بەهانە بە کەمی کات بێننەوە، دەتوانین بڵێین با لە دوو بەرنامەی جیاوازدا بڵاویان کردبایەوە. زۆر بەرنامە هەیە ڕەنگە بینەری زۆر کەمی هەبێ، دەیانتوانی جێگەی ئەو بەرنامەیە بە بڵاوکردنەوەی یادی ئەو گەورە پیاوەی کورد پڕ بکەنەوە، ئەوە هەم بۆ نێوخۆی کوردستان زۆر بە کەلک بوو و هەم ڕێز گرتن بوو لە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە. ئەو مۆنۆمێنتە بۆ ئەوە دەبوو کە بە چەندین بەرنامەی تایبەتی لە سەر بڵاو بکرێتەوە و ئەرزشەکەی بۆ خەڵک ڕوون کرابایەوە .

ئەگەر کورد کاناڵ بەشێکی ڕێوڕەسمەکەی بڵاو نەکردەوە، بە داخەوە دەبێ بڵێم تیشک تیڤی نەک سانسۆر، بەڵکوو بەرنامەکەی ئەنفال کرد. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە ڕەسمی داوای لە خەڵک کرد کە بەشداری ئەم بەرنامەیە بکەن، خەڵک بۆ پێشوازی لە داواکاریی ئەوان یا هەر کەس و لایەنێکی تر، دڵسۆزانە بەشداریان کرد و هاوخەمی خۆیان لەو ڕۆژەدا دووپات کردەوە. کاتێک تیشک تیڤی بەرنامەی یاد کردنەوەکەی بڵاو کردەوە، بێجگە لە وتەکانی دوو کەسایەتی سەر بەحیزبەکەی خۆیان، پەیام و بابەتی هیچ کەسی تریان بڵاو نەکردەوە و الحمدالله بەشێک لە خودیەکانیش بە هێندێکی ترەوە سووتان و بۆ لێچکەیەک قەیسەریەکیان ئاگردا. ئەوە بۆ من و هەموو ئازادیخوازێکی کورد و دێموکرات جێگەی پرسیارە کە ئایا تیشک تیڤی هی کوردە یا هی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئایا ڕاگەیاندن ئازادە یا لە دەست حیزب دایە، دوکتۆر قاسملوو ملکی کوردە یا هی حیزبی دێموکرات، ئایا هەر وتەکانی بەڕێزان خوشکە نەسرین و کاک حەسەن شایانی بڵاو کردنەوە بوون، ئایا ئەو کەس و لایەنانەی کە سەدان کیلۆمیتر ڕێگایان بڕیبو پێویست نەبوو بە خاتری حورمەت گرتنیش بێت پەیامەکانیان بڵاو بکرێتەوە؟ ئەو پرسیارانە و گەلێک پرسیاری تر هەن کە پێویستە تیشک تیڤی وەک تەلەفزیۆنێکی سەربەخۆ وڵامیان بداتەوە .

ئەگەر ئەو تەلەڤزیۆنە هی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، پێویستە حیزب وڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. حیزبێک کە نەک هەر دێموکڕات بەڵکوو ناوە ئەسڵیەکەشی دێموکراتە، خاوەنی ٦٥ ساڵ خەباتە بۆ دێموکراسی و ئازادی، ئازادی چۆن پێناسە دەکات؟ هەموو ڕۆژێک لە ڕاگەیاندنەکانی دا دژی سانسۆر لە کۆماری ئیسلامی دا قسە دەکات و مەحکوومی دەکات، سانسۆر چۆن لێک دەداتەوە؟ ئازادیی بەیان یەکێک لە کۆڵەکەکانی دێموکراسییە کە دێموکراسی دروشمی ئەسڵی حیزبی دێموکڕاتە، ئازادیی بەیان لە ڕوانگەی ئێوەوە چۆن لێک دەدرێتەوە؟ من نامهەوێ دێموکراتەکان و کۆماری ئیسلامی بە یەکەوە مقایسە بکەم، بەڵام بە حیزبی خۆمی دەزانم، خوێنم تێیدا ڕشتوە، زەحمەتم کێشاوە و تەمەنی لاوەتی خۆم فیدای ئەم حیزبە کردوە و تا مردن دەستی لێ هەڵناگرم، هەر بۆیە بە حەقی خۆمی دەزانم کە پرسیارەکانم ڕووبەڕووی

حیزبێک بکەمەوە کە خۆشەویستیی ئەو بۆ من لە سەروی هەموو شتێکە و ئەو کارەی کە ئێستاش لە گەڵ هاوڕێیانم لە کومیتەی کەمپێنی یەکبوون دەستم داوەتێ، باشترین بەڵگەی خۆشەویستی و دڵسۆزیمە بۆ حیزبەکەم. کاتێک حیزبەکەی من هەموو ڕۆژێ کۆماری ئیسلامی مەحکوم دەکات بە سانسۆر و کوشتنی ئازادیی بەیان، چۆنە بۆ حکومەتێکی ئیسلامی سەدەکانی نێوەراست سانسۆر بە حەرام دەزانێ بەڵام بۆ حیزبی دێموکراتی دێموکراسیخواز حەڵاڵە؟ دوکتۆر قاسملووی شەهید کە ڕێبەری ئەم حیزبە بوو بە مامۆستای دێموکراسی ناوزەد کرا و کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بوو، ئەوە ئیفتخارێکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد. ئایا ڕێبەرانی حیزب وانەکانی دێموکڕاسی لە مامۆستاکەیان فێر نەبوون یا ئامۆژگاریەکانی مامۆستاکەیان لە بیر کردووە و بە هێندی ناگرن؟ ڕەنگە زۆر کەس وا بیر بکاتەوە کە چوونکە پەیامی کومیتەی یەکبوونیان بڵاو نەکردۆتەوە بۆیە گلەیی لە حیزب دەکەم، لە کورد کاناڵ پەیامەکەمان بڵاو بۆتەوە بەڵام بە حەقی خۆمی دەزانم ڕەخنە لە کەم و کوڕیەکانی کورد کاناڵ یش بگرم. ئەگەر تیشک پەیامەکەمان بڵاویش نەکاتەوە، ئەوا لە ڕێگای ئێنتەرنێت و لایەنی بەرانبەر بڵاو بۆتەوە و زۆر کەس فیلمی لێگرتوە و بڵاوی کردۆتەوە، هەر بۆیە مەبەستم پەیامەکەی خۆمان نییە، بەڵام پێم ناخۆشە تەلەڤزیۆنی تیشک کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، سانسۆری بەرنامەیەک بکات کە ڕێز گرتن بوو لە شەهید و گەورە پیاوێکی ناوداری کورد، پێم ناخۆشە خەڵک دەعوەت دەکەن بەشداری ڕێوڕەسمەکە بکات بەڵام زەحمەتەکەی بە هێند نەگرن. بە ئەرکی خۆمی دەزانم ڕەخنە بگرم و ڕەخنەکەشم لە دڵسۆزیمەوە نەک بە هیچ مەبەستێکی تایبەتی. ئەوەندە ڕەخنە دەگرم تا حیزبەکەم واز لە سوننەت گەرایی دێنێ و ئەوەی بۆ خەڵکی بە حەرامی دەزانێ پێشدا لە خۆی حەرامی بکات. من هەر دوو بەشی دێموکڕات بە یەک چاو تەماشا دەکەم و ڕێز و حورمەتیان لە سەر سەرمە. کە دەڵێم حیزب یا دێموکڕات، مەبەستم هەر دوو بەشەکەیەتی و وێڕای کەم و کووڕییە جیاوازەکانیان، هەموویان بە یەک حیزب دەزانم و دڵنیام ڕۆژێک هەموویان لە یەک سەنگەردا دژی دژمنانی کورد، هاودەنگ و هاوڕا خەبات دەکەن و ئاواتی شەهیدە سەبەرزەکانمان وەدی دێت و خەڵکی کورد شاد و دژمنانانمان کوێر دەبن.

٢٥ی جوولای ٢٠١٠

## نەخشی ڕێبەرانی شەهیدمان و چاوەڕوانی لە ڕێبەرانی ئێستامان

بۆ بەڕێوەبردن، ڕێبەری و ئیدارەکردنی هەر ڕێکخراو، حیزب یان وڵاتێک زەروورەت وا ئیجاب دەکات کە بەتواناترین کەس لە بواری جیاوازەدا بە ڕێگای هەڵبژاردن، کودێتا یان شێوازێکی دیکە دەبێتە سەرۆکی حکوومەت یا ڕێبەری وڵات، فراکسیۆن یا گرووپێک و بۆ ماوەیەکی کاتی یا دیاری نەکراو دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ.

لە مێژووی گەلی کورد و شۆڕشە پیرۆزەکانی‌دا، بۆ دیفاع لە خەڵک و خاکی نیشتمان و وەدیهێنانی ئازادی، هەمیشە کەسێک وەک سەرۆک و سەرکردە یا سکرتێر، ڕێبەرایەتی جووڵانەوەکەی کردووە. بەشێکی بەرچاو لەو ڕێبەرانە نەخشی سەرەکییان هەبووە لە بەڕێوەبردن و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە وڵات یان لە حیزب و ڕێکخراوەکە دا. گەلێک دەسکەوتی مەزنیان بۆ نەتەوەکەمان بە دیاری هێناوە کە میللەتی کورد و مێژوەکەی بۆ هەتا هەتایە شانازیان پێوە دەکات و ناو و ناوبانگ و حورمەت و ڕێزیان تاجی سەری هەر تاکێکی کوردە. هەر بۆیەش لە بۆنە تایبەتی و نەتەوەییەکاندا یادیان بەرز و پیرۆز ڕادەگیرێ و بوون بە سومبولی خۆشەویستی و پێناسەی مێژوییمان و ئامانجە پیرۆزەکانیان ئامانجی هەموومانن.

لە مێژووی شەست و چوار ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، حیزبی هەزاران شەهیدی ڕێبەر و ڕێبوار، ڕێبەریی حیزب نەخش و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە ئیدارە کردن و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لە سەردەمە جیاوازەکانی شۆڕشدا. لە مەیدانی سیاسەت و دیپلۆماسیشدا ئەرکی قورسی جووڵانەوەی لە سەر شان بووە. هەر بۆیە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە چاوی هیوا و ئومێدی بڕیوەتە ڕێبەرانی حیزب و ئەوانی بە سیمای خۆنەویستی و فیداکاری و لەخۆبوردوویی زانیوە و لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەوان لە هیچ فیداکاریەک دریغی نەکردوە.

پێشەوای نەمر قازی محەممەد وەک شەخسیەتێکی نیشتمانپەروەر و بە نفووز توانی جووڵانەوەی کورد لە قالبی عەشیرەتی دەرباز بکات و لە چوارچێوەی حیزبێکی مودێرنی سەردەمدا بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکی بخات و ڕەنگی سیاسی پێبدات. لە ژێر ڕێبەریی پێشەوا دا، لە ماوەیەکی کورتدا حیزب توانی ئاپۆرای خەڵک لە دەوری بەرنامەکانی کۆ بکاتەوە. ئەو وەک ڕێبەرێکی خاوەن ئیعتیبار و سیاسەتمەدارێکی شارەزا، توانی لە وەزعی پێکهاتووی ئەوکات بە قازانجی گەلەکەی کەڵک وەرگرێ و بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا حکوومەتێکی کوردی ڕابگەیەنی. لێرەدا دەردەکەوێ کە نەخشی ڕێبەری بە توانا لە ئاڵوگۆڕەکاندا تا چەند شوێندانەر و چارەنووسسازە. پێشەوا لە هەموو بوارەکاندا بوو بە

پێشەنگ و پێشەوای گەلێکی بندەست. وەک قازییەکی عادڵ توانی داد پەروەری لە وڵاتدا بچەسپێنێ و ئارامی و ئاسایش بۆ خەڵکەکەی دابین بکات. هەموو چین‌وتوێژەکانی لە کاری بەڕێوەبەری و حکوومەتدا بەشدار کرد. کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا توانی شوێن لەسەر هەستی خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دابنێ. مەرحووم مەلا مستەفا بارزانی و بارزانیەکان و ئەفسەرە شەهیدەکان بە هەستکردن بەو زەروورەتە مێژووییەی کە لە ئارا دابوو و ئەو هەلە زێرینەی کە پێشەوا بۆ گەلی کوردی ڕەخساندبوو، بوونە پشت و پەنای کۆماری کوردستان. لە بەرامبەریشدا سەرکۆماری کوردستان نەک وەک میوان سەیری نەکردن بەڵکوو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات ئەرک و بەرپرسایەتی شیاوی لە پۆستە گرینگەکانی حکوومەتدا پێسپاردن و خەڵکی هاندا کە بە چاوی ڕێزەوە سەیریان بکەن و ئەرک و فەرمانەکانیان بەجێ بگەیەنن. پێشەوای شەهید بە هەست کردن بە زەرورەتی ئەو کات برایەتی و هاوپەیمانیی نێوان کورد و ئازەری پتەو و بەهێز کرد. ئەو ئەگەر لە ڕێبەری و عەداڵەت و حکوومەت کردندا پێشڕەو بوو، بۆ بەختکردنی گیانیشی لە پێناو گەل و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورددا هەر پێشەنگ و سەر قافڵە بوو، شەهیدی چوار چرا بوو بە پێناسەی نەتەوەی کورد کە ئێمە و نەوەکانی داهاتوو ئیفتخاری پێوە دەکەین.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهید بوونی پێشەوا و دواتر شەهید بوونی تێکۆشەرانی دێموکرات لە جووڵانەوەی سالەکانی ٤٧-١٩٤٦دا و سەرەنجام پەرتەوازەبوونی ئەندامانی حیزب، دوکتۆر قاسملووی شەهید بوو بە دوکتۆری ئێش و ئازارەکان و بە زانایی و لێهاتوویی خۆی توانی حیزب لە پرش و بڵاوی و پەرتەوازەیی نەجات بدات و گیانێکی نوێ بداتەوە بەر جەستەی لاوازی شۆرشی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران. لە سەر داوا و ئامۆژگارییەکانی قاسملووی مەزن، ئەمجار حیزب بە بەرنامە و دروشمی نوێ و سەردەمیانەوە هاتەوە مەیدانی خەبات و ڕێگە و ڕێباز و تاکتیکی نوێی بۆ خەبات دیاری کرد. لە ماوەیەکی کورتدا توانی هەموو ئەندامانی حیزب بە بۆچوونە جیاوازەکانەوە لە یەک ڕیزدا کۆ بکاتەوە. دۆکتۆر قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خاوەنی بڕوانامەی دۆکتورا و مامۆستای زانستگە بوو لە دەرەوەی وڵات، شۆڕشگێرێکی لێهاتوو و لەخۆبوردوش بوو. ئەو بە هاتنەوەی بۆ نێو جەرگەی خەبات، بە هاوکاریی هاوڕێکانی توانی بەرنامە و پێڕەوی حیزب دیاری بکات و ساختاری حیزب بگۆڕێ و تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆی وڵات فەعال و بەهێز بکاتەوە. لە کاتێکی سەخت و دژواردا، مەیدانی خەباتی گواستەوە بۆ نێو جەرگەی وڵات و دووبارە گوڕ و تینی دایەوە بەر خەباتی هەقخوازانەی گەلەکەمان و ڕێکخستن و ڕێکخراوەکان زیندوو کرانەوە .

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەرفەتێکی دیکەی بۆ لێوەشاوەیی و بلیمەتیی دوکتۆر قاسملوو هێنایە ئاراوە کە زۆر شارەزایانە کەلکی لێوەرگرت و لە ماوەیەکی کورتدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بە حیزبی سەرجەم خەڵکی کوردستان و توانی هەزاران کەس لە قەوارە و ڕێکخراوی جیا جیادا ڕێکبخات. کاروانی بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردی بەرەو شارستانیەت و پێشکەوتن ڕێبەری کرد. لێهاتوویی دوکتۆری شەهید و وتە و وتارە بە نرخەکانی ئەویان کردە جێی متمانەی خەڵک و بوو بە تاکە سواری مەیدانی خەبات و سیاسەت و دیپلۆماسی. وێڕای ڕێکخستن و سازماندانی خەڵک بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەر هێرشی دژمندا، بە هۆی زانایی و دووربینی، دژی هەڵگیرسانی شەڕ بوو و ویستی لە ڕێگای ئاشتییەوە چارەسەری مەسەلەی کورد لەو بەشەی کوردستان بکات. ئەو دەیزانی کە ئاکامی شەڕ دەبێتە چی و چەندە درێژە دەکێشێ. بەڵام بە داخەوە دژمنانی ئازادی و نامۆ بە دێموکراسی، فتوای جەنگ و مەرگیان دا و هەوڵی ئاشتیخوازنەی گەلی کورد و ڕێبەرەکەیان لە پێ خست.لەگەڵ ئەوەی کە ڕێبەرایەتیی حیزب بە هۆی بەربڵاوی مەیدانی تێکۆشان کۆنترۆلی تەواوی بەسەر وەزعەکەدا نەبوو، ڕێکخستن و سازماندانی جەماوەریی زۆری خەڵکی کورد لەو دۆخە ناسکەدا هێندە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام بە مودیرییەت و لێهاتوویی دوکتۆری شەهید، بە ڕێبەرایەتیەکی مودیر و کارزانی کەمەوە توانی خەڵک سازمان بدات و بیکاتە لەشکرێکی بەهێز و لە شکاننەهاتووی کورد کە ئەو لەشکرە دوای قارەمانەتی و بەرخۆدانێکی زۆر تا ئێستاش لە خەبات و تیکۆشان هەر بەردەوامە. لە ماوەی چەند ساڵ بەربەرەکانی لە گەڵ دژمندا توانی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و فیداکاری بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد تۆمار بکات. ئەو لە مەیدانی دیپلۆماسیدا نەک هەر دەنگی گەلی کوردی بە ناوەند و ڕاگەیەنە گشتیەکانی دنیا گەیاند، بەڵکوو گەلی کوردی وەک گەلێکی ئاشتیخواز و زوڵم لێکراو بە دنیا ناساند و بوو بە سەفیری کورد لە هەموو جیهاندا. لە بواری فەلسەفە و تیئۆریشەوە یەکەم کەسی حیزب بوو و بە لێکدانەوە و هەلسەنگاندن ئاڵوگۆڕی بەرچاوی لە حیزب و بەرنامەی حیزبدا پێکهێنا. بوو بە ئۆلگوی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و لەو مەیدانەشدا بوو بە پێشەنگی زانا و فەیلەسوفەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی. بە فکر و ئەندێشە و فاکتە عیلمیەکانی توانی شوێن لە سەر ئەندامانی حیزب و کەسایەتیە نێوخۆیی و دەرەکیەکان دابنێ و بوو بە ڕێبەرێکی کاریزمای گەلی کورد.

دوای تیرۆری مامۆستای دێموکراسی، شەهیدی نەمر دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی جێگری سکرتێر، بوێرانە هاتە مەیدان و ڕێبەریی ئەم حیزبەی بە دەستەوە گرت. بە ئیبتکار و لێهاتوویی خۆی توانی کەلێنی نەمانی قاسملووی شەهید پڕ بکاتەوە و بو بە قیبلەی هیوا و ئومێدی خەڵک و پێشمەرگە. ئەو بوو بە دوکتۆری زامی سەخت و بەژانی شەهیدبوونی قاسملووی مەزن و بە هاوکاری و هاوفکری ڕێبەرایەتی و پشتیوانی بەدەنە و خەڵکی کورد، توانی حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کۆستە گەورەیە دەرباز بکات و هیوادارتر بە سەرکەوتن، ئەم حیزبەی بەرەو ئامانج هیدایەت و ڕێبەری کرد.

دوای لە دەست چوونی شەهید دوکتۆر قاسملو، لەو کاتەدا کە دژمنایەتی دژمنانی کورد لەگەڵ یەکتر بەرەو تەواو بوون دەچوو، ڕۆژی ڕەش داوێنی حیزبی دێموکراتی گرتەوە. ئەوە تەنیا ڕێبەرێکی مودیر و لێهاتووی وەک کاک دوکتۆر سەعید بوو

کە بـوێرانە بڕیـاری دا بە چەک و کۆڵە پشـتیەکانمانەوە ڕێگـای چیاکـان و نـاوخۆی ولات بگـرینە بەر و چـاوەڕێ نەبـین حکوومەتی عێراق ڕاپێچی ئۆردوگاکانمـان بکـات. لـەو کاتـەدا ڕێبەری کردنی حیزب کـارێکی ئاسان نەبـوو. دوکتـۆر سەعید دەبـوو برینـی دڵە زامدارەکان سـاڕێژ بکـات و حیـزب لەو وەزعییەتە ڕزگـار بکـات و بە شێوەیەک ڕەفتـار بکـات کە هەموو ئەندامانی حیزب بە تـایبەتی ڕێبەرایەتـی باشتر لە جـاران بڕیـار و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ بکـات. ئەو تـوانی بە چاوێک سەیری هەموویـان بکـات و لە هەموو تواناکـان کەلـک وەرگـرێ و گـوێ لە هەموو بۆچـوونە جیاوازەکـان بگـرێ. شـەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو نەک هەر زەبرێکی گورچکبڕ بوو لە پەیکەری حیزب بەڵکوو گەلی کوردیشی تـاساند. لەو کـاتەدا ڕێبەرێکی وەک دوکتۆر سەعید دەیتوانی خەڵک لە تـازیەبـاریەوە بۆ درێژەدان بە خەبـات هان بدات و دڵ گەرمیـان بکـات بە سـەرکەوتن و نەهێڵـێ شـۆرش بەرەو لاوازی و نسکۆ بچـێ. دوکتـۆر سـەعید بە ڕێبەرێکـی مـودیر و مـودیرێکی قـاتع و تونـد و تـۆڵ و هەڵسووڕ و چالاک ناسرا بـوو. لە مـاوەیەکی کەمدا تـوانی کۆنترۆلی هەموو حیـزب بە دەسـتەوە بگـرێ. ئەو پێشـمەرگەیەکی خاکی و نووسەرێکی بە توانا و مامۆستایەکی زانا و سکرتێرێکی بە ئیبتکار بوو. سەداقەت لە کار و خەبـاتـدا، خۆشەویسـتی ئەوی لە نێو دڵـی هەمواندا جێ کردەوە و هەموویـان ڕێزیـان گـرت و هاوکارییـان کـرد. هەموو ئەو تـایبەتمەنـدیانە، دوکتـۆر سەعیدیـان کردە ڕێبەرێکی نموونە و بۆ هەتـا هەتـایە نـاو و ناوبـانگی لە مێـژوو و دڵـی هەمووماندا دەمێنێتەوە. بەداخەوە دڵڕەشان و تـاریک پەرستانی سەدەکانی نێوەراست نەیانهێشت زۆر لەم پۆستەدا بمێنێتەوە و زیـاتر خزمەت بە نیشتمان بکـات. دژمن دەیزانی کە ئەو پیاوێکی شێلگیر و سەرسەختی مەیدانی خەبـات و کۆڵنەدانە، هەر بـۆیە زۆر زوو بـۆی کەوتـنە پیلان و ناجوامێرانە شەهیدیان کرد.

لـە سـایەی زانـایی، لێزانـی و لێهـاتویی ئەو ڕێـبەرە شـەهیدانە حیـزب بـوو بـە خۆشەویسـتی هەمـوو خەڵکـی کـورد. ئـەوان بەرهەڵستیی دوو حکوومەتی دیکتـاتۆر و خـوێنمژی پاشـایەتی و ئیسلامیان کـرد، حیـزب و کۆمـاری کوردسـتانیان دامەزرانـد، شۆڕشـێکی گەورەیـان وەڕێ وەرێخسـت، ڕێبـەرانی شـەهید، حیـزب و کۆمـاری کوردسـتانیان دامەزرانـد، حیزبیـان گەیانـدە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست و پانتاییەکی بەرینیان بۆ حیزب لە نێو دڵی خەڵکدا کردەوە، نەتەوەی کورد و خەباتەکەیـان بە دنیا ناساند، بـۆ گەل ژیـان و لە پێنـاو گەلـدا فیـداکاریان کـرد و لە پێنـاو گەلیشدا سەریان نـایەوە. دوای مەرگیشیان بیروبۆچوون و ڕێنوێنی و ئامۆژگاریە بە نرخەکانیان بوونە چرای ڕێگەی خەبات و هاندەری خەڵکی کورد بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان.

دوای ئـەو کۆسـت و برینانـە، ڕێبەریـی حیـزب و جـووڵانەوە ئاشـتیخوازنەکەی کەوتە سەرشـانی هـاوڕێ و هاوکارەکـانی ئەو شەهیدە مەزنـانە. ئەو ڕێبەرایەتیەی کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە کاتە سەخت و ئەسـتەمەکانی شۆڕشـدا هاوسـەنگەری دوکتـۆرە شەهیدەکانمان بوو. دوای ئەو کارەساتە ئەوان لە خەبات کول نەبوون و نەسرەوتن، بوونە پێشاندەری ڕێـی خەبـاتمـان و بە

كەلكـوەرگرتن لە دەرس و ئەزموونەكـانی ڕابـردوو، ئازایـانە هـاتنە مەیـدان و بـۆ جـارێكیتر بە دژمنیـان سـەلماند كە حیزبەكەمـان هـەروا قـارەمـانی سەنگەری بـەرخودانە و توانـا و تەحەممولی ئەو بـرینە سـەختانەی هەیە. ئەم ڕێبەرایەتـیە ئەگەرچی لە بەرانـبەر دژمنـدا شێلگیر و بە ورە بـوو، بەڵام زۆر بە داخەوە، هـەر زوو نـاكۆكی كەوتە بەینـی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو ناكۆكیانە پەرەیان سەند و دووبەرەكی سەرتـاپای حیزبـی داگـرت. ناكۆكیەكـان بـوونە میـوانی هەمـوو مـاڵ و مقەڕ و مەحفەلێك و باسێكی گرینگ و سـەرەكی كۆبـوونەوە و سێمینـار و كۆنفرانس و كۆنگرەكـان بـوون. هێدی هێدی دۆستایەتی و خۆشەویستی جێگای خۆیان دا بە نـاكۆكی و دووبەرەكی و خەمی گەورەی خستە نێو دڵی دڵسۆزانی حیزب و كـۆمەڵانی خەڵكـی كوردستان. توانا و ئینرژیی حیزب كە دەبوو سەرفی خەبـات دژی دژمن بكرێ، ئاراسـتەی یەكتـر شكاندن و ڕووخانـدنی مـاڵی حیزب و بنكۆڵ كردنی ئەو قەڵا پۆڵاینە كرا كە دژمن بە هەزینەیەكی زۆرەوە بۆی نەكرا. ئەگەرچی جار جار ناكۆكیەكان كز و بێدەنگ دەبوون و سەرپۆشیان لەسەر دادەنرا، بەڵام مەقەستەكان لە ژێـرەوە هەر لە كـار دا بـوون. دڵسـۆزیی ئەو بەشـەی كە بە پەرۆشەوە دەیڕوانیە داهاتووی حیزبەكەمان، نەیتوانی بە سەر ناكۆكیەكاندا زاڵ بێت. پەتـای یەكتـر قبـوول نەكـردن و تۆڵەسـەندنەوە هەمـوو نـیەتە باشـەكانی لە گەرووی دا خەفە كردبـوو. مەقـام پەرەسـتی، یەكتـر بوغزانـدن، مەسـلەحەتە شەخسی و گروهیەكان، شەڕی ڕەوانی، خۆمە خـۆمە و نـاوەنـد و شومال و جنـووب، بڕستی لە تێكۆشـانی حیـزب بڕیبـوو. ئەم دەردە كە لە سـەری حیـزبەوە دەسـتی پێكردبـوو، هەمـوو هیـوا و ئومیـد و چاوەڕوانیەكـانی بەدەنە و خەڵـك كە ڕووی لە دوو شەخسی تایبەت بـوو، بـێ ئاكـام هێشتەوە. چونكە غـروری بـێ جـێ ڕێگەی یەكتـر قبـول كـردن و یەكتـر تەحەممـول كردنـی لێگرتبوون. هێندیك كەس لە پێناو مقام و مەسڵەحەتە شەخسیەكانیـاندا ئـاگری ئەم ناكۆكیەیـان خۆشتر دەكـرد. ڕق و قـین گەرووی خۆشەویستی وەها گوشیبوو كە توانای هەڵكێشـانی هەنـاسـەیەكی نەمابوو تـا بتـوانێ هەسـتێتەوە و سـەرەنجام مـاڵی هیوا و ئاواتـەكـان تێكـدرا. لێـرەدا نەخش و دادوەری و زەرورەتـی ڕێبەرێكـی كاریزمـا دەردەكەوێ تـا مەسـەلەكان ڕیشـەیابی بكات و یەكپارچەیی بۆ حیزب بگەڕێنێتەوە.

لە مەیـدانی دووبـەرەكی و سـەرەنجام ڕمانـدنی مـاڵی حیزبـدا كەس قـارەمـان دەرنەچـوو، چـونكە زۆرانبـازی لە پێنـاو بەرژەوەندیەكانی گەلدا نەبوو. هەموومان بە ئەندازەی خۆمان لەم كۆستەدا شەریك و تـاوانبارین، بەڵام سـەركردەكانمان لەم مەیـدانە دا بەشـی شـێریان بەر دەكەوێ. ئێمـە ئەگـەرچی توانیمـان لە بەرانـبەر دژمنێكـی دڕنـدەی وەك كـۆمـاری ئیسـلامیدا خـۆراگر بـین و لە مەیـدانی شـەڕدا نەبەزیـن و ورە بەرنەدەیـن، بەڵام بە داخەوە توانـای تـەحەممـولی یەكترمـان نەبـوو و بەڵایەكمان بە سـەر حیزبەكەمـان هێنـا كە بـا بـە دەواری شـڕی نـەكردبێ. مێـژوو ئـەو كـارەی ئێمە بە هەڵەیەكـی گەورە لـە سەرمان دەنووسێ و ئەگەر نەتوانین قەرەبووی بكەینەوە، گەلەكەمان لێمان نابورێ و ویژدانمان ئارام ناگرێ.

دوای ئەم هەموو نەهامەتیەی كە ئەم سێ ساڵە بەسەرمان هات، ئیتر ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كە برینەكان سارێژ

بکەینەوە و ناکۆکیەکان وەلا بنێین و بە ڕوحێکی ترەوە بێینە مەیدان و هیوا و متمانەی گەل بۆ حیزبەکەمان بگێڕینەوە و خولیا و خەونەکانی خەڵک وەدی بێنین.کاتی ئەوە هاتووە کە هەمومان یەکدەنگ دروشمی برایەتی و بە یەکەوەبوون هەڵگرین و تا سەرکەوتن لەو مەیدانەدا نەبەزین و کۆڵ نەدەین. دەورانی پێشەوای مەزن، دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و زیندووکردنەوەی هیواکانی گەلی کورد و هەڵدانی ئالای کوردستان و پیشاندانی توانا و لێهاتوویی گەلەکەمان لە حکوومەت کردن و بەڕێوەبەریی دا و .... زەروورەتی ئەو سەردەمە بوو. دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوو، داڕشتنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، کۆکردنەوەی ئەندامانی حیزب لە پەرتەوازەیی، زیندووکردنەوە و ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی حیزب، گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ حیزب، ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب، ڕێبەری کردنی شۆڕشێکی خوێناوی و نابەرابەر، کاری دیپلۆماسی و ناساندنی گەلی کورد و شۆڕشەکەی و... زەروورەتی ئەو دەورانە بوو. سەردەمی ڕێبەرایەتی کاک دوکتۆر سەعید، سەردەمی دەرمان کردنی بە ئێشترین زامی دوای سێدارەکەی پێشەوا، تێرۆری دوکتۆر قاسملووی شەهید بوو. ئەو برینە هێندە بە ژان بوو کە دەریایەک فرمێسکی بۆ ڕژایە سەر زێدە پیرۆزەکەی. کاک سەعید بوو بە ڕێبەریکی کارامە و ئەو بیرەی لە مێشکی هەر تاکێکی کورددا سڕیەوە کە بە لە دەستدانی ڕێبەر و سەرکردە ئیتر شۆڕش کۆتایی دێت. نەیهێشت دژمنانی کورد بە ئاواتی چەپەڵیان بگەن و سەرینی خاترجەمیی لەنێوچوونی حیزب بخەنە ژێر سەریان. دوای ئەو کۆستە، ڕۆژی ڕەش هاتە پێش کە شۆڕشی گەلی کوردی لە هەموو پارچەکان شڵەژاند. دوکتۆر سەعید لەم کاتە ناسک و حەساسەدا ڕێگا و ڕێکاری دیکەی بۆ درێژەدانی شۆڕش گرتەبەر و توانی حیزبەکەمان بە سەربەرزیەوە لەو تەنگانەیەش ڕزگار بکات. ئەگەر مەرگ مەودای دابا، ئێستا شاهیدی زۆر ئاڵوگۆڕیتر دەبووین و دڵنیام حیزبەکەشمان تووشی ئەم ڕووداوە تاڵەی ئەمڕۆ نەدەبوو.

لەسەردەمی ئێستادا کە حکوومەتی ئاخوندەکان پشێوی تێکەوتوە و نارەزایەتیی خەڵکی ئێران گەیشتۆتە جێگایەک کە هەر ڕۆژە بە شێوەیەک خەڵک دەڕژێتە سەر شەقامەکان و کۆشکی دیکتاتۆریان خستۆتە لەرزە، سەردەمی خۆڕێکخستنەوە و ڕێکخستن و سازماندانی خەڵکە بۆ درێژەدانی نارەزایەتیەکان. سەردەمی قایمکردن و بەهێزکردنی جێگە و پێگەی کوردە لەنێو نەتەوە و ڕێکخراوکانی سەرانسەریدا. سەردەمی کۆدەنگی و پشتیوانی کردنە لە شۆڕشی نێوخۆی وڵات لە سەرانسەری دنیادا بۆ ئەوەی حیزبەکەمان بتوانێ شوێن لە سەر پێشهات و ئاڵوگۆڕەکان دابنێ و وەک هەمیشە هێزی سەرەکیی شۆڕشی کوردستان بمێنێتەوە. ئەوەش پێویستی بە یەکبوون و برایەتی و یەکێتی هەموو ڕۆڵەکانی دێموکرات هەیە و هەڵگرتنی هەنگاوێکی جیددی لەم وەزعەدا و کۆبوونەوەی هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لە ژێر یەک ئاڵا و یەک دروشمدا زەرورەتی ئێستای خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەمانە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆ و تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران. ڕێبەرایەتیی حیزب پێویستە بە چەند قۆناغێک وەک ڕاگرتنی تەبلیغ دژ بە یەک، ئاساییکردنەوەی وەزعی نێوخۆ، ڕێگەدان بە هاتوچۆی بنەماڵە و کادر و پێشمەرگەکان و هەموو ئەندامانی حیزب لە سەرانسەری دنیا بە تایبەت لە کوردستانی باشوور، دیالۆگ

بۆ لێک حاڵیبوون، دیالۆگ بۆ دۆستایەتی، بەشداری كردنی هەر دوو لا لە ڕێوڕەسم و جێژن و بۆنە نەتەوەیی و حیزبیەكاندا، هاوپەیمانیەتی و سەرەنجام دوای هەڵسانگاندنی پرسە گرینگەكانی تایبەت بە جووڵانەوەی كوردستان و تاوتوێكردنی هەموو ناكۆكی و كێشەكانی ڕابردوو و دیتنەوەی میكانیزمێكی نوێی كار كردن بۆ بە یەكەوە بوون و بە قەناعەتی تەواوەوە یەكگرتنەوەیەكی بەهێز ڕابگەینن.

مێژوو دەڵێ "پێشەوا قازی محەممەد گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوا بوو". دوكتۆر عبدالڕەحمان قاسملو ماموستای دێموكراسی، پێغەمبەری ئاشتی و پیاوی پێش سەردەمی خۆی بوو. دوكتۆر سادق شەرەفكەندی جێ نشینێكی شایستە بۆ ڕێبەرێكی شایستە بوو و ڕزگاریدەری حیزب بوو بۆ دەربازبوون لە كۆست و ڕۆژە سەختەكانی شۆرش. با چاوەڕوانی ڕۆڵ و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی ڕێبەرانی ئێستامان بین.

٨ی مارچی ٢٠١٠

# وتویژێک بۆ ڕۆژهەڵات تایمز

## پرسیارەكان

ڕۆژهەڵات تایمز: دەكری سەبارەت بە هۆی وەگەر خستنی كەمپێنەكەتان بۆمان بدوێن؟

پێتانوایە لەم كەش‌و هەوایەی كە هەر دوو لایەنی دێموكرات دا تێیدا دەژین، ئیمكانی پێكەوە دانیشتن‌و دیالۆگ هەیە؟

ئێوە لە بانگەوازەكەتاندا سەرەتا داوای كرانەوەی دەرگای دیالۆگ لەنێوان بەرێزان هیجری‌و عەرزیزی دا دەكەن، بەڵام كەمپینەكەی ئێوە خێراتر گەیشتۆتە یەكگرتنەوەی هەر دوو لایەن، پێتانوایە تا چەند لەم كارەدا سەركەوتوو دەبن؟

ئەوەندەی تا ئێستا ئاشكرایەو لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا حدک بە روونی رایگەیاندوە كە ئامادەیە لەگەڵ حدكا بكەوێتە دیاڵۆگ، ئێوە جیا لەو هەڵوێستانەی كە حدكا سەبارەت بە حدک رایگەیاندون، لە بۆچوونی نوێی رێبەرایەتیی حدكا سەبارەت بە كەمپینەكەتان چەند ئاگادارن؟

ئێوە لە بانگەوازەكەتاندا پلاتفۆرمێك، یان نەخشە رێگایەكتان پێشنیار نەكردوە، لە داهاتوودا نیازێكی واتان هەیە كە بە ئاگاداریی هەردوو لایەن – لانی كەم ئەندامانی هەر دوو رێكخستن-  پلاتفۆرمێک بڵاو بكەنەوە.

لە كۆتایی دا ئایا لایەنی حدكا – رێبەرایەتییەكەی- تا چەند لەگەڵ ئەو هەوڵەی ئێوەدان؟لەو بابەتە دا كە لە رۆژهەڵات تایمز بڵاو كرایەوە، باست لەوە كردبوو كە هەموو لایەنەكانی دێموكرات بەشداریی كۆریادی دوكتور شەرەفكەندی بوون. لە حاڵێک دا كە تەنیا دوو لایەن بە ناوی حیزبی دێموكراتەوە كار دەكەن و ئەوەش بە پێچەوانەی رەساڵەتی كەمپەینی یەكبوون لێک درایەوە كە ئامانجی یەكخستنەوەی ریزەكانی ئەو حیزبەیە لە دوو حیزبی دێموكراتی ئێستاوە بۆ یەک حیزبی دێموكراتەكەی پێشوو. لەم بارەوە دەڵێی چی؟

ڕۆژهەڵات تایمز: دەكری سەبارەت بە هۆی وەگەر خستنی كەمپێنەكەتان بۆمان بدوێن؟

**کەریم فەرخەپوور:** پێویستە ئێمە واقعییەتەکان ببینین و راستگۆیانە و بە دوور لە سیاسەت کردن لە گەڵ یەکتر، بە هەڵە و کەم و کووڕیەکانماندا بچینەوە. بابەتەکە پێوەندی بە کومیتەی کەمپینی یەکبوونەوە نەبوو و رای خۆم بوو. چەند بەش بوونی حیزبی دێموکرات واقعییەتێکی تاڵە کە رەنگە بۆ هەموو کەس قابیلی قبووڵ نەبێت. بەش بە مسقال و کیلۆ و تەرازوو نییە و بەو مانایە نیە کە هەموو لایەک بە قەد یەکن، بەڵام هەر لایەنە بەشێکە لە جەستەی حیزبەکەمان. تۆ چی بەو کەس و لایەنانە دەڵێی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی تەشکیلاتی دوو بەشی ئەسڵی حیزبی دێموکرات دا کار و چالاکیان هەیە؟ مەگەر کەسانی وەک بەرێزان دوکتۆر حوسێنی خەلیقی، سەدیق بابایی، جەعفەر حامیدی و زۆر کەسی تر لە کادرە پلەبەرزەکان و ئەندامانی پێشووی رێبەریی حیزب کە ئێستا ئەندامی تەشکیلاتی هیچ لایەک نین بەڵام حیزبی دێموکرات بە هی خۆیان دەزانن و خۆیان بە هی حیزب، چۆن تاریف دەکەی؟ کومیتەی پێکهێنەرەوەی حیزبی دێموکرات، کومیتەی کەمپینی یەکبوون کە کار بۆ سەر یەک خستنەوەی حیزبەکەیان دەکەن یان زۆر کەسی تر کە بە دوای رووداوی دڵتەزێنی لێکترازانی ریزەکانی حیزب دا لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و لە سەرووی هەموانەوە بەشی هەر گەورەی حیزبی دێموکرات کە لە ناوخۆی وڵاتە و بەشی زۆریان داوای یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات دەکەن، بەش نین؟ باسی ئەوانەش ناکەم کە بە دوای ئەو رووداوەدا پاڵیان وە لایەنەکانی دیکە دا یان ئەو لایەنانە کە لە ئەندامانی تووڕە و بێزاری حیزبی دێموکرات پێکهاتوون.

**ڕۆژهەڵات تایمز:** بە پێچەوانەی بابەتەکەی تۆ کە باسی پێشوازیی گەرم و گوڕی ئەندامانی حدکا بوو لە ئێوە و لە ئەندامانی حدک بۆ بەشداریی لە سمینارەکە، لە راپۆرتێکی دیکەدا لەو بارەوە کە کۆمیتەی فینلەندی حدکا بڵاوی کردەوە، باسێک لە بەشداری ئێوە وەک کەمپەینی یەکبوون، ئەندامانی حدک و بە گشتی لایەنەکانی دیکە کە تۆ ئیشارەت پێ کردن، نەکرابوو. بە بڕوای تۆ ئەوە دوو فاقی نییە لە سیاسەت و کردەوە دا؟

**کەریم فەرخەپوور:** ئەوەی من نووسیومە بۆچوون و دیتنی خۆم بوو لە سەر بەڕێوەچوونی سمینارەکە و پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات کە کێ یا چ لایەنێک بەشداری کردووە، بەڵکوو بەشداری کردنی هەموان و پێشوازی کردنی کومیتە و ئەندامانی حدکا لە میوانەکان، نیشانەی دلسۆزی و خەمخۆری هەموان بوو بۆ یەکرێزی حیزبەکەمان. فەرقی نووسینی راپۆرتی کومیتەی حدکا لە فینلاند و بابەتەکەی من لەوەدایە کە من وەک کەسێکی سەربەخۆ نووسیومە و ئەوان لە چوارچێوەی بریار و سیاسەتی حدکادا نووسیویانە کە بەداخەوە تا ئێستاش سیاسەتی رەسمی حدکا ئیعترافی بە لایەنەکانی تر نەکردووە. بەڵام ئەو جۆرە سمینار و کۆبوونەوانە کە بە شێوەی غەیرە رەسمی دەکرێ وەک کۆبوونەوە سمیناری هاوبەش چاویان لێ بکەین، ئەوە دەسەلمێنێ کە زۆرینەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات خوازیاری یەکگرتنەوەی حیزبەکەمانن.

**ڕۆژهەڵات تایمز**: ئەگەر خوێنەر لێت بپرسێ کە تۆ لە رووی چ ئامارێکەوە دەڵێی زۆرینەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات خوازیاری یەکگرتنەوەن، وڵامت چی دەبێ؟

**کەریم فەرخەپوور**: هەموومان کەم و زۆر لە گەڵ خزم و دۆست و کەس و کارمان لە نێوخۆی وڵات پێوەندیمان هەیە و دەزانین کە خەڵک چەندە تامەزرۆی یەکگرتنەوەی ئەو حیزبەن، لە تەلەفۆنەکانیان لە گەڵ تەلەڤزیۆنە کوردیەکان گوێبیسی هاوار و داوا و پارانەوەی خەڵکی کوردستان دەبین، وێڕای ئەوەش هەر بە پێی بڕیاری کۆنگرەی ١٤ی حدک، سەرجەم حیزبەکە، واتە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی حدک لە گەڵ یەکگرتنەوە دان، کومیتەی کەمپینی یەکبوون کە لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستبەکاربوونیەوە نزیک بە ٨٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزب پشتیوانیان لە داواکاریەکەی بۆ یەکگرتنەوەی حیزب کرد، هەروەها ئەو کەسایەتیانەی کە لە سەرەوە ناوم هێنان لە گەڵ چەندین کەسایەتی تری حیزبی و بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حدکا کە ئێستا بە ئاشکرا و راشکاوانە داوای یەکبوونەوە دەکەن، ئەوانە هەموویان بە یەکەوە زۆرینەی حیزبی دێموکرات پێک دێنن و خوازیاری یەکگرتنەوەن.

**ڕۆژهەڵات تایمز**: پێتوایە لە ناو حدکاشدا خوازیارانی یەکگرتنەوە زۆرینەن؟

**کەریم فەرخەپوور**: من ناتوانم بڵێم زۆرینەن بەڵام بەو ناسینەی کە لە ئەندامانی حیزبی لە هەردوولا بە گشتی هەمانە، یەکبوونیان پێ باشترە لە پرش و بڵاوی و دووبەرەکی، بە تایبەتی هەموو ئەو کەسانەی کە تەجرەبەیان لە شەری براکووژی و ناکۆکیەکانی پێشوودا هەیە و نیگەرانن لە ئەمڕۆ و دوا رۆژی چارەنووسی نەتەوەکەیان و حیزبی دێموکرات. بە ڕای من ئەگەر لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا راپرسیەک بکرێ کە یەکبوونەوەی حیزبت پێ باشە یان نا، بێجگە لە کەمینەیەک هەموویان خوازیاری برایەتی و یەکریزین. من پێم وایە لە سەر شێوەی یەکگرتنەوە جیاوازی بیر و را هەیە نە ک لە سەر ئەسڵی یەکگرتنەوە ، پرسیار ئەوەیە کە چۆن یەک بگرینەوە، هەر بۆیە لە ناو حدکا ش دا دژبەرانی یەکگرتنەوە هەر کەمینەن.

**ڕۆژهەڵات تایمز**: بە بڕوای تۆ بۆچی ئەو کەمایەتیە هێشتا دژی یەکگرتنەوە و تەنانەت هەر جۆرە پێوەندیەک لە نێوان دوو لایەنن؟

**کەریم فەرخەپوور**: لە ماوەی ئەم چەند رۆژەی دوایی دا سکرتێرەکانی هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات ناراستەوخۆ ئاماژەیان بەو هۆکارە کرد. کاک خالید عەزیزی لە وتووێژ لە گەڵ کوردکاناڵ دا ئاماژەی بەوە کرد کە کێشەکان پێوەندی

بە عوقدە و لە یەک بێزاریی تاکەکانەوە هەیە. کاک مستەفا هیجری لە دوا وتووتوێژی دا لە گەڵ هەفتەنامەی مێدیا بە گرفتی کۆمەڵایەتی و تووڕەبوون وەسفی کرد. واتە لای ئەو کەمایەتیەی کە دژی یەکگرتنەوەن هێشتا عۆقدە و تووڕەیی کۆتایی پێ نەهاتووە و نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە بەسەر ئەم تورەیی و عۆقدەیە دا زاڵ بن. زۆربەی ئەو کەسانەی کە دژی یەکبوونن، ناتوانن قەناعەت بە خۆیان بێنن کە دەتوانن لە قۆناخی ناکۆکی تێپەڕ ببن و لە گەڵ لایەنەکەی تر و لە یەک سەنگەر دا بە یەکەوە درێژە بە کاری سیاسی و حیزبی بدەن. دووهەم مەسڵەحەت و مقامە شەخسیەکانە کە بە یەکبوونەوەی حیزب ترسی لە دەستدانیان هەیە، لە گەڵ ڕێزم بۆ زەحمەتی هەر کەسێک، بەڵام بە داخەوە لە هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات دا کۆمەڵە کەسێک هەن کە شایانی ئەو پۆستەی ئێستایان نین و لە ڕێگەی جەناح و جەناحبازیەوە گەیشتوونە ئەو جێگایە، هەر بۆیە ئەگەر هەروا مەسڵەحەتی خۆیان بۆ گرینگ بێ و مەسڵەحەتی خەڵکی کورد و حیزبەکەیان لە بەر چاو نەگرن، ئەوە هەر بەو شێوە بە قازانجیانە و نایانهەوێ حیزب بکەوێتەوە سەر یەک.

**ڕۆژهەڵات تایمز:** خالیدی عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ڕۆژانی رابردوو و لە زنجیرە دیمانەیەک دا داکۆکی لە پێویستی کۆتایی هێنان بە کێشەکانی نێوان حدک و حدکا و تەنانەت یەکگرتنەوەش کرد. ئایا ئەم وتانە بۆ ئێوە شتێکی تازەیان لە سیاسەتی ئەو حیزبە سەبارەت بە ئامانجی ئێوە وەک کۆمیتەی یەکبوون تێدا دەبیندرا؟

**کەریم فەرخەپوور:** ئەوەی کە کاک خالید باسی کردووە، مەسەلەیەکی تازە نییە لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بەڵام ئەوەی کە کاک خالید ئاوا ڕاشکاوانە و نەترسانە دێتە مەیدان و بە سەراحەت هۆیەکانی لەت بوون یا جیابوونەوە باس دەکات و هەر لەوکاتەشدا زەرورەتی یەکبوونەوەی حیزب دەستنیشان دەکا بە لای ئێمە و هەموو دڵسۆزان و یەکبوونخوازانەوە گرینگە. هیواداریین هەموو تاکەکانی ناو هەردوو لای حیزب ئاوا ڕاشکاوانە بۆ خەڵکی کوردستان بدوێن و نەزەراتی خۆیان لەو بارەوە دەرببڕن. بە ڕای من پێویستە ترس و شەرم وەلا نێین و بکەوینە گفتوگۆ و رای خەڵکی کوردستان لەو بارەوە بە هێند وەربگرین.

**ڕۆژهەڵات تایمز:** مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەم پێشتر لە کاتی سەردانەکەی بۆ دەرەوەی وڵات و هەم لە دوایین دیمانەی دا لە گەڵ هەفتەنامەی مێدیا باسی لە پێویستی لێک نیزیکبوونەوەی نێوان دوو لایەنی لێکدابڕاوی حیزبی دێموکرات کرد. ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە لە قسەکانی مستەفا هیجری دا گۆڕانێک لە سیاسەتی حیزبەکە سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوە هەبوو؟

**کەریم فەرخەپوور:** لە سیاسەتی رەسمی و نووسراویاندا تا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ پێک نەهاتوە، بەڵام مەسەلەی یەکگرتنەوە باسێکی گەرمە لە نێو ئەندامانی هەردوو لایەن دا بە گشتی و بە تایبەت لە نێو بەدەنە و بە تایبەتیتر لە دەرەوەی وڵات. قسە و وتووێژەکانی کاک مستەفا و هێنانە بەرباسی ئەو مەسەلەیە لە نێو رێبەرایەتی حدکا، نیشانەی ئەوەیە کە دەیهەوێ ئەو حیزبە یەک بگرێتەوە، بەڵام بڕیارات و سیاسەتی رابردووی حدکا لە سەر ئەو مەسەلەیە، بەربەستە لەوەی کە لە مێدیادا، راشکاوانەتر باسی یەکگرتنەوە بکات. هەر وەک لە سەرەتای دامەزرانی کەمپینەوە لە وتووێژێکدا لە گەڵ ماڵپەڕی رۆژرێژ کردبووم، ئەو کات نەزەرم وابوو کە چارەسەری ئەو کێشەیە دەگاتە کۆنگرەی 15 ی حدکا و ئێستاش  هەر لە سەر ئەو باوەڕەم.

**ڕۆژهەڵات تایمز:** بە پێی زانیاریەکانی ئێمە و بەو جۆرەی لە وتەکانیشیان دا بەرگوێ دەکەوێ، سکرتێرەکانی دوو لایەن بە رێژەی جیاواز شێلگیرترین ئەندامانی رێبەریی حیزبەکەی خۆیانن بۆ سەرخستنی پرسی یەکگرتنەوە. بە بڕوای تۆ بەربەستەکانی بەر دەم هەر کامیان چین؟

**کەریم فەرخەپوور:** هەر چەند لە وڵامی پرسیارێکی تر دا ئیشارەم پێ کرد، بەربەستی سەرەکی لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا داوای گۆڕینی ناوە لە حدک لە لایەن حدکاوە. بەڵام لێرەدا ئیرادە پێویستە، ئەگەر خوازیارانی یەکگرتنەوە ئیرادە بکەن، ئەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئەو بەربەستە لابەرن. مادام دەڵێن حیزب لە پێناو گەل دا خەبات دەکات، کەوایە دەبێ نەک بڕیارێک بەڵکوو حیزبەکەش فیدای گەل بکەن. رێبەرانی ئێمە چۆن بە ئاسانی توانیان حیزب تووشی ئەو رۆژە بکەن، ئەگەر پێیان خۆش بێت هەر ئاواش ئاسان سیغەیەکی بۆ دەدۆزنەوە. لە لایەکی تر موخالیفانی یەکبوونەوە تا ئێستا زۆر بە توندی دژی پرۆسەکە بوون، بەڵام بە تێپەڕینی زەمان و کەمبوونەوەی گرژی و  ئالۆزیەکان و هەروەها داوکاری و فشاری خەڵک و ئەندامانی حیزب، ناڕەزایەتیەکان لەم پرش و بڵاویە و داواکاری زۆر لایەنی تر بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخی ناتەبایی، وای کردووە کە ئیتر موخالفان دەزانن لەوە زیاتر ناتوانن برِ بکەن و رۆژ لە دوای رۆژ رادەیان لە کەمی دەدا. پێویستە بەدەنەی هەر دوو لایەن ببنە پشتیوانێکی بە هێز بۆ هەردوو سکرتێر کە دەیانهەوێ ئەو حیزبە لەو قۆناخە حەساس و نادڵخوازە دەرباز بکەن.

**ڕۆژهەڵات تایمز:** وەک کەمپەینی یەکبوون ئێستا دۆخەکە تا چەند بۆ یەکگرتنەوە لەبار دەبینن؟

**کەریم فەرخەپوور:** بە رای من ئێستا کاتێکی باشە بۆ دیالۆگ و قسە کردن لە سەر مەسەلەی چۆنیەتی یەکگرتنەوە نەک یەک گرتنەوە. پێش هەموو شتێک پێویستە پێوەندیەکان ئاسایی ببنەوە، گرژی و ئالۆزیەکان برەوێنەوە، پێوەندیە

کۆمەڵایەتیەکان بگەڕێنەوە سەر دۆخی بەر لە ناکۆکی و پێک هەڵپرژانەکان. وەزعییەتی ناوچەکە بە شێوەیەکە کە ئەگەر حیزبی ئێمە لە ئێستاوە زمینەی بە یەکەوە بوون و یەکگرتنەوە ئامادە نەکات، هەم درەنگ دەبێت و هەم زەرەد دەکات. چوونکە ئێستا هەردوو لایەنی ئەسڵیی کێشەکە لە تاراوگەدا دەژین و کات و دەرفەتی گونجاویان هەیە بۆ قسەکردن و گفتوگۆ و نابێ ئەو شەڕە ببەنەوە نێو خەڵکی کوردستان، چونکە چارەسەر کردنی کێشەکان لە نێوان چەند سەد کەس یا چەند هەزار کەس ئاسانترە لەوەی کە سبەی دوای شەڕی براکوژی و قووڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکیەکان لە نێوان کۆمەڵانی میلیۆنی خەڵکی کورد و ئەندامانی حیزبی دا چارەسەری بکەن.ئەوکات لە نێوخۆی کوردستان موشکلەی زۆر لەوە گەورەتریان لە بەر دەم دایە و چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە زۆر زەحمەت دەبێ. ئەو وەزعەی کە بە سەر حیزبی ئێمە هات، نەحەوانەوەی ڕێبەرایەتی حیزب بوو، نە ک بەدەنە، هەر بۆیە ئەگەر ڕێبەرەکان بکەونە گفتوگۆ، ئەوا بەدەنەی حیزب ئامادەگی هەیە و پێشوازی لێدەکات، بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە لە بیرمان نەچێ کە نابێ تەجرەبەی رابردوو دووپات بکەینەوە، دەبێ هەمووەمان بە کەمینە و زۆرینەوە یا موخالیف و موافقەوە قەناعەت بێنین کە یەکگرتنەوە زەروورە و بە یەکەوە بە هێزین و بەیەکەوە دەتوانین کار بکەین و زیاتر و چاکتر کار بکەین.

**ڕۆژهەڵات تایمز: بەڵام سەرەڕای ئەوانە وەک ئیشارەت پێکرد، هێشتا پێشمەرجی حدکا بۆ ناوگۆڕین و داکۆکی حدک لە ناوەکەی وەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانێک لەو سیاسەتەدا پێک نەهاتووە. بە گشتی ئەو پێشمەرجە چۆن چاو لێ دەکەی؟**

**کەریم فەرخەپوور:** پێش ئەوەی کە حیزب تووشی ئەو ڕووداوە تاڵە بێت، زۆر کەس لە ئێمە لە سەر ئەو رایە بووین کە با نەهێلێن حیزب جارێکی تر بەرەو ئەو ئاقارە بڕوات، بەڵام بە داخەوە کەمتەرخەمی بەدەنەی حیزب بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێبەرایەتی، لەتبوون یا جیابوونەوەیەکی ترمان بە سەردا بسەپێنێ. هەر دوای ئەو وەزعە قەت پێم خۆش نەبووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوێکی تر بۆ خۆی هەڵبژێرێ، بەلکوو پێم خۆش بوو ناوەکان هێندە لە یەک نزیک بن کە خەڵک نەتوانێ لێکیان بکاتەوە. شەرتی ناوگۆڕین تەنیا ڕێگەکەی دوورتر کردۆتەوە دەنا هیچ قازانجێکی بە چارەسەری کێشەکە نەگەیاندووە، چونکە تا نێوەکە لە یەک دوورتر بێت، نزیکبوونەوە سەختترە و ئەگەر لایەنی حدک بە ناوێکی تر کاری کردبا ئەوە دەبوو فاتحەی یەکبوونەوە بخوێنین. لە بەر ئەوەی کە ئەو کات بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوە زۆر لەوە زیاتر دەبوون، جیاوازی بەرنامە و پێڕەو، دروشم و ستراتیژی و سیاسەت و دەیان ناکۆکی تر کە تێکهەڵکێشانیان زۆر سەخت دەبوو. دوای ئەوەش ئەگەر لایەنی حدک ناوێکی تری هەڵبژاردبا، ئەو کات بە جێگەی حیزبێکی خاوەن هێز دەبووینە دوو حیزبی زەعیف و بەشی زۆری خەڵکی خۆمان لە دەست دەدا. بە ناو گۆڕین مەسەلەکە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەوە بە گۆڕینی عەقڵییەتە، ئەگەر ناو بگۆڕێت بەڵام بە هەمان ڕێچکەی دووبەرەکی و نەسازان دا بڕۆین، هەر لە شوێنی خۆمانین و ڕۆژ بەڕۆژ حیزبەکەمان زەعیف دەکەین و هەموو ڕۆژێ شاهیدی ئەو ڕووداوە تاڵانە دەبین

کە تا ئێستا دیتوومانە.

بەڕای من یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات نابێ هەر لەو دوو لایەنەدا خولاسە بکەینەوە، بەڵکوو پێویستە هەموو دێموکراتەکان، چ ئەوانەی لە حەیات دا نەماون یا ماون و بە شێوەی جۆراوجۆر بە هۆی ناکۆکیەکانەوە دەرکراون یا رەنجاون و حیزبیان بە جێ هێشتوە یا ناچار کراون حیزب بە جێ بێڵن، مادام بە ئامانجی خیانەت بە نەتەوەکەیان نەبوونە داردەستی دژمن، دەستیان بۆ چەک نەبردبێ دژی نەتەوەکەیان و خیانەتێکیان دژ بە گەلەکەیان لە سەر ئیسپات نەبووبێ و بە هۆی موشکلاتی ناوخۆیی یان جیاوازیی بۆچوون بە هەر شێوەیەک لە حیزب دا نەمابن، پێویستە لە حیزب دا جێگای شیاوی خۆیان وەرگرنەوە یا وەک مامۆستا هێمن ئیعادەی حەیسیەتیان بۆ بکرێ. کۆکردنەوەی هەمووی ئەوانە و دروست کردنەوەی حیزبی دێموکرات و دارشتنی بنەما و میکانیزمێک کە هەموان بتوانن خۆیان لە ناو حیزبەکەیان دا ببیننەوە، ئەو حیزبە دەکاتە خاوەن هێزێکی گرینگی جەماوەری لە کوردستاندا. پێویستە رۆژێک هەموومان بە یەکەوە لە یەکتر ببوورین و وەفادارانە درێژە بە رێبازی حیزبەکەمان بدەین.

**رۆژهەڵات تایمز:** وەک دوا پرسیار، کەمپەینی یەکبوون تا ئێستا چ دەسکەوتێکی بووە و تا چەند لە ئامانجەکانی نیزیک بۆتەوە؟

**کەریم فەرخەپوور:** گەورەترین دەسکەوتی ئێمە ئەوەیە کە نەمان هێشتوە بیری یەکبوونەوە لاواز بێت، خەڵکمان هیوادار کردوە کە رۆژێک ئەو حیزبە دەبیتەوە یەک، هەر لەو کاتەدا پەیامێکمان داوە بەو کەسانەی کە موخالفی یەکبوونەوەن و ئەوانیش مەجبوور بوون کە بەرەو بیری یەکگرتنەوە بچن نەک دژی بوەستن. با ئەوەش بڵێم کە رۆژ لە دوای رۆژ بە لایەنگرانی یەکگرتنەوە کە ئامانجی سەرەکیی ئێمەیە زیاتر دەبێ و لە خوازیارانی پاراستنی دووبەرەکی کەم دەبێتەوە. هەروەها بە یەک گەیاندنی سەرکردەکان بۆ گفتوگۆ و دانوستان و دروست کردنی پردێکی پێوەندی و کۆمەڵێک شتی تر دەسکەوتی ئێمە بوون لە کەمپین دا.بەڕای من ئێستا ئیتر ئەو پرۆسەیە هەورازێکی سەختی بڕیوە و گەیشتۆتە تەختایی. رۆژ بە رۆژ ئەو رەوتە یا ئەو بیرۆکەیە، واتە بیری یەکبوونەوەی حیزب بە هێز دەبێ. ئەندامانی حیزب نابێ چاوەڕێ بن کە کەمپینی یەکبوون ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنە، ئەوە بە تەنیا ئەرکی ئێمە نییە و پێویستە هەموو ئەندامانی حیزب بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی، هەوڵی لە یەک نزیک کردنەوە و یەکبوونەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات بدەن.

## یادێک لە شەهید حەمەدەمینی سلێمانپوور ناسراو بە حەمەدەمینی مەلاعەزیزی

لە وێستگەی ئەوینی نیشتماندا، دەمهەوێ سەرێک بە پێدەشتی گوڵزاری شەهیداندا بخشێنم، لە چیای بەرزی بوڵفەتەوە، لە سەر لووتکەی دووپەزە و جەماڵەدینەوە، لە کاتی سێبەرشۆڕی ئێوارەدا سەیری دیمەنی دڵڕفینی دووکانان و زەردەهەڵاڵە و قەڵات بکەم و بە ئاوی سازگاری سەرچاوەکانی گوندی بیوران پشوویەکم بێتەوەبەر و لە قەراخ دار سێوەکانی بەرقەبران سەرێک لە دیوەخان و مەنزڵگەی سوارچاکێکی نیشتمانپەروەری کورد بدەم و ئاورێک لە ڕابردووی پێشمەرگەیەکی ئازا و فەرماندەیەکی بوێری قەڵای دێموکرات بدەمەوە. بێوران مەکۆ و نوێنگەی بیری کوردایەتی، گوندێکی سەرسەوز و دڵڕفین لە بناری چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا پیاوێکی فیداکاری لە داوێنی خۆیدا پێگەیاند هەتا خزمەتی دایکی نیشتمان بکا. بێوران بە خوێنی چەند قارەمانێک پێدەشتێک گوڵی سووری لەخۆی گرتووە. لە نێو ئەم گوڵزارەی نیشتماندا ناو و سەربردەی شەهیدیکی مەتەرێزی شەڕەف و کوردایەتی، پێشمەرگەی پێشەنگ و شەڕ و بەرەنگاری، شەهید حەمەدەمینی مەلا عەزیز دەکەینە دیاری بۆ پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان، بۆ نەوەی داهاتوو، بۆ کچان و کوڕانی سەنگەر و سەروەری.

هەر کاتێ چاو بە مێژووی پڕ لە کارەساتی کورددا دەخشێنی، کۆمەڵێک قارەمانی هەڵکەوتە و تێکۆشەری ئازا و بوێرت بەرچاو دەکەوێ کە ژیان و گیانیان لە پێناو وەدەستهێنانی مافی ڕەوای کورددا بەخشیوە. یەکێک لەو ڕۆڵە ئەمەگناسانەی گەلەکەمان، شەهیدی نەمر، سوارچاکی ناوداری دێموکرات شەهید حەمەدەمینی سلێمانپوور ناسراو بە حەمەدەمینی مەلاعەزیزی بێورانە کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە گەلەکەی تەرخان کرد.

ئەو ڕۆلە بە ئەمەگەی کوردستان، هەر لە سەردەم و تەمەنی لاوی، بیری کوردایەتی و بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەم بە ژێردەستان و چەوساوەکانی کوردستانی ناساند. ئەو نەیویست بە ئیجباری بچێتە نیو ڕیزی سپای پەهلەوی و لە تەمەنی هەژدە ساڵی بارگەی هەرمان و هەستانەوەی بەرەو سنوورە دەسکردەکان پێچایەوە و لە پشدەر بوو بە میوانی خوشکو برا ژێردەستەکانی دیکتاتۆرێکی تر.هەر بۆیە نەیتوانی ئەو دۆخە تەحەممول بکا و هەر لەوێ چەکی شەرەف و شانازی پێشمەرگایەتی کردە شان و بوو بە پێشمەرگەی یەکیتی نیشتمانیی کوردستان . زۆر زوو بوێری و ئازایەتی ئەو لاوە ڕۆژهەڵاتییە دەرکەوت و لە زۆر شەڕی خوێناویدا بەشداری کرد و لەوێ بوو بە فەرماندەیەکی چوست و چالاک و بوو بە خۆشەویستی هەڤاڵانی گەرمین و دۆستی سەرکردەکانی خەباتی ئەو سەردەمی باشووری کوردستان و یەک لەوان نەمر مام جەلال سکرتێری ئەوکاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.

لە دەسپێکی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا لە دژی حکوومەتی پاشایاتی پەهلەوی گەڕایەوە ڕۆژهەلاتی نیشتمان و بەوپەڕی فیداکارییەوە بەشداری ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بوو. هەر ئەو کات بارەگایەکی تایبەت بەخۆی و ئەو هێزەی یەکیەتی نیشتمانی کردەوە کە خۆی سەرپەرەستی دەکردن. ئەو نەمرە لەنێو دڵی خەڵکی ناوچەدا خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبوو، پۆل پۆل لاوانی ڕۆژهەلات چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتیان کردە شان و بە فەرماندەهی کاک حەمەدەمین بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژمن خۆیان ئامادە کرد. کاک حەمەدەمین بوو پێسمەرگەیەکی تێکۆشەر و فەرماندەیەکی بەوەجی دێموکرات و لە هیزی شەهید موعینی دا سازمان درا. خەڵک و سەنگەر و پێدەشتەکانی نیشتمان لە پردی قوتووڕەوە تا سەردەشت شاهیدی بۆ فیداکاری ئەو ڕۆڵەی نیشتمانەکەمان دەدەن. قارەمانانە لە زۆر شەڕی حەمماسیدا بەشداریکرد و جێ پەنجەی بە زۆر داستانی پڕ لە فیداکاری ڕۆلەکانی دیموکراتەوە دیارە. ئەو وەک قارەمانێکی بوێر و فەرماندەی دەستەی زەربەت ئەرکی پاراستنی نیشتمانی گرتە ئەستۆ و لە ماوەی تەمەنی پڕ لە شانازی خۆیدا لە هیچ فیداکارییەک دریغی نەکرد و تاسەر وەفادار بە ڕێبازی سووری شەهیدان مایەوە.

ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی، دژمن هێرشیکی دڕندانەی کردە سەر بێوران و دەوروبەری و شەڕێکی نابەڕانبەر دەستی پێکرد. ڕۆلەکانی دێموکرات وەک هەمیشە بەرەنگاری دژمن بوونەوە و جەندەکی گەلێک داگیرکەری کوردستان کەوتە سەر زەوی وزیانیکی گەورە بەر دژمن کەوت. لە ١٨. ٠٦. ١٩٨٣ی زایینی لەو هیرشەی دژمندا بەداخەوە ڕۆڵەی خۆنەویستی گەلەکەمان وەفادار بە پەیمان و بەڵێنەکەی مایەوە و لە پێدەشتی سەرسەوزی بێوران و داوێنی چیا سەرکەشەکانی ئەو مەلبەندە شەهید و گیانی خۆی فیدای پاراستنی شەڕف و خاک و نامووسی گەلەکەی کرد.

شەهید حەمەدەمین چۆ نێو ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە بەڵام لاوان دەستە دەستە و ڕیز ڕیز هاتنە مەیدانی نەبەزین و نەسرەوتن و درێژەیان بە ڕێگەکەی دا و ئەو ڕیگەیەش تا ئێستا و تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەل و شەهیدان کە ڕزگاری و ئازادی نیشتمانە هەر بەردەوام و دریژەی دەبی..

بنەماڵەی ئەو شەهیدە نەمرە، بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ئەو ناوچەیان کە جێگە و خۆشەویستییان لەنیو خەڵکی ناوچەدا دیارە و لەو ڕێگەیەدا جەک لەشان لەنێو ڕیزی تێکۆسەرانی دێموکراتدا هەر بەردەوام بوون لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەمان.

روحی شەهید حەمەدەمین و هەموو شەهیدانی ڕێگەی  ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەمان شاد و ڕیگەی خەباتیان بەردەوام بێ..

-----

# ئێمە گیانێکین لە دوو جەستە دا

بە چاوخشاندنێکی کورت بە سەر ڕابردووی حیزبی دێموکراتدا، بۆمان دەردەکەوێ کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا، بەهۆکاری جیاواز، چەندین جار جیابونەوە و دابران و لێکترازان، بەرۆکی ئەم حیزبەی گرتووە. بەوەش هەموو جارێ زەبرێکی قورس بەر پەیکەر و ئیعتیباری حیزب و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان کەوتووە. حیزبی ئێمە لە گەڵ ئەوەی کە چەند جار تووشی ئەو کارەساتە بۆتەوە، بەڵام ئەندامانی حیزب بە شێوەیەک بیر و باوەڕی ئەو حیزبە لە مێشک و دڵ و دەروونیاندا چەسپیوە کە دەست هەڵگرتن لە ناوی پیرۆزی دێموکرات هێندە ئاسان نییە و هەموویان خۆیان بە میراتگری ئەو حیزبە دەزانن و دەست هەڵگرتن لە ناو و ئیفتخار و شانازیەکانیان و ڕابردووی پڕ سەروەریان کارێکی سەخت و ئەستەمە. هەر بۆیە بە دوای هەر لێکجیابوونەوەیەکدا، لایەنەکان بە جیاوازییەکی کەمەوە هەر لە ژێر ئەو ناوەدا و بە هەمان ئامانج واتە ئازادی و دێموکراسی، درێژەیان بە خەبات داوە و هیچکات نەیانتوانیوە دەسبەرداری ئەو ناو و بیروباوەڕە بن کە ساڵەها لە پێناویدا فیداکارییان کردوە. بە قەولی سەرکردەی یەکێک لە پارتە سیاسیەکان "حیزبی دێموکرات دەڵێی گەزۆیە، بە هیچ دەستی لێ هەڵناگرن ."

دەستهەڵگرتن لە بیروباوەر و ئامانجەکان، بۆ هەر ئینسانێکی خەباتکار کارێکی سەخت و ئەستەمە. هەر ئەم ناوە پیرۆزە بۆتە هۆی ئەوەی کە هیواکان نەمرن و دڵەکان بۆ یەک لێبدەن و هەوڵەکان بۆ بە یەکەوە بوون بەردەوام بن، تا لە ئاکامدا بە بیرکردنەوە لە داهاتوو و ویست و ئارەزووی گەلە ستەمدیدەکەمان و هەوڵ و هیممەتی چەند کەس و لایەنێک، سروودی یەکبوون و یەکگرتنەوە بگوترێتەوە و دیسانەکە لە ناو بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا، کۆنە هاوڕێکان لە نێو سەنگەری ئازادی و لە مەیدانی بەربەرەکانی لە بەرانبەر دوژمندا یەکتر لە باوەش دەگرنەوە و دەیکەنەوە بە مەکۆی خۆشەویستی و لێبوردن و لە ماڵی هیوا و ئاواتە پیرۆزەکاندا زەماوەندی سەرکەوتن دەگێرن و قەڵەم و چەک و فکرەکان لە مەتەرێزێکەوە بەرەو ڕووی دژمن دەکرێنەوە و خەڵکەکەمان هەناسەیەکی ڕاحەت هەڵدەکێشێ و دایکی نیشتمان ئارام دەگرێ. دڵنیام کە ئەم جارەش وەک هەموو جارەکانی تر بنەماڵەی گەورەی دێموکرات دەکەوێتەوە سەر یەک و جارێکی دیکە دڵی دڵسۆزانی گەلەکەمان شاد و دژمنانانمان دەتاسێنێ.

سەرکردەکانمان کە ڕێبواری ڕێگای شەهیدانن و وتە بە نرخەکانی ڕێبەرە شەهیدەکانمانیان کردۆتە سەر مەشقی ژیان و خەبات، پێویستە وانەکانی سیاسەت و بەرژەوەندیی گەلی کورد و ئاشتیخوازی لەوانەوە فێر بن. ئەگەر کورد لە درێژایی

مێژودا خوازیاری بە یەکەوە ژیانی ئاشتیانە بووە لە گەڵ نەتەوە دراوسێکان، ئەوا ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نموونەی ئەو برایەتی‌یەن. پێشەوای نەمر بۆ خاتری پاراستنی گیانی خەڵک، ئامادە بوو بە پێشوازی دژمنەکەیەوە بچێ. سەرکردەی بە وەج و لێهاتووی حیزبەکەمان شەهید دوکتور قاسملوی ڕێبەر، بۆ خاتری وەدیهێنانی ئازادی بۆ گەلەکەی، دەستی دۆستایەتی بۆ دوژمنێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی درێژ کرد و ویستی لە ڕێگای ئاشتیەوە ئامانجەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکات. شەهید دوکتۆر سەعیدی زانا و مودیر و خۆنەویست، دەستی برایەتی بۆ ڕێبەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران درێژ کرد و ویستی پێیان بڵێ کە ئامانجی نەتەوە بن دەستەکانی ئێران بە خەباتی یەکگرتوانە و یەکڕیزی دێتە دی. ئەوان لە ڕێگای ئاشتی و ئاشتەواییدا ئامادە بوون لە گەڵ دژمنەکانیشیان بکەونە دیالۆگ، بۆ ئەوەی هیوای گەلەکەیان بێتە دی. تۆ بڵێی سەرکردەکانی ئێستامان کە ڕێبواری ڕێگای ئەو شەهیدانەن، ئەم وانە و دەرسانەیان لە بیر کردبێ؟ ئاواتەخوازم کە ڕێبەرەکانمان بە دڵفراوانیەوە بتوانن لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا ڕێبواری بە هەقی ئەو شەهیدانە بن و وەک چۆن ئەوان گیانی خۆیان لە ڕێگای ئاشتیدا بەخت کرد، ئەوا با ئەوانیش بەرژەوەندی و مقام و مەسلەحەتە شەخسی و حیزبیەکانیان نەک لە حاند دوژمن، بەڵکوو لە گەڵ هاوڕێیانی دەیان ساڵەی خۆیان، فیدای بەرژەوەندیی گەلەکەیان بکەن و بە درێژ کردنی دەستی برایەتی بۆ لای یەکتر، موژدەی خۆشەویستی و تەبایی بە گەلەکەمان بدەن.

لە گەڵ ئەوەی کە بە داخەوە هەموو کات ناکۆکی و بە یەکەوە نەسازانی ڕێبەرایەتیی حیزب بۆتە هۆی ئەم جیابوونەوانە، بەڵام نابێ هەر ئەوان خەتابار بکەین و خۆمان واتە بەدەنەی حیزب بێ تاوان بزانین. چونکە تاوانی بەدەنەی حیزب هیچ کەمتر نییە لە تاوانی ڕێبەرایەتی و سەرکردەکانمان. ئەگەر بەدەنەی ئەو حیزبە لە کاتی ناکۆکیەکانی ڕێبەرایەتیدا نەبێتە پشتیوان و پاڵپشتی یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکان، ئەوا ئەوان بێ پشتیوانی و دەنگی بەدەنە نە دەتوانن و ڕەنگە هەر نەشیانهەوێ ئەو حیزبە تێکدەن و بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانمان و گەلەکەمان تووشی دلساردی و هەناسە ساردی بکەن. ئەگەر ئەندامانی حیزب بە وردبینی و دیققەتی تەواو و دوور لە ئیحساسات مەسەلەکان هەڵسەنگێن، ئەوا حیزبەکەمان تووشی ئەو لێکترازانانە نابێت. جیاوازیی بیروبۆچوون و سەلیقە بە مانای زیندوو بوونی ئەندامانی حیزبە. حیزبێکی دێموکرات و شۆڕشگێڕ بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە پێشکەوتن دەستەبەر دەکا و بە ئامانج دەگات، بەڵام پێویستە بۆچوونە جیاوازەکان حیزب بەهێز بکەن و بیکەنە نموونەی حیزبێکی مۆدێڕن، نەک ببنە هۆی لێکترازان و تێکچوونی شیرازەی حیزب و تووشی دوو دەستەیی و چەند دەستەیی و لێکدابڕانی بکەن. خۆ ئەگەر زۆر کەس پێیوابێ ڕێبەران بۆ خاتری کورسی و مەقام دابڕانیان خستۆتە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە، ئەوا ئەندامانی حیزب لە هیچ لایەک هیچ قازانجێکی مادی و مەعنەویان لەو لێکدابڕان و لێکجیابوونەوانەدا دەست ناکەوێ و نەکەوتووە. تەنانەت دەتوانین بڵێین لێکدابڕان باری گرانی حیزبایەتی و خەباتی لەسەر ئەندامانی حیزب دوو بەرابەر کردووە. کەوابوو لە یەکگرتنەوەشدا پێشمەرگە و کادر و ئەندامانی حیزب نەک هەر هیچ لە دەست نادەن، بەڵکوو کۆمەڵێک هاوڕێ و هاوخەباتی زیاتر لە ئێستا لە پەنا

خۆیان و لە سەنگەری دژ بە دوژمندا دەبیننەوە.

بە نەزەری من بەدەنەی حیزب  کاریگەریی بنەڕەتی لە سەر هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان هەیە و هەمیشە پێویستە ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و بەرژەوەندییە گشتییەکان بکاتە سەرمەشقی ژیان و خەبات و بە وریایی تەواو هەڵسوکەوت لە گەڵ مەسەلە پێوەندیدارەکان بە جووڵانەوەکەمان بکات. ئەمڕۆ کە ئەم حەرەکەتە دەستی پێکردوە و بە خۆشیەوە تا ئێستا بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی هەر دوو لا پێشوازی و پشتیوانیان لێکردوە و ئامادەی هاوکارین و بە کارێکی پیرۆز و جێی ڕێزی دەزانن، ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی تێگەیشتن و هەست بە بەرپرسایەتی کردنە لە بەرانبەر چارەنووس و یەکڕیزی حیزبەکەمان دا. هیوادارم کە هەموو ئۆگرانی یەکگرتوویی حیزبە خۆشەویستەکەمان، بە گوڕ و تینێکی زۆرترەوە بێنە مەیدان و هەر لەو کاتەشدا داوام لە کۆمەڵێک کەسایەتی و سیاسەتمەداری حیزبەکەمان هەیە کە بێن و ببنە ڕێبەر و پێشڕەوی ئەم حەرەکەتە پیرۆزە و ئێمەش ئامادەی هەر چەشنە هاوکاریەکین. دڵنیام کە بە کۆدەنگی هەموومان حیزبەکەمان لەم وەزعییەتە دەرباز دەبێت.

وەرن با هەمووماں بە یەکەوە قۆڵی هیممەت هەڵماڵین و بڵێین؛ نا بۆ ناکۆکی و ئاژاوە و بەڵێ بۆ تەبایی و خۆشەویستی و یەکبوون و یەکێتی. وەرن با موژدەی یەکبوون و یەکگرتن بدەینە دایکانی جەرگ سوتاو و ڕۆڵە لەدەستچوو. با ئومێدی ئازادی و سەرکەوتن بدەینەوە بە منالانی چاو بە فرمێسک و چاو لە ڕێگا. با هاوسەری ڕەشپۆشی ڕوومەت ڕنراوی شەهیدان، باوکانی پشت چەماو و پشت و پەنای حیزب، زیندانیانی بەر پەتی سێدارە و کونجی زیندانە تاریکەکان و خوشک و برای شەهیدی گۆڕغەریب چیدی بە نیفاق و لێکدابڕان ناهومێد نەکەین. با بە یەکگرتن و تەبایی جارێکی دیکە گوڕ و تین بدەینەوە بە خەباتی هەموو ئۆگرانی ڕێی خەبات و بەرخۆدان و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. وەرن با بە فرمێسکی شادیی یەکبونەوەمان گوڵاڵە سوورەکانی سەر گۆڕی شەهیدان ئاو بدەین و ئیتر ئەم جار بۆ هەمیشە بیری دووبەرەکی لە دڵ و مێشکمان دەرکەین و بلێین نەفرەت لە ناکۆکی و  بە دۆست و دژمن بسەلمێنین کە ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا.

---

**کۆکردنەوە ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەخی ٢٧٢٢ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**




زێدی من
سڵاو لە تێکۆشەری دێرین هاوڕێی حۆشەویست
کەریم فەرخەپوور
ڕەحمان نەقشی

